# بانگخوازی سەرکەوتوو کێیە

ئامادەکردنی: عبدالله خاکی

# پێشکەشە

- ❖ بەو بانگخوازانەی سەرخستنی ئیسلام بۆتە خەمیان لە داخ و حەسرەت پیری کردوون.
- ❖ بەهەر کەسێک خەمخۆری ئەم ئیسلامەیەو هەموو کات هەولی بڵاوکردنەوەی ئەدەن تا بەڵێنی خوا دێتەدیَ.
- ❖ بەوانەی سەر ڕاستانە شوێنکەوتەی پێغەمبەری خۆشەویستن ﷺ.
- ❖ بەوانەی لە دوعاکانیان موسوڵمانان و منی بەندەی لاوازیان لەبیرە.

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

إنَّ الحَمْدَ للهِ نَحْمَدُهُ ونَسْتَعِينُهُ ونَسْتَغْفِرُهُ، ونَعوذُ باللهِ مِنْ شُرورِ أنْفُسِنا ومِنْ سَيِّئاتِ أعْمالِنا، مَنْ يَهْدِهِ اللهُ فَلا مُضِلَّ لَهُ، وَمَنْ يُضْلِلِ فَلا هادِيَ لَهُ. وأشْهَدُ أنْ لا الهَ إلا اللهُ وأشهَدُ أنَّ محمداً عَبدُهُ ورسُولُهُ. يا أيُّها الذينَ آمَنوا اتَّقُوا اللهَ حَقَّ تُقاتِهِ ولا تَمُوتُنَّ إلاّ وأنتُمْ مُسلِمونَ.

يا أيُّها النَّاسُ اتَّقُوا رَبَّكُمْ الذي خَلَقَكُمْ مِنْ نَفْسٍ واحِدةٍ وخَلَقَ مِنها زَوجَها وبَثَّ مِنهُما رِجالاً كَثيراً ونِساءً واتَّقُوا اللهَ الذي تَساءَلُونَ بِهِ والارْحَامَ إنَّ اللهَ كانَ عليكُمْ رَقيباً.

يا أيُّها الذينَ آمنوا اتقوا اللهَ وقُولوا قَولاً سَديداً، يُصلِحْ لَكُمْ أعمالَكُمْ ويَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ وَمَنْ يُطِعِ اللهَ ورسولَهُ فَقَدْ فَازَ فَوزاً عَظيماً..

أمَّا بعدُ: فإنَّ اصدَقَ الحَديثِ كِتابُ اللهِ، وخَيرَ الهَدِي هَدْيُ محمدٍ صلى الله عليه وسلم، وشَرَّ الامُورِ مُحْدَثاتُها، وكُلَّ مُحْدَثَةٍ بِدْعَةٌ وكُلَّ بِدْعَةٍ ضَلالَةٌ،وكُلَّ ضَلالةٍ في النَّارِ

# پێشەکی

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله الذى كتب العز والنصر والتوفيق لمن أطاعه واتقاه، وكتب الذل والخزى والعار على من خالف أمره وعصاه، وصلى الله وسلم وبارك على عبده ورسوله محمد القائل: {بعثت بالسيف بين يدى الساعة حتى يعبد الله وحده لا شريك له، وجعل رزقى تحت ظل رمحى، وكتب الذل والصغار على من خالف أمرى، ومن تشبه بقوم فهو منهم } وعلى آله وصحبه أجمعين.

اللَّهُمَ أَرِنِي الْحَقَّ حَقّاً وَارْزُقْنِي اتِّبَاعَهُ ،وَأَرِنِي الْبَاطِلَ بَاطِلاً وَارْزُقْنِي اجْتِنَابَه. أمابعد:

مرۆڤ بە سروشتی خۆی بانگهێشتی ئەوە دەکات باوەڕی پێیەتی گرنگترین کارێکیش لای مرۆڤی موسوڵمان ئایین و بیروباوەڕەکەیەتی، لەبەر ئەوە خوا بەپێویستی کردووە لەسەر بەندەکانی خۆی کە بانگەواز بکەن بۆ ئایینەکەیان و بڵاوی بکەنەوە و کەمتەرخەمی تێدا نەکەن.

گرفتی ئەمڕۆی بانگخوازان لەوەدا نییە کە نەزانن بانگەواز کارێکی خواییە و ئەرکە لەسەریان، بەڵکوو لە چۆنێتی و شێوازی بانگەوازدایە.

چۆن کەسانی تری جگە لە خۆیان بانگهێشت بکەن و فێری ئیسلامەتییان بکەن چ ڕێگا و ڕێبازێك بگرنە بەر لە بانگەوازیاندا تا سەرکەوتوو و سەرفراز بن چۆن و بە چ شێوەیەك بتوانن بەسەر قۆرت و تەنگە ڵانی ڕێگای دووری بانگەوازدا زاڵ بن و لە نیوەی ڕێگە بێتوێشوو نەمێننەوە و پەکیان نەکەوێت. ئەم کتێبەی بەر دەستان گەلێ خاڵی بەهەند و گرنگی لە چۆنێتی و شێوازی بانگەواز لەخۆ گرتووە کە بە ڕاستی شایەنە بە هەر بانگخوازێکی ڕێگەی خوا کە بیخوێنێتەوە و بەتەواوی لە ژیان و هەڵسوکەوت و مامەڵەی ڕۆژانەیدا بەرجەستەی بکات.

بانگەواز بۆ لای خوا ڕێگەی پێغەمبەران و چاکەخوازانە و باشترین وتە و گوفتارێکە نزیکت بکاتەوە لە خوا (سبحانه وتعالى)، بەڵام کۆمەڵە ئاداب و ڕاگرێکی هەن پێویستە پشتگوێ نەخرێن و بخرێنە پێشچاو لەوانە موراعاتی مامەڵەکردن لەگەڵ هەموو چین و توێژەکان هەریەك بەپێی خۆی.

جا ئەوەی بەرەو بانگەواز دێت و پێی خۆشە، شێوازەکەی جیاوازە لەگەڵ ئەوەی پشتی تێ کردووە و وازی لێ هێناوە.

هەروەها ئەمیش شێوازی جیاوازە لە شێوازی یەکێك کە دژایەتیی بانگەواز دەکات و لە شەڕ و ڕقەبەرایەتیدایە لەگەڵیدا.

بۆیە لەبەر گرنگی کاری بانگخوازی و غەریب بوونەوەی ئیسلام لای موسوڵمانانەوە کە گرنگی پێنادەن خەم و خەفەتیان تەنها شتە دنیای و ڕابواردن و خۆشییە کاتییەکانە،

پشتیان کردووە لە ئیسلام بۆیە ناخۆشترین ژیان بەرێدەکەن نازانن گەڕانەوە بۆ جێبەجێ کردنی بەرنامەی ئیسلام خۆشبەختی دنیا و قیامەتی پێوە بەندە .

بۆیە هەستام بە کۆکردنەوەی سەرجەم ئەو باسانەی کە تایبەتن بە شێوازی بانگەوازی و ئەرك مەرجەکان و کۆسپ و ڕێگا سەختەکان کە دێنە سەر ڕێگای بانگەوازکەرانی ڕێگای ئیسلام، پاشان باسی گەورەی و فەزلی ئەمر بەچاکە و ڕێگری لە خراپە و هۆکاری سەرکەوتنی موسوڵمانان بخەینە ڕوو،

سوپاس بۆ خوای گەورە کە توانیم دوای گەڕانێك بەناو چەندین ماڵپەر و سایەتی ئیسلامی بابەتەکان کۆبکەمەوە بیکەمە کتێبێکی پوخت و کورت بۆ موسوڵمانان بەهیوای ئەوەی سودی هەبێت ان شاءالله.

ئەلبەت ئەم کارەمان بۆناوبانگ و خۆدەرخستن نیە خوای گەورە بەنیازمان ئاگادارە کەتەنها لەخەمخۆری خۆمانە بۆ ئەم ئیسلامە بۆیە هەر ڕەخنەو قسەیەك دەکەن گوێمان لێنیە گرنگ خودا لێمان قبوڵ بکات.

دواکارم لەخوای گەورە ئەم ماندووبونەمان لێ قبول بکات کە تەنها بۆخۆی بێت هیچ ماندوو بوون و کارێکمان بۆ غەیری ئەو نەبێت، ئیستقامەو بەردەوامیمان پێ ببەخشێ.

رَبَّنَا لَا تُزِغْ قُلُوبَنَا بَعْدَ إِذْ هَدَيْتَنَا وَهَبْ لَنَا مِن لَّدُنكَ رَحْمَةً إِنَّكَ أَنتَ الْوَهَّابُ.

بەندەی خوا: عبدالله خاکی

شەوی سێ شەمە

١٩/٣/٢٠١٩

کات: ١٢ : ٣٠ خولەکی شەو

# بانگکردنی خەڵك بۆ هیدایەت

بانگکردنی خەڵك بۆ ئیسلام یەکێکە لە مەقسەدە بنەڕەتییەکانی ئەم دینە، بەڵکوو ئەگەر بڵێین: هەموو دین بۆ بانگکردنی خەڵکەکە هاتووە بۆ ئیسلام هەڵەمان نەکردووە، لەوەیش گرنکتر ئەوەیە کە بزانین نەك ئیسلام بەڵکوو تێکڕای ئایینە ئاسمانییەکان بۆ بانگکردنی خەڵك و هیدایەتدانیان بۆ لای خوا هاتوون، ئەوەتا خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَلَقَدْ بَعَثْنَا فِي كُلِّ أُمَّةٍ رَّسُولاً أَنِ اعْبُدُواْ اللّهَ وَاجْتَنِبُواْ الطَّاغُوتَ فَمِنْهُم مَّنْ هَدَى اللّهُ وَمِنْهُم مَّنْ حَقَّتْ عَلَيْهِ الضَّلاَلَةُ﴾[1] واتە: سوێندبە خوا لەناو هەموو گەل و ئوممەتێکدا پێغەمبەرێکمان ناردووە بەمەی تەنها خوا بپەرستن و دوورکەونەوە لە (پەرستنی) هەر پەرستراوێکی تر، جا خوا هەندێکی لەو (ئوممەت) انە ڕێنموونی کرد و هەندێکیشیان (لەبەر خراپیان) گومڕایی یەخەی گرتن دەی بەزەوی دا بگەڕێن و تەماشا کەن سەر ئەنجامی بێ باوەڕان چۆن بوو.

بۆیە تێکڕای پێغەمبەران و پیاو چاکان هەر بۆ ڕاکێشان و بانگکردنی خەڵك هیدایەت و ڕاستەڕێ بوون، چونکە ئەساس و بنەڕەتی دروست کردنی درووستکراوان بۆ مل کەچ بوونە بۆ خوا، بۆیە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَمَا خَلَقْتُ الْجِنَّ وَالْإِنسَ إِلَّا لِيَعْبُدُونِ﴾[2] واتە: وە من جنۆکە و ئادەمیزادم تەنها بۆ ئەوە دروست کردووە کە بەندایەتی من بکەن.

پێغەمبەری ئیسلامیش ﴿ﷺ﴾ بەهەمان ئامانجی پێغەمبەرانی تر هات تاکو خەڵکی بانگ بکات بۆ ڕێبازی خوا ڕزگاریان کات لە تاریکاییەکان بۆ ڕووناکی کە ئیسلامە..

خوای گەورە پێی فەرموو: (إقرأ) چونکە ئەداتی گەیاندنی هیدایەتە. چونکە کلیلی کردنەوەی مێشکی بەندەکانە تا بە هەق بێنەوە ژێر باری فەرمانەکانی خوا وەك کە پێویستە پەرستشی بکەن..

ئینجا خوا فەرمووی: ﴿يَا أَيُّهَا الْمُدَّثِّرُ * قُمْ فَأَنذِرْ﴾[3] واتە: ئەی ئەوەی جلکی خەوت بەخۆوە پێچاندووە ! هەستە، لە ناو نوێنەکەت خەڵکی بێباوەڕ بێدار بکەرەوەو بترسێنە لەسزای خوا، پاشان لەئایەتی تر فەرمووی: ﴿فَاصْدَعْ بِمَا تُؤْمَرُ وَأَعْرِضْ عَنِ الْمُشْرِكِينَ﴾[4]واتە: جا تۆیش ئەی پێغەمبەر﴿ﷺ﴾ هەرچیت پێ سپێردراوە بێ پەردەو بەئاشکرا دەری برەو، لە هاوبەشدانەران ڕوو وەرگێڕەو گوێیان مەدەرێ.

---

[1] النحل: ٣٦.

[2] الذاريات: ٥٦.

[3] الْمُدَّثِّر" ١-٢.

[4] الحجر: ٩٤.

ئینجا فەرمووی: (وَأَنذِرْ عَشِيرَتَكَ الْأَقْرَبِينَ)[1]. هتد. واتە: عەشیرەت و خێڵە نزیکەکەت بە سزای خوا بترسێنە.
ئەمە پێغەمبەرە ﴿ﷺ﴾ هەرچی شوێنکەوتووانی پێغەمبەریشە ﴿ﷺ﴾ ئەوە خوا بە تێکڕا لەسەری فەرزکردوون کە بانگەواز بۆ هیدایەت و ڕاکێشانی خەڵك بکەن بۆ ئیسلام،
وەك خوای گەورە فەرمووی: (ادْعُ إِلَى سَبِيلِ رَبِّكَ بِالْحِكْمَةِ وَالْمَوْعِظَةِ الْحَسَنَةِ وَجَادِلْهُم بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ)[2] واتە: ئەی پێغەمبەرا ﴿ﷺ﴾ ئەی ئیماندارا! هەر بەژیرانەو نەرم و قسەی خۆش و حیکمەت و، ئامۆژگاری شیرین و جوان، خەڵك بۆ ڕێگای پەروەردگارت بانگ بکە، وە بەچاکترو باشترین شێوە قسەو گفت وگۆیان لەگەڵ بکە.
کەوابوو هیدایەت شتێکی تایبەت نییە کە تەنها پەیوەست بێ بە سلووك و ئاکاری تاکەوە، بەڵکوو بریتییە لە دۆسییەیەکی گشتی بۆ تاك و بۆ خێزان و بۆ کۆمەڵگا، واتە: هیدایەتدانی تاك بۆ بەندایەتی و ئاکارەوە، هیدایەتدانی کۆمەڵگەش بە بڵاوکردنەوەی دادگەری، وە پاراستنی هەقەکانی مرۆڤەکان، وە جێگیرکردنی دادگەری لە ناو خەڵکدا، وە حاسڵکردنی مەعریفەت و زانیاری و پێکهێنانی حەزارەت و شارستانییەت.
چەمکی هیدایەت هیدایەت لە ڕووی زمانەوە: واتە: ڕێگەو ڕێنوێنی وە لە ڕووی زاراوەشەوە: بریتییە لەو ڕێگەی کە مرۆڤەکان پێی دەگەن بە مەبەست، کە بریتییە لە شوێنکەوتنی شەریعەتی خوا.
بۆیە شوێنکەوتنی شەریعەتی خوا واتە: هیدایەت و ڕێنمایی بوون، مانای شەریعەتیش لە ڕووی زمانەوە، واتە ئەو ڕێیەی کە ئەتباتە سەروچاوەکە.
مەبەستمان چییە لە هیدایەت؟ وەك لەسەرەوە ڕوونمان کردەوە کە هیدایەت واتە: گەیشتن بە ئامانج و مەبەست، ئامانجیش بریتییە لە بەندایەتی خوا، و مەبەستیش واتە گەیشتن بە غایەت کە ڕەزامەندی خوایە.

[1] الشعراء: ٢١٤
[2] النحل: ١٢٥.

## هیدایەت لە قورئاندا:

قورئانی پیرۆز پڕییەتی لە ئایەتی هیدایەت و بانگدانی خەڵك و گەڕانەوەی خەڵك لە کوێرەڕێییەکان بۆ ئیسلام، یەکەم سورەت کە سورەتی قورئانە بریتییە لە سورەتی فاتیحە کە داخوزای بەندەکانی تیا بەرجەستە دەبێت کە داواکردنە بۆ ڕاستەڕێبوون، وەك دەفەرموێت:

(اهدنا الصراط المستقيم)[1] هەندێ لە ئایەتەکانی هیدایەتیش ئەمانەن:

خوا سبحانه وتعالى دەفەرموێت: (إِنَّكَ لَا تَهْدِي مَنْ أَحْبَبْتَ وَلَكِنَّ اللَّهَ يَهْدِي مَن يَشَاءُ وَهُوَ أَعْلَمُ بِالْمُهْتَدِينَ)[2] . واتە: بەڕاستی ئەی موحەممەد ﷺ تۆ ناتوانی ئەو کەسەی خۆشت بوێ ڕێنموونی بکەیت، بەڵام خوا هەرکەسی بوێ هیدایەتی دەدات و هەر ئەو (خوایەش) زاناترە بەوانەی ڕێنموونی وەرگرن.

یاخود ئایەتی: ( فَهَدَى اللّهُ الَّذِينَ آمَنُواْ لِمَا اخْتَلَفُواْ فِيهِ مِنَ الْحَقِّ بِإِذْنِهِ وَاللّهُ يَهْدِي مَن يَشَاءُ إِلَى صِرَاطٍ مُّسْتَقِيمٍ)[3] واتە: ئینجا خوا خۆی ڕێنموونی بڕواادارانی کرد بۆ ئەو ڕێگا ڕاستەی کە دووبەرەکییان تیادا دەکرد وە خوا کێی بوێ ڕێنموونی دەکات بۆ ڕێبازی ڕاست.

یان دەفەرمووێ: (وَاللّهُ يَدْعُو إِلَى دَارِ السَّلاَمِ وَيَهْدِي مَن يَشَاءُ إِلَى صِرَاطٍ مُّسْتَقِيمٍ)[4]. واتە: وە خوا (خەڵك) بانگ دەکات بۆ ماڵی ئاشتی و ئارامی (بەهەشت) وە ڕێنموونیی هەر کەسێ دەکات کە بیەوێ بۆ ڕێگەی ڕاست.

یانیش فەرموویەتی: (وَمَا أَرْسَلْنَا مِن رَّسُولٍ إِلاَّ بِلِسَانِ قَوْمِهِ لِيُبَيِّنَ لَهُمْ فَيُضِلُّ اللّهُ مَن يَشَاءُ وَيَهْدِي مَن يَشَاءُ وَهُوَ الْعَزِيزُ الْحَكِيمُ)[5]. واتە: وە هیچ پێغەمبەرێکمان ڕەوانە نەکردووە بە زمانی گەلەکەی خۆی نەبێت بۆ ئەوەی (ئایینەکەیان) بۆ ڕوون بکاتەوە ئەوسا خوا هەر کەسی ویستبێ گومڕای کردووە هەرکەسێکیشی ویستبێ ڕێنموونی کردووە هەر ئەویش زاڵی کار دروستە.

[1] الفاتيحة ٥

[2] (القصص : ٥٦)

[3] (البقرة : ٢١٣) .

[4] (يونس:٢٥)

[5] (إبراهيم : ٤)

## هیدایەت و ڕێنماییەکان لە سوننەتی پێغەمبەردا(ﷺ):

لە سوننەتی پێغەمبەریش(ﷺ) دیسان فەرموودەگەلی زۆر لە ئارادان سەبارەت بە هیدایەتدانی بەندەکان. لەوانە: پێغەمبەری نازدار (ﷺ) دەفەرموێت: (مَنْ دَلَّ عَلَى خَيْرٍ فَلهُ مثلُ أَجْرِ فَاعِلِهِ)[1]. واتە: هەرکەس ڕێبەری خەڵکی بکات ئەوە بە ئەندازەی پاداشتی چاکە کارەکە خێری هەیە.

یاخود فەرموویەتی: (منْ دَعَا إِلَى هُدًى كَانَ لَهُ مِنَ الأَجْرِ مِثْلُ أُجُورِ منْ تبِعَهُ لا ينْقُصُ ذلِكَ مِنْ أُجُورِهِمْ شَيْئاً ، ومَنْ دَعَا إِلَى ضَلالَةٍ كَانَ عَلَيْهِ مِنَ الإِثْمِ مِثْلُ آثَامِ مَنْ تَبِعَهُ لا ينقُصُ ذلكَ مِنْ آثَامِهمْ شَيْئاً )[2]. واتە: هەر کەسێك بانگی خەڵکی بکات بۆ ڕێگای هیدایەت، ئەوە بە ئەندازەی پاداشتی ئەوانەی کە شوێنی دەکەون پاداشتی دەستدەکەوێت، هیچ لەپاداشتی ئەوان کەم ناکات، هەر کەسێکیش بانگی خەڵکی بکات بۆ گومڕایی، ئەوا تاوانی لەسەرە وەك ئەوانەی کە شوێنی دەکەون و هیچ لە تاوانی ئەوان کەم ناکات.

یان فەرموویەتی: (عن أَبی العباسِ سهل بنِ سعدٍ السَّاعِدِيِّ رضی اللَّه عنه أَن رسولَ اللَّه (ﷺ) قال يَوْمَ خَيْبَرَ : لأُعْطِيَنَّ الرَّايَةَ غَداً رَجُلاً يَفْتَحُ اللَّه عَلَى يَدَيْهِ ، يُحبُّ اللَّه ورسُولَهُ (ﷺ) ، وَيُحبُّهُ اللَّه وَرَسُولُهُ » فَبَاتَ النَّاسُ يَدُوكونَ لَيْلَتَهُمْ أَيُّهُمْ يُعْطَاهَا . فَلَمَّا أصبحَ النَّاسُ غَدَوْا عَلَى رسولِ اللَّه(ﷺ): كُلُّهُمْ يَرجُو أَنْ يُعْطَاهَا ، فقال: أَيْنَ عليُّ بنُ أَبی طالب ؟ » فَقيلَ : يا رسولَ اللَّه(ﷺ) هُو يَشْتَكِی عَيْنَيْهِ قال : فَأَرْسِلُوا إِلَيْهِ فَأُتِيَ بِهِ ، فَبَصقَ رسولُ اللَّه (ﷺ) فی عيْنيْهِ ، وَدعا لَهُ ، فَبَرأَ حَتَّى كَأَنْ لَمْ يَكُنْ بِهِ وَجعٌ ، فأَعْطَاهُ الرَّايَةَ . فقال عليٌّ رضی اللَّه عنه : يا رسولَ اللَّه (ﷺ) أُقَاتِلُهمْ حَتَّى يَكُونُوا مِثْلَنَا ؟ فَقَالَ : انْفُذْ عَلَى رِسلِكَ حَتَّى تَنْزِلَ بِسَاحتِهِمْ، ثُمَّ ادْعُهُمْ إِلَى الإِسْلامِ ، وَأَخْبرْهُمْ بِمَا يجِبُ مِنْ حقِّ اللَّه تَعالَى فِيهِ ، فَواللَّه لأَنْ يَهْدِیَ اللَّه بِكَ رَجُلاً وَاحِداً خَيْرٌ لَكَ مِنْ حُمْرِ النَّعَمَ )[3] واتە: "سەهلی کوڕی سەعد"(خوای لێ ڕازی بێت) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) ڕۆژی خەیبەر فەرمووی: ئەم ئاڵایە دەدەمە دەستی پیاوێك خوا لەسەر دەستی ئەو سەرکەوتن ئەنجام دەدات، خوا پاشان پێغەمبەری خۆشدەوێ و، خوا پاشان پێغەمبەریش خۆشیان دەوێت. دەڵێ: خەڵك ئەو شەوەیان ڕۆژ کردەوە بەو باسەوە: دەبێ کامیان ئەو ئاڵایەی بدرێتێ، کاتێ خەڵك ڕۆژیان لێبوویەوە، بەیانی زوو ڕۆیشتن بۆ خزمەتی پێغەمبەر (ﷺ) هەموویان خوازیاری ئەوە بوون ئەو ئاڵایەیان بدرێتێ، فەرمووی: (علی کوڕی ئەبوو تاڵب) لە کوێیە؟ گوتیان: ئەی پێغەمبەری خوا ئەو لەدەس ئازاری هەردوچاوی دەناڵێنێ.

---

[1] (رواه مسلم عن أَبی مسعودٍ عُقبَةَ بْن عمْرٍو الأَنْصَارِيِّ رضی اللَّه عنه)

[2] (رواه مسلم عن أَبی هريرة رضی اللَّه عنه )

[3] (متفقٌ عليه) .

فەرمووی: (بنێرن بە دوایدا) هێنایان پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾ تفی کردە هەردووچاوی و بۆی پاڕایەوە، چاك بوو هەروەك ئازاری نەبوبێت، ئاڵاکەی دایە دەستی، "عەلی" (خوای لێ ڕازی بێت) گوتی: ئەی پێغەمبەری خوا ﴿ﷺ﴾ لەگەڵیان نەجەنگین تاوەك ئێمەیان لێدێت؟ فەرمووی: لەسەر خۆ بڕۆ ناویان تا دەگەیتە قەراغی ماڵەکانیان، دوایی بانگیان بکە بۆ ئیسلام هەواڵیان بدەرێ بەوەی واجبە لەسەریان لە ئەرکی خوایی، سوێند بەخوا ئەگەر خوا بەهۆی تۆوە یەك کەس ڕێنمایی بکات بۆتۆ چاکترە لە هەرچی وشتری سوور هەیە). (مەبەست سامانی دنیایە).

یان دەفەرمووێ: ( عن أَنسٍ رضى اللَّه عنه أَنْ فَتًى مِنْ أَسْلَمَ قال : يا رسُولَ اللَّه ﴿ﷺ﴾ إِنِّي أُرِيد الْغزْوَ ولَيْس مَعِى مَا أَتجهَّزُ بِهِ ؟ قَالَ : « ائْتِ فُلاناً فإِنه قَدْ كَانَ تَجَهَّزَ فَمَرِضَ » فَأَتَاهُ فقال : إِنَّ رسولَ الله ﴿ﷺ﴾ يُقْرِئُكَ السَّلامَ وَيقُولُ : أَعْطِنى الذى تجَهَّزْتَ بِهِ ، فقال : يا فُلانَةُ أَعْطِيهِ الذى تجَهَّزْتُ بِهِ ، ولا تحْبِسِى مِنْهُ شَيْئاً ، فَوَاللَّه لا تَحْبِسِينَ مِنْهُ شَيْئاً فَيُبَارَكَ لَكِ فِيهِ )[1] واتە: "ئەنەسی کوڕی مالیك" (خوای لێ ڕازی بێت) دەڵێ: گەنجێك لە هۆزی (اسلم) گوتی: ئەی پێغەمبەری خوا ﴿ﷺ﴾ من نیازی جەنگم هەیە کەرەسە و تفاقی وایشم نییە کە پێی بجەنگم. فەرمووی: (بڕۆ بۆ لای فلان کەس کەرەسەکانی ئەو بێنە، چونکە ئەو خۆی ساز کردو نەخۆش کەوت) ئەویش هات بۆ لای و پێی گوت: پێغەمبەری خوا ﴿ﷺ﴾ سەلامت لێدەکات و دەفەرموێت: ئەو کەرەسەو تفاقەی خۆتت پێساز کردبوو بمدەرێ. ئەویش بە خێزانەکەی گوت: ئەو تفاقەی کە خستبووم بڕۆ بیدەرێ و هیچی لێگل مەدەرەوە بەخوا هیچی لێ گلنادەیتەوە بۆ ئەوەی خوا بەرەکەتی تێبخات بۆت.

[1] (رواه مسلم).

## بانگەوازی بۆ دینی خوا مایەی خۆشبەختییە بۆ مرۆڤەکان

بانگەوازکردنیش بۆخۆی دەرگایەکی بەرفراوانی ئەم دینەیە, چونکە ساڵحبوون و بەرەوخواچوونی بەندەکان تەنها لە ڕێگەی بانگەوازکردنەوە مسۆگەر دەبێت و بووە.

بۆیە ئەبینین کە یەکەم دەروازەی تێگەیاندن و پێگەیاندی بەندەکان لای پێغەمبەری خۆشەویسیت ﷺ لە وشەی (قم فأنذر)ەوە سەرچاوەی گرتبوو.

بۆیە دەتوانین بڵێین تاکە ڕێگەی هۆشیارکردن و بێدار کردنەوەی خەڵکەکە، بەڵکوو ناساندنی ئامانج و مەبەسەتی بەندەکان لە ژیان کە بەندایەتی و ڕازی کردنی خوا بووە لە بانگەوازکردن بۆ خوا مسۆگەر بووە.

بانگەوازکردنیش بۆ ڕێبازی خوا زۆر شێواز و ڕێگەی هەیە, بۆ بابای بانگکەوازکاریش تەنها ئەوە پێویست نییە کە بزانێ چۆن بانگەواز بکات, بەڵکو هۆکاری کاریگەری بانگەوازەکەی و پەرچەکانی ڕێگاو ململانێیەکی بەرفراوانیش لە ئارادایە کە ئەبێ خۆی بۆ یەکلاکاتەوەو خۆی لەبەر ئاکامەکانی بگرێت!! پەروەردگار فێری کردووین کە ڕێگا و شێوازی پێغەمبەران ( علیهم الصلاة والسلام ) بگرینە بەر بۆ بڵاوکردنەوە و روون کردنەوەی پەیامی خوا، چونکە کاری وان بانگەواز کردن بووە بۆ لای دینی خوا، هەروەها ئەزموونی ژیانیش فێرمان دەکات کە چاکترین و گونجاوترین میکانیزمێك بۆ بڵاوکردنەوەی هەر پەیام و بیروباوەڕێك، بانگەواز کردنە بۆ ئەو ڕێباز و بیروباوەڕە . بانگەواز کردنیش ڕێسا و نەریت و ڕێو شوێنی خۆی هەیە و پێویستە بانگخوازان ڕەچاوی ئەو حوکم و نەریتانە بکەن تا لە پرۆسەی بانگەوازدا بە یارمەتی و ڕێنوێنی خوای کاربەجێ سەرکەوتن بەدەست بێنن . هەروەك وتمان ئاینەکان بە بانگەواز کردن بڵاو دەبنەوە و گەشە دەکەن ، هەروەها بە وازهێنان یان سستی لە بانگەوازدا تووشی لاوازی و گۆشەگیری دەبن، مێژووی کۆن و نوێ شاهیدی وتەکانمانە .

لەمیانەی ئەوەی پەیام و بەرنامەی ئیسلام بانگەوازێکی مرۆڤایەتی جیهانی گشتگیرە و، ئەرکی سەرشانی موسوڵمانانە ئەم پەیامە لە هەموو قۆناغ و سەردەمێکدا بەگوێی مرۆڤایەتیدا بدەن و خەڵکی بێدار کەنەوە بە نوری قورئان و شەریعەتی ئیسلام ، شارستانی و مەدەنیەتی ئیسلامی بیناکەن و ڕێز و شکۆی ڕاستەقینە بگێڕنەوە بۆ مرۆڤایەتی و دادپەروەری ئیلاهی و یەکتاپەرستی و ئازادی ڕاستەقینە و حەق و یەکسانی بچەسپێنن و بە خەڵکی بگەیەنن کە ئەمان بانگخوازی حەق و چرای ڕووناکی و هەڵگری پەیامی خێر و چاکەن بۆ هەموو مرۆڤایەتی تەنانەت بۆ گشت زیندەوەران .

هەر لەمیانەی ئەم ڕاستیانەوە بوو کە ڕەعیلی یەکەم لە هاوەڵان و تابعی و تابعی تابعین جوامێرانە و دڵسۆزانە بانگەوازیان کرد بۆ ئیسلام و گەیاندیانە چڵە پۆپە و مرۆڤایەتیان لەو قۆناغەدا ڕزگارکرد لە کۆیلەیەتی و زوڵم و ستەمی دەسەڵاتدارانی ئەو سەردەمە .

گەر ئاوڕێك لە مێژوو بدەینەوە دەبینین لە ڕێگای بانگەواز و دڵسۆزی بانگخوازان و بازرگانە بڕواداره‌کانەوە بەرنامە و پەیامی ئیسلامی گەیشتە گەلانی هیند و سیلان و چین و هەرێمی تبت و فلیپین و ئەندۆنیسیا و ناوەڕاستی ئەفریقا و نەیجیریا و سۆماڵ و تەنزانیا و مەدەغەشقەر و ... هتد ئەم هەموو وڵات و هەرێمانە لە ڕێی بانگەوازەوە ئاشنابوون بە ئیسلام و ئەمڕۆش ڕێژەی زۆری موسوڵمانان لەو وڵاتانەدا دەژین ، بێ تیر و شیر ملیۆنەها مرۆڤ هاتونەتە نێو ئیسلامەوە و ئەمەش تۆمەتی ناحەزانی ئیسلام پوچەڵ دەکاتەوە کە دەڵێن ئیسلام بە شیرو تیر بڵاوبۆتەوە .

ئەمەو بە ملیۆنەها کەس لە ئەوروپادا لە ڕێی بانگەوازەوە موسوڵمان بوون و ئەم کاروانەش بەردەوامە بەڵگەی تری واجب بوونی بانگەواز کردن بۆ دینی خوا ئەو بنەما أصولییە یە کە دەڵێت: (ما لا يتحقق الواجب إلا به فهو واجب). گەر بڕوانینە بارو دۆخ و ژیانی ڕۆژانەی مسوڵمانان دەبینین ، دوورکەوتنەوە و لادانێکی زۆر بەدی دەکرێت لە ئایین و بەرنامەی ئیسلام ،دەبینین شەریعەتی خوا فەرمان ڕەوا و یاسا و داب و نەریتی ژیان نیە ،و لە گۆشەیەکی تەسکدا بەرکەنار کراوە ،شارەزا بوون لە دین بەپێی دەقەکانی قورئان و فەرموودە تا رادەیەکی زۆر نامۆ بۆتەوە و تێکەڵ کراوە لەگەڵ حەز و خولیا و بیدعە و .. هتد. موسوڵمانان کەسایەتی ئیسلامی خۆیان لەدەست داوە و تووشی لاوازی و شکست خواردوویی هاتوون و کاریگەرێتی کلتوور و سیاسەتی ڕۆژئاوایان بە زەقی پێوە دیارە ، بەتایبەت لە شتی رووکەشدا نەك لە بواری زانیاری و تەکنۆلۆژیادا، دژایەتی کردنی ئیسلام و یاسا و ڕێساکانی بۆتە پیشە و کاری ڕۆژانەی خەڵکانێك کە بەناو بەچکە موسڵمانن و بەڵام بە کردار دوژمنی سەرسەختی دین و شەریعەتی خوان و ئەوەی پێیان کراوە و پێیان دەکرێت قسور ناکەن لەژێر لافیتەی جۆراوجۆر و هەر ڕۆژەی بە ناوو نیشانێکەوە . کێشەکان لەم رووەوە زۆرن و لە خاڵێکی وادا مەگەر هەر ئاماژەی پێ بکرێت، عەرەب دەڵێت : ( اللبيب يكفيه الاشارة ) بانگخوازان و دڵسۆزانی ئیسلام هەر ئاماژەیان بەسە و دەبێت دڵسۆزانە و خەمخۆرانە رابن و خزمەت بە گەل و نیشتمانەکەیان بکەن و بەرچاو ڕوونیان بکەن بە شەرع و بەرنامەکەی خوا و گەڕانەوەیان بۆ سەر ڕاستە شەقامی ئیسلام ، کە دەبێتە مایەی بەختەوەری و سەرفرازی لە دونیا و ڕۆژی دواییدا ، لە میانەی ئەم ڕاستیانەوە بوار بۆ شك و گومان نامێنێتەوە، کە بانگەواز کردن دەچێتە نێو خانەی واجباتەوە ، ئەمە و بانگەوازکردن ئەمڕۆ لە هزری ئیسلامیدا شوێنی چڵەپۆپەی گرتۆتەوە،چونکە بارودۆخەکان وا دەخوازێت . هەروەها لەلایەکی ترەوە ئایینی پیرۆزی ئیسلام هەموو ئەو بۆ چوون و پێوەرانەی ڕەت کردۆتەوە کە کراون بەکۆسپ و گومان، بۆ سنوردانان لە بەردەم پرۆسەی بانگەوازکردندا ، بۆ نموونە: ئیسلام فراوانی ئاستی زانستی و روناکبیری دانەناوە بەمەرجێکی پێویست بۆ کرداری بانگەواز کردن، بەڵکو دەرگا واڵایە بۆ هەموو مسوڵمانان و داوا لە هەمووان کراوە ،

هەریەك بە پێ ی ئاست و توانای خۆی بانگەواز بکات بۆ دینی خوا ئەمەش لە میانەی فەرموودەی (بلغوا عنی ولو آیة ) رواه البخاری . ئەمە و واقع حاڵی موسوڵمانان وا دەخوازێت هەستی بانگخوازی کارا بکرێت و سەرنجی هەموو لایەك رابکێشرێت بۆ ئەم واجبە پیرۆزەی کە زۆرێك لەبیریان کردووە و هەست بە مەترسییەکەی ناکەن ونازانن. گەر موسوڵمانان ئەرکی سەرشانیان بەجێ نەهێنا و سستی و تەمبەڵییان کرد ئەوا بەرپرسیارێتی رووبان تێ دەکا و لێپرسینەوەی خوای گەورەش سەخت و گرانە. بانگەواز بۆ لای خوا پێویستی بەوەیە کە مرۆڤ هەموو توانا و کاتی خۆی بۆ بخاتە گەڕ و بە ئامۆژگاری، کردار، مامەڵە و لەگەڵ بووندا بەردەوام بێت.

**بانگەواز ئایینە؛** خوازیاری ئایینیش نییەت و شوێنکەوتن و وەستانە لەسەر قەدەغەکراوەکان. نەرمونیانی لە هەموو کاتێکدا لە حیکمەت و دانایی نییە لە بانگەوازدا هەروەك رەقی و توندوتیژیش بەو شێوەیە. بەڵکوو کات و کەس و هەڵوێستەکە شێوازی گونجاو دیاری دەکات. کار و فەرمانی بانگەواز لە فیقهـ و وردبوونەوەی ئەحکامی هەرە گەورەیە کە تەوحید و یەکخواپەرستیی خوای گەورەیە. حیکمەت و دانایی دائەبڕێت بەسەر: قورئان، سوننەت، ئایین، هەق و راستی. هەروەها بەسەر هەموو رایەکی پێکراو و دروست و بەجێدا. حاڵی خەڵکی لەگەڵ بانگەوازدا سێ بەشن:

- بەپیر بانگەوازەوە دێت و پێی خۆشە و وەری دەگرێت،
- هەق پێ قەبووڵە بەڵام بێئاگا و نەشارەزایە پێی،
- ملنەدەر و دژ و پێچەوانەیە بە هەق.

## بەربەستەکانی بانگەواز.

گومانی تێدا نییە کە ئیماندا بە فیترەی خۆی بانگخوازەو هەم و پەژارەی بانگەوازەکەیەتی، لەم ڕێگەشدا دەبێت ورد بین بێت و زاڵ بێت بەسەر ئەو بەربەست و ئاستەنگانەی دەکەونە بەردەمی. قسەکردن لەسەر ئەم بابەتە زۆر هەڵئەگرێت و دوورو درێژە، ڕێگەکانی بانگەواز گشتی پڕیەتی لە بەربەست و ئاستەنگ و تەنگ و چەڵەمە، بەربەستی نەفس و شەیتان، دوژمنی دەرەکی و ناوەکی، تەممەڵی و خەمساردی، ڕووخانی دەروونی، فرت و فێڵی دوژمنان، بەربەستەکان گەلێ زۆرن، بۆیە دەبێت ئیمانداری بانگخواز نەفسی خۆی ڕابێنێت و پێشبینی کۆمەڵێك کێشەو گرفت و پەرچدانەوە بکات، فیقهو وردبونەوەی بانگەوازیش لە ڕاستیدا مەسەلەیەکی بەرفراوانەو زۆر کار لە خۆ دەگرێت، بۆیە دەبینین پێغەمبەرانی خوا سەلامی خوایان لێ بێت کە هەڵبژاردەی خوا بوون، پێویست بووە کە خوای گەورە بە کردار فێری فیقهی بانگەوازیان بکات، وەك لە بەسەرهاتنی یونس دا دەفەرموێت: (إِذْ أَبَقَ إِلَى الْفُلْكِ الْمَشْحُونِ)[1] واتە: کەچی ڕای کرد بەرەو کەشتیە پڕ لە کەلوپەل و خەڵکەکە.

خوای گەورە دەیەوێت فێری بکات کە مرۆڤی بانگخواز، بانگەشە بۆ لای خوا دەکات، لەو ڕێیەشدا بە ئارام و خۆگرەو پەلە ناکات و تووشی شڵەژان و شۆك نایەت. جا کاتێك پێغەمبەران سەلامی خوایان لێ بێت، شتێك لەو بابەتەیان تووش دێت و پەلە دەکەن، کە ئەمە حیکمەتێکی تێدایەو خوا خۆی دەیزانێت، خوای گەورە خاوەن عەزیمەتەکانی لێ هەڵبژاردوون، کە ئەوانە بوو بە بانگەوازیان کردو جیهادیان کردو لەو پێناوەشدا بە ئارامگرو خۆڕاگرو بوون، دەبێ ئێمە چەندێکمان پێویست بێت؟

برای بانگخواز: بزانە کە هەر جار جارو ماوە ماوە شتێك لە لاوازی و داپچڕان و خاو بوونەوە تووشت دێت، کۆمەڵێك ئاستەنگ و بەربەست کە ئێمە بۆ خۆمان پێوەی دەناڵێن نەخوازەڵا تووشمان بێت یەخەت پێ دەگرن، بەڵام بزانە زۆربەی بەربەستەکان دەردو کێشەو ڕێگرە ناوخۆییەکانن، واتە ئەوانەی تووشی دەروونی مرۆڤ دێن و لاوازو بێ هیوای دەکەن و لە کاروانی بانگەواز دووری دەخەنەوەو سستی دەکەن، چارەسەریشی تەنها خۆڕاگری و لەخواترسانە، وەك خوای تەعالا دەفەرموێت: (وَإِنْ تَصْبِرُوا وَتَتَّقُوا لا يَضُرُّكُمْ كَيْدُهُمْ شَيْئاً)[2] واتە: خۆ ئەگەر بەڵاو ناخۆشییەکتان بۆ پێش بێت، ئەوان پێی دڵخۆش دەبن، جا ئەگەر خۆگر بن و پارێزکار بن، پیلان و تەڵەکەی ئەوانە هیچ زیانێکتان پێناگە یەنێت.

---

[1] [الصافات:١٤٠]

[2] [آل عمران:١٢٠]

بۆیە ئەگەر هاتوو نەفسی خۆمان پتەوو بەهێز کردو سەبرو ئارامیان بوو، ئەوە ڕێگرە دەرەکییەکان سوکترو کەمزیانترن. ڕێگەکە گشتی هەر لە سەرەتاوە تا کۆتاییەکەی بە مەترسی و بەربەست و نارەحەتی ڕێژراوە.

بۆیە ئیمامی ئەحمەد ڕەحمەتی خوای لێ بێت، کە هەموو فەزڵی لە ئیمان و تەقواو علیم و بانگەوازدا دەزانین، گەورەیی و پێگەی ئەم ئیمامە ئەوەندە بەرزە بە جۆرێك دوای هاوەڵەکان و شوێنکەوتوانیان هیچ زانایەکی تر بە ئەندازەی ئەو پێیدا هەڵنەدراوەو وەسف نەکراوە، دەفەرموێت: (لا يجد المؤمن راحةً دون لقاء ربه). واتە: ئیسراحەت و گوشایشی گەورە ئەو کاتەیە فریشتە دێتە لات،

مژدەت پێ ئەدات کە ئیتر غەم و پەژارە نەماوەو مژدەی ئەو بەهەشتەت پێ دەدات کە وادەت پێ درابوو، ئەوجا لێرەو لەم چرکە ساتەوە دەکەویتە ئیسراحەتەوە، بەڵام پێش ئەوە نە ئەمینیت لە فیتنەو ئاژاوە، وە نە لە تاقیکردنەوەو بەڵاو موسیبەت، وە نە لە دژایەتیکردن، ئەمین نیت تەنها لەو حاڵەتانەدا نەبێت کە خوای گەورە باسی کردوون لە بەهەشتدا وەك دەفەرموێت: (وَقَالُوا الْحَمْدُ لِلَّهِ الَّذِي أَذْهَبَ عَنَّا الْحَزَنَ إِنَّ رَبَّنَا لَغَفُورٌ شَكُورٌ)[1] واتە: ئەمانە لە دونیادا لە حاڵی بێزاری و حوزندا بوون، بۆیە لە بەهەشتدا خوای گەورە بۆی گورِین بە نەعیم و خۆشی، وە لە ئایەتێکی تردا دەڵێن: (قَالُوا إِنَّا كُنَّا قَبْلُ فِي أَهْلِنَا مُشْفِقِينَ)[2] واتە:جا لە بەر ئەوەی لە دونیادا لە مەشەققەت و نارەحەتیدا بوون و ئارامگر بوون لەسەری، بوونە میراتگری ئەم بەهەشتە، بەڵام ئەگەر لە دونیادا لە ڕەفاهییەت و نیعمەت و خۆیشیدا بوونایە ئەمەیان بە دەست نەدەکەوت،

بۆیە خوای گەورە دەفەرموێت: (إِنَّ الَّذِينَ لا يَرْجُونَ لِقَاءَنَا وَرَضُوا بِالْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَاطْمَأَنُّوا بِهَا وَالَّذِينَ هُمْ عَنْ آيَاتِنَا غَافِلُونَ * أُولَئِكَ مَأْوَاهُمُ النَّارُ بِمَا كَانُوا يَكْسِبُونَ)[3] واتە: بەڕاستی ئەوانەی کەبەتەمای ئامادەبوونی بەر بارەگای ئێمەنین و (باوەڕیان پێی نیە) و ڕازی بوون بەژیانی ئەم دنیایەو دڵنیا بوون پێی و دڵیان پێی خۆشبوو و ئەوانەش کەخۆیان غافڵ و بێ ئاگان لەئایەت و نهێنی دروست کراوەکانی ئێمە، سەرنجی نادەن و بیری لێناکەنەوە . ئا ئەوانەشوێن و جێگەیان ئاگرە بە هۆی ئەو کار و کردەوانەی کە دەیانکرد.

جا لەسەرمانە دەروونی خۆمان لەسەر ئارامگری و خۆڕاگری لە پێناوی خوادا ڕابێنین، تاکو لە ئەهلی تەقوا بین، لە ئەهلی علیم و عەمەل بین،

[1] [فاطر:٣٤].
[2] [الطور:٢٦].
[3] [يونس:٧-٨].

لە ئەهلی سەبرو یەقین و دڵنیایی بین. گرنگترین ڕاگریش بۆ بانگەواز ئەمەیە کە خوای گەورە دەفەرموێت: (قُلْ هَذِهِ سَبِيلِي أَدْعُو إِلَى اللَّهِ عَلَى بَصِيرَةٍ أَنَا وَمَنِ اتَّبَعَنِي وَسُبْحَانَ اللَّهِ وَمَا أَنَا مِنَ الْمُشْرِكِينَ)[1] واتە: (ئەی پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾) بڵێ: ئا ئەمە ڕێگەو ڕێبازمە: من و شوێنکەوتوانم بانگ دەکەین بۆ لای خوای پەروەردگار لەسەر بنچینەو بناغەیەکی ڕوون و ئاشکرا، پاکی و بێگەردیش بۆ زاتی پەروەردگارە، من هیچ کاتێك لە موشریك و هاوەڵگەران نیم.

هەروەها کە لە ئایەتێکی دیکەدا دەفەرموێت: (ادْعُ إِلَى سَبِيلِ رَبِّكَ بِالْحِكْمَةِ وَالْمَوْعِظَةِ الْحَسَنَةِ وَجَادِلْهُمْ بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ)[2] واتە: (ئەی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم، ئەی ئیماندار) بانگەواز بکە بۆ لای بەرنامەو ڕێبازی پەروەردگارت بەحیکمەت و دانایی (بۆ هەندێك) و ئامۆژگاری جوان و بەجێ، (بۆ هەندێکی تر)و گفتو گۆو موجادەلە بەجوانترین شێوە (لەگەڵ هەندێکی تردا بە تایبەتی خاوەن کتێبەکان). ئەم ئایەتانەش سێ حاڵەت دیاری دەکەن کە هیچ بانگەوازێك لێی بەدەر نییە: یان ئەوەتا لەگەڵ هاوڕاکانت کە پێویستی بە حیکمەت و دانایی هەیە، وە یان لەگەڵ بێ ئاگاو نەزانەکانە کە پێویستی بە ئامۆژگاری چاك هەیە، وە یان لەگەڵ پێچەوانەیە کە پێویستی بە موجادەلە بە چاکترین شێوە هەیە. ڕاگرەکە لە ئایەتی یەکەمدا: (أدعو إلى الله)، تەنها بۆ لای خوا، نەك بۆ لای خۆمان، یان شێخ و مامۆستایەك کە خۆشمان دەوێت، یان بۆ لای حیزب و پارت و کۆمەڵێکی تایبەت، بۆ هیچ شتێکی تر بانگەواز ناکەین بۆ لای خوا نەبێت، جا ئەم ئایەتە ئایەتی بانگەوازەو گرنگترین و باشترین مەبەست و هۆکاری لەخۆ گرتووە، سەرەتاکەی: (قُلْ هَذِهِ سَبِيلِي أَدْعُو إِلَى اللَّهِ وە کۆتاییەکەشی: (وَمَا أَنَا مِنَ الْمُشْرِكِينَ) گرنگترین کارێك لە ژیانماندا بانگەوازی بۆ دەکەین تەوحیدو یەکخواپەرستییە، وە گەورەترین و لە پێشترین کارێکیش دونیای لێ بەهۆش دێنینەوە مەترسی و ئاقاری خراپ و وێرانکەری شیرك و هاوەڵگیرییە، پاشان پێوەریش بۆ ئەم و ئەو بەسیرەت و بەرچاو ڕۆشنییە، بەسیرەتیش: کارێکە کۆکەرەوەی عیلم و زانستی بە سوودو کاری پێکراوو باشە، مرۆڤ ئەگەر هاتوو علیم و زانستی شەرعی هەبوو بەڵام کارەکەی پێکراو و هاوڕای سوننەت نەبوو، ئەو کەسە بە کەسێکی خاوەن بەسیرەت ناژمێرێت، لەملاشەوە ئەگەر هاتوو کاری هەبو و مەبەستیشی باش بوو بەڵام علیم و زانستی شەرعی نەبوو، ئەوەش نابێتە کەسێکی خاوەن بەسیرەت و بەرچاو ڕۆشن. لە خوا دەپاڕێینەوە بەسیرەتمان بداتێ و بمانکاتە کەسێکی حەق بێژو خۆڕاگر، ئەهلی تەقواو خواناسی بین، ساتە زێڕینەکانی تەمەنمان لە پێناوی ئەم ئیسلامە پیرۆزەدا خەرج بکەین.

[1] [يوسف:١٠٨]

[2] [النحل:١٢٥]

## هۆکارەکانی تەمەڵی و چوونەدواوە لە بانگەواز بۆ لای خوا چییە؟

ئەبینین کە هەندێ بانگخواز لە قۆناغێك لە قۆناغەکانی بانگەوازدا زۆر گەرم و گوڕ و چالاکە، پاشان کوتوپڕ ساردی و تەممەڵی ئەیگرێت و پاڵی لێ ئەداتەوە، ڕوو ئەکاتە ژیان و بژێوێ دنیاو پارە پەیداکردن، هۆکاری ئەمە چیەو چارەسەریشی چیە؟ هۆکارەکان زۆرن، ئیمان و باوەڕ زیادو کەم دەکات، بە خواپەرستی و گوێڕایەڵی زیاد ئەبێت و بە سەرپێچی و گوناهو تاوان و کەمتەرخەمیش کەم دەبێتەوە، مرۆڤیش کاتێ بانگەواز ئەکات بۆ لای خوا ئەوە لە ڕاستیدا هەستاوە بە ئەرکی خواپەرستی، چونکە بەندایەتی هەموو ژیانی مرۆڤ دەگرێتەوە.

هەروەها تێبینی ئەوە دەکەیت کە تۆ جاری وایە زۆر بە ملکەچی و خشوع و ئامادەبوونی دڵەوە دەچیتە نوێژەوە یان قورئان دەخوێنیتەوە، یان لە خوا دەپاڕێیتەوە یادی خوا دەکەیت، جاری واش هەیە ئەو ملکەچی و دڵ ئامادەییەت نییە، بانگەوازیش بەشێکە لە بەندایەتی، شەیتان کە لە کاتی نوێژو قورئان خوێندندا بۆت دێت و دەیەوێ لات بدات، لە کاتی بانگەوازیشدا هەروەها دێت و دەیەوێ پەکت بخات و خاوت بکاتەوە، بەڵام ڕەنگە لەسەر کەسانێك تەممەڵ و پاڵیان لێ دابێتەوە بەهێزتر بێت و کاریگەری زیاتر بێت، بواری بانگەواز زیاتر خەڵکی تیایدا لاواز دەبن و واز دێنن، چونکە بەردەوام پەیوەندیت بە خەڵکەوە دەبێت و لە گەڵ خۆشی و ناخۆشیاندایت، ئینجا لەم ڕووەو دێت بۆ لات و ختوکەت دەدات و دەڵێ: ئەوەتە بە هۆی بانگەوازەکەتەوە خەڵکی لێت زویر بوون، دۆستەکانت سەرکۆنەت دەکەن، خزم و کەس و کارت پشتت تێ دەکەن، وات لێ بە سەردێ، تووشی چەرمەسەری و لێپێچانەوە دەبی، بۆ لە ماڵی خۆت دانانیشی و خەریکی نوێژو بەندایەتی خۆت بی باشترە، چیت داوە لەو خەڵکە! ئەبینیت ئیتر ئەم ختوکەو بیرە شەیتانیانە کار لە هەندێ کەس دەکەن و بە خۆی دەڵێ: ئەگەر من لە نەفسی خۆمدا هیدایەتم وەرگرت و وازیشم لە بانگەواز هێناو هەر بەردەوام بووم و ئیستیقامە بوو، لەوانەیە ئەمە باشتر بێ بۆم لەو هەموو گرفت و سەر ئێشەیە.

بەڵام لە ڕاستیدا هیچ کەس بە باشی هیدایەت وەرناگرێ و بەردەوامیی نابێ مەگەر بانگخوازی ڕێگەی خوا نەبێ، ئەمە لە جوانکاری و ڕازاندنەوەی شەیتانە بۆت تا گومڕات بکات و لە ڕێ لات بدات، سەیر بکە ئەگەر یەکێك لاواز بوو لە بانگکردنی خەڵکی بۆ لای خوا وازی لە بانگەواز هێنا، وردە وردە خۆشی لاواز دەبێت و توانای کەم دەبێ تا بە تەواوی پەکی دەکەوێت و شەیتان زاڵ دەبێ بە سەریداو واز لە ڕێگەی بانگەواز دێنێ.

جا ئەی برایان! ئەی بانگخوازان! هەڵنان و تێکۆشان! عەزیمەت عەزیمەت! ئەم ئایینەی ئێمە ئایینی عەزیمەت و هیممەتە! ئاییینی وەرگرتنی ئیمان و باوەڕە بە هێزو بە توندی، مەبەستیشمان ئەوە نییە کە توندوتیژ بین و ڕۆ بچین لە دیندا، بەڵام دەڵێین: وەرگرتنی دین دەبێ بە ڕاستگۆیی و دڵسۆزانە بێت،

تەنانەت ئەو ڕوخسەت و مۆڵەتانەش کە هەن دەبێ بە ئیمان و بە ڕاستگۆیانەوە وەربگیرێن، ئەوانە کە مۆڵەتن لە پەروردگارەوە بۆ بەندەکانی خۆی، بەمەش ڕاستگۆ ئەبین لە گەڵ پەروەردگارماندا، هیچ بوارێك نییە بکرێ بانگخوازان تیایادا تەممەڵ و تەوەزەل بن، کەی ئەمڕۆ کاتی پاڵ دانەوە تەممەڵی و پاشەکشە کردنە! هەر کەسێك لە هەر بوارێکدا کار بکات دەگونجێ بڵێ ئیتر گەیشتمە کۆتا مەبەست تیایداو پێویستم نەما، تەنها ئەوە نەبێت کە ڕێگەی زانستی شەرعی و دەعوەو بانگەوازی گرتۆتە بەر، چونکە بە ڕاستی هەرچەندێك بانگەواز بکات بۆ لای خوا خۆی ماندوو بکات هەر کەموکوڕەو پێویستی بە زیاتر هەیە، وە هەرچەندێك فێری عیلم و زانستی شەرعی بێ دەبینێ پێویستی بە زیاترەو جارێ لە کۆێیەتی، چونکە بە ڕاستی ئەمە ڕێگەیەکە خەڵکی تەنها لێرەدا جیاوازییان تێ دەکەوێ، دەی بۆچی پلە بەرزەکانی بەهەشت دانراون، نێوانی هەر پلەیەك و پلەیەکی تر وەك نێوانی ئاسمان و زەوی وایە؟ چونکە ئەمە ئەو جیاوازییەیە کە لە نێوان عەزیمەت و تەممەڵی و تەوەزەلیدا دروست دەبێ، لە نێوان پێ هەڵگرتن و چوونە پێش و پاشەکشەکردن و هاتنە دواوەو دوودڵیدا دروست دەبێ. داواکارین لە خوای باڵادەست کە عەزیمەت و گوڕو تینمان پێ ببەخشێ لە پێناو بڵاوکردنەوەی ئەم بانگەوازەدا، پێ هەڵگرتن لە سەرخێرو چاکە، وە بە هێزو تینەوە ئایینەکەمان وەربگرن لە هەموو ئەو شتانەی فەرمانمان پێ دراوە.

# بۆچی بانگەواز بکەین:

بە ڕاستی کاری بانگەواز بۆ لای خوا لە فیقە و ورد بونەوەیە لە ئایینی خوادا، فیقی بانگەوازیش بۆ لای خوا سبحانەوتعالى لە بانگەوازی گەورە نییە، واتە: لە فیقی ئەحکام و بەشەکانی دین نییە، بەڵکوو فیقو تێگەیشتنی هەرەگەورەیە بۆ دین کە: تەوحید و یەکخواپەرستی خوایە، ئەویش لەبەر ئەوەی هۆکارەکان حوکم و فەرمانی مەبەستەکانیان هەیە (الوسائل لهم حكم المقاصد)، جا لەبەر ئەوەی بەرێزترین و گەورەترین کارێك لەم ئایینەدا بریتیە لە تەوحید و ناسینی خوا بە تاك و تەنهاو بێ هاوەڵ، وە بانگەوازیش هۆکارو ڕێگەیەکە بۆ یەکخواپەرستی خوا، لە بەر ئەوە دەبێتە گەورەترین فیقو تێگەیشتن و ورد بوونەوە لە دیندا، بەم پێیە دەبێتە فیقی هەرەگەورە کە لە سەر بانگخوزان و قوتابیانی علیم ئەرك و واجبە کە بیزانن، وە هەروەك پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾ دەفەرموێت: {من يرد الله به خيراً يفقهه في الدين}[1] واتە: هەرکەس خوا خێری بۆی بوێ ئەوە لە دین شارەزای ئەکات و وردەکاری پێ ئەبەخشێ}.. بەڕاستی پەیڕەوی بانگەواز بۆ لای خوا دینە، لە تەوحیدو یەکخواپەرستی ناپچرێت و جیانابێتەوە، هەروەها لە فەرمانە خواییەکانشە و بەشێکە لێیان، شوێنکەوتن و پێهەڵگرتنی پێغەمبەرە ﴿ﷺ﴾ نەك بیدعەو داهێنان. خوای گەورە ئەم ئایینەی بۆ هەموو کات و شوێنێك هێناوەتە خوارێ، فەرزی کردووە لە سەر مرۆڤ کە شوێنکەوتەی بن و باوەری پێ بێنن تا ئەوکاتەی خوا زەوی و ئەوەش کە تێیدایە دەیباتەوە، حاڵ و بارو دۆخەکان گۆڕانکاریان بەسەردا دێت، بەڵام ئەوەی بە هیچ شێوەیەك ناگۆڕێت ئەم بنەما جێگیرانەن کە بۆ بانگەواز بۆ لای خوا پێویستە لە سەرمان کە شوێنیان بکەوین و بیانکەینە بەرنامەی ژیانمان، ئەوانەی کە ئەگەر بانگخوازان لە سەری ڕۆشتن و قوتابیان و زانست دۆستان بەجێیان هێنا بە هیچ شێوەیەك جیاوازی و دووبەرەکی ناکەوێتە نێوانیان و دەبنە یەکرِیزو یەك وتەو یەك مەبەست بە یارمتی خوا، تەنها لەو شتانەدا جیاواز دەبن کە جیاوازی و ڕاجودایی تێدایاندا دروستە و کارێکی ئیجتهادیە.

ئایەتەکانی قورئان پەیڕەو و مەنهەجێکی ئێجگار تەواو و تێروتەسەلمان دەدەنێ لە چۆنیەتی و شێوازی بانگەوازماندا بۆ لای خوا، مەبەست لە بانگەواز ڕوون دەکەنەوە، چۆنیەتی و شێوازی بانگەواز ڕوون دەکەنەوە، وە ئەو هۆکارە پلەپلەییانە چین کە دەبێ بیگرێننە بەر لە بانگەوازدا، هەروەها ئینتماو خۆدانەپاڵی بانگەواز ڕوون دەکەنەوە، وە ئەوە ڕوون دەکەنەوە کامە ئێمە ناتوانین پەی پێ بەرین و بیزانین، بەڵکوو ئەوانە دەیزانن و شارەزاییان لێی هەیە کە لە علیم وزانستدا ڕۆچوون و قوڵ بوونەوە.

---

[1] رواه البخاري (٧١، ٢٩٤٨)، و مسلم (١٠٣٧) عن معاوية بن أبي سفيان .

خۆ ئەگەر باش ورد بوینەوە لە کتێبی خواو بە پەندو ئامۆژگاری تەواومان لە چیرۆك و بەسەرهاتی پێغەمبەران وەرگرت لە بانگەوازدا، ئەوە بەڕاستی عیلم و تێگەیشتن و وردبوونەوەیەکی ئێجگار گەورەمان دەبوو لە زانست و زانیاری بانگەواز بۆ لای خوادا، بە جۆرێك کە هەرچی کۆشش و هەوڵ و ئیجتیهادێکی ئێمە لە بانگەوازدا نەئەگەشتە ئەو ڕاددەو سنوورە. جا ئەو بنەماو بنچینەیەی لە بانگەوازی پێغەمبەراندا سەلامی خوایان لێ بێ، دووبارە دەبنەوە، ئەم فەرموودانە ئایا بەڵگەو دەلالەتی خۆیان نییە؟ نرخ و بەهای خۆیان نییە؟ ئەگەر بیرمان کردەوە کە بۆ لای کێ بانگ دەکەین؟ ئێمە بۆ لای خوا بانگ دەکەین، جا ئایا هیچ بانگخوازێکی ئیسلامی هەیە ئەمڕۆ بڵێ: من بانگەشە بۆ لای خوا ناکەم؟ بەڵام لە ڕاستیدا تێیاندایە کە بانگەواز بۆ لای خوا ناکات، جا یان بە ڕەهایی یان بە چڵك و پڵکێك کە لێی نیشتووە. کەواتە یەکەم کارێك کە پێویستە بیزانین، مەبەست لە بانگەوازە، ئەوەش ئەوەیە کە بۆ خوایەو لە بەر خوایە، خۆ ئەگەر بانگخوازانی ئیسلام هەموویان بانگەوازەکانیان –هەمووی- بۆ خوا بوایەو پابەند بوونایە بە ڕێگەو ڕێبازی پێغەمبەرەوە ﴿ﷺ﴾ بە هیچ جۆرێك جیاواز نەدەبوون و پەرتەوازە نەدەبوون. بەڵام ئایا هەموو بانگخوازێك بانگەواز بۆ لای خوا دەکات؟ هەیە کە بانگەواز بۆ لای جگە لە خوا دەکات، بەڵام بانگەواز بۆ لای خوای کردۆتە پەردەو هۆکارێك بۆ کارەکەی، نەیکردۆتە مەبەست و ئاواتی، بەڵکوو کردویەتیە هۆکارو وەسیلەیەك بۆ ئەوەی بۆی بانگ دەکات، جا ئاگای لێ بێت و بیزانێ، یان نەفام و بێئاگا بێ بەو کارەی. هەیە بانگەواز ئەکات بۆ لای کۆمەڵێکی دیاریکراو، واش گومان ئەبات کە بانگەواز بۆ لای خوا دەکات، ئەگەر پرسیاریشی لێ بکەیت دەڵێ: من بانگ دەکەم بۆ لای خوا. هەیە بانگەواز ئەکات بۆ ڕای خۆی بە تایبەتی، یان بۆ لای ڕای کەسانی تر، یان شێخەکەی، یان کۆمەڵەکەی، یان پێشەنگەکەی کە جگە لە پێغەمبەری خوای ﴿ﷺ﴾ کردۆتە پێشەنگی خۆی، پێشت دەڵێ: من بانگەواز ئەکەم بۆ لای خوا. هەیە بانگەواز ئەکات بۆ ئیجتیهادو کۆششی خۆی، یان ئیجتیهادی جگە لە خۆی، با هەقیش بێ با بەڵگەشی لەگەڵ بێ، بەڵام دەیەوێ لە ڕوانگەی ئیجتیهادەکەی ئەوەوە بۆ بەڵگەو دەقە شەرعیەکان بڕوانرێت، لەگەڵ ئەوەشدا لافی ئەوە لێ دەدات کە بانگەواز بۆ لای خوا ئەکات .

## پێناسەی بەسیرەت و حیکمەت:

بیر لەم دوو وشەیە بکەینەوە: دوو وشەن ئەگەر بە دوایاندا گەڕاین لە زمانی عەرەبیدا، نابینین هیچ وشەیەکی دیکە وردترو ڕۆشنتر بێ لەو مانایەی کە دەیگەیەنێن (لە سەر بەسیرەت) و (حیکمەت و دانایی) جا ئەمە دوو وشەیە چی ئەگەیەنن و چ مانایەکی بەرزیان لە دووتوێی خۆیاندا حەشار داوە؟ بەسیرەت: مانای علیم و زانستە، جا ئایا دەگونجێ کەسێکی نەفام و نەزان بە خاوەن بەسیرەت وەسف بکرێ؟! یان هەر کەسێکی هیوابڕاوی داماو وەسف بکرێ بەوەی کە خاوەن بەسیرەتە؟! یان کەسێکی هەڵەشە وەسف بکرێ بەوەی خاوەنی بەسیرەتە؟! وە بەسیرەت هەروەها مانای جێگیری و بەردەوامی دەگەیەنێ، وە بەسیرەت بە مانای حیکمەت و دانایشی هاتووە، وە حیکمەتیش هەروەها کە بەڵگەیە لە سەر بەسیرەت، حیکمەت پێناسە نەکراوە، ئەوەتە خوای گەورە ئامۆژگاری جوانی وەسف کردووە، وە موجادەلەو گفتۆگۆ بە باشترین وچاکترین شێوە وەسف کردووە، باشترە لەوەی کە چاك بێت بەڵکوو بە چاکترین شێوە، بەڵام حیکمەت و دانایی وەسف نەکردووە، هەروەها بەسیرەتیش وەسف نەکراوە لە ئایەتەکەدا، چونکە وشەکە لە زاتی خۆیدا بەڵگەی تەواوەتی ئەگەیەنێ، خۆ ئەگەر هەرچ ناتەواوی و کەموکوڕییەك هەبوو ئەوە ئەو کارە لەسەر بەسیرەت نییە، خۆ ئەگەر هەر لەکەو ناتەواویەك هەبوو لە شێوازی بانگەوازدا ئەوە بە حیکمەت و دانایی نییە. وشەی حیکمەت دائەبڕێ بەسەر:

١. قورئان.

٢. دائەبڕێ بەسەر سوننەتی پێغەمبەردا.

٣. دائەبڕێ بەسەر دیندا.

٤. دائەبڕێ بەسەر حەق و ڕاستیدا.

٥. دائەبڕێ بەسەر هەموو کارو ڕاو بۆچونێکی ڕاست و دروستدا.

هەروەك هەموو کردەوەو هەڵس و کەوتێکی باش و چاك خاوەنەکەی پێ پێناس دەکرێت بەوەی کە کارەکەی لە سەر بەسیرەت و بەرچاوڕۆشنیە، لە سەر بەڵگەو شارەزایی و وریاییە لە کارەکەیدا. کەواتە هەردەبێ لە سەر بەسیرەت و بەرچاوڕۆشنی بێ.

پاشان فەرمووی: ( أَنَا وَمَنِ اتَّبَعَنِي)[1] یەکسانە: من و ئەوانەش کە شوێنم کەوتوون، یان بە مانی گشتی ئایەتەکە بەپێی وەستان لەسەری، ئەویش ئەوەیە کە بانگەواز دەبێ لە سەر بەسیرەت بێ، یان بانگەواز لە سەر بەسیرەتە، یان من و ئەوانیش کە شوێنکەوتەمن لە سەر بەسیرەت و بەرچاوڕۆشنین،

[1] [یوسف:١٠٨]

هەردوکیشیان سەرئەکێشن بۆ یەك مانا، ئەویش ئەوەیە کە شوێنکەوتوانی پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾ بانگەشە ئەکەن بۆ ئەوەی کە پێغەمبەر﴿ﷺ﴾ بانگەشەی بۆ کردووە لە بەسیرەت و حیکمەت و دانایی و بەرچاورۆشنی.

لێرەدا با هەڵوێستەیەك بکەین ئەویش: ئایا پێویستمان بەوە هەیە کۆشش بکەین و تێرامێنین لە ڕێگاو پەیرەوەکانی بانگەواز بۆ لای خوا، تانانەت لە بانگەوازی پێغەمبەریشدا ﴿ﷺ﴾ ئایا پێویستمان بەوەیە کە بە تایبەت قسەی لێ بکەین و وا بزانین کە ئەمە لە قسەو گوفتاری بانگەوازە؟

لە ڕاستیدا ئەگەر ورد بینەوە دەبینین کە ژیانی پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾ هەمووی بریتی بووە لە بانگەواز، هەر لەو کاتەوە ئەم ئایەتە هاتە خوارێ: (يَا أَيُّهَا الْمُدَّثِّرُ * قُمْ فَأَنْذِرْ)[1] تاکو بە خوا گەیشت و دنیای بەجێ هێشت، هەموو ژیانی ئەو پێغەمبەرە ﴿ﷺ﴾ بریتی بوو لە بانگەواز بۆ لای خوا سبحانەوتعالی. ئەگەر لەگەڵ هاوەڵگەڕاندا جەنگابێ ئەوە بانگەواز بووە، ئەگەر باوەڕدارانی پەروەردە کردبێ ئەوە بانگەواز بووە، ئەگەر ئامۆژگاری دابێ لە مزگەوتا ئەوە بانگەواز بووە، ئەگەر بەرەو جیهادو تێکۆشانی بردبن ئەوە بانگەواز بووە، وە ئەگەر فێری ئەحکام و فەرمانەکانی کردبن ئەوە بانگەواز بووە بۆ لای خوای گەورەن هیچ بەشێکی ئەگەر بچوکیش بێت لە ژیانی ئەو پێغەمبەرە ﴿ﷺ﴾ نەماوەتەوە دەعوەو بانگەواز نەبوبێ بۆ لای پەروەردگاری.

---

[1] [المدثر:١-٢]

## چەند خاڵێك لە ڕێگەی بانگەوازدا:

لێرەدا چەند خاڵێکی گرنگ هەن پێویستە بانگخوازان بیکەنە چرایەك لە ڕێگەی بانگەوازیاندا بۆ لای خوا سبحانەوتعالی: دڵسۆزی لە سەرمان پێویستە هەمیشەو بە بەردەوامی بە خۆماندا بچینەوە لە مەسەلی ئیخلاس و دڵسۆزیدا، لەم کارە زۆر گەورەیەدا، چونکە بەڕاستی خاڵی یەکەمە لە ڕێگەی بانگەوازدا، کە نابێت و ناشێ و دروست نییە بیپەڕێنین و بەسەریدا ڕەت ببین بۆ دوای ئەو تاکو بە باشی لە خۆماندا جێ بەجێی نەکەین، ئەویش ئەوەیە کە بانگەوازەکەمان پاك و بێگەردو ساف و بێ لەکە بۆ خوای گەورە بێت سبحانەوتعالی، بەشی هیچ ویست و مەرام و مەبەستێکی دیکەی پێوە نەبێ، جا کاتێك بانگەوازمان تەنها بۆ لای خوا بوو، ئەوە دڵەکان پێك دێن و ئولفەت و خۆشەویستی لە ناویاندا چەکەرە دەکات و دەڕوێت بە یارمەتی خوا، خێرو چاکە لە نێوماندا دەچەسپێت. پەلە ناکەین لە دەرەنجام و بەرهەمی بانگەوازدا. کاتێك دڵسۆزی و ئیخلاسی تەواومان لە بانگەوازماندا بەجێ هێنا، ئەو کات ئیتر پەلە ناکەین و هەڵەشە نابین لە دەرەنجام و بەرهەمەکەیدا، چونکە ئێمە خەڵکی بۆ لای خوا بانگ دەکەین، وە خوای گەورە خۆی کەفالەتی راوەستان و بەردەوامی ئەم بانگەوازەی کردووە، ئێمە تەنها گەیاندنمان لە سەرە، لەمەشدا ئێمە لە پێغەمبەران زیاتر نین سەلامی خوایان لێ بێ، ئەوە خوای گەورە بە پێغەمبەرمان ﷺ دەفەرموێت: (إِنْ عَلَيْكَ إِلَّا الْبَلاغُ )[1] ئیتر ئەو کاتە ڕێی ون ناکەین و شوێن هەواو ئارەزووی خۆمان ناکەوین. تەمەنی بانگەواز پێوەر ناکەین بە کات و ساتەوە. تەمەنی بانگەواز نابەسترێتەوە بە کات و ساتێکی دیاریکراوەوە، ناڵێین بانگەوازەکەمان مەبەستی خۆی نەپێکا وەك هەندێ خەڵکی کە دەڵێن: چەنێ کاتمان بەڕێ کرد کەچی هەر نەگەشتینە مەبەست، ئەم جۆرە بیروبۆچون و قسانە نابێ ببن کاتێ بانگ ئەکەین بۆ لای خوا، بەڵکوو لێپرسینەوەو بە خۆداچونەوە هەیە، وە بزانین کە ئایا بانگەوازەکەمان بەڕاستی و بێ لەکە بۆ خوایە، وە لە سەر پەیڕەوێکی دروستە، جا ئیتر ئەگەر ئێمەش لە نەوەو کاتی ئەو بەرهەمە نەبین بەروبووم هەر دەبێ و گومانی تێدا نییە، گرنگ ئەوەیە کە ئێمە بانگەوازمان بۆ لای خوا کردبێ. ئەمە بەروبومێکی زۆر گەورەیە کە ئێمە ڕێگەی پەروەردگاری خۆمان زانیوە، بانگەوازی لای خوامان هەڵبژاردووە جا ئیتر خەڵکی گوێمان لێ بگرێ یان نا، شوێنمان کەون و بە قسەمان بکەن یان نا، ئەوە گرفت نییە، بنچینەو ئەساس لێرەدا ئەوەیە تۆ تەنهاو تەنها بۆ لای خواو لە بەرخاتری خوا بانگەواز بکەیت و هیچ شتێکی دیکە پاڵنەرت نەبێت، لێرەدا پێشەنگێکی زۆر باشمان لە پێغەمبەرە بەڕێزەکانەوە هەیە سەلامی خوایان لێ بێ،

---

[1] [الشورى:٤٨]

ئەوانەی پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾ بینوینی وەك دەفەرموێت: {رأيت النبى ومعه الرجل والرجلان، والنبى ومعه الرهط، أو الرهيط، والنبى وليس معه أحد}[1]. واتە: پێغەمبەرم دەبینی (لە شەوڕەوی و بڵندبونەوەدا) پیاوێك یان دوو پیاوی لە گەڵ بوو، وە پێغەمبەریش ﴿ﷺ﴾بوو کۆمەڵێکی لە گەڵ بوون وە پێغەمبەریش بوو کەسی لە گەڵ نەبوبو.

کەواتە مەسەلەکە حساب و لێکدانەوەیەکی ژمارەیی نییە، یان بە زۆری شوێنکەوتوان نییە، بەڵکوو تەنها بە شوێن پێهەڵگرتنی پێغەمبەرانە و واز هێنانە لە بیدعەو شتی داهێنراوو نادروست، بانگ ئەکەم بۆ لای خوا لە سەر بەرچاوڕۆشنی، لە سەر کاردروستی و دانایی.

## حیکمەت و دانایی لە بانگەوازدا:

خوای گەورە (تبارك وتعالى) لەقورئانی پیرۆزدا باسی حیکمەتی کردووە، وەخۆشی حەکیمەو خاوەن حیکمەتە (سبحانه وتعالى) درووستکردنی بونەوەرەو هەڵسوڕانی بەو شکل و شێوە کامل و تەواوە بەڵگەی حیکمەتی خوان (سبحانه وتعالى) بیرکردنەوە لە بوونەوەر دەتگەیەنێتە ئەو ڕاستییەی کەخوای گەورە (عزوجل) پەروەردگارە، بیرکردنەوەش لەشێوازی هەڵسورانی ئەم بونەوەرە، لە خاڵی حیکمەتی خوای پەروەردگارت دەگەیەنێ ،کەوابوو خوای گەورە حەکیمەو داواشی کردووە (سبحانه وتعالى) کە موسوڵمانان حەکیم ودانابن وە لە کاتی بانگەوازیشدا حەکیمانە بەم ئەرکە هەڵسن حیکمەتی بەخێری زۆر لە قەڵەم داوە وە ئەوەی خاوەن حیکمەتە خاوەن خێرێکی زۆرە (ومن يؤت الحكمة فقد أوتى خيرا كثيرا)[2] واتە: هەر کەس حیکمەتی پێ ببەخشرێت، ئەوە بێگومان خێرێکی زۆری پێدراوە. هەروەها خوای پەروەردگار دەفەرموێ: (لَقَدْ مَنَّ اللَّهُ عَلَى الْمُؤْمِنِينَ إِذْ بَعَثَ فِيهِمْ رَسُولًا مِنْ أَنْفُسِهِمْ يَتْلُو عَلَيْهِمْ آيَاتِهِ وَيُزَكِّيهِمْ وَيُعَلِّمُهُمُ الْكِتَابَ وَالْحِكْمَةَ وَإِنْ كَانُوا مِنْ قَبْلُ لَفِي ضَلَالٍ مُبِينٍ)[3] واتە: سوێند بێت بێگومان خوا منەتی ناوەتە سەر ئیمانداران کاتێک پێغەمبەرێکی بۆ ڕەوانە کردوون لە خۆیان ئایەتەکانی ئەویان بەسەردا دەخوێنێتەوە، دڵ و دەروونیان پاک و پوخت دەکاتەوە، هەروەها فێری قورئان و داناییان دەکات، بەڕاستی پێشتر لە گومڕاییەکی ئاشکرادا ڕۆچوو بوون.

خوای گەورە خێرو چاکەیەکی زۆری لەگەڵ موسوڵمانان کرد بەوەی کە پێغەمبەرێکی لەخۆیان بۆنارد،

[1] رواه البخارى (٥٣٧٨، ٥٤٢٠، ٦١٧٥)، و مسلم (٢٢٠) عن ابن عباس

[2] (البقره:٢٦٩)

[3] (ال عمران ١٦٤)

ئایەتەکانی خوای پەروەردگاری بۆدەخوێندنەوەو خاوێنی کردنەوەو فێری کتێب و فێری حیکمەتی کردن کەلێرە مانای (سوننەیە). کەوابوو حیکمەت نیعمەتی خوای پەروەردگارە بەسەر موسوڵمانان (ابن فارس) ڕەحمەتی خوای گەورەی لێبێت لەمانای حیکمەت دەفەرموێ: ("حكم" الحاء والكاف والميم أصلٌ واحد، وهو المنْع. والحِكمة هذا قياسُها، لأنها تمنع من الجهل. وتقول: حكَّمت فلاناً تحكيماً منعتُه عمّا يريد)[1] کەوابوو حیکمەت مانای مەنعە لەنەفامی، هەروەها حیکمەت مانای: پێکان لەگوفتارو ڕەفتار، وەدانانی شت لەشوێنی خۆی. (ابن القيم) ڕەحمەتی خوای گەورەی لەسەربێت لەمانای حیکمەتدا دەفەرموێ (باشترین پێناسە سەبارەت بەحیکمەت ووتراێ گوفتاری (موجاهیدو مالك)ە: ناسینی هەق وە کردەوە بەهەق، وەپێکان لەگوفتاروڕەفتار، ئەمەش ناکرێت تەنها بە تێگەیشتن لەقورئان و ووردبونەوە لەشەریعەتی خوا.[2]

کەوابوو حیکمەت پێکانی گوفتارو ڕەفتارە، تێگەیشتن لەشەرعی خوا وە جێ بەجێکردنی ئەم زانینە لە واقیعدا وەناسینی واقیعەکە هەر هەمووی مانای حیکمەت دەگرێتەوە، گرنگی ناسینی حیکمەت لەوەدایە لەبەر ئەوەی زۆر جار بەناوی حیکمەت دین دەدۆڕێ وە زۆرجاریش بەبێ حیکمەت، جوهدو ماندوبوونی موسڵمانان دەفەوتێ، موعاویەی کوری ئەبوسوفیان خاڵی برواداران ڕەزاو ڕەحمەتی خوای گەورەیان لەسەربێت دەفەرموێ: (إني لا أضع سيفي حيث يكفيني سوطي، ولا أضع سوطي حيث يكفيني لساني، ولو أن بيني وبين الناس شعرة ما انقطعت أبداً. فقيل له: وكيف ذلك؟ قال: كنت إذا مدوها أرخيتها، وإذا أرخوها مددتها) . واتە: من شمشێرەکەم لەشوێنێك دانانێم کەبەقەمچی یەکەم تەواودەبێت، وەقەمچی یەکەم لەشوێنێك دانانێم کەبەقسەم تەواودەبێت، وەگەر بێت ولەنێوان من و ئەو خەڵکەدا تاڵەموویێك هەبێت لێناگەڕێم بپسێ، وتیان چۆن؟ فەرمووی گەر توونديانكرد من خاوی دەکەم وە ئەگەر خاویان کرد من توندی دەکەم. ناسینی واقیع و هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەو واقیعە ژیرانە ئەرکی سەرشانی موسوڵمانانە، مەخابنە ئەهلی باتیل بەو باتیل و ستەمەی هەیانە بتوانن واقیع هەڵسورێنن، موسوڵمانانیش بەو هەقەی کەهەیانەو گەورەیی وپیرۆزی پەیامەکەیان نەتوانن کاریگەربن لەسەرواقیع، زۆر جار توندی پیلانی ئەهلی کوفر موسوڵمانانی لەواقیع دابڕیوە، بەڵام لەهەمان کاتیش هەڵەی موسوڵمانانیش تارادەیەك دەوری هەبووە لەم دابڕینە، پێغەمبەری خۆشەویستمان(ﷺ) دەفەرموێ : ( مثلى ومثل الأنبياء كمثل قصر أحسن بنيانه ترك منه موضع لبنة فطاف النظار يتعجبون من حسن بنيانه إلا موضع تلك اللبنة فكنت أنا سددت موضع اللبنة ختم بي

---

[1] مقاييس اللغة -ج ٢ / ص ٧٣ ]

[2] بروانە (التفسیر القیم ص/ ٢٢٦ ).

البنیان وختم بی الرسل - وفی روایة - فأنا اللبنة وأنا خاتم النبیین)[1] واتە: نموونەی من و نموونەی پێغەمبەرانی پێشە من نموونەی بینایەکە شوێنی خشتێکی جێ ماوە خەڵکی سەیری بیناکەیان کرد بەسەرسوڕماوی، تەنهاجێگای ئەوخشتە نەبێت، ئەمن هاتم و جێی ئەم خشتەم پڕکردەوە، پێغەمبەرایەتی بەمن تەواوکرا. پێغەمبەران سەڵات وسەلامی خوایان لەسەربێت ،بە ئەرکی بینا هەڵساون بنیاتنانی مرۆڤ بنیاتنانی ڕەوشت و ئەمانەت و هەنگاونان بۆ درووستکردنی ژیار، کەئەمانە هەمووی بەهەمان شێوە حیکمەتە، ناسین وزانینی سوننەی پێغەمبەری خۆشەویستمان ﴿ﷺ﴾ تەواوی حیکمەتە لەبەرئەوەی بەحالی بون لەسوننە حاڵی بوونە لە شێوازی جێبەجێکردنی شەرعی خوا وەدانانی خشتە لە شوێنی خۆی شارەزای لەسوننە شارەزاییە بە زەمەن و مەکانی گونجاو مەبەستیش لەسوننە دەرخکردنی چەند فەرموودەیەك نییە بەتەنها بەڵکوو حاڵی بوون و جێ بەجێکردن مانای سوننەیە، هاوەڵانی پێغەمبەری خۆشەویستمان ڕەزاو ڕەحمەتی خوای گەورەیان لەسەربێت، توانیان زۆر حەکیمانە گۆڕانکاری بەدەورو بەریاندا بهێنن توانیان لەجەهل وشیرك وکوفرەوە خەڵکی بەرەو لوتکەی ئیسلام بەرن، ئەم هەندەسەیە لە دروستکردن ودانانی خشت لەشوێنی خۆی خەڵکێك دەتوانێ ئەنجامیدا حاڵیبن لە سوننە، بیناکردن بە ڕێکخستنی تواناوە و باوەڕ بەمەوهیبەو توانای یەکتردەکرێت، کە ئەمە لای هاوەڵان شتێکی زۆر ئاسایی بوو. دەگێڕنەوە جارێکیان: عەبدوڵڵای کوری عەبباس جلەوی وڵاغەکەی زەیدی کوری سابتی گرتبوو، زەیدیش ڕەزاو ڕەحمەتی خوای لەسەربێ شەرمی کردوو فەرمووی وامەکە ئەی کوڕە مامی پێغەمبەری خوا، عەبدوڵڵای کوری عباس فەرمووی ئاوا فەرمانمان پێ کراوە کە ڕێز لەزانایانمان بگرین، زەیدیش بە عەبدوڵڵای کوری عەبباسی فەرموو: کادەستت بێنە ،ئینجا دەستی عەبدوڵڵای کوری عبباسی ماچکرد، فەرمووی ئاوا فەرمانمان پێکراوە کە ڕێز لە بنەماڵەی پێغەمبەرمان بگرین. پێغەمبەری خوا سەڵات و سەلامی خوای لەسەربێت دوعای بۆ عەبدوڵڵای کوری عەبباس کردوو فەرموی: (اللهم علمه الحکمة)[2]. عەبدوڵڵای کوری عەبباس حەکیم بوو بۆیە ڕێزی لەعالم دەگرت، زەیدی کوڕی سابتیش ئەهلی عیلم بوو بۆیە ڕیزی بنەماڵەی پێغەمبەری خۆشویستی ﴿ﷺ﴾ دەگرت، گەربێت وعیلم وحیکمەت کۆ ببنەوە کاروانی نوڕ دەکەوێتەرێ، زۆرجار ئامادەیی هەیە وە دڵسۆزیش هەیە بەڵام هەڵوێستێکی هەڵە هەردووکی لەبار دەبات وە بنکەو ئەساسی هەنگاوان دەشێوێنێ، ئەم ڕابوونە ئیسلامییە خەریکی عیلمە، کە ئەمەش فەزڵی خوای گەورەیە (سبحانه وتعالی) ،

---

[1] ( متفق علیه)

[2] (رواه البخاری)

بەڵام تارادەیەکیش پەیوەندی و چۆنییەتی بینای ئەم واقیعە لەسەر ئەساس وبنەمای شەرع، واتە: حیکمەت فەرامۆشکراوە هەروەها چۆنییەتی هەڵوەشاندنەوەی نەفامی فەرامۆشکراوە،

فەرامۆشکردنی هوونەری هەڵسوکەوت، بەرەو ئەزموونی تاڵت دەبات، ئەزموونی تاڵیش وەکو چەکێکی دوو ڕووە ،زۆر جار دەبێتە مایەی پەروەردەکردن و هەڵسانەوە دوای کەوتن وەزۆرجاریش بۆتە مایەی دوور کەوتنەوە لەکاری ئیسلامی یاخود دورکەوتنەوە لە ئیسلام خوای گەور پەنامان بدا، بۆیە فێربوونی حیکمەت و ناسینی فەرزی سەرشانی موسوڵمانە، حیکمەت ئەو فەلسەفەیە نییە کە لە هەندێك کتێب ئاماژەی پێکراوە، بەڵکوو ئەوەی حیکمەت دروست دەکات ناسینی سوننەی پێغەمبەرە ﷺ ، بۆیە خۆشەویستمان دەفەرموێ (ترکت فیکم أمرین لن تضلوا ما إن تمسکتم بهما : کتاب الله وسنتی ولن یتفرقا حتی یردا علی الحوض)[1] ئەم دووە کەفیلن و زامنی گومرا نەبوونن، پابەندبوون پێیان سەرەتای هەنگاوی ڕاستن. لایەنێکی دیکە لە حیکمەت کە زۆرجاران بانگخوازان لەم لایەنانە بێ ئاگان و لە بیریان دەچێتەوە کە ئەمەش لە حیکمەت و داناییە: کاتێك تۆ ئەم کەسە بانگ دەکەیت، کاتێك پەروەردەی دەکەیت، ئەوە تۆ پێویستت بە دوو جۆر لە ماڵە هەیە لەگەڵیدا: بە نەرم و نیانی و لێبوردەیی، وە ڕەق و توندوتیژی، زۆرێك لە بانگخوازان ئەم لایەنە نازانن و بێ ئاگان لێی، بەڵکوو وا گومان دەبەن کە حیکمەت و دانایی تەنها بریتییە لە نەرم و نیانی، وا دەزانن کە حیکمەت تەنها مانای دڵنەوایی و نەرم و نیانی و لە سەرخۆیی دەگەیەنێ، جا ئەمە هەڵەیەکی بەرچاوو گەورەیە، بەڵکوو حیکمەت مانای وایە کە نەرم و نیانی و لە شوێنی خۆی دابنێی و توندو تیژیش هەروەها لە شوێنی خۆی، هیچ کامیان فەرامۆش نەکەیت و لە بیری نەکەیت، ئەگەر لە کاتی ئامۆژگاری و سەرکۆنەکردنی مناڵەکەتدا بە هێمنی و لەسەرخۆیی چاکە لەگەڵیدا جوڵایتەوە ئەوە حیکمەت و داناییە. جا ئەگەر ئەم مندالە گەورە بوو، پاشان چەند جارێك هەر فێرت کردو فێرت کردەوە بەلام بێ سوود بوو، کاری ناجۆرو نالەباری ئەنجام ئەداو تۆش لەوەو پێش هۆشداریت پێ دابوو ئاگادارت کردبۆوە، ئەگەر هات و لە سەر ئەمە لێت دا. ئەمە لە حیکمەت و داناییە، نابێ هەروا بەری بۆ بەرەڵا بکەیت و چی دەکات بە ئارەزووی خۆی بیکات، جا لێدان لەم حاڵەتەدا بەشێکە لە حیکمەت. حیکمەت لەم حاڵەتانەدا ئەوەیە کە سزای بدەیت تا هەست بە هەڵەی خۆی بکات وبگەڕێتەوە بۆ هەق و هەروا جڵەوی بۆ شل نەکەیت، جا جاری وایە حیکمەت و دانایی لە سزاو لێدان و سەرکۆنەکردندا خۆی دەبینێتەوە. کەواتە حیکمەت و دانایی ئەوە نییە کە هەمیشە و بەردەوام نەرم و نیان بیت، بەڵکوو دەبێ بۆ هەر کاتێك هەڵوێستی خۆیت هەبێت و بەپێی ئەو ڕووداوە مامەڵە بکەیت.

[1] (رواە مالك)

## شێوازو ڕێوشوێنی پێغەمبەرلە بانگەوازیدا بۆ لای خوا :

سەیری ئەم تەواوکاری و ڕێکو پێکیە بکەن، ئەگەر زەین و بیروهۆش و کارەکانمان لە ئاستی تێگەیشتن و جێبەجێکردنی ئەم شێوازە جوانەدا بێ، ئەوکاتە دەبێ حاڵی بانگەواز بۆ لای خوا چۆن بێت و بە چ ئاراستەیەکی دروستا هەنگاو بنێ؟ پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾ زاناو موفتیەك نەبوو، فەتوا بۆ خەڵکی بدات لە کاروباری بانگەوازداو، پاشان بڕواتە ماڵەوە لێی پاڵ داتەوە، خەڵکیش چۆنیان حەز لێ بوو بەو شێوە لە فەتواکە تێ بگەن و ئاوەها جێ بەجێی بکەن، ئەمە بە هیچ شێوەیەك لە ڕێو شوێن و شێوازی پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾ نەبووە، وە هەروەها سەرکردەیەکی سیاسی نەبوو، ڕێ و شوێن و نەخشە بکێشێ، بەڕێوەبەرایەتی کارەکان بکات، یان سەرکردەیەکی جەنگ نەبووە نەخشەی جەنگ و چۆنیەتی جەنگ دابنێ، پاشان فەرمان بدات بە سوپاکە جێ بەجێی بکەن وکارەکە تەواو بێ.

بەڵکو پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾ لەم حاڵەتانەو لە هەموو حاڵەتەکانی ژیانیدا بانگخواز بوو بۆ لای خوا، یان یادی خوای کردووە، تەنانەت کاتێك هەڵئەسا بۆ شەونوێژ هەمووی دەعوەو بانگەواز بوو، هاوەڵەکانی فێری چۆنیەتی بانگەواز ئەکردو دەرسی دائەدان، فێری ئەکردن چۆن توێشوو بخەن لە بانگەوازیان بۆ لای خواو چی بکەن و بە چ شێوەیەك ئەم بانگەواز بگەیەنن.

لە بەر ئەمە پێویستمان بەوە نییە کە بڵێین: چۆن بانگەواز بکەین بۆ لای خوا؟ وە لێرەوە مەسەلەیەکی زۆر بنچینەیی تێ ئەگەین لە فیقو وردەکانی بانگەوازدا، ئەویش کە بانگەواز بۆ لای خوا، دەبێت هەموو کاتی مرۆڤ بانگخواز بگرێتەوە، وە بانگەواز بۆ لای خوا پێویستی بەوەیە کە هەرچی هێزو توانات هەیە بیخەیتە کارو خاڵی بکەیتەوە، کاتت، ژیانت، تێکۆشانت، دەبێ هەمووی لە پێناوی بانگەوازدا بێت و بۆ بەجێهانانی ئەو بێت. ئەگەر تەنها ئەو کاتانەی لێمان زیادە دامان بە بانگەواز ئەوە دیارە هەڵنەساوین بە کاری بانگەواز، سەرکەوتن بە دەست ناهێنین، پێمان ناوترێ بانگخواز، وە ناتوانین پێناسەی بانگخواز ببڕین بەسەر خۆمانداو لە ڕیزی ئەواندا بین. ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ کە مرۆڤ واز لە کارو پیشەکەی بێنێ هەر چییەك بێت!

سەیری پێغەمبەر﴿ﷺ﴾ بکەن، سەیری هاوەڵەکانی بکەن، وازیان لە کارو پیشەی خۆیان نەهێنا، بە مانای وازهێنانی تەواو لە دنیاو پەیوەندی کردنیان بە ئەهلی سوففەوە، ئەوەیان نەکرد، بەڵکوو هەریەك بە پیشەو کاری خۆیەوە خەریك بوو، بەڵام بازرگان لە بازرگانیەکەی خۆیدا بانگخواز بوو بۆ لای خوا، شەڕکەر لە سوپادا بانگخواز بوو بۆ لای خوا، قوتابی عیلم لە زانست و زانیاریەکەیدا بەو شێوەیە، هەر یەکەیان هەڵسا بە بەجێهێنانی مافی خێزان و ماڵ و منداڵی چەندەی خوا بەسەریدا ڕشتبوو، بەڵام کاری دنیایی تاکە مەبەستیان نەبوو، بەڵکوو کردبوویانە پێگەیەك بۆ بانگەواز و بڵاوکردنەوەی ئیسلام،

هەر یەك بەپێی خۆی و لە شوێن و جێگەی خۆیدا بانگخوازێك بوو بۆ لای خوا. جا کێ لە پێشترە لەوان بەوە؟ هیچ کەسێك، لەگەڵ ئەوەشدا ئەوە ڕێگەو شێوازیان بوو لە بانگەوازدا، بانگەواز بۆ لای خوا گیان و هەست و ژیان و هەموو مەبەستیان بوو، هیچ مەبەستێکی دیکەیان نەبوو جگە لەوە، بەڵکوو کاتێ هەندێکیان وتیان: بەڕاستی خوا ئایینەکەی خۆی بە دەرخست، پێغەمبەرەکەی عەزیز و بە دەسەڵات کرد، جا ئیتر بڕۆشتینایەوە سەر ماڵ و حاڵی خۆمان، بۆ لای مەڕو ماڵات و زەوی و زاری خۆمان، خوای گەورە ئەم ئایەتەی هێنایە خوارەوە: (وَلا تُلْقُوا بِأَيْدِيكُمْ إِلَى التَّهْلُكَةِ وَأَحْسِنُوا إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الْمُحْسِنِينَ)[1] هەروەك ئەبو ئەیوب تەفسیری کردووە خوا لێی ڕازی بێ، جا پشت هەڵکردن لە جیهادو بانگەوازو خەریك بوون بە گشت وکاڵ و ماڵ و مناڵەوە، ئەوە خۆخستنە ناو چاڵ و تێداچوونە. ئەوەی داواکراوە لێمان ئەوەیە کە هەمیشە بانگخوازی ڕێگەی خوا بین، لەگەڵ ئەوەشدا توێشوی دنیامان بخەین، هەستین و هەق و مافی خۆمان بەسەرمانەوە، مافی ماڵ و کەس و کارمان، بەڵام لە ڕوانگەی بانگەواز بۆ لای خواوە. هەر بۆیەش کاتێك هۆکارەکانی بانگەواز لە یەکتر جیاکرانەوە، کاتێك بانگخوازانی لای خوا وایان لێ هات هەر یەك تایبەتیەکی هەبوو ئیتر لەوە دەرنەدەچوو، کاتێك زاناو موفتی علیم وزانست و فەتوای پێ بوو، بەڵام نەیدەزانی پەروەردە بکات و کەسی بۆ پەروەردە نەدەبوو، فەرمانی نەدەکرد بە چاکو قەدەغەی خراپەی نەدەکرد، لەگەڵ واقعی و ئێش و ئازاری گەلەکەیدا نەدەژیاو ئاگای لێیان نەبوو، هەر خەریکی ناو کتێب و فەتوا دان بوو، ئەو کاتە ناتەواوی هەرەگەورە ڕووی کردە ئەم ئوممەتە، زۆر جێگەی داخ و کەسەرە، هەروەها کۆمەڵێ لە بانگخوازانی گەنج و لاو بونە تواناو هێزێکی بەردەوام و چالاك کە شەوو و ڕۆژ هەوڵی بڵاوکردنەوەی ئەم بانگەوازە دەدەن، بەڵام بە بێ شارەزایی تێگەیشتن لە عیلم و زانستدا، بە بێ بەرچاوڕۆشنی لە کارەکاندا. ئیتر دەرەنجامەکەی بەربومێکی تەواو بەرهەمدار نییە، ئەگەر لە بیدعەو داهێنراوەکانیش سەلامەت بێ، ئەوە بێگۆمان لە ناتەواوی پەروەردەیی سەلامەت نابێ، خوای گەورەش دەفەرموێت: (وَسُبْحَانَ اللَّهِ وَمَا أَنَا مِنَ الْمُشْرِكِينَ)[2] (وَقَالَ إِنَّنِي مِنَ الْمُسْلِمِينَ)[3]. ئینتیماو خۆوەپاڵدان بۆ بانگەواز کارێکی زۆر گرنگە، ئینتیمام بۆ لای کێ بێ لە بانگەوازەکەمدا؟ ئەگەر مەبەستم ئەوەیە کە بانگەواز بۆ لای خوا بکەم ئەوە کارێکی سروشتییە کە دەبێ ئینتیمام بۆ ئیسلام بێت،

---

[1] [البقرة:١٩٥]

[2] [یوسف:١٠٨]،

[3] [فصلت:٣٣]

دوژمنایەتی و دۆستایەتی کەس ناکەین تەنها بۆ ئیسلام و لە بەر ئیسلام نەبێت، بەری بوون و دوورکەوتنەوەی تەواو لە موشریك و هاوەڵگیران، هەروەك ئیبراهیم لەگەڵ گەلەکەی خۆی کردی، وە هەروەها وەك پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾ لەگەڵ گەلەکەی خۆیدا کردی، وە هەروەك ئەمە ڕێگەی بانگخوازانە لە هەر کات و شوێنێکدا بن. ئینتیماو خۆپاڵدان تەنها بۆ ئیسلام و موسڵمانانە بە گشتی، ئەم ئینتیمایە کورت هەڵناهێنینەوە لە کۆمەڵێك یان تایەفەیەکدا، چونکە ئەو کاتە دەرەنجامەکەی دەبێتە پارتایەتیەکی قێزەون و پەرتەوازەیی و خۆخەریك کردن بە دەمارگیری و کێشە لە نێوان بانگخوازانداو ئیتر مەبەست و ئەرکە سەرەکیەکە فەرامۆش دەکرێت و لە بیر دەچێتەوە، کە ئەمەش بەڕاستی نییەت و مەبەستی مرۆڤ فاسدو خراپ دەکات، ئیرادەو ویستی تێك دەدات، کاتێکیش ویست و ئیرادە تێك چوو، بچوکترین لەکەو لێڵی لە ئیخلاس و دڵسۆزیدا دروست بوو، بێگومان ئەو کاتە کارەکان هەڵدەوەشێنەوەو خراپ دەبن، بە ئەندازەی ئەوەی ڕوپامایی ڕوو لە بانگخواز بکات، یان هەواو ئارەزوو دەمارگیری خۆی تێکەڵ بە بانگەوازەکەی بکات، ئەوەندە بانگەوازەکە شکست دەخوات و بانگخوازان پەرت و جیاواز دەبن.

# ڕێگاکانی بانگەوازکردن بۆ خوا:

## ووتاردان بەهەموو جۆرەکانییەوە:

هۆکارێکی بەهێزی ڕێنماکردنی خەڵکەکە وتار دانە، جا چ لە ڕێی وتاری هەینییەوە بێت، چ لە وتاری کۆڕو کۆبوونەوەکاندا بێت.

بۆیە ئەبینین کە پێغەمبەری خوا ﴿ﷺ﴾ گرنگی زۆری بەم شێوە بانگکردنە ئەدا.. سەرەتا پێغەمبەری ئەکرەم دوای ئەوە کە فەرمانی پێکرا کە بانگەوازەکەی خۆی ئاشکرا بکات, هەڵسا هەموو خزمەکانی خۆی و قورەیشییەکانی مەککەی کۆکردەوە وتارێکی بۆدان پاشان پێی فەرموون: ئەگەر بێت و ئێستا پێتان بڵێم کە لەشکرێك لە دوای ئەم کێوەوە خەریکە هێرشتان بکەنە سەر، ئایا ئێوە پێم باوەڕ دەکەن؟ ئەوانیش گوتیان: چۆن پێت باوەڕ ناکەین لەکاتێ کە تۆ ڕاستگۆو ئەمینی ئەو شارەی!!

ئینجا فەرمووی: دەی کەوا بوو پێتان ڕادەگەینم کە من نێردراوی خودام و دەتانترسێنم بەوە کە باوەڕم پێ نەهێنن! ئینجا "ئەبی لەهەب" هەڵسایەوە گوتی: دەك دەستەکانت برزن! هەر بۆ ئەمەبوو کە ئێمەت کۆ کردبووەوە؟!!! ئەمە شێوەیەکی وتاری پێغەمبەر﴿ﷺ﴾ بوو بۆ خەڵکەکە..

پاشان کە کۆچی کرد بۆ مەدینە یەکەم شتێك کە کردی درووست کردنی مزگەوت بوو، ئینجا لەوێوە ئاڕاستە بانگەوازییەکانی دەست پێکرد و کردی بە سەکۆیەکی بەهێزی بانگکرنی خەڵکەکە بۆ ڕێنمابوون و ڕاستەڕێ بوون لەسەر دینەکە.

## کۆڕو سیمینار یان ئەڵقەی زانستە شەرعییەکان:

ئەمەش شێوازێکی تری تێگەیاندن و پێگەیاندنی خەڵکەکەیە.. سەرەتا لە دوای قۆناغی وتارە هەینییەکان، ئەڵقە زانستییەکان دەستی پێکرد, سەرەتا لە پێغەمبەرەوە ﴿ﷺ﴾ دەستی پێکرد، ئینجا هاوەڵێنی بەڕێزی (خوا لێیان ڕازی بێت) لەوانە "ئیبنوومەسعوود" و "ئیبنوعەبباس" و "ئەبووهوڕەیرە"... هتد. تا گەیشت بەم سەردەمەی ئێستامان.. ئەو کۆڕو سیمینارانەی ئێستا شتێکی نوێن.. بەڵکو دەتوانم بڵێم: کە ئەم جۆرەی ئێستا لە ئارادایە جێگەی دڵخۆشییە کە ئەبینین بەرەکەتی ئەم بانگەوازە ئیسلامییەی پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾ وێڕای مزگەوت لەدەرەوەش کاریگەری خۆی لەسەر تێگەیاندن و پێگەیاندنی خەڵکەکە هەیە و هەبووە.

## ئاخاوتن:

ئەمەش بریتییە لە شێوازی گفتۆگۆکردن و قسەکردن لەگەڵ خەڵکەکە.. کاریگەری ئەم ئاخاوتنەش بەستراوەتەوە بە شێوازی دەربڕین و گفتولفت شیرینی و بەڵگەی بەهێزو موڕاعاتکردنی حاڵەتی خەڵکەکەو بژارکردن و هەڵبژاردنی خەڵکەکە و پاشان دیار کردنی هەر شێوازێك کە بۆ هەر یەك لەمان بگونجێت بیگریتە بەر تا بزانیت چۆن لەگەڵیان دەکەویتە گفتوگۆو قسەکردنەوە.

## شایەتیدان:

مەبەستمان لەو جۆر شایەتییەیە کە چۆن لە ژیانتدا، لە ئاکارو ڕەفتاردا لە مامەڵەو هەڵسوکەوتتدا.. هتد ژیانت ئەبێتە شایەت لەسەر پاکی و بێگەردبوونی ئەم ئیسلامە. بۆیە ئەبینین زۆر جاران ئەوەندەی کە خەڵك بە شایەتی حاڵی تۆدا ئەبنە موسوڵمان کەمتر وایە بە قسەکان هیدایەت وەربگرن و ئیسلام قبووڵ بکەن.. بۆیە ئەبینین کاتێ یەکێك هات بە پێغەمبەری فەرموو: تۆ ئەو کەسەیت کە پێت ئەڵێن: درۆزن! ئەویش فەرمووی: بەڵێ خەڵکی وا گومانم پێ ئەبەن ئینجا گوتی: دەبەخوا نێو چەوانی تۆ لە دۆرزنان ناچێت! ئینجا پێی گوت: باشە تۆ داوای چی شتێك ئەکەیت؟ ئەویش فەرمووی: ئەڵیم: شایەتی بە تاکو تەنهایی خوا بێنن و شایەتیش بدەن کە من پێغەمبەرم ﴿ﷺ﴾، ئەویش گوتی: دەی دەستت بێنە ئەوە من شایەتیم دا!! بۆیە کە لە عائیشەیان پرسی کە ڕەوشت و ئاگاری پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾ چۆن بوو؟ ئەویش فەرموو: ئەو ئەخلاقی قورئان بوو کە خەڵك ئەیانخوێندەوە؟!!!

کەوا بوو پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾ شایەت بوو بەسەر خەڵکەکە، بۆیە ئێمەش ئەبێ هەروا شایەتییەکە بگەیەنین هەروەك خوای گەورە دەفەرموێت: (وَكَذَلِكَ جَعَلْنَاكُمْ أُمَّةً وَسَطاً لِّتَكُونُواْ شُهَدَاء عَلَى النَّاسِ وَيَكُونَ الرَّسُولُ عَلَيْكُمْ شَهِيداً)[1] . واتە: لە تەواوی ئیش وکاردا، کردومانن بە ئوممەت و گەلێکی میانەڕەو، تالەسەر ئەوخەڵکە ببنە شایەت پەیامبەریش بەسەر گشتتانەوە چاودێرو شایەت بێت.

[1] (البقرة: ١٤٣)

## نووسین بەهەموو شێوەکانییەوە:

نووسینیش هۆکارێکی ترە لەهۆکارەکانی بانگەوازکردن و ڕێنماکردنی خەڵك بۆ ئیسلام.. سەرتۆپی ئەو نووسینانەش کۆنووسکردن و کۆکردنەوەی فەرموودەکانی پێغەمبەر ﷺ بوو، پاشان زانایان هاتن بۆ شەرح کردنی فەرموودەکان دەستیان دایە قەڵەم.. ئیتر بەرە بەرە خەڵك و زانایانی ئیسلامی دەستیان کرد بە ڕوونکردنەوەی زانستە شەرعییەکان بە هەموو جۆرەکانییەوە.. تا گەیشت بەو سەردەمەی ئێستا. ئێستا نووسین و پەڕتووکە ئیسلامییەکان کاریگەرییەکی بەهێزیان هەیە لەسەر هیدایەت دان و بەرچاوڕوون بونی خەڵکەکە..

## ووتاری تۆمارکراو:

ووتاری تۆمارکراوو گوێگرتن لێیان هۆکارێکی ترە بۆ هیدایەتدانی خەڵك. وتارە تۆمارکراوەکانیش هەر ئەو زانستە شەرعییانەن کە وتراونەتەوە پاشان تۆمارکراون.. لێرەشەوە دەتوانین بڵێین: کە وتارە تۆمارکراوەکان پانتاییان بۆ هیدایەتدانی خەڵکەکان گەلێ زۆرترە لە پانتاییەکانی نووسین بە هەموو جۆرەکانییەوە، چونکە وتارەکان ڕاستەوخۆ ئاڕاستەی گوێکان دەکرێن.. وە کاتی زۆرتریشت پاشەکەوت دەکات، بۆ هەتا تۆ دەتوانی لەکاتی لێخوڕینی ماشێنیش گوێیان لێ بگریتەوە!!

## بینراوەکان:

بریتییە لەو وتار و ئەو ڕووداوانەی کە بە فلیم هەڵگیراون و تۆ سەیریان دەکەیتەوە, بێگومان ئەم شێوەشیان بەهێزترین شێوەی هیدایەتدانی خەڵکەکەیە.. چونکە تۆ ئەمجارەیان وەك بە گوێ گوێت لێیەتی بە چاویش دەتوانی ببینیتەوە.. ئەمەش ڕاستەوخۆ لە گوێت و لە مێشکتا دەچەسپێ! بۆیە جاری وایە زنجیرە مێژووییەکی تۆمارکراو دە هەندەی خوێندنەوەی کتێبێك دەتوانی سوودی لێ ببینیتەوە.. ئەوەی نەخوێندەواریشە هەر دەتوانێ سەیریان بکات و لە مێشکیدا بچەسپن.

## تەئالوف:

تەئالووف بریتییە لە ئەنجامدانی هەرشتێ بۆ ئەوەی کەسێك لەسەر خۆشویستنی ئەم دینە ڕام بکەیت و ڕابهێنیت، شێوازەکانیش زۆرن لەوانە: بەخشین! بەخشین و دەستگرتنی هەژارانی مسوڵمان یان نا موسوڵمان هۆکارێکی پتەوە بۆ ئولفەتپێگرتنی ئەو کەسە بە ئیسلام، بۆیە ئەبینین لە دەمی بەخشینی خێراتدا خوای گەورە ئولفەتپێگرتووانی (مؤلفة القلوب)ی خستۆتە پۆلی ئەوانەی کە خێرو بەخشینیان بەسەر واجیبە. هەروەها سەردانی کردنی نەخۆش: هۆیەکی ترە لە بە ئولەفتگرتنی ئەو کەسە بە ئیسلام.. بۆیە ئەبینین کە پێغەمبەری خوا ﷺ سەردانی نەخۆشی جوولەکەشی کردووە, وەك بینیمان کاتێ کە چووە ماڵی منداڵە خزمەتکارە جوولەکەکەی کە نەخۆش بوو، پاشان داوای لێ دەکات کە باوەڕ بە ئیسلام بهێنێت، ئینجا باوکی منداڵەکە بە منداڵەکەی ئەڵێت: بە گوێی باوکی قاسم بکە، ئینجا ئەویش بەگوێی دەکات و شایەتی دەهێنێ دەمرێت، ئینجا پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: سوپاس بۆ ئەو خوایەی کە ڕزگاری کرد لە ئاگر. یان دەبینین لەسەرە مەرگا سەردانی "ئەبووتاڵیب"ی مامی کرد تا بتوانێ لە ئاخری تەمەنیشیا بێت شایەتی پێ بێنێت..

## خەڵك بۆ چی شتێك بانگ دەكەیت؟

بانگکردنی خەڵك بۆ هیدایەتە، هیدایەتی خەڵکیش بۆ چەند شتێکە.. باشترین بانگکردنیش بۆ هیدایەت ئەو چەند شتەیە کە "ڕبعی کوڕی عامر" وەڵامی "ڕۆستەم"ی پێ دایەوە کە گوتی:
(ان الله ابتَعَثَنا لِنُخْرِجَ مَنْ شَاء مِنْ عِبَادَةَ العِبادْ اِلَى عِبَادة اللهِ وحْدَهُ، ومِن ضيق الدنيا اِلَى سِعَةِ الدُّنيا والآخرِة، ومِنْ جَورِ الأديْان اِلَى عَدْلِ الاسْلام)[1]. واتە: خوای پەروەردگار ئێمەی ناردووە تاوەکوو خەڵکی ڕزگار کەین لە بەندایەتی بەندە بۆ بەندایەتی خوای تاك و تەنیا، هەروەها لە تەنگ و تاریکی دنیا بۆ فراوانی دنیا و دوارۆژ و لە زوڵم و زۆری ڕێبازەکان بۆ دادگەری ئیسلام.

ئەمەیە ئامانجی سەرەکی ڕێنموونی کردنی بەندەکان بۆ ئیسلام.. ئیسلام هاتووە تاکوو خەڵکی لە کۆیلایەتی نەفس و بەندەو پارەو دنیا ڕزگار بکات تا بەس بۆ خوا یەکلابینەوەو بیپەرستن، وە هاتووە تا ڕزگاریان کات لە گیرۆدەکانی دنیا و خۆشویستنی و خەم و تەنگەبەرییەکانی و جەنجاڵی بازاڕو درۆو فڕوفێڵ کردن لە یەکتر و سوێندی بە درۆو لەیەك زویر بوون و شیر لە مل یەکتر سواندن و کوشتوبڕی و دەستبڕی و.. هتد بۆ فراوانی ئیسلام، فراوانیش واتە تەبایی و ڕاستگۆیی و بەتەنگ یەك وەچوون و ڕێزو پێزانین و بەخشندەیی و ڕووخۆشی و کەڕەم و سەخاوەت و جوامێری.. هتد, هەروەك بۆ ئەوە هات تا خەڵکی لە ژێر زوڵم و ستەماکانی ڕۆژگارو شەیتان و نەفس و بەرنامە مرۆڤەکردەکان .. هتد ڕزگار بکات بۆ دادگەری ئیسلام.

[1] (البداية والنهاية)

## هۆکاری هیدایەتدانەکان لە قورئانی پیرۆزدا:

هەندێ لە هۆکارەکانی هیدایەتدان لە قورئان چەند شتێکن: یەکەم: ڕێنماکردنی خەڵکی بۆ زیندوو ڕاگرتنی خەڵکە, بۆیە ئەوەی کە بە پیر بانگەوازی خواوە نەیەت لە دینی خوادا وەك مردووان وایە، بۆیە خوای گەورە دەفەرموێت: (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ اسْتَجِيبُواْ لِلّهِ وَلِلرَّسُولِ إِذَا دَعَاكُم لِمَا يُحْيِيكُمْ)[١]. واتە: ئەی گەلی خاوەن باوەڕ! هەرکە خواو پێغەمبەر بانگییان کردن بۆ ئەنجامدانی ئەوکارەی ئێوە دەژێنێتەوە، خێرا وەڵامیان بدەنەوەو فەرمانەکەیان جێبەجێ بکەن، ئەوانەی بە پیر بانگەوازی خواوە نایەن خاوەنی دڵی مردوون کە بە هیچ شتێ زیندوو نابنەوە, چونکە خرابترین گرۆی سەر زەوین، وەك خوای گەورە دەفەرموێت:(إِنَّ شَرَّ الدَّوَابِّ عِندَ اللّهِ الَّذِينَ كَفَرُواْ فَهُمْ لاَ يُؤْمِنُونَ)[٢] واتە: خرا پترین زیندەوەران لە لای خودا ئەو کەسانەن؛ کە خودایان نەناسیوەو ئیتریش باوەڕ ناهێنن. دووەم: بانگکردنی خەڵك بۆ دەروەستبوونە لە گرفتەکانی ژیان و لە زەرەرو زیانەکانی دەرو بەر، وەك خوای گەوەر دەفەرموێت:( يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ عَلَيْكُمْ أَنفُسَكُمْ لاَ يَضُرُّكُم مَّن ضَلَّ إِذَا اهْتَدَيْتُمْ)[٣]. واتە: ئەی گەلی خاوەن باوەڕ ! خەریکی پاکسازی دەروونی خۆتان بن و، خۆ بگونجێنن لەگەڵ خوادا هەمیشە هۆشتان بە خۆتانەوە بێ، ئەوساکە بڕواتان هێناو ڕێتان دۆزییەوەو ئامۆژگاری خەڵکیشتان کرد، ئیتر خەڵکانی گومڕا بوو ناتوانن زیانتان پێ بگەیەنن، هەرچەندە پیلان بگێڕن.

ئەوانەی بە پیر بانگەوازی خواوە نایەن حسێبی هیچ شتێکیان بۆ ناکرێت، وەك خوای گەوەرە دەفەرمێت: (وَمَن لَّا يُجِبْ دَاعِيَ اللَّهِ فَلَيْسَ بِمُعْجِزٍ فِي الْأَرْضِ وَلَيْسَ لَهُ مِن دُونِهِ أَولِيَاء أُوْلَئِكَ فِي ضَلَالٍ مُّبِينٍ)[٤]. واتە: خۆ هەر کەسێك وەڵامی بانگخوازی خوا نەداتەوە، ناتوانێ لە زەوییدا لە دەستی خوا دەرچێ و هەڵێ و جگە لەخواش هچ یارو دۆستێکی نییە تا بتوانێ لەو ڕۆژەدا یارمەتی بدا، ئەوانەی باوەڕ ناهێنن لە گومڕاییەکی ئاشکرادان.

ئەوانەی بە پیر بانگەوازی خواوە نەهاتوون تووشترین و ناخۆشترین ژیان بەشیانە (وَمَنْ أَعْرَضَ عَن ذِكْرِي فَإِنَّ لَهُ مَعِيشَةً ضَنكاً وَنَحْشُرُهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ أَعْمَى * قَالَ رَبِّ لِمَ حَشَرْتَنِي أَعْمَى وَقَدْ كُنتُ بَصِيراً * قَالَ كَذَلِكَ أَتَتْكَ آيَاتُنَا فَنَسِيتَهَا وَكَذَلِكَ الْيَوْمَ تُنسَى)[٥].

---

[١] (الأنفال : ٢٤)

[٢] (الأنفال: ٥٥) .

[٣] (المائدة : ١٠٥)

[٤] (الأحقاف : ٣٢)

[٥] (طه: ١٢٤- ١٢٦)

واتە: وە هەرکەسێکیش لەو قورئانەیەم ڕووەرگێڕێتەوە بێگومان ژیانێکی سەختی تووش دەکەم، وە لەڕۆژی قیامەتیشدا بەکوێریی حەشرو دادگایی ئەکەین! ئەویش لەو هەڵوێستەدا ئەڵێ: ئەی پەروەردگارم! بۆچی منت بەکوێری حەشرکرد؟ خۆمن لەدنیادا چاوم ساغ بوو و بینا بووم؟! خوا لەوەڵامدا دەفەرموێ: کار هەروایە! تۆ بەڵگەو ئایەتە ڕۆشنەکانی ئێمەت بۆهات لەبیرت کرد !ئاوا ئەمڕۆش تۆش لەبیر دەچیت، پشت گوێت ئەخەین و فەرامۆشت ئەکەین!!

## چۆن بزانین کە هیدایەت دراوین؟

یەکەم: تۆبەکردن: باشترین ئاوێنەی خۆناسینە لەوە کە بزانیت هیدایەت دراویت یاخود نا تێڕامان و تێفکرینتە داخوا خوا تۆبەی لێوەرگتوویت یاخود نا؟ زانینی ئەوەش کە خوا تۆبەی لێ وەرگرتوویت سەرنجدانە لە مەرجەکانی قەبوول بوونی تۆبە, کە بریتییە لە:

(١) یەکلابوونەوە بۆخوا. واتە تۆبەکەت لە ترسی خوا بێت: وەك عومەر هەمیشە دوعای دەکرد و دەیفەرموو: (اللهم اجعل عملى كلَّه صالحاَ واجعله لوجهك خالصاَ ولا تجعل لأحد فيه شيئاَ) . واتە: خودایە هەموو کردەوەکانم کردەوەی چاك بن، وە بیانگێڕە بە مایەو تەمای خۆت، وە هیچ کردەوەیەکم بۆ جگە لە خۆت مەگێڕە.

(٢) دەمودەست هەڵگرتن لە تاوان: هەر ئەو کاتەی کە زانیت ئەمە تاوانە دەمودەست لێی دوورکەویتەوەو دەستی بۆ نەبەیت, یان دەستی لەسەر هەڵبگریت.

(٣) پەشیمانی لە ڕابردوو: لەوەی کە کردووتە, کەبیریان لێ دەیکەتەوە تەواو پەشیمانی سەراپای لاشەت دابگرێت.

(٤) سوور نەبیت لە سەر تاوانەکان: چون ئەوانەی کە سوورن لەسەر ئەنجامدانی تاوان و سەرپێچییەکان, ناتوانرێ جیا بکرێتەوە کە ئەو کەس هیدایەت دراوە یاخود نا! بۆیە خوای گەورە دەفەرموێت:

(وَالَّذِينَ إِذَا فَعَلُوا فَاحِشَةً أَوْ ظَلَمُوا أَنْفُسَهُمْ ذَكَرُوا اللَّهَ فَاسْتَغْفَرُوا لِذُنُوبِهِمْ وَمَنْ يَغْفِرُ الذُّنُوبَ إِلَّا اللَّهُ وَلَمْ يُصِرُّوا عَلَى مَا فَعَلُوا وَهُمْ يَعْلَمُونَ)[١] واتە: وە هەرکە کارێکی دزێوو ناشیرین بکەن, واتە: گوناهێکی گەورە ئەنجام بدەن یان ستەم لەخۆ بکەن, واتە: گوناهێکی بچووك بکەن بە تالووکەو بەپەلە، خوا یاد دەکەنەوەو، داوای لێبوردنی گوناهەکانیانی لێدەکەن جادەبێ – بێجگە لەخوا – کێ گوناهان بپۆشێ؟ جا ئەوانە لەسەر تاوان و گوناحێ زانیویانە هەڵەیە ,

[١] (آل عمران:١٣٥) .

سوورو بەردەوام نین، خۆشیان ئەزانن کە سوور بوون لەسەر گوناح کارێکی زۆر خراپ و ناپەسەندەو، دەشزانن هەرکەسێك تەوبە بکات، خوا لێی وەردەگرێت.

(٥) عەزمت قاییم کەیت لەوە کە ببڕای ببڕا ڕوو لە تاوان نەکەیتەوە.

(٦) هەروەك چۆن لەدڵەوە تۆبەت کردووە، ئەبێ لە کردەوەکانیشتا ڕەنگ داتەوە, لە زمانت لە دەستت لە هەڵسوکەوتەکانت..

(٧) تۆبەکانت لە زەمەنی تۆبەدابن.. چونکە خوا تۆبەیەك وەرناگرێت کە لەدەمی ئاوزینگ و گیان کێشانتا بیکەیت.. بۆیە خوا تۆبەی لە فیرعەون وەرنەگرت, کە لە کاتی ڕوح دەرچوونیدا خەریك بوو کە پەشیمانبێتەوە، کەچی جوبریل قوڕی دەکردە دەمییەوە تاکوو فریای شەهادەکە نەکەوێت!!! یاخود ئەو کاتەی کە ڕۆژ لە ڕۆژ ئاواوە هەڵدێت دیسان خوا تۆبەی کەس وەرناگرێت.

(٨) قەربووی گوناهەکانت بە کردەوەی چاکەکان بدەیتەوە، ئەگەر پێشتر خۆت بە گوناهەوە خەریك کردبوو, ئەوە ئەمجارەیان خۆت خەریك بە چاکەکاری و خوا ناسییەوە بکەیت.

(٩) کاتێ کە بیر لە گوناهەکان ئەکەیتەوە تالێوی گەنیوی گوناهانت بێتە بیر, پێی تێکچیت و دڵت پێی تێکەڵ ببێت!!

دووەم: نەفسی خۆت ئاوێنەی ڕاستێتی خۆتە, لە ناختا هەست بە هیدایەتی خۆت دەکەیت، بە تایبەت ئەوانەی کە تەواو بۆ خوا یەکلابوونەتەوە بۆیە پێغەمبەری خوا "یَلّی اللّٰهُ عَلّیْهِ وَعَلّی یٓلِهِ وسَلَّم" دەفەرموێت: (« الْبِرُّ حُسْنُ الْخُلُقِ، وَالْإِثْمُ: مَا حَاكَ فِي نَفْسِكَ، وَكَرِهْتَ أَنْ يَطَّلِعَ عَلَيْهِ النَّاسُ»)[1]. واتە: چاکە بریتییە لە ڕەوشت جوانی، تاوان و گوناهیش ئەوەیە کە بەدڵتا دێت و پێت ناخۆشە خەڵکی پێی بزانێت.

[1] (رواه مسلم عن النَّوَّاسِ بنِ سَمعانَ رضی اللَّه عنه)

سێیەم: هەرسێ کەرەسەی بەندایەتیت بۆ خواناسی بکەونەکار،
سێ کەرەسەی بەندایەتیشت بریتین لە:

- دڵ
- زمان
- کردەوە.

بەندایەتییەکانی دڵ وەك: (خۆشویستنی خواو گومانی باش بردن بە خواو ترسان و تۆبەو یەقین و تەقواو گومانی باش بردن بە خوا پاشان پێغەمبەر و موسوڵمانان و ... هتد)

بەندایەتیکردنەکانی زمانیش وەك: ( قورئان خوێندن و دوعاو پاڕانەوە و یادکردنی خوا و قسەی باش و بانگەوازکردن بۆ خوا... هتد

بەندایەتییەکانی کردەوەکان وەك: (نوێژکردن وزەکات و خێرو خێرات و چاککردنی نێوان خەڵك و فەرمان بەچاکەو ڕێگرتن لە خراپەو جیهاد و کردوکۆشش کردن و بەجێ گەیاندنی سیلەی ڕەحم و گریان لە ترسی خواو وەرەع و.. هتد) ئەمانە بەرهەمی کەرەسەکانی بەندایەتین.

چوارەم: عیبادەت و بەندایەتییەکانت لە شوێنی خۆی و لە کاتی خۆیاندا بن.. بە تایبەت نوێژەکان.

پێنجەم: شوێنکەوتنی سوننەتەکانی پێغەمبەر ﷺ بە تایبەت بەجێ گەیاندنی ڕەواتیبەکان کە برتین لە سوننەتەکانی پاش و پێشی نوێژە فەرزەکان.

شەشەم: ئیسلام تەواو لە ژیانتدا ڕەنگداتەوە، لە زمانت لە گوێ و لە چاوت، لە کردەوەت لە دیدو بۆچوونت لە هەڵسوکەوتی تەواوی ڕۆژانەت.. درۆ نەکەیت، ڕاستگۆ بیت و فێڵ لەخەڵك نەکەیت, ڕق لە خەڵك نەکێشیت و دڵت ڕق و کینەی لەبەرامبەر موسوڵمانان تیا نەبێت, خۆت لەخەڵك بەکەمتر بزانیت, چاوت لە ماڵی خەڵك نەبێت، خەڵك لە دەست و زماتەوە ئەمین بن، بەتەنگ هەژارانەوە بچیت یارمەتی لێقەماوان بدەیت، ڕێز لە گەوران بگریت و بەزەییت بە بچووکاندا بێتەوە.... هتد.

حەفتەم: پاراستنی هەقەکان: وەك هەقەکانی خوای گەورە پاشان پێغەمبەر ﷺ هەقەکانی دایك و باوك، هەقی برایەتی ئیسلامی، هەقی دراوسێ وهەقەکانی میوان و سیلەی ڕەحمەکان و هەقەکانی هاوسەرێتی... هتد.

هەشتەم: پاراستنی ئاداب و ڕەوشتەکان: وەك ئادابی گفتوگۆکردن، ئادابی کۆڕو دانیشتنەکان، ئادابی نانخواردن، ئادابی جل پۆشین، ئادابی مزگەوت، ئادابی دانیشتن لەگەڵ گەوران و ئادابی وەرگرتنی زانستی شەرعی و ئادابی بەڕێدا ڕۆیشتن و ... هتد.

نۆیەم: پاراستنی بیرو باوەڕی (الولاء والبراء) : ولاْ بۆ دینی خوا گەورە پاشان بۆ پێغەمبەر، وەلاْ بۆ ئیسلام و مسوڵمانان.. هتد. هەروەها بەرأ لە شەیتان و لە دوژمنانی خوا پاشان پێغەمبەر و لە بێباوەڕان و مونافیقان و مورتەددان و.. هتد.

دەیەم: هەمیشە مردن و ئاقیبەتی خۆتت لەبەر چاوان بێت، دنیا زۆر بەگەور مەگرە، توێشووی خۆت ئەوە کە بۆ ئەو دیو هەڵت گرتوون.. دڵت هەندە بە دنیا خۆش نەبێت, کردوکۆشش کەیت بۆ ئەودیوت, خەم لە ڕابردوو مەخۆ، بۆ بەیانیش بە تالووکە مەبە, تۆ ئەوڕۆت هەیە تیبکۆشە کە هەم ڕابردووت دەسڕێ هەم داهاتووت ڕۆشن دەکاتەوە.

## هۆکاری هیدایەت وەرنەگرتنی بەندەکان

هۆکارەکان زۆرن, گرنگترینیان چەند شتێکن لەوانە:

یەکەم: پێش نەگرتنت بە گوناهی یەکەم: ئینسان تەنها گوناهی یەکەمی زەحمەتە, ئەگەر پێشی نەگرت و گوێی پێ نەدا دووەمیشی بەدوا دادێت، ئیتر لە دووەمەوە تەمەنی ئەو دڵە بەرەو مردن و کوێر بوون شۆڕ دەبێتەوە!! (خوا پەنامان بدات). هەموو ئەمانەی کە ئێستا تەواو لە دەریای گوناه و سەرپێچییەکان غەرق بوو ون, هەموو هۆکارەکەی ئەو گوناهەی یەکەمەیە!!!

بۆیە زەروورە کە ئینسان هەمیشە چاوی لە چالێوی ئەو تاکە گوناهەبێت و سوور بێت کە نەکەوێتە نێویەوە.. ئەم گوناهەش لە ساتێکی زۆر تەنکەوەیە، ڕەنگە نەزەرێك بێت! یان درۆیەك بێت!!

بۆیە شاعیر دەڵێت: (نظرة ثم ابتسام ثم لقاء ثم کلام ثم موعد.) نەزەرێکە، پاشان خەندەیەکە، پاشان گەیشتنە بەیەك و پاشان قسە کردنە، ئینجا ژوان ڕێکخستنە تاکوو دەگات بە خەلوەو زیناکردن!! (خوا پەنامان بدات) کەوایشی لێهات سەرەنجام ئەم دڵە کوێرو مردار دەبێتەوە!!

دووەم: کوێر بوون و سەرەونخوونی دڵەکان: دڵەکان بە گوناهی بەردەوام کز دەبن تاکوو کوێر دەبن و چاویان بە ڕووناکایی هەق ناکەوێتەوە!! وەك خوای گەورە دەفەرموێت: (فَإِنَّهَا لَا تَعْمَى الْأَبْصَارُ وَلَكِن تَعْمَى الْقُلُوبُ الَّتِي فِي الصُّدُورِ)[1] واتە: لەڕاستیدا چاو کوێر نابن بەڵکوو ئەو دڵانە کوێر دەبن و هێزی دەرك کردنیان نامێنێ و بینایی خۆیان لەدەست ئەدەن.. کە جێیان لەناو سینەکانە، بۆیە چاوەکانیش بەدوای ئەواندا ئەڕۆن و زەینیان نامێنێ. بۆیە پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت:

[1] (الحج: ٤٦).

( تُعْرَضُ الْفِتَنُ عَلَى الْقُلُوبِ كَالْحَصِيرِ عُودًا عُودًا . فَأَيُّ قَلْبٍ أُشْرِبَهَا نُكِتَ فِيهِ نُكْتَةٌ سَوْدَاءُ ، وَأَيُّ قَلْبٍ أَنْكَرَهَا نُكِتَ فِيهِ نُكْتَةٌ بَيْضَاءُ حَتَّى تَصِيرَ عَلَى قَلْبَيْنِ : عَلَى أَبْيَضَ مِثْلِ الصَّفَا ، فَلَا تَضُرُّهُ فِتْنَةٌ مَا دَامَتْ السَّمَاوَاتُ وَالْأَرْضُ ، وَالْآخَرُ أَسْوَدُ مُرْبَادًّا كَالْكُوزِ مُجَخِّيًا ، لَا يَعْرِفُ مَعْرُوفًا ، وَلَا يُنْكِرُ مُنْكَرًا ، إِلَّا مَا أُشْرِبَ مِنْ هَوَاهُ)[1] . واتە: فیتنەو خراپەکاری وەك شێوەی حەسیر داوی تاوان و سەرپێچی لە سەر دڵەکانتان درووست دەکات، هەر دڵێکیش ئەم فیتنەی تێکەوێت، خاڵێکی ڕەش لە سەریدا جێ دەهێڵێت، ئەوەی کە پشتیشی تێبکات، ئەوە خاڵێکی سپی لە سەردا جێ دەهێڵێت، تا وای لێ دێت دڵ دەبێت بە دوو جۆر، جۆرێکیان سپی وەك بەردێکی ساف و بێگەرد، تا ئەو کاتەی ئاسمانەکان و زەوی لە شوێنی خۆیانا بن، تاوان ناتوانێت لێی نزیك بێتەوەو زیانی پێ بگەیەنێت، جۆرەکەی تریان ڕەش وەك تەنی ئەم مەنجەڵە سەرەو نخوونەی لێدێت، کە هیچ شتێك وە خۆی نەگرێت, کە وایشی لێهات ئەو کەسە نە چاکە بە چاکە دەزانێ و نە بەرهەڵستیش لە خراپە دەکات، بەڵکوو تەنها ئەو شتەی لا مەبەستە کە لەگەڵ حەزو نەفسی ئەو یەکدەگر ێتەوە. هەروەها دەفەرموێت:(إنَّ العبدَ إذا أخْطأَ خطيئةً نُكتت في قلبه نكتةٌ سوداء فإذا هُوَ نزع واستغفر وتاب سُقل قلبه؛ وإنْ عاد زيْد فيها حتَّى تعلو قلبه وهو الرَّان الذى ذَكرَ اللَّه -كلاّ بلْ رانَ عَلَى قلوبِهمْ ما كَانَوا يكْسِبون)[2]. واتە: بەندە ئەگەر سەرپێچییەکی کرد، خاڵێکی ڕەش لە سەر دڵی جێ دەهێڵێت، کاتێکیش کە ئەم تاوانەی لە خۆ دوورخستەوەو داوای لێخۆشبونی (لە خوا) کرد، ئەوە دڵی پاك دەبێتەوە، ئەگەریش گەڕایەوە سەر تاوانەکەی ئەوا ڕەشی سەر دڵەکەی پانتایی زیاتر دادەگرێ، کە وایشی لێ هات ئەم توێژاڵە لە سەر دڵی درووست دەکات کە خوا فەرموویەتی: نەخێر، ئەوان پەردە وەسەر دڵیان داهاتووە (کە ناتوانن ڕوو لە هەق بن).

بۆیە خوای گەورە دەفەرموێت: (وَمَا أَنتَ بِهَادِي الْعُمْيِ عَن ضَلَالَتِهِمْ إِن تُسْمِعُ إِلَّا مَن يُؤْمِنُ بِآيَاتِنَا فَهُم مُّسْلِمُونَ)[3] واتە: هەرگیز تۆ ناتوانی نابیناو کوێرەکان (واتە بێ باوەڕەکان ) لە گومڕاییان بگێڕیتەوە و، ڕێنماییان بکەیت بۆ ڕێی ڕاست و دروست، بەڵکوو تۆ تەنها دەتوانی هەق و ڕاستییەکان هەربە و کەسە ببیسێنی کە ئامادەیی تیا بێت بۆ بڕوا هێنان بە ئایەتەکانی ئێمە، جا ئەوان ملکەچی فەرمانەکانی ئێمەش ئەبن.

---

[1] (صحيح الجامع رقم ٢٩٦٠)

[2] (هَذَا حَدِيثٌ حَسَنٌ صَحِيحٌ رواه الترمذى)

[3] (النمل : ٨١) .

سێیەم: غەفڵەت و بێئاگایی: ئەمەشیان هۆکارێکی ترە لە هۆکارەکانی هیدایەت نەدانی بەندەکان.. بێئاگابوون لە ئامانجی دروست بوونی بەندەکان، بێئاگابوون لە هەقیقەتی ئەم دینە، بێئاگابوون لە چارەنووس و ئاقیبەتی بەندەکان، بێئاگابوون لە مردن و قیامەت و زیندبوونەوە.. هەموو ئەمانە هۆکاری ترن لە ڕێنما نەبوونی بەندەکان!!

چوارەم: نەبوونی زانستی شەرعی: بەو مانایە بێئاگابوون لە ئیسلام.. بێئاگابوون لە ئامانج و مەبەستەکانی ئەم دینە.. بێگومان ئەو کاتەیش لەو چەمك و واتایانە حاڵی دەبیتەوەو لە زانستی شەرعی بەهرەمەند دەبیت ئەگەر موتالێیان بکەیت و دەوریان دەیتەوە.. بۆیە نەفامی و بێئاگایی دەردێکی کوشندەی بەندەکانە.

بۆیە خوای گەورە کە باس لە ئەعرابییەکان دەکات دەفەرموێت: (الأَعْرَابُ أَشَدُّ كُفْراً وَنِفَاقاً) [1] واتە: واتە: عەرەبە دەشتەکییەکانی دەرەوەی مەدینە، لەمەڕ بێ باوەڕی و دوو ڕوویەوە لەخەڵکانی تر سەر سەخترن! چونکە ئەوان قەت لە شوێنیکا جێگیر نەدەبوون تا وەبەر وەرگرتنی زانستی شەرعیی ڕابگەن، بۆیە هەمیشە لە ژیان و مامەڵە کردن لەگەڵ بەندەکان تووشی هەڵە دەبوون.. چونکە زانستی تەواویان بە دینەکە نەبوو.. هەر بۆیە بینیمان هەر ئەعرابیی بوو کە هات لە سەر مینبەری پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾ میزی کرد.. هەر ئەعرابی بوو دەیگوت: (اللَّهُمَّ ارْحَمْنِي وَمُحَمَّدًا وَلَا تَرْحَمْ مَعَنَا أَحَدًا) ، هەر ئەعرابی بوو لە دوورەوە هاواری لە پێغەمبەر کرد و گوتی هۆ موحەممەد ئیسلام چییە..؟!! بۆیە ڕێنمابوونیان کەمێ زەحمەت بوو چونکە بە ئیسلام و زانستەکانییان نەدەزانی. ئێستا زۆرێك لەوانەی کە ئامادەی کۆڕو کۆبونەوەی شەرعییش نابن.. هاتو چۆی مزگەوتەکان ناکەن.. زۆر گوێ بە شت نادەن.. هەموو ئەوانە بەڵگەن لەسەر نەبوونی عیلمی شەرعی و ئەهمیەت پێنەدانییان پێی! چونکە ئەگەر ئەهمییەتیان پێ بدایە ئەوە لەگەڵ خەڵکە دیندارەکە جیا هەڵنەدەکەتن.. بۆیە نەبوونی زانستی شەرعی لە هیدایەت بوونیان بێبەش دەکات!!

پێنجەم: کیبر و خۆ بەگەورە زانین: خۆ بەگەورەی زانین گەورەترین پەرچی بەردەم بەندەکانە کە ناتوانن بگەن بە ڕێنمایی ڕاستە قینە.. بۆیە زۆرجاران کە ئەیشزانن هەق لە کێیە بەڵام لە بەرخۆ بەگەورە زانینیان ناتوان ملی بۆ کەچ بکەن.. بۆیە نەسیحەت وەرناگرن.. هەق بە هەق ناناسن.. ناهەق بە هەق ئەزانن.. بۆیە بینیمان کە زۆرێك لەسەرکردە موشریکەکانی مەککە کە دەیشیان زانی هەق بە موحەممەدە ﴿ﷺ﴾ بەڵام نەیاندەتوانی خۆیان لە ڕێزی بیلال و عەمروخەبباب و زەیدا دابنێن..! چونکە ئیسلام هەمووی وەك یەك لێ دەکردەوە، یان جوولەکە کە خوا باسیان دەکات و دەفەرموێت:

---

[1] (التوبة : ٩٧).

(الَّذِينَ آتَيْنَاهُمُ الْكِتَابَ يَعْرِفُونَهُ كَمَا يَعْرِفُونَ أَبْنَاءهُمْ وَإِنَّ فَرِيقاً مِّنْهُمْ لَيَكْتُمُونَ الْحَقَّ وَهُمْ يَعْلَمُونَ)[1]
واتە: ئەوانەی کتێب و نامەمان پێداون، چاك ئەو (پەیامبەر)ە دەناسن و، هەرچیشی لەگەڵ خۆی هێناوە دەزانن ڕاستە، هەرچۆنێ منداڵ و کوڕانی خۆیان دەناسن، بەڕاستیی دەستەیەکیشیان نکووڵی ئەو هەقە دەکەن و ڕاستیی دەشارنەوەوچاکیش شارەزان و دەزانن کە هەق و ڕاستیی کامەیە؟! بەڵام لەبەر ئێرەیی وعینادی خۆیان باوەڕ ناهێنن!. پێغەمبەری ئەکرەمیش باس لە خۆ بەگەورە زانانان دەکات و دەفەرموێ گەورە زان ئەو کەسەیە (الْكِبْرُ بَطَرُ الْحَقِّ وَغَمْطُ النَّاسِ)[2] واتە: خۆ بەزلزانین بریتییە لەڕەتکردنەوەی هەق وڕاستی بەسووك سەیرکردنی خەڵکی..
پێشی هەمووان شەیتان زۆر چاك دەیزانی کە هەق بە ئادەمە! وا خوای گەورەش کاری بێ حیکمەت ناکات، بەڵام ئەوەی وای لەو کرد کە شوێن ئەو هەقە نەکەوێت تەنها کیبر بوو.. یاخود فیرعەون خۆ چاکی دەزانی کە ئەوەی خۆی ئەیلێت ئاسمان و ڕیسمانی بەینە لەگەڵ خواکەی موسا! بەڵام خۆ گەورە زانین بوو کە خۆی پێ لە هەموو خواکان گەورتر بوو بۆیە ئامادە نەبوو کە بەدەم قسەکانی موساوە بێت..!!!
شەشەم: خۆ ئاونەدان بە ئاوی زیکرو تەقواو لە خوا ترسان و ڕەقابەتی خوا: زەرووره ئینسان لە یەك باردا نەمێنێتەوە، بە تایبەت ئەوانەی کە خەریکە دێنە ناو ئیسلام و خوا هیدایەیتیان ئەدات، هەموو ئەمانەش وەك شتلە نەمامێك وان، ئەبێ بەردەوام خۆیان بە زانستی شەرعی و تەقواو تەزکییە نەفسەوە ئاو بدەن.. بۆیە زۆرێکمان بینی لەوانەی کە ڕۆژگارێ بوو دوای ئەوە کە هاتنە ناو ئیسلام لە ناو ئیسلام بوون و ئەسپی دینداریان چاك بۆ خوا تاو ئەدا، بەڵام لە دواییا بینیمان کە چۆن لە ڕێگەی بانگەوازو کردوکۆششەکانیاندا مردارو خاوبوونەوە، چونکە ئیستیقامەیان نەبوو و خۆڕاگر نەبوون لەبەردەم پەرچەکانی ڕێگایان..
هەڵبەت بۆئەو پەرچانەی ڕێگاش پێویستیان بە خۆ پڕ چەککردن و خۆ ئاوادان بوو بە زانستی شەرعی و بە تەقواو تە زکییەی نەفسەوە کە نەیانکرد.. بۆیە لە ئاخرو ئۆخریا وازیان لەئیسلام هێناو نوێژیشیان تەرك کرد!! کێن ئەوانەی کە هیدایەت دراون؟ یادی خوا مایەی ئاسوودەی هێنانە بۆ دڵەکان، وەك خوای گەورە دەفەرموێت: (أَلاَ بِذِكْرِ اللّهِ تَطْمَئِنُّ الْقُلُوبُ)[3] واتە: جاچاك بزانن! بەیادی خوا دڵەکان ئۆقرە دەگرن و ئاسوودە دەبن. سەعادەت و بەختەوەری بەندەکان لە ناسینی خوای گەورەدایە,

[1] (البقرة: ١٤٦).
[2] (رواه مسلم عن عبدالله بن مسعود –رضی الله عنهما-)
[3] (الرعد: ٢٨).

ئەو ناسینە کە ببوە بێستانێك لە دڵی بەندە چاکەکاندا, چەندە هەژارو نەدار دەژیان، بەڵام بە ناسینی خودایان خۆیان لەهەموو کەس بەگەورەتر دەزانی بۆیە شێخولئیسلام دەیفەرموو: (ما يصنع أعدائی بی؟ أن جنتی وبستانی فی صدری، إن رحت فهی معی لا تفارقنی، إن حبسی خلوة، وقتلی شهادة، وإخراجی من بلدی سیاحة !) واتە: ئەوە دوژمنانم چییان لەمن دەوێت؟! دەی خۆ بەهەشت و بێستانی خۆم لە دڵی خۆمایە، بۆ کێ بچم لەگەڵمایەو لێم جیا نابێتەوە، بێگومان زیندان و بەندکردنم خەلوەتە، وکوژرانم شەهادەتە، وە دەرچوونم لەشار (کە مەبەستی جیهادە) گەشتوگوزارو سیاحەتە! یاخود هەندێ لە عاریفینەکان دەیانگوت: ( مساکین أهل الدنیا، خرجوا منها ما ذاقوا أطیب ما فیها؟ قیل: وما أطیب فیها؟ قال: محبة الله تعالى ومعرفته وذکره) هەژارن خەڵکی دنیا! کە جێیان هێشتووە تامییان لە خۆشترین شتیشی نەکردووە!! گوتیان: چییە خۆشترین شتی؟ فەرمووی: حۆشویستنی خواو ناسین و یادکردنەوەیە!!

یان یەکێ لە پیاو چاکەکان دەیفەرموو: (لو علم الملوك وأبناء الملوك ما نحن فیه لجالدونا بالسیف) . واتە: ئەگەر پادشایان و ڕۆڵەی پادشایان زانیبایان بەو خۆشییەی کە ئێمەی تێداین ، ئەوە بە شمشێر شەقیان دەکرین!!

بێگومان تەقواو لە خوا ترسانیش ڕەقابەیەکی زۆ گەورە لە نەفسەکاندا درووست دەکات.

وا ئەکات کە ئیسنان لەماڵی خۆیشیا و بە تەنها و لەدووری چاوی خەڵکیشا نەتوانێ کە تاکە گوناهێك بکات.. بەڕاستی ئەو کەسانە چەندە خوا بۆ ئەم هەڵوێستە جوامێرییە هیدایەتی دابوون, دە ئەوەند پێیانەوە بەردەوام هیدایەتەکانیان بۆ تازە دەبێتەوە، وەك خوای گەورە دەفەرموێت: (وَالَّذِينَ اهْتَدَوْا زَادَهُمْ هُدًى وَآتَاهُمْ تَقْوَاهُمْ)[1] واتە: ئەوانەش ڕێ و ڕێبازی دروستیان گرتە بەر، خوا هیدایەت و ڕێنمانیي زیاد کردن و پارێزکاریشی پێدان، تاخۆیانی پێ بپارێزن لە ئاگر. (خوا بەهەموومان ببەخشێت)

[1] (محمد: ١٧).

## سیفەتەکانی بانگخواز بۆ بانگکردنی خەڵك بۆ هیدایەت

ئێمە دەزانین کە کەس هیدایەتی بەدەست نییە خوا نەبێت، (إِنَّكَ لَا تَهْدِي مَنْ أَحْبَبْتَ وَلَكِنَّ اللَّهَ يَهْدِي مَن يَشَاءُ وَهُوَ أَعْلَمُ بِالْمُهْتَدِينَ)[1] واتە: بێگومان تۆناتوانی ئەی پێغەمبەر ﷺ کەسێ بخەیتە سەر ڕێی ڕاست و بڕوا هێنان کە بۆخۆت خۆشت بوێ هەرچەندە هەوڵ و تەقالای لەگەڵ بدەیت ، بە لاَم خوا ڕێنمایی هەرکەسێ خۆی بیەوێ دەکا، خوَیشی زاناترە بەوانە کە ڕێبازی هیدایەت دەگرن.

بەڵێ خوای گەورە وەسیلەی هیدایتدانی داوەتە بەخەڵکەکە.. شێوازەکەشی لە ئەستۆی بانگخوازانە کە خوا پێی نیشانداون کە دەبێ چۆن بانگیان بکەیت، بۆ چۆنییەتی بانگکردنی خەڵکیش بۆ هیدایەت پەیوەستە بە چەند خاڵێك، کەهەندێکیان پەیوەستن بە زاتی ئەو بانگخوازە خۆیەوە، هەندێکیش پەیوەستن بە دەستنیشانکردن کەسی بەرامبەر و پاشان پەیڕەوکردنی شێوازەکانی بانگکردنی.

## سیفەت زاتییەکانی بانگخواز:

یەکەم: پێبوونی کەرەسەی بانگەواز: کەرەسەی بانگەواز بریتییە لەو ماددەیەی کە ئەیەدەت بەو کەسەی کە بانگەوازی دەکەیت، کە بریتییە لە قورئان و سوننەت.. ئەبێ هەندە لە قورئان شارەزا بیت و هەندەش لە سوننەت بەخەبەر بیت تا بتوانیت بیدەیت بەو کەسەی کە بانگەوازی دەکەیت.. کەوابوو شارەزابوون لە ئیسلام کە بریتییە لە قورئان و سوننەت نهێنی گەیاندنی دینە بە خەڵك.. بەڵام ئەوەی کە زەرووره بابای بانگەواز بیزانێت شارەزابونە لە زمانی ئەو ئیسلامە کە عەرەبییە.. زمانی عەرەبی ئەداتی تێگەیشتنە لە دین.. بۆیە ئەوەی کە زمانی عەرەبی باش نازانێ کەم وایە بتوانێ لە گەیاندنی ئەم دینە مۆفەق ببێت.

دووەم: ئیخلاس و بۆ خوا بوون: نەك تەنها بانگەوازکردن بۆ خوا بەڵکوو هەر کارێك کە بۆ خوا نەبێت، ئەوە لای خوا پووڵێکی قەڵب ناهێنێت.

سێیەم: ڕووخۆشی و بە گفتولفتی: ڕووخۆشی جگە لەوە کە سەدەقە بۆ بۆ بەندەکان، وەك پێغەمبەری خوا " صَلّى اللّهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلّم " دەفەرموێت: (تَبَسُّمُكَ فِي وَجْهِ أَخِيكَ صَدَقَةٌ)[2] واتە: ڕوو حۆشیت لە بەردەم براکەتدا خێرە.

مایەی کاریگەری درووست کردنیشە لەسەر ئەو کەسەی کە بانگی دەکەیت بۆ هیدایەت.. بۆیە ئەبینین کە ئەو ئەعرابییەی کە هاتە خزمەت پێغەمبەر ﷺ و پێی گوت:

---

[1] (القصص : ٥٦) .

[2] (صحيح ابن حبان عن أَبِي ذَرٍّ –رضي الله عنه-)

( من أنت؟ فقال : "محمد بن عبد الله " فقال الإعرابی: أنت الذی یقال عنك: إنك كذاب؟! لیس هذا الوجه وجه كذاب) ، گوتی: تۆ کێیت؟ ئەویش فەرمووی: موحەمەدی کوڕی عەبدوڵلا، ئەعرابییەکە گوتی: تۆ ئەو کەسەیت کە پێت دەڵێن: درۆزن!! دەی ئەم ڕووە بە ڕووی درۆزنان ناچێت؟! چونکە پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾ تەنها ڕووخۆشییەکەی بانگەواز بوو بۆ خوا!

چوارەم: کارکردن بەو عیلمەی کە ڕایدەگەیەنیت: خوای گەورە دەفەرموێت: (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لِمَ تَقُولُونَ مَا لَا تَفْعَلُونَ * كَبُرَ مَقْتاً عِندَ اللَّهِ أَن تَقُولُوا مَا لَا تَفْعَلُونَ)[1] واتە: ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە! بۆ چی شتێ دەڵێن و ڕەفتاری پێناکەن؟ خوا لە لای سەختە، کە شتێ بڵێن و کاری پێنەکەن ؟

بۆیە هەر کەسێك بیدا و بێ ئەوەی کە پێی بێت وەك ئەوە وایە کە هەوا بگرێت کە کەس نایگرێت..

واتە: ئەوەی کە دەیڵێ و کاریش بەوەناکات کە دەیڵێت: لانی کەم بۆخۆی سوودی پووشێکی بۆ قیامەتی نابێت، بۆیە پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾ دەفەرموێت: ( يُؤْتَى بالرَّجُلِ يَوْمَ الْقِيامةِ فَيُلْقَى فى النَّار ، فَتَنْدلِقُ أَقْتَابُ بَطْنِهِ ، فيَدُورُ بِهَا كَمَا يَدُورُ الحِمَارُ فى الرَّحا، فَيجْتَمِعُ إِلَيْهِ أَهْلُ النَّار فَيقُولُونَ : يَا فُلانُ مَالَكَ ؟ أَلَمْ تَكُن تَأْمُرُ بالمَعْرُوفِ وَتَنْهَى عَنِ المُنْكَرِ ؟ فَيَقُولُ : بَلَى ، كُنْتُ آمُرُ بالمَعْرُوفِ وَلاَ آتِيه ، وَأَنْهَى عَنِ المُنْكَرِ وَآتِيهِ)[2] واتە: لە ڕۆژی قیامەتدا کەسێ دەهێنرێ و فرێ دەدرێتە ناو ئاگر، ناوسك و ڕیخۆڵەکانی هاتونەتە دەرەوە، خەڵکانی نێو دۆزەخ لێی کۆدەبنەوە و دەڵێن: فلانە کەس ئەوە چیتە؟ ئەی تۆ نەبووی فەرمانت دەدا بە چاکە و ڕێگریت دەکرد لە خراپە؟ ئەویش دەڵێ: بەڵێ من فەرمانم دەدا بە چاکە و خۆم نەمدەکرد، وە ڕێگریم دەکرد لە خراپە و خۆم دەمکرد.

پێنجەم: ئەزموونگەری: ئەزموون لە کاری ئیسلامی زۆر زەرووره بۆ سەرکەوتنی کارەکان، بۆیە خوای گەورە دەفەرموێت: (فَاسْأَلْ بِهِ خَبِيراً)[3] واتە: کەواتە پرسیار لە زاتێ بکە کە بە هەموو شت زاناو ئاگایە.

بۆیە زۆرجاران بابای خاوەن ئەزموون زۆر باشتر دەتوانێ لە نێو کارەکاندا هەڵسوکەوت بکات لەکەسێ کە دەیان کتێبی لەو کارەوە خوێندۆتەوە، بەڵام ناتوانێ هەڵسوکەوتی لەگەڵدا بکات.. ڕێك وەك ئەو کەسە وایە کە شارەزایە بە زانستی تەجوید، بەڵام خۆی ناتوانێ کە تەتبیقی بکات چونکە ئەزموونی خوێندنەوەی نییە یان کەمە.

---

[1] (الصف :٢-٣) .

[2] (متفق علیه عن أَبی زیدٍ أُسامة بْنِ حَارِثَةَ –رضی الله عنه-) .

[3] (الفرقان : ٥٩) .

شەشەم: خۆ بەکەمزانین: خۆ بەکەم زانین واتە تەوازوع و خۆ بەکەمگرتن: بۆیە ئەو کەسانەی کە بانگەواز دەکەن و نەسیحەتی خەڵك وەرناگرن بەرووبوومێکی تاڵ لە دواییا دەدروێتەوە.
زۆر جاران بە ڕەقی و خۆ بەگەورە زانینی بانگخوازانمان ڕقێك لای قوتابییان درووست دەکات، کە ڕەنگە لە دواییا زۆر ڕقن بەرامبەر بە ئیسلام سەردەرکەنەوە، بۆیە ئەبینین زۆرێك لە وانەی کە ڕقیان لە شێوازو ڕەفتاری بانگخوازێکا گرتووە، سەرەنجام زۆر خراپ بەرامبەر بە ئیسلام و مسوڵمانان ئەسپی تاوداوە!!
حەوتەم: هەیبەت و شکۆمەندی: هەیبەت و شکۆمەندی بانگخوازان جگە لە خۆشویستنیان شەرمێك ئەداتە ئەو خەڵکەی کە بانگیان ئەکات بۆ ئیسلام.. بۆیە ئەبینین کە "عومەری کوڕی خەتتاب" "ڕەزای خوای لە سەربێت" سام و شکۆیی ئەو کاریگەری خستبووە سەر یاوەرانیشیەوە کە جگە لەوە خۆشیان بویێت، زاتیش نەکەن کە پرسیاری لێ بکەن، "ئیبنوعەبباس" (خوا لێیان ڕازی بێت) یەك دانە ساڵ بوو خەریکبوو ئەو پرسیارە لە "عومەری کوڕی خەتتاب" بکات کە ئایا مەبەست لەم ئایەتەی قورئانی پیرۆزە کێیە کە دەفەرموێت: ( إِنْ تَتُوبَا إِلَى اللَّهِ فَقَدْ صَغَتْ قُلُوبُكُمَا) ؟. کەچی لە سام و شکۆی "عومەر" زاتی نەدەکرد کە لێی بپرسێت، دەڵێ: ڕۆژێك ئاوی بەدەست عومەردا دەکرد، ئینجا بەترسەوە پرسیارەکەی لێیکرد، ئەویش وەڵامی دایەوە فەرمووی: مەبەستی پێ (عائشە و حفضیە) یە!.. بۆیە زانایان و پێشەنگانی ئەم دینەش لە ڕێگەی تەقواو وەرەعییانەوە ئەو شکۆمەندییەیان پێ براوە.
وەك دەبینین کە یەکێك دەچێتە مزگەوت دەبینێت کە ئیمام "ئەبووحەنیفە" (بەڕەحمەتبێت) خەریکی دەستنوێژگرتنە، ئەویش لێی دەچێتە پێش و پێی دەڵێت: یا ئیمام فەرموودەیەکم بۆ بخوێنەوە، ئەویش دەڵێت: لاچۆ کەی وەختی فەرموودە خوێندنەوەیە، ئایا نابینیت کە خەریکی دەسنوێژگرتنم؟ ئەویش لێی ناگەڕێ و پێی دەڵێت: هەردەبێ فەرموودەیەکم بۆ بخوێنیتەوە، ئیمام حەنەفیش بانگی قوتابییەکانی دەکات تا دایگرن، ئەوانیش دایدەگرن و لە حەوزی مزگەوتی هەڵدەکێشن و دەکەونە سەری و لێی دەدەن، کابرا لە ژێر شەقی قوتابییەکانی ئیمام "ئەبووحەنیفە" سەری لە بن ئاوەکە دەردەهێنێ و دەڵێت: دەسا مادام بەر شەقت دام لە حەوزەکە دەرنایەم تا پازدە فەرموودەم بۆ نەخوێنیتەوە؟!!. ئەم سام و شکۆیە هەتا لە زۆرێك لە زانایانی کوردیشدا پشکواوەو بینراوە، لەوانە باس لە "مەلا موحەمەدی کۆیی" دەکرێت هەروەك مەسعوودی موحەمەدی کوڕی بۆمان دەگێڕێتەوە دەڵێت: وابزانم ئەو قاڵ بوونەوەی بۆ هەق، کە گوفتارو ڕەفتاری یەکچوون کردبوو، یەکێك بوو لە هۆی ئەو هەیبەتەی کە لەو مەجلیسە دەنیشت ئەوی تێدا بایە، لە مەجلیسی دانیشتن بگەڕێین و سەیری ئەو ڕێگەیە بکەین کە تێیدا دەڕۆیشت، لە ماڵەوە بۆ مزگەوتی گەورە دوو ڕێگە هەبوو،

یەکێکیان بە ناو بازاڕدا دەچوو، کە بە ناچاری ئەو ڕێگەیەی دەگرتە بەر، هەر لە زارکی بازاڕەوە کە بۆ ئەهلی بازاڕ دەرەکەوت تێکڕایان هەڵدەستانە سەر پێیان تا لێیان ڕەت دەبوو تەنانەت گاور و جوولەکەش وەك موسوڵمانەکان بۆی ڕاست دەبوونەوە، واز لە ئەهلی بازاڕ بهێنن بۆ منداڵی کۆڵێنەی گەڕەکی خۆی، عەسری ڕۆژانی کۆتایی بە هار و سەری هاوین کە لە ماڵەوە دەردەچوو بەرەو مزگەوتی حاجی مەلا ئەسعەد منداڵی گەڕەك کە سەرگەرمی قەپوقیڕی چگێنەو تۆپێنە بوون هەر کە چاویان پێی دەکەوت کەلاوجگ و تۆپیان لەدەستان بەردەبۆوەو خۆیان بە دیواری ئەم بەرو ئەوبەری کۆڵێنەوە دەگرت تاکوو لە چاویانیان بزردەبوو، ئینجا وردە وردە دەگاڕانەوە بۆ گەمەکانیان. هەروەها باس لە دیمەنێکی تر دەکات و دەڵێ: جارێکیان ماڵمان لە چنارۆك بوو، عەسران باوکم لە ماڵەوە بەرەوژێر دەچوو بۆ ناو باغەکان، ئەو جارەش بە عادەتی خۆی لە باغچە بوو، من لە ژێر کەپری ماڵمان ڕاوەستا بووم، چەند کەسێك هاتن سەلامیان کردو لە باوکمیان پرسی، گوتیشیان لە دیوی ئێرانەوە هاتوون بۆ پرسیارێکی شەرعی.. من بردمە بۆ سەراوردی باغەکە و ئەو شوێنەشم نیشان دان کە باوکمی لێ بوو. هەر لە بیرمە باوکم کەوایەکی ئاودامەنی لەبەربوو، یەك هەمیانەی لە کەمەری بەسەر کەواکەوە بەستبوو، چاوم لێ بوو پیاوەکان گەیشتنە لای و سەلامیان کرد و گوێم لێ بوو

گوتیان: لە جەنابی مەلا دەگەڕێین. باوکم گوتی: جەنابی مەلا؟ گوتیان بەڵێ: دووپەنجەی دەستی ڕاستەی بردە سەر سینگی و گوتی: جەنابی مەلا ئەمەتە..! کابراکان وەك داریان لە لووتی بدەی بەرو پاش گەڕانەوەو وەها شڵەژان بۆ چەند لە حزەیەك نەیانزانی چ بکەن تا هاتنەوە سەرەخۆو چوون دەستیان ماچ کرد!!! [1] ئەبێ فەزائیلی لەخەڵکەکە زیاتر بێت: بابای بانگخواز ئەبێ لە خەڵکەکە جیا بێت، بەندایەتیی..

مامەڵەو هەڵسوکەوتیی.. سەخاوەت و بەخشندەیی..

بۆیە ئەگەر خەڵك شەو دوو ڕکات شەو نوێژ بکەن، ئەبێ ئەو چوار ڕکات بکات، کەسێ درهەمێك ئەکاتە خێر ئەو ئەگەر هەیبێت ئەبێ چوار درهەم بکاتە خێر. کەسێ تەنها دووشەممە بەڕۆژوو دەبێت، ئەو دەبێ دووشەممەو پێنجشەممە بەڕۆژوو بێت ئەگەر بتوانێ .. ئەمانە هەموو کارگەریان هەیە لەسەرهێزی بانگخوازییەکەی.

[1] گەشتی ژیانم (٢٥-٢٦ ٨).

نۆیەم: کەم سوعبەت کردن: سوعبەت کردن کاریگەرییەکی زۆر درووست ئەکات لەسەر کەسایەتی بانگخواز.. هەڵبەت مەبەستم لەو جۆر سوعبەتەی پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾ نییە کە کەرکردویەتی چونکە ئەو سوعبەتی کردووە بەڵام شتێ کە حەق نەبووبێت نەیکردووە.. بەڵام ئەوەی کە مەبەستە ئەوەیە کە خەڵکێك بە سوعبەت ڕاهاتووە..
دەستگەمەو دەستباز و دۆمینەو نوکتە و پێکەنین هێنانە خەڵك هەموو ئەمانە کاریگەریان لەسەر کەسایەتی بانگخوازەکە هەیە و بەرووبوومی بانگەوازەکەشی بەری باشی نابێت.

دەیەم: بەڵێن و پەیمانەکانی لە شوێنی خۆی بن: ڕێکخستنی کاتەکان لای بانگخواز کارێکی گرنگە. لەویش گرنکتر ئەوەیە کە لە بەڵێن و ژوانەکانی ڕێك و پێك بێت, کە بە داخەوە کە زۆرێك لە بانگخوازەکانمان بۆ بەڵێن و ژوانەکانیان زۆر خراپن.. لە دە بەڵێن دوو بەڵێنان بە جوانی ناگەیەننە جێ!!.. لەکاتێکدا ئەوان زۆر باش دەزانن کە بێ بەڵێنی پیشەو ئاکاری دووڕووانە نەك باوەڕداران.

یازدەیەم: قۆستنەوەی کاتی لەبار بۆ بانگەوازکردن: کاتە لەبارەکان ئەو کاتانەن کە بابای بانگخواز دەتوانێ باشتر بانگەوازەکەی خۆی بکات. وەك چۆن گەنم و جۆ لە هەموو کاتێکدا ناچێنرێت، بانگەوازیش لە هەموو کاتدا جێی خۆی ناگرێت. بۆ نموونە: لە مزگەوت باشتر بانگەواز دەکرێت لە دەرەوە، وەك لە ماڵیش بانگەواز باشتر دەکرێت لە کۆڵان، هەروەها لە ڕەمەزان...هتد

دووازدەیەم: قۆستنەوەی هەلەکان (تەعزیە و ئاهەنگی بووك گواستنەوە و ڕێورەسمەکان..هتد): بابای بانگخواز زۆر زەرورە بە دوای فورسەت و هەلەکاندا بگەڕێت تا بتوانێت بانگەوازی خۆی تیا بکات.. بۆ نموونە لە ڕێو ڕەسمەکانی وەك پرسەو سەرەخۆشی و ئاهەنگی بووك گواستنەوەو سوڵحی نێوا خێزانەکان و تیرەکان و لە کاتی ڕووداوەکانی ڕۆژانە و... هتد هەلی باشتر دەدات بە بانگخواز بۆ بانگەوازەکەی.

سێزدەیەم: خۆ لە گومانی خەڵکەکە ببوێرێت: زەرووره کە بابای بانگخواز خۆی نەخاتە بەر گومانی خەڵکەکە.. بۆ نموونە بە شوێنێکدا نەچێت کە لە ئەسڵدا شوێنی ئەو نییەو بۆ ئەو ناشێت، بۆ نموونە لەبەر دەم سینەماو تیاترۆخانەکان.. لەو جادە شەقامانەی کە جێی خەڵکی خراپ و بێبایەخن. چونکە تاکە گومانێك زۆر جاران وا ئەکات ئەوەی کە تۆ بە دەساڵ لە بانگەوازی ئیسلامییەوە پێکت هێناوە لە ماوەی پێنج خولەکدا هەموو بێتە خوارو بەسەر یەکدا بکەوێت!!

چواردەیەم: خۆ بەکەمگرتن: تەوازوع و خۆ بەکەمگرتن پیشەی پیاوی کەڵە پیاو شارەزایانە بەدینی خوا. وەك پیشەی زانایان و ئەولیایانی خودایە!! بۆیە دەبینین کە پێغەمبەری خوا ﷺ لەگەڵ پێغەمبەرایەتی خۆیشییەوە بەردەوام ئەو خۆبەکەمگرتنەی لەبەردەم هاوەڵێنیشیدا بەرجەستە کردبوو.. ئەبینین لەگەڵ هاوەڵێنی ئەو چیلکە داری کۆ دەکردەوە، ئەبینین لە شەڕی خەندەق خۆی سەنگەری لێ ئەدا، لەگەڵ "ئەبا عومیر" بەشداری سەر ٠ هخۆشی ئەبا نوغەیری دەکرد (ئەبانوغەیر جۆرە باڵندەیەك بوو کە ئەباعومەیر یاری پێ دەکرد)، لەگەڵ هەژاران دا ئەنیشت و دەیفەرموو هەژارێك لەگەڵ هەژاران دانیشتووە. بۆیە زۆر جاران بەداخەوە هەندێ لە بانگخوازانمان بەو عیلمەی کە پێیانە، بەو خەڵکەی کە لە دەوریاندان وا لەخۆ بایی دەبن و دەچنە کێوێکەوە نایەنە خوار، لەگەڵ بچووکترین کەس و داماوترین کەسا دەکەوینە بەرەی شەڕو ململانێکان.بە داخەوە.!!

پازدەیەم: خۆ جوانکردن بە ڕەوشتی پیاوچاکان: خوێندنەوەی ژیانی پیاو چاکان بۆ بابای بانگخواز زۆر زەرووره.. تا چاویان لێ بکەن و بەڕەوشتی ئەوان خۆیان پۆشتە بکەن. لە تەقوایان لە زوهدو لە وەرەعەییان، لە ترسان لە خواو لە تەقوایان، لە ڕووخۆشی و قسە شیرینییان.

شازدەیەم: ئارامگری: خوای گەورە بۆیە لە سورەتی عەسردا کە باس لە بانگەواز و گەیاندنی هەق دەکات، باس لە خۆڕاگری و ئارامگرتن دەکات. چونکە پەرچەکانی بەردەوم بانگەواز زۆرن.. (پەرچی بێباوەڕان و دوژمنانی خوا، پەرچی دووڕووان، پەرچی دەسەڵاتدارانی ستەمکار، پەرچی نەفامان، پەرچی هەڕەشەی دەسەڵاتدارن ..) هەموو ئەمانە پەرچن لە ڕێگەی بانگخواز.. بۆیە ئەگەر بابای بانگخواز سەبرییان لەسەر نەگرێ و خۆڕاگر نەبێت تیایە ئەوە زۆر زوو دەکەوێ و واز لە بانگەوازەکەی دەهێنێت.

بۆیە دەبینین کە پێغەمبەری خوا ﷺ و هاوەڵە بەڕێزەکانی لەگەڵ ئەو هەموو پەرچەی کە لەبەردەمیان بوو تاوێکیش لە کاری بانگەوازییاندا سڵیان نەدەکرد وازیان نەهێنا.

حەڤدەیەم: خۆ ئامادەکردن بۆ پەرچەکانی ڕێگا: وەك لە خاڵی پێشوو باسمان کرد کە پەرچەکانی ڕێگا زۆرن. یەکێ لە پەرچەکانی ڕێگا بریتییە لە گرتن و ئەشکەنجە دانی، لە پیلانی کوشتنی، لە دەم گرتن و بێقسە کردنی.. هەموو ئەمانە شتێکی بەڵگەنەویستن لەبەردەم بابای بانگخوازدا. جاری وا هەیە ئەو پەرچە لە لایەن کەسانی بڕوادریشەوە دروست دەبێت، ئەویش بە ئێرەیی پێبردنی و ڕق لێگرتنی، دەچێت لە ناو خەڵکا غیبەتی ئەکات و تانە لە زانستەکەی ئەدات، یان هەجری ئەکا و لە ناو مسوڵمانان سووك و ڕیسوای دەکات..!

هەژدەیەم: ڕەوشتە ئیسلامییەکانی تیا دەرکەون: دیسان گرنگە کە بابای بانگخواز ڕەوشتە ئیسلامییکانی تیا دەرکەون، وەك بوونی ڕیش و تەقواو لە خواترسان و زوهد و خۆ بەکەمگرتن و سەخاوەت و چاوفراوانی و وەرەع و شەونوێژی زۆر و... هتد. (زۆرم پێناخۆشە کە ئەبینم کەسانێ کە لە دەمی بانگەوازدا وەك کەسێکی ئەفەندی و مۆزەفێکی داییرە دەردەکەوێ.. بێڕیش و بۆبەنباغ لەمل هاتۆتە کۆڕی ژنان و باس لە ڕەوشتی پێغەمبەر و پیاوچاکان دەکەن.. وەك بڵێی لە تازیمانەی ژنان قسە دەکەن!! لەکاتێکدا خۆیشی باش دەزانێ کە ئەو پیاوچاکانەی ئەو باسیان دەکاو بەسەریاندا هەڵدەڵێت، قەت بێڕیش و مۆدەداری لە دەمی بانگەوازدا دەرنەکەوتوونە!!!.

نۆزدەیەم: حەج کردن: لێرەدا حەجکردنم لە دەرکەوتنی ڕەوشتەکان جیا کردۆتەوە، چونکە زۆر بەداخەوە کە ئەبینم زۆرێك لە بانگخوازانمان لەگەڵ ئەوە کە بۆیان دەلوێ و بە بێ پەرچ دەتوانن کە فەریزەتی حەج بەجێ بگەیەنن کەچی ناچن و تەمەڵ و سیستن تیایدا.. بۆیە گرنگە کە بانگخوازانمان لەم فەڕیزەتەدا کەمتەرخەم و سست و تەمەڵ نەبن.

بیستەم: وریای گوناە و سەرپێچیەکان بێت: گوناە وسەر پێچییەکان بۆ بابای بانگخواز وەك ئاگرێك وایە کە لە بارەکایەکی وشك بەربێت..!! هیچ شتێ بە خاوەنەکەی ناهێڵێت.. (تووشی بیرچوونەوەت دەکات، بیرت پەرشوبلێو دەکات، دۆش ئەمێنیت لە زۆر شتان ناگەیت, زوو شتت بیرئەباتەوە.. تێگەیشتنت لە شتەکان بۆ زەحمەتە.. زانستە شەرعییەکانت لە بیر دەباتەوە... بۆیە ئەبینین زۆرێك لە بانگخوازە ئیسلامییەکانمان جاری واهەیە چەندە بەدوای مۆفەق بوونن لە هەندێ شتان.. کەچی وەبەری ڕاناگەن و چەندە بەدوای دەچن لە دەستی دەرچن و ڕادەکەن.. لەوانە شارەزابوون لە زمانی عەرەبی، خوێندنەوەو تێگەیشتنی و قسە پێکردنی زۆر زەحمەت دەبێ لە لای! لەکاتێکدا کە کەرەسەی تێگەیشتنە لە قورئان..) بۆیە ئەبێ بابای بانگخواز زۆر وریا بێ لەوە کە تووشی گوناهان نەبێ, یان موبتەلای هێندێ گوناهان نەبێ.. چونکە کە کاروابوو, ئەوە وێڕای لەدەستدەرچوون و مۆفەق نەبوونی خۆی، خەڵکیش پێی بەهرەمەند نابن و کەڵکی لێ نابینن!! (خوا پەنامان بدات). ئەمانەی سەرەوە کۆمەڵەخاڵێکبوون لە کۆی زۆر خاڵی تر کە ئەبێ بابای بانگخواز هەڵوەستەیان لەبەردام بکات و متالێیان بکات.

# شێوازی بانگەوازکردن

نووسەران و شارەزایان نووسراوی زۆریان سەبارەت بە شێوازەکانی بانگەواز نوسیوە، بەڵام لێرە ئاماژە بەگرنگترینیان دەدەین، کە پێنج خاڵن:

یەکەم: سووربوون لەسەر هیدایەتدانی کەسەکان! هەرچەند هیدایەت لەدەست خوایە, بەڵام کەس نازانێ کە خوا کێ هیدایەت دەدات، مەگەر ئەوەی تەنها خوا بیەوێ هیدایەتی بدات. خۆ ئە گەر ئەو کەسەی کە بانگی دەکەیت بۆ هیدایەت بێباوەڕ بوو، ئەوە گیانی مکووڕبوون لەسەر ڕێنما بوونی ئەو کەسە ئەبێ زیندووتر و بەرقەرار تربێت لای داعییەکە. ئەوەتا پێغەمبەری ئەکرەم "صَلّى الّهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وسَلَّم " چەندە لەسەر دڵی گران بوو کە خەڵکی لێی دووردەکەوتنەوەو گوێیان بە فەرمایشتە کانی ئەو نەدەدا لە بێباوەڕان! تا گەیشت بەوە کە خوا لۆمەی بکات و بفەرموێت: (فَلَعَلَّكَ بَاخِعٌ نَّفْسَكَ عَلَى آثَارِهِمْ إِن لَّمْ يُؤْمِنُوا بِهَذَا الْحَدِيثِ أَسَفاً)[1] واتە: لەوانەیە تۆیش ئەی پێغەمبەر! ﴿ﷺ﴾ لەخەم و خەفەتی ئەوانەدا باوەڕ بەم قورئانە ناکەن , خۆت لە ناو ببەیت و تیابچیت! هەر بۆیە خوای گەورە پێغەمبەری نازدار ﴿ﷺ﴾ بە مکووڕبوو لەسەر هیدایەتدانی خەڵککە وەسف دەکات، وەك دەفەرموێت: (إِن تَحْرِصْ عَلَى هُدَاهُمْ فَإِنَّ اللهَ لاَ يَهْدِي مَن يُضِلُّ وَمَا لَهُم مِّن نَّاصِرِينَ)[2] واتە: هەرچەند زۆر سووربی لەسەر ڕێنموونی ئەوانە (بێ سوودە) چونکە بەڕاستی خوا ڕێنموونی کەسێك ناکات کە (بیەوێ) گومڕای بکات هیچ پشتیوانێکیشیان نییە. بۆیە ئەگەر بابای داعی مکوڕ بوو لەسەر هیدایەتدانی خەڵککە ئەوە لە دوییان نابێتەوە تا بەهەر جۆرێ بێت دەیهێنێتە سەر ڕێگەی ڕاستی ئیسلام! بەڵام ئەگەر مکوڕ نەبێ زۆر گوێ بە هەموو کەس نەدات، ئەوە بانگەوازەکەی خۆی فەرامۆش دەکات و ناتوانێ کە لە بانگەوازکردنەکەی سەرکەوتوو ببێت.

دووەم: حیکمەت و لێزانین: حیکمەت و لێزانین بەهێزترین هۆکاری سەرکەوتنی بانگەوازە. خوا (سبحانە وتعالی) فەرمانی کردووە کە بانگەواز بە حیکمەت و کارزانی و بە مەوعیزەو نەسیحەتی چاك بانگەواز ئەبێ بکرێ، وەك دەفەرموێت: (ادْعُ إِلِى سَبِيلِ رَبِّكَ بِالْحِكْمَةِ وَالْمَوْعِظَةِ الْحَسَنَةِ وَجَادِلْهُم بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ)[3] واتە: خەڵکی بانگ بکە بۆ ڕێگەی پەروەردگارت بە لێزانی و دانایی و ئامۆژگاری چاك و شیرین وە لە گەڵیان بدوێ (موجادەلە بکە) بدوێ بەچاکترین شێوە.

---

[1] (الكهف: ٦) .

[2] (النحل: ٣٧) .

[3] (النحل : ١٢٥) .

هەروەها دەفەرموێ: ﴿وَمَن يُؤْتَ الْحِكْمَةَ فَقَدْ أُوتِيَ خَيْرًا كَثِيرًا﴾[1] واتە: ئەوەی کەوا حیکمەتی پێ ببەخشرێت، ئەوە خێرێکی زۆری پێ دراوە. هەڵبەت حیکمەت و لێزانینیش پیشەی پێغەمبەران و کەڵە پیاوانی ئیسلام بووە، کە زۆر چاك بە حیکمەت و کارزانینیان توانیویانە کە کارەکانیان لە جێگەی خۆیان ئەنجام بەرن، بۆ ئەمەش گەلێ جۆر شێوازیان گرتبووە بەر.. زۆر جار بە گوتەی نەرم و گفتولفت شیرین.. دەمێ هەڵس و کەوتی لە جێ سەنگین .. جارێکیش پێویستیان بە زەبرو کوتەك هەبوایە بێ سێو دوو لە ملی کافرانیان ئەوەشاند .. چونکە حیکمەت و تێگەیشتنی چاك و بە مانا تەنها بریتی نییە لەوە کەوا لەبەردەم باوەڕداران ئاوی ساز گاروو لە بەردەم بێ باوەڕیش وەك ماستی مەییو وابیت ! نەخێر.. بەڵکوو بۆ گەیشتن بە ئامانج هێندێ جار نەرم و نیان و شنە با بوون لەبەردەم پێویستیش دا ڕەقەن و بە دەمارو ڕەشەبا بوو ون ؟!

سێیەم: بۆ هەرکەس بەجۆرێ بانگەواز دەکرێت: یەکێ تر لە هۆکاری سەرکەوتنی بانگەواز ئەوەیە کە دیراسەی بانگکراوەکە بکەیت و بیپشکنیت کە چی پێویستە. چون هەموو کەس وەك یەك نین، وەك هەموو کەسیش یەك جۆر شتی پێویست نییە.. هەیە هیچ لەباردا نەبووە.. واتە: ئەبێ لە ئەلیف و بێیەوە پێی هەڵچنیتەوە، هەیشە لە دین شارەزایە، بەڵام پێویستی بە کەمێ ئاودان هەیە! ئەوانەی کە هیچییان لەباردا نییە، هێدی هێدی لەگەڵی دەست پێ ئەکەیت بەو جۆرەی کە ئەو دەتوانێ لێی تێ بگات، وەك دەڵێن: (كلم الناس على قدر عقولهم). واتە: بە ئەندازەی ئەقڵی ئەوان لەگەڵیان بدوێ. لە ناو ئەوانیشا خەڵکەکە چوون یەك نین، هەیە بە دوو قسان ڕاستەڕێ ئەبێ و خوا هیدایەتی ئەدات، هەیشە ڕۆحت دەرەئەچێت تا لە شتێك ئەگا، هەیشە قەت تێ ناگات!! هەیشە خۆی کەسێکی لە سەر ئیسلام حسێب بووەو موسوڵمانە، بەڵام وردە گوناهی هەن (ڕەنگە کەبیرەشی هەبن!)، ئەوە پێویستە بۆ ئەویش پەنجە لەسەر برینەکانی دابنێیت و بە حیکمەت و لێزانین حاڵی بکەیت و تێی بگەیەنیت.

چوارەم: هێناوەی بەڵگەکان: هەڵبەت خەڵك زۆری لە ئایین و بەرنامەی خوا حاڵی نەبوو ون، هەیە تەنها گومانێك وای لێ کردووە کە لە گەڵ ئایینی خوادا ڕێنەکەوێ, هەیشە بە لینگاوقووچی لە ئیسلام گەیشتووە، بۆیە بۆ هەموو ئەو کەسانە زەروورە کە بەڵگەی زیندوویان بۆ بهێنرێتەوە.. بەڵگەی زیندوو ئەوەیە کە ئەوان لەکێ ئەم دینە بەگومانن، یان لەکێ ئەم دینە بە هەڵە تێیکەوتوون، هەر

---

[1] (البقرة: ٢٦٩) .

لەم شوێنەوە بەڵگەی زیندوویان بۆ ئەهێنرێتەوە.. بۆ نموونە خەڵکێك پێیان وایە کە ئیسلام مافی ئافرەتی خواردووە!! تۆ لەو کاتە لەسەرتە بە بەڵگەی زیندوو ئەوە بسەلمێنیت کە ڕێژەی تەڵاق لای دینداران زیاترە یان لای بێدینان؟ بە تەئکید ئەو چاك دەزانێ کە ڕێژەی ئەو ئافرتانەی کە داوای تەڵاق دەکەن لە ناو ئیسلامدا بەپەنجە دەژمێدرێن لەچاو ئەوانی ترا!! خۆ دیارە کە ئافرەتیش داوای تەڵاق لە مێردەکەی ئەکات، چون لەبەر ئەوەیە کە وا ئەزانێت بە جۆرێك مافی خوراوە.. یان بۆ نموونە خەڵك پێی وایە کە ئیسلام هەر بریتییە لە کوشت و بڕی، تۆ ئەو کاتە تەواوی مێژویی ئیسلامییان پێ دەسەلمێنی کە ئایا لەمسەردەمەی عەولەمەی ئێستاو دوورکەوتنی خەڵك لە ئیسلام خەڵك زۆرتر دەکوژرێن یان لەو سەردەمانەی کە ئیسلام حوکمی بوو؟!! جارێ ئەمە خوایشە کە داوا ئەکات کە بانگەواز بۆ خوا بکەین بە بەڵگەو نموونەی زیندوو، وەك دەفەرموێت: (قُلْ هَذِهِ سَبِيلِي أَدْعُو إِلَى اللّهِ عَلَى بَصِيرَةٍ أَنَاْ وَمَنِ اتَّبَعَنِي)[1] واتە: ئەی موحەممەد!(ﷺ) بەو خەڵکە بڵێ: ئەمەیە ڕێگەی من خۆم و ئەوەی شوێنم کەوتوون خەڵکی بانگ دەکەین بۆ یەکتاپەرستی لەسەر بنچینەی چاوساغی و بەڵگەی شەرعیی و عەقڵی. ئینجا بەڵگە هێنانەوە لەسەر ئەوانەی کە پشتیان لە دینی خوا کردووە لە دنیا چییان بۆ پێش دێت و لە قیامەتیش بەچی دەگەن.

پێنجەم: لوتف و نەرمونیانی و گوفتولفت شیرینی: بۆیە خوای گەورە بە پێغەمبەر (ﷺ) ی فەرموو: (فَبِمَا رَحْمَةٍ مِنَ اللَّهِ لِنْتَ لَهُمْ وَلَوْ كُنْتَ فَظّاً غَلِيظَ الْقَلْبِ لَانْفَضُّوا مِنْ)[2] واتە: لە بەزەیی خوادایە کە تۆ هێندە نەرم و نیانی لەگەڵیاندا، ئەگەر یەکی دڵڕەق و توندو تۆسن بای، بڵاوەیان لێ دەکردی، بۆیە پێغەمبەر(ﷺ) دەفەرموێت: (إِنَّ الرِّفْقَ لَا يَكُونُ فِي شَيْءٍ إِلَّا زَانَهُ، وَلَا يُنْزَعُ مِنْ شَيْءٍ إِلَّا شَانَهُ»)[3]. واتە: بەڕاستی نەرم و نیانی لەهەر شتێکدا هەبێت جوانی دەکات، لەهەرشتێکیش هەڵبگیرێت ناشرینی دەکات! هەروەها دەفەرموێت: «عَنْ عَائِشَة (رَضِيَ اللَّهُ عَنْهَا) زَوْجِ النَّبِيِّ (ﷺ) (أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ: (يَا عَائِشَةُ، إِنَّ اللَّهَ رَفِيقٌ يُحِبُّ الرِّفْقَ، وَيُعْطِي عَلَى الرِّفْقِ مَا لَا يُعْطِي عَلَى الْعُنْفِ وَمَا لَا يُعْطِي عَلَى مَا سِوَاهُ»)[4] واتە: "عائیشە" (خوای لێی ڕازی بێت) هاوسەری پێغەمبەر (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: (ئەی عائیشە، بەڕاستی خوا نەرم و نیانە و نەرم ونیانیشی خۆش دەوێت،

---

[1] (یوسف: ١٠٨).

[2] (آل عمران: ١٥٩)

[3] (رواه مسلم) (عَنْ عَائِشَةَ -رَضِيَ اللَّهُ عَنْهَا-)

[4] (البخاری / الْدب/ ٥٦٧٨).

ئەوەی لە نەرم و نیانیدا دەیبەخشێت، لە توندڕەویدا نایبەخشێت لە هیچ بارودۆخێکی تریشدا نایبەخشێت). ڕاستیان گوتووە کە دەڵێن: مار بە قسەی خۆش لە کون دێتەر دەر.. بۆیە قسەی نەرم و ڕووخۆشی لە دەمی لەبانگەواز کردن بۆ خوا ڕێگەیەکی سەرکەوتووی ئەو بانگەوازەیە.. بەڵام بەشەڕو تۆقاندن و چاوسوورکەوتنەوە, لە ڕق چیتر دروست ناکات..!! بۆیە وەك لە پێشەوە ئاماژەمان پێدا کە ئەعرابییەکە ئەو کاتەی هاتە مزگەوت و لەسەر مێنبەری پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾ میزی کرد، هاوەڵەکان زۆر لێی تووڕەبوون خەریك بوون هەر لەسەر میزکردنەکەی ملی پەل بدەن!!! بەڵام پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾ فەرمووی: نـا! لێی گەڕێن.. لێی گەڕێن! با میزەکەی خۆی تەواو بکات!! بە لەوە زیاتر پەرتی نەکات! ئینجا کە کابرا لە میزکردنەکەی خۆی بووەوە، پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾ بانگی کردو پێی گوت: ئەم شوێنە مزگەوت و ماڵی خودایە، تەنها بۆ تەسبیحات و یادکردنی خوایە، دروست نییە کە میزی تیا بکەیت.. ئینجا بە هاوەڵانیشی فەرموو، هەندێ ئاو بێنن بەسەر شوێنەکەی دابکەن.. کابرای ئەعرابی کە ئەو نەرمونیانییەی لە پێغەمبەر و ئەو تووڕەییەی لای هاوەڵێنی بینی، دەستی بەرزکردەوە دوعای کرد گوتی: «اللَّهُمَّ ارْحَمْنِي وَمُحَمَّدًا وَلَا تَرْحَمْ مَعَنَا أَحَدًا». واتە: خودایە لە من و لە موحەمەد خۆش ببە، لەگەڵ ئێمەش لە کەسی تر خۆش مەبە!! پێغەمبەر﴿ﷺ﴾ – فەرمووی: « لَقَدْ حَجَّرْتَ وَاسِعًا». واتە: تۆ ڕەحمەتە فراوانەکەی خوات تەسك کردووە! (رواه البخاری عن ابی هریره –رضی الله عنه-)

ئەم نەرمونیانییە هەتا لە ئاینەکانی تریش بەراچاوو ئاشکرا بوو، ئەوەتا خوای گەورە بە موسای فەرموو: (اذْهَبا إِلَى فِرْعَوْنَ إِنَّهُ طَغَى * فَقُولَا لَهُ قَوْلاً لَّيِّناً لَّعَلَّهُ يَتَذَكَّرُ أَوْ يَخْشَى * فَقُولَا لَهُ قَوْلاً لَّيِّناً لَّعَلَّهُ يَتَذَكَّرُ أَوْ يَخْشَى)[1] واتە: هەردووکتان بچنە لای فیرعەون، چونکە بەڕاستی ئەو یاخی و لەخۆبایی بووە جا بەنەرمی و لەسەرخۆ قسەی لەگەڵ بکەن و بیدوێنن، بەڵکو بیربکاتەوەو قسەکەتان لێوەرگرێ، وە یان بترسێ لەخوا. لە کاتێ کە فیرعەون خۆی بە خوا ئەزانی، خراپترین شێوە ئەشکەنجەی خەڵکی ئەدا، کوڕانی دەکوشت و کچانی دەهێشتەوە، کەچی خوای گەورە بە موسا دەفەرموێت: کە لەگەڵ فیرعەون نەرم بێت!!! بۆ؟ بۆ ئەوە بیری بێتەوەو ترسی خوای بچێتە دڵ!

---

[1] (طه :٤٣-٤٤) .

## هیدایەتدانی بەندەکان لەسەردەمی زێڕینی ئیسلامیدا:

گەر چاوێك بەسەردەمی زێڕینی ئیسلامیدا بخشێنین ئەوە نموونەی زۆر جوان و بە مانا لە هیدایەتدانی بەندەکان دەبینین لەوانە:

یەکەم: هیدایەتدانی "سەلمانی فارسی" (خوا لێی ڕازی بێت) لە "عەبدوڵڵای کوڕی عەبباس" (خوا لێی ڕازی بێت) دەگێڕنەوە دەڵێت: "سەلمانی فارسی" بۆی گێڕامەوە فەرمووی: من یەکێ بووم لە فارسەکان، خەڵکی دێیەك بووم لە ئەسفەهان کە پێیان دەگوت: (جەی)، باوکم کە کەسایەتییەکی ناودار و بەرپرسی گوندەکە بوو، هەروەك بەرپرسی هەڵگیرساندنی ئاگریشبوو، ئەو منی لە هەموو خەڵکی سەر زەوی خۆشتر دەویست، لە خۆشەویستییان هەندە پێمەوە هۆگربووو نەیدەهێشت هەتا بچمە دەرەوە لە ترسی ئەوە کە خراپەی دەروبر کارم تێ نەکات و لەدەستی دەرنەچم، تا منی لە دیار ئەو ئاگرەی کە ئەو سەرپەرشتی دەکرد لە ماڵ گیرساندبوومەوە، بۆ ئەوە قەت ئاگرەکەی کە هەڵگیرساندبوو خامۆش نەبێتەوە!! هەروەها باوکم کێڵگەیەکی گەورەی هەبوو، لە کێڵگەکە تەلارێکی هەبوو پێی گوتم: کوڕی خۆم تۆ ئەمڕۆ لە جێی من سەربدە لە تەلارەکەی ناو کێڵگەکە، ئەڵێ: یەکەمجاربوو کە دەرەوەی ماڵ ببینم، کاتێ بە نیازی کێڵگەکە ئەڕۆیشتم لە ڕێگا بەلای کەنیسەیەکی نەسڕانییەکاندا ڕەت بووم، گوێم لە دەنگیان بوو کە نوێژیان دەکردا! کە ئەوەم بینی نەمدەزانی کە باوکم بۆچی منی لەماڵەکەیدا گیر کردووە کە ناهێڵێ لەو خەڵکە بگەم!!

ئەڵێ کاتێ کە لێیان چوومە پێش و زیاتر گوێم گرت لە قسەکانیان، زیاتر سەرنجی ڕاکێشام تا خۆم گەیاندە ناویانەوە تا لە نزیکەوە حاڵیان ببینم و بزانم خەریکی چین؟! ئەڵێ کاتێ کە ئەوانم بینی زۆر بە نوێژەکانیانەوە سەرسام بووم!

بۆیە کارەکانی ئەوانم زۆر کەوتە بەردڵەوە، بۆیە گوتم: بەو خوایە ئەم دینەیان لەو دینەی کە ئێمە لەسەرین زۆر باشترە! ئەڵێ بەو خوایە تامەزرۆیان ببوم و پشتم تێ نەکردن و مامەوە تاکوو ڕۆژئاوابوو، بۆیە لە خۆشی ئەو مەجلیسە پشتم لە کێڵگەکە کردوو نەچووم بۆ ئەوێ!! ئەڵێ پێم گوتن: بنەڕەتی ئەم دینە لە کێیە؟ ئەوانیش گوتیان لە شامە، ئەڵێ پاشان چوومەوە لای باوکم، ئەویش لە هەموو ئەو کاتەی کە لە کەنیسەکە بووم ئەو دەستی لە کارەکەی هەڵگرتووبوو بەدوامدا گەڕاوەو خەڵکی بۆ سۆراغ کردنم سپاردبوو!

ئەڵێ کە گەڕامەوە باوکم پێی گوتی: کوڕی خۆم لە کوێ بوویت؟ ئەم هەموو شوێنە بەدواتدا گەڕاوم و سۆراغم کردوویت! ئەی تۆ بەڵێنت پێ نەدام کە پێتدام؟ ئەڵێ گوتم: باوکە گیان! من بە لای خەڵکێکدا ڕەت بووم لە کەنیسە نوێژیان دەکرد بۆیە من زۆریان پێ سەرسام بووم تا لەوێ گیری کردم و زۆریش بە دینەکەیانەوە تامەزرۆی کردم، بۆیە تا ئاوابوونی خۆر لە لای ئەوان مامەوە!

ئەڵێ باوکم پێی گوتم: کوڕی خۆم ئەو دینەی ئەوان هیچ خێرێکی پێوە نییە! دینی خۆت بگرەو بیر لە دینی تر نەکەیتەوە! ئەڵێ گوتم: نا بەخوا، بەڵکوو ئەو دین لەو دینەکەی ئێمە زۆر باشترە، ئەڵێ ئیتر باوکم زۆرم لێترسا، لەوە ترسا کە پشت لە دینەکەی خۆم بکەم و بچمە سەر دینی تر! بۆیە ئەڵێ لە ماڵدا زنجیرێکی کردە پێکانمەوەو لە ماڵ بەندی کردم تەنها لە کاتی نان خواردن و حاجەتەکانەوە نەبێت کە دەیکردەوە!! ئەنا هەر بەو حاڵە هێشتمیەوە! ئەڵێ نەساڕاکان بەدوامدا ناردیان، ئەڵێ منیش لە ڕێگەی خزمەتکارێکمانەوە پێم گوتن پێیان بڵێ: ئەگەر هەر کاروانێك لە شامەوە بە لاتاندا ڕەتبوو تکا دەکەم بە زووترین کات ئاگادارم بکەنەوە، ئەڵێ: ڕۆژێك کاروانێکی بازرگانی شامییەکان بەلایاندا ڕەت ئەبێت، یەکسەر دێن ئاگادارم دەکەنەوە، ئەڵێ منیش گوتم ئەگەر کاریان تەواو بوو ویستیان بگەڕێنەوە شام ئاگادارم بکەنەوە، ئەڵێ کە ویستیان بگەڕێنەوە بۆ شام هاتن ئاگاداریان کردمەوە، ئەڵێ منیش زنجیرەکانم لە پێی خۆم پچڕاندو لەگەڵیانا کەوتمە ڕێ تا گەیشتین بە شام! ئەڵێ کە چووم پرسیارم کرد کە کێ لەم خەڵکە شارەزاترین کەسە بە دین؟ گوتیان فولانە قەشە کە لەو کەنیسەیە، ئەڵێ چوومە لای و پێمگوت: کە من حەزم بەو دینە کردووە ئەمەوێ بێمە ناوییەوە، وە پێم خۆشە کە هەر لەگەڵ تۆدا بم و خزمەتی تۆ بکەم لە کەنیسە! تاکو لێتانەوە فێر ببم و لەگەڵتانا نوێژ بکەم! ئەڵێ ئەویش گوتی: وەرە ژوورەوە، ئەڵێ لەگەڵی چوومە ژوورەوە و لە خزمەت ئەودا مامەوە!! ئەڵێ قەشەکە پیاوێکی بەت ئەتواربوو، چون فەرمانی دەکرد کە خەڵك خێر بکەن و هانی خێرو خێراتی ئەدان، کاتێکیش کە پارەو یارمەتییەکانیان کۆ دەکردەوە ئەو هەمووی بۆ خۆی گل ئەدایەوەو نەیئەدا بە هیچ هەژارێك؟!! ئەڵێ: هەتا ئەو ماوەیە بە ئەندازەی حەفت کوبە زێرو پارەو دراو کۆ دەکاتەوە و دەیشارێتەوە!! ئەڵێ بۆیە بە هۆی ئەو ڕەفتارانەی کە دەیکرد زۆر ڕقم لێی گرتبوو، ئەڵێ کاتێ ئەمرێ نەساڕاکان تێکڕا کۆ ئەبنەوە تا بە خاکی بسپێرن، ئەڵێ منیش پێم گوتن: ئەم پیاوە پیاوێکی خراپ بووا! چون فەرمانی خێرو خێراتی بە ئێوە دەکرد و هانی ئەدان، کەچی کاتێ کە زێڕو پارەو پوولیان کۆ دەکردەوە ئەو هەمووی بۆ خۆی گل ئەدایەوە و نەیئەدا بە هەژارەکان، ئەڵێ ئەوانیش گوتیان تۆ چۆنت ئەوە زانی؟ بەڵگەت چییە؟ ئەڵێ منیش گوتم: گەنجینەکانتان پێ نیشان ئەدەم؟!! ئەڵێ چووم جێگاکەم پێ نیشاندان، ئەڵێ کە چوون حەفت گۆزەیان لە زێڕو پارە لە شوێنکە هێنایە دەر!! ئەڵێ کاتێ کە ئەوەیان بینی گوتیان بەوخوایە بەخاکی ناسپێرین!! ئەڵێ تەرمەکەیان هێنا لە خاچیانداو پاشان بە بەرد بەردەبارانیان کرد!! پاشان قەشەیەکی تریان هێناو خستیانە شوێنەکەی ئەوەو و کردیان بە گەورەی خۆیان! "سەلمان" دەڵێت: هەچ پیاوێکم بینی بێ کە پێنج نوێژی کردبێ کەچی لەم پیاوەم باشتر نەبینیبوو، وەکەسم لەو پیاوە باشتر و دونیا نەویستترو ئاخیرەت خوازتر نەبینیبوو.

ئەڵێ بۆیە زۆر کەوتبووە دڵم زۆرم خۆش دەویست کە کەسم بەو جۆرە خۆشنەویستبێت، ئەڵێ ماوەیەکی باش لەگەڵیدا بووم هەتا دەمرێ لێی جیا نەبوومەوە، ئەڵێ: لە کاتی سەرمەرگیدا پێم گوت: ئەی فوڵان کەس من تۆم بە جۆرێ خۆشویستووە کە کەسی ترم لە پێشتۆ بەم شێوە خۆش نەویستووە! ئەبینم ئەوە کۆتایی ڕێگاتەو لەسەرمەرگدایت، ئایا هیچ سپاردە و نەسیحەتێکت بۆ من نییە؟ چ فەرمانێکم پێ دەکەیت؟!! ئەڵێ گوتی: کوڕی خۆم بەوخوایە ئەمڕۆ لەو زەمەنەی مندا کەس شك نابەم کە لەسەر هەمان ڕێو شوێنی ئێمە بێت، چونکە هەموو خەڵك ئەمڕۆ بە هیلاك چوونە و وازیان لە هەموو شتێك هێناوە کە پێشتر لەسەری بوون، بەڵام پیاوێك ئەوەتا لە (مووسڵ)ە کە فوڵان کەسە، تەنها ئەو شك ئەبەم کە لەسەر ئەو ڕێگەیەی کە من لەسەریم بێت، کەوابوو بڕۆ خۆ بگەیەنە ئەو! ئەڵێ کە مرد و بەخاکمان سپارد، یەکسەر چووم خۆم گەیاند ئەو پیاوەی وا لە مووسڵە! ئەڵێ کە چوومە لای پێم گوت: فوڵان کەس؛ فیسارکەس لەکاتی مردنیدا ئامۆژگاری کردم کە خۆ بگەینەمە لای تۆ، وە ڕایگەیاند کە تۆ لەسەر ئەوەیت کە ئەو لەسەری بووە، ئەڵێ ئەویش پێی گوتم: فەرمووی باشە لای من بمێنەوە، ئەڵێ منیش لای مامەوە، ئەڵێ: بینیم کە باشترین پیاوێکە کە لەسەر هەمان ڕێی پیاوەکەی پێشوو بێت، ئەڵێ زۆری نەبرد ئەویش وەفاتی کرد، ئەڵێ لەکاتی سەرمەرگیدا پێم گوت: ئەی فوڵان کەس؛ فیسار کەس وەسیەتی کردم کە خۆ بگەیەنمە لای تۆ، منیش خۆم گەیاندە لای تۆ، ئەوە ئێستاش تۆ لە کۆتایی ڕێگەیت، تۆ چیم پێ دەڵێیت و فەرمانی چیم پێ دەکەیت؟ ئەڵێ ئەویش گوتی: کوڕی خۆم، بەو خوایە کەس شك نابەم کە لەسەر هەمان ڕێو شوێنی ئێمە بێت تەنها ئەو پیاوە نەبێ کە لە (نەسیبینە -ناوچەیەکە لە شام-) کە فوڵان کەسە، بڕۆ خۆ بگەیەنە ئەو! ئەڵێ کاتێ کە ئەویش مردو بەخاکمان سپارد ئینجا خۆم گەیاندە ئەو پیاوەی کە لە نەسیبین بوو! چووم و باس و خواسەکە و ڕاسپاردەی هاوڕێکەم پێگەیاند، ئەڵێ گوتی: دەی وەرە لای من بمێنەوە، ئەڵێ منیش لای ئەو نیشتەجێ بووم، بینیم لەسەر هەمان ڕێ و شوێنی هاوڕێکەم بوو، بەم پێیە لەگەڵ باشترین کەس گیرسامەوە، ئەڵێ بەو خوایە زۆری نەبرد ئەویش مرد، وە لەکاتی سەرەمەرگدا پێم گوت: ئەی فوڵان کەس؛ فوڵان کەس وەسیەتی فیسار کەسی لێ کردم، ئەویش وەسیەتی تۆی لێ کردم، دەی تۆ وەسیەتی کێم پێ دەکەیت؟ ئەڵێ ئەویش گوتی: بەخوایە کەسێ شك نابەم کە لەو سات و کاتەدا لەسەر هەمان ڕێوشوێنی ئێمە بێت!! بەڵام من دەمەوێ کە بچیتە لای پیاوێك لە عەمووریە، تەنها ئەو لەسەر هەمان ڕێو شوێنی ئێمەیە، ئەگەر حەز دەکەیت خۆ بگەیەنە ئەو، چونکە هەر ئەو لەسەر ڕێو شوێنی ئێمەیە، ئەڵێ کە ئەویش مردو بەخاکمان سپارد، یەکسەر خۆم گەیاندە ئەو پیاوەی کە لە عەمموریەیە، چووم و هەواڵەکەم پێ گەیاند، ئەڵێ ئەویش گوتی: دەی دەتوانی لای من بمێنیتەوە، ئەڵێ: ئیتر لەگەڵ کەسێ مامەوە کەلەسەر هەمان ڕێوی شوێنی هاوڕێکانی ترم بوو، ئەڵێ لەوێ ئیشم دەکرد تاکوو بووم

بەخاوەن مەڕو ماڵێتێکی زۆر! ئەڵێ پاشان ئەویش فەرمانی خوای گەیشتە سەر، ئەڵێ لە کاتی سەرەمەرگدا بووم پێم گوت: ئەی فوڵان کەس! من لەگەڵ فوڵانەکەس بووم، وەسیەتی فوڵآن و فیساری لێ کردم، فوڵان کەسیش وەسیەتی فوڵان و فوڵانی لێ کردم، پاشان فوڵان کەسیش وەسیەتی تۆی لێ کردم، دەی تۆش بەکێم دەسپێریت؟ ئەڵێ ئەویش گوتی: بەڵێ بەو خوایە کوڕی خۆم من کەسێ شك نابەم کە حاڵی حاز لەسەر هەمان ڕێوشوێنی ئێمە بێت تا بتنێرمە لای، بەڵام ئێستا تۆ لەسەردەمی پەیامبەرێکدایت کە پەیامی ئیبراهیم دەگەیەنێت و لە خاکی عەرەبەکان سەر هەڵئەدات (دوای دەرکەوتنی) کۆچ بۆخاکی خاوەن دارخورما دەکات.. (کە مەبەستی مەدینەیە)، وە چەند نیشانەیەکی پێوە هەن کە قەت ون نابن، (ئەویش) دیاری وەرئەگرێ و سەدەقەو خێریش ڕەت دەکاتەوەو نایانخوات، وە لە نێوان هەردووشانیدا مۆری پێغەمبەرێتی پێوەیە، ئەگەر دەتوانی خۆ بگەیەنیتە ئەو ناوچەیەی ئەو ئەوە بیکە، ئەڵێ پاشان کە ئەویش مردو بە خاك سپێردرا، دوای ئەوەندەی خوا ویستی لە عەمموریە مامەوە، ئەڵێ پاش ماوەیەك چەند کەسێکی بازرگان کە لە تیرەی (کەلب) بوون بەلامدا ڕەت ئەبن و پێم گوتن: ئایا دەمگەیەننە خاکی عەرەبەکان، ئەگەر وابکەن ئەوە ئەوەندە چێڵ و مەڕوماڵاتەی کە هەمن پێتان ئەدەم، ئەڵێ ئەوانیش گوتیان: باشە، ئەڵێ بەگەڵیان کەوتم تا گەیشتین بە شوێنێك کە پێی دەگوترا دۆڵی (دیهات)، کەچی ئەوان ستەم و خیانەتیان لێکردم و منیان بە بەندە بە پیاوێکی جوولەکە فرۆشت!! ئەڵێ لای ئەو بە بەندە مامەوە، ئەڵێ پاش ماوەیەك لە شوێنێکی ناوچەکە چاوم بە دارخورما کەوت! ئەڵێ ئاواتم خواست کە ئەوە هەر ئەو شوێنە بێت کە هاوڕێکەم باسی کردبوو! بەڵام هەق ئەوەم نەبوو کە کابرای جوولەکە جێ بهێڵم چونکە تازە من بەندەی ئەو و لای ئەو بووم! ئەڵێ ڕۆژێك ئامۆزایەکی ئەو لە مەدینە کە لە بەنی قورەیزە بوو هات و منی لەو کڕیەوە! ئەڵێ ئیتر ئەویش منی هەڵگرت بردمییە مەدینە، ئەڵێ بەوخوایە زانیم کە ئەو شارە هەر ئەم شارەبوو کە هاوڕێکەم وەسفی کردبوو، ئەڵێ لای ئەو مامەوە، تاکوو خوا پێغەمبەری خۆی بۆ مەدینە هێنا، ماوەیەکبوو هاتبووە مەدینە من پێم نەزانیبوو، وەنەشمدەتوانی کە هیچ شتێکی لەبارەیدا بزانم لە کاتێ کە من وام بەحاڵی بەندەییەوە، ئەڵێ پاشان ئەڵێ بەو خوایە ڕۆژێ لەسەر دارخورمای خاوەنە جوولەکەکەم بووم کارم دەکرد و ئەویش دانیشتبوو، ئەڵێ: بینیم کە ئامۆزایەکی خاوەنەکەی هات و لەلای ئەو وەستاو گوتی: دەك خوا تیرەی قیلە بکوژێت (مەبەستی تیرەی ئەوس و خەزرەج بوو) کە ئێستا لە قوبا کۆبوونەتەوە بۆ پێشوازی کردنی ئەو پیاوەی کە لە مەککەوە هاتووە بۆ ئێرە و پێیان وایە کە ئەو پێغەمبەرە، ئەڵێ بەو خوایە کە ئەمەم گوێ لێ بوو لە شوێنی خۆم لەو بەرزەوە خۆم فڕێ دایە خوارەوە، هەتا گومانم برد کە ڕەنگە بەسەر خاوەنەکەمدا بەربمەوە، ئەڵێ هاتمە خوارەوە ڕووم لە کوڕە مامەکەی کردو گوتم: چیت گوت؟ ئەوە ئەڵێی چی؟

ئەڵێ کە وامگوت: خاوەنەکەم شەقێکی زۆر توندی لێ سرەواندم، پاشان گوتی: چیت بەو داوە؟ بڕۆوە شوێنی خۆت، ئەڵێ گوتم: نا! هیچ شتێ نییە، تەنها ویستم ئەوەی گوتی لێی دووبارە بکەمەوە.. ئەڵێ: هەندێ خورمام کۆکردەوە، کە شەوداهات هەڵم گرتن و چوومەی لای ئەو پێغەمبەرە ﴿ﷺ﴾ کە لە قوبا بوو، چوومە لای و پێمگوت: پێم گەیشتووە کە تۆ پیاوچاکیت و وەچەند هاوەڵێکی هەژارو نەدارت لەگەڵ دایە، ئەم خۆرمایە کە سەدەقەیە بۆ ئێوەم هێناوە کە بیخۆن! ئەڵێ لێی نزیك بوومەوە، پێغەمبەر بە هاوەڵێنی فەرموو: بخۆن، خۆی دەستی بۆ درێژ نەکردو نەیخوارد، ئەڵێ لە دڵی خۆمدا گوتم: ئەوە یەك! پاشان لە لای ڕۆیشتم و دوایی قاپە خورمایەکم هەڵگرت و هاتمەوە لای و پێم گوت: من ئەبینم کە تۆ لەسەدەقە ناخۆیت، دەی ئەوە دیارییە کە ڕێزی تۆیم پێگرتووە وەریگرە، ئەڵێ پێغەبەر ﴿ﷺ﴾ وەریگرت و خواردی و هاوەڵێنیشی بۆ خواردنی بانگ کرد! ئەڵێ ئەوانیش لەگەڵی دەستیان کرد بە خواردن، ئەڵێ لە دڵی خۆمدا گوتم: ئەوە دوو! ئەڵێ بەردەوام چاوەدێری ئەو پێغەمبەرەم دەکرد تا ڕۆژێ بینیم کە مردووێکیان لە بە قیع دەناشت و ئەویش لی لایەکی تەنیشت گۆڕەکە دانیشتبوو و عەباکەی خستبووە سەر شانی خۆی، ئەڵێ دەچووم لەو سەرو ئەمسەر دەهاتم و دەچووم تاکوو بتوانم شانی پیرۆزی ببینم، ئەڵێ کە پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾ چاوی پێم کەوت من ڕووی خۆم وەرگێڕایەوە، ئەڵێ زانی کە من بە دوای شتێکەوە دەگەڕێم، ئەڵێ جوولایەوە، لەگەڵ جوولێنەوەکەی عەباکەی سەرشانی کەوتە خوار، دەڵێ لەگەڵ کەوتنە خواری عەباکەی سەرشانی هەمان ئەو مۆرە دەرکەوت کە هاوڕێکەم باسی کردبوو!! ئەڵێ بۆیە یەکسەر پرم دایە پشتی و ماچم کرد دەستم کرد بە گریان!! پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾" پێی فەرموم ڕووم تێبکە، ئەڵێ ڕووم تێکرد و چیرۆکەکەم بۆی گێڕایەوە هەروەك بۆ تۆ "ئیبنوعەبباس" گێڕامەوە، ئەڵێ پێغەمبەر﴿ﷺ﴾ ئەو هەواڵەی هاوەڵەکەی زۆر پێ سەیر بوو.. ئەڵێ من هەر بە بەندەیی مامەوە تا شەڕی بەدرو ئوحودیش ڕەت بووا ئەڵێ پاشان پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾ پێی فەرمووم: خۆت بکڕەوە ئەی "سەلمان"، ئەڵێ منیش خۆم لە خاوەنەکەم بەوە کڕییەوە کە سێسەد دارخورمای بۆ بسەنم لە خاکێکی بەیاردا بۆی بڕوێنم لەگەڵ چل ئوقییەی زێڕ کە بیدەمێ، ئەڵێ پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾ فەرمووی: یارمەتی براکەتان بدەن، ئەڵێ ئەوانیش بە هێنانی دارخورما یارمەتیان دام، هەبوو بە سی دارخومای بچووك یارمەتی دام، هەبوو بە بیست دارخورما، هەبوو بە پازدە، هەیشبوو بە دە، واتە: هەرکەسەو بە پێی توانای خۆی تا گەیشت بە سێسەد دارخورمای بچووك بۆیان کۆ کردمەوە، ئەڵێ پاشان پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾ پێی فەرمووم: هەڵسە سەلمان بۆ هەر دارخورمایەك چاڵێك هەڵکەنە، کە تەواویش بوو ئاگادارم بکەوە تاکوو من بۆ خۆم بیانخەمە ناویانەوە! ئەڵێ بۆ هەرهەموو سێسەد دارخورماکە چاڵم هەڵکەند و هاوەڵانیشم یارمەتیان دەدام، تاکوو لەکارەکەم بوومەوە، ئینجا هاتمەوە خزمەت پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾ و پێم گوت: کە چاڵەکان ئێستا ساز بوون،

ئەڵێ پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾ لەگەڵم هات و چووینە شوێنەکە، ئینجا پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾ بەدەستی پیرۆزی خۆی دارخورماکانی خستە نا چاڵەکانەوە.. ئەوەی کە ماوە چل ئوقییە زێڕەکە بوو، ئەڵێ ڕۆژێك بە ئەندازەی هێلکەیەك لە زێڕ کە لە دەستکەوت لە هەندێ غەزادا کەوتبووە دەست و هێنایانە بەردەم پێغەمبەر﴿ﷺ﴾ ئەڵێ پرسی: "سەلمان" لەگەڵ خۆ کڕینەوەکەی خۆی گەیشت بە چی؟ ئەڵێ منیان بۆ لای ئەو بانگ کرد و پێی فەرمووم: ئەوە هەڵگرە "سەلمان" بڕۆ ئەوەی کە لەسەرت ماوە تەواویکە! ئەڵێ گوتم: جا ئەی پێغەمبەری خوا ئەوە لە کێ ئەوەی لەسەرمە تەواوی دەکات؟! ئەڵێ فەرمووی: هەڵیگرە خواش هەقت بۆ ئەگەیەنێتە جێ، ئەڵێ هەڵمگرت و کێشام، سوێن بەو خوای کە گیانی "سەلمان"ی بەدەستە تەواوی زێڕەکە ٤٠ ئوقییەی زێڕی کرد کە لەسەرم مابوو!! ئەڵێ چووم پاشماوەی هەقەکەی خۆمم دا بەخاوەنە جووڵەکەکەم و خۆم تەواو کڕییەوە، ئەڵێ لەگەڵ پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾ بەشداری شەڕی خەندەقم کرد، پاشان لە هیچ ڕێوڕەسمێکی تری غەزاکاندا پاش نەکەوتم !! ئەمەبوو چیرۆکی ڕینمابوونی سەلمانی فارسی، خوای گەورە بۆ هیدایەتدانی هەر بەندەیەك هەموو ڕێگەیەکی بۆ تەخت کردوون بەو مەرجە ئەو کەسە مەیل بەهەق بێ و عەوداڵی ڕاستەقینەی تەواو بێ.

دووەم: هیدایەت وەرگرتنی "عومەری کوڕی خەتتاب" (خوا لێی ڕازی بێت) "عومەری کوڕی خەتتاب" پیاوێکی ئازاو بەجەرگ و بوێر بوو، خاوەن هێزو دەسەڵاتێکی بێوێنە بوو، لە پێش ئیسلامدا توندترین کەس بوو لە دژی ئایینی خوادا!! وە توندترین کەس بوو لە دژایەتی کردنی پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾ قەت دڵی بۆ ئیسلام نەرم نەدەبوو!! ڕۆژێ لە ڕۆژان "عومەری کوڕی خەتتاب" بڕیار ئەدات کە پێغەمبەری ئەکرەم ﴿ﷺ﴾ بکوژێت!! شمشێرەکەی بە بێ کالێن و بەڕووتی بەدەست دەگرێ و دەچێت تا پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾ بکوژێت!! لە ڕێگەی دەگاتە یەکێ لە هاوەڵێنی پێغەمبەر﴿ﷺ﴾ کە ئیمانی خۆی ئاشکر نەکردبوو پێی دەڵێت: ئەوە بۆ کێ دەچیت "عومەر" ؟!! عومەریش ئەڵێت دەچم موحەممەد دەکوژم!! هاوەڵەکەش پێی دەڵێت: جا بەنی "عەبدولموتەڵیب" لێت دەگەڕێن زیندوو بمێنیت؟! عومەریش پێی دەڵێت: دەڵێی شوێن ئەو کەوتوویت؟! هاوەڵەکەش پێی دەڵێت: نا! بەڵام بزانە عومەر (پێش ئەوە بچیتە لای موحەممەد و بیکوژیت، بڕۆ سەرەتا لە ماڵی خۆت دەست پێبکە!) عومەر ئەڵێ کێ؟ ئەویش ئەڵێت: فاتیمەی خوشکت و مێردەکەی کە شوێن موحەممەد کەوتوون، "عومەر" دەڵێت: تۆ بەڕاست وا ئەڵێیت؟! ئەویش دەڵێت: بەڵێ!! عومەر بەخێرا و بە تووڕەیی خۆ دەگەیەنێتە ماڵی "سەعیدی کوڕی زەید" مێردی فاتیمەی خوشکی (خوا لێیان ڕازی بێت)ە دەرگای ماڵ ئەدات، کە ئەو کاتە "خەبابی کوڕی ئەرەت" (خوا لێی ڕازی بێت) لەوێ دەبێت و فاتیمەو سەعیدی کوڕی زەیدی مێردی فێری قورئان دەکرد، کاتێ کە عومەر لە دەرگای دا،

"سەعید" دەچێ دەرگاکە دەکاتەوەو عومەر دەستی دەگرێت و پێی دەڵێت: دەڵێی کافر بوویت؟ سەعیدیش دەڵێت: یا عومەر ئەی ئەگەر هەق بە غەیری دینی تۆوە بوو؟ عومەر تووڕە دەبێت و شەقێکی تێ دەسرەوێنێ پاشان دەستی فاتیمەی خوشکی دەگرێت دەڵێت: دەڵێی تۆش کافر بوویت؟ ئەویش دەڵێت: ئەی ئەگەر هەق بە غەیری دینی تۆوە بوو؟ ئەڵێ شەقێکی زۆر توند دەکێشکێ بە بنەگوێی ئەویشدا، لەو کاتە قورئانەکەی کە لەدەست فاتیمە بوو دەکەوێتە خوار!! عومەر پێی دەڵێت ئا دەی ئەو کتێبەم پێ بدە؟!! فاتیمەش پێی دەڵێت: تۆ هاوتادانەرێکی پیسیت، بڕۆ دەستنوێژ بگرە ئینجا وەرە بیخوێنەوە، ئەڵێ عومەر چوو دەستنوێژی گرت و ئینجا قورئانەکەی دەست دایەو خوێندییەوە (مَا أَنزَلْنَا عَلَيْكَ الْقُرْآنَ لِتَشْقَى * إِلَّا تَذْكِرَةً لِّمَن يَخْشَى * تَنزِيلًا مِّمَّنْ خَلَقَ الْأَرْضَ وَالسَّمَاوَاتِ الْعُلَى * الرَّحْمَنُ عَلَى الْعَرْشِ اسْتَوَى * لَهُ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الْأَرْضِ وَمَا بَيْنَهُمَا وَمَا تَحْتَ الثَّرَى)[1] ئەڵێ عومەر لەگەڵ خوێندنەوەی دەستی کرد بە لەرزین، گوتی ئا ئەم قسانە قسەی بەشەر نین، ئینجا گوتی « أشهد أن لا إله إلا الله و أن محمداً رسول الله» ئینجا گوتی موحەممەد ﴿ﷺ﴾ لە کوێیە پێم بڵێن؟! ئینجا دەڵێ "خەبباب" کە خۆی لە پەنا پەردەوە حەشاردابوو دێتە دەرو پێی دەڵێت: من ئەتبەمە لای! ئەڵێ عومەر لە گەڵ خەبباب دەچنە ماڵی "ئەرقەمی کوڕی ئەبی ئەقەرم"، "عومری کوڕی خەتتاب" لە دەرگا ئەدات و هاوەڵان دەڵێن: کێیە؟ ئەویش دەڵێت: عومەر! ئەڵێ هاوەڵان ترسان و چوون بە پەلە خۆیان شاردەوە! ئینجا "حەمزەی کوڕی عەبدولموتەڵیب" هەڵدەستێ، دەڵێت: ئەی پێغەمبەری خوا ﴿ﷺ﴾ ئیزنم بدە من بچم، پێغەمبەری﴿ﷺ﴾ دەفەرموێت: لێی گەڕێ حەمزە! ئەڵێ یەکسەر عومەر دێتە ژوورو پێغەمبەر توند دەستی دەگرێت دەفەرموێت: ئایا ئێستا کاتی ئەوە نەهاتووە ئەی کوڕی خەتتاب؟!! عومەریش (پەنجەی بەرزکردەوە) گوتی: (« إنی أشهد أن لا إله إلا الله و أنك رسول الله ») ئەڵێ سەحابەکان لە خۆشیان وێکڕا هاواریان کرد و گوتیان (الله اکبر).. ئەڵێ تەکبیرێکی وایان کرد هەموو خەڵکی مەککە بیستیانەوە!! بەڕاستی مسوڵمان بوون و هیدایەت وەرگرتنی عومەر سەرکەوتنێکی زۆر گەورە بوو بۆ ئیسلام و عیززەتێکی گەورەی دا بە ئیسلام، پێغەمبەریش بەردەوام دوعای بۆ دەکردو دەیفەرموو: (« اللهم أعز الإسلام بأحد العُمرين ») واتە: خودایە ئەو ئیسلامە سەرخەیت بە یەکێ لە عومەرەکان، (کە یەکیان عومەری کوڕی خەتتاب و ئەوی تر عەمری کوڕی هیشام –ئەبووجەهل- بوو. جا لێرەوە "عومەر" دەستپێشخەری کردو هەڵسایە سەر پێ و گوت ئەی پێغەمبەری خوا﴿ﷺ﴾ ، ئایا ئێمە لەسەر هەق نین؟ پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾ فەرمووی: بەڵێ! "عومەر" گوتی: ئەی ئەوان لەسەر ناهەق نین؟ پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾ فەرمووی: بەڵێ! "عومەر" گوتی: دەی بۆ خۆ بشارینەوە؟!!

[1] سورە طه ١-٦

پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾ فەرمووی: دەی دەڵێی چی بکەین ئەی "عومەر"؟ "عومەر" گوتی: دەچینە دەرو تەوافی کەعبە دەکەین، پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾ فەرمووی: دەی وا دەکەین ئەی عومەر.. ئەڵێ ئینجا مسوڵمانان هاتنە دەرەوە بۆ یەکەمجار بوو بە ئاشکرا (الله اکبر) و (لا اله الا الله) بکەن، بۆ ئەمە بوون بە دوو پۆل، پۆلێکیان "عومەر" پێشەنگی دەکردن، پۆلەکەی تر "حەمزەی کوڕی عەبدولموتەلیب"! پێغەمبەریش ﴿ﷺ﴾ لە ناوەڕاستیان بوو دەیانگوت: (الله اکبر و لله الحمد) تا چوون تەوافی کەعبەیان کرد.. بەم دیمەنە قورەیشییەکان زۆر ترسان هەر کەسە لە ترسی "عومەری کوڕی خەتتاب" و پێغەمبەرو یارانی ڕایانکردە ماڵەوە.. لێرەوە بە ئاشکرا بڵاو کردنەوەی ئیسلام دەستی پێکرد، پاشان تێکڕای مسوڵمانان بە نهێنی کۆچیان کرد بۆ مەدینە، "عومەر" نەبێت، کە لەبەر چاوی قوریشییەکان کۆچی کردو گوتی: کێ دەیەوێ منداڵەکەی یەتیم بێتەوە، وە خێزانەکەی بێوەژن بێتەوە دایکی خۆی نەبینێتەوە، با بۆم بێتە دوای ئەم دۆڵەوە.. ئەڵێ کەس نەیوێرا ئەوەی لەگەڵ بکات و کەس زاتی نەکرد لە دژی بوەستێتەوە.. بۆیە لێرەوە "عەبدوڵلای کوڕی مەسعوود" (خوا لێی ڕازی بێت) دەڵێت: بەردەوام لەوڕۆژەی عومەر موسوڵمان بووە ئێمە سەربەرزووین عیززەتمان لەم ئیسلامەدا پێ براوە!

سێیەم: هیدایەتدانی خالیدی کوڕی وەلید (خوا لێی ڕازی بێت)

"خالیدی کوڕی وەلید" (خوا لێی ڕازی بێت) خۆی باسی دەکات و دەفەرموێ: کاتێ خوا ویستی خێری پێم بوو هێنامیەوە سەر خۆ و خۆشەویستی ئیسلامی خستە دڵمەوە، خۆم بە خۆمم دەگوت: لەهەموو نەبەردێکا دژی محمد ﴿ﷺ﴾ ئامادە بووم، و لە هەر شوێنێکیش ئامادەبووبم بەجێم هێشتووە، و موحەممەد﴿ﷺ﴾ سەرکەوتووبووە.. لەکاتێکا پێغەمەر ﴿ﷺ﴾ ڕۆیشت بۆ حودەیبییە، لەتەك کۆمەڵە سوارێکی بت پەرستا ڕۆیشتینە دەرەوە و لەناوچەی (عوسەفان) بە پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾ گەیشتین، بەرەو ڕووی وەستام، ویستم دەستیان لێ بوەشێنم، کەچی ئەو لەبەردەممانا نوێژی نیوەڕۆی بە هاوەڵەکانی کرد، و ویستمان لەناو نوێژەکەدا هێرش بەرینە سەریان، هەستی بە مەبەستەکەی ئێمە کرد، و نوێژی ترسی بەکۆمەڵەکەی کرد ئەویش ئەوەیە کە نوێژخوێنەکان دەبنە دوو بەشەوە بەشێکیان لەناو نوێژەکەدان و ڕوو بەقیبلە، بەشەکەی تریشیان ڕووەدەکەنە دوژمنان و لەهەر لایەکەوە بن، "خالید" دەڵێ: بەهاوڕێکانم گوت: ئەم پیاوە پارێزراوە، و ناتوانین دەستی لێ بوەشێنین، ئیتر وازمان لێ هێنا و ئەویش خۆی لادا لە بەرەوڕووبونەوەمان.. کە قورەیش لەحودەیبییەدا پێکهاتن لەتەکیا و ڕێکەوتنیان مۆرکرد، بەخۆمم دەگوت: باشە، چی ماوەتەوە؟ و بۆ کوێ بچم؟ حەبەشەم پێدەزانی بڕۆم ئەویش پاشاکەی شوێن موحەممەد ﴿ﷺ﴾ کەوتووە، و هاوەڵەکانی لەوێ ئۆقرەیان گرتووە، بڕۆم بۆ لای هیرەقل، دەبێ لە دینەکەی خۆم وازبێنم و ببمە جوو یا فەلە، و لەناو خەڵکێکی ناهاوزمانا بژیم،

و لە غەریبایەتیدا.. ئیتر ڕۆیشتمەوە بۆ ماڵ خۆمان و لەوێ لێی دانیشتم.. کاتێ "وەلید"ی برام (وەلیدی کوڕی وەلید) هاتبوو بۆ مەککە بۆ ئەوەی لەتەك پێغەمبەرا عەمرەی قەزا بکات، لەمەککە دەرچووم و نەم ویست بیان بینم، وەلیدی برام نامەیەکی بۆ دانابووم کە تیایا نوسیبووی: بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان لەپاشان: من وا نازانم ڕای تۆ لە ئیسلامت لادا، و عەقڵی پیاوێکی تۆ ئیسلام نەناسێ، پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾ لەبارەی تۆوە پرسیاری لێکردم و فەرمووی "خالید" لە کوێیە؟ منیش عەرزم کرد: قوربان! خوا دەیهێنێ بۆ لات.. ئەویش فەرموی دەبێ پیاوێکی وەك خالید بێ ئاگابێ لە ئیسلام؟ بۆ ئەو باشتر وابوو هەوڵ و تێکۆشانی لەگەڵ موسوڵمانان بوایە، ئێمەش بەسەر غەیری خۆیا پێشمان دەخس، براکەم! زووبە فریابکەوە، ئەو شوێنە باشانەی لەکیست چووە قەرەبوویان بکەوە.. کاتێ نامەکەم خوێندەوە خۆم ئامادەکرد بۆ ڕۆیشتن.. ئارەزووم لە ئیسلام زیاتر بوو، بەتایبەت کە پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾ هەواڵی پرسی بووم، زۆر خۆشحاڵی کردم.. لەخەوما وام دەزانی لە وڵاتێکی نەهامەتی وگرانی تەنگدام، و بەرەو وڵاتێکی سەر سەوزی پان و بەرین دەڕۆم.. کەگەیشتمە مەدینە بۆ "ئەبوبەکر"م گێڕایەوە ئەویش فەرمووی: خوا لەتەنگەلانی بت پەرستییەوە ڕێنوێنی بۆ پان وبەرینی ئیسلام کردوویت.. کاتێ لەمەککەدا بڕیارم دا کە بەرەو مەدینە بڕۆم و موسوڵمان ببم، بیرم کردەوە کێ بکەم بەهاوەڵی خۆم لەم گەشتەدا، بە"سەفوانی کوڕی ئومەییە" گەیشتم و گوتم: "ئەبوو وەهەب"! دەزانی ئێمە لەچ حاڵێکداین؟ ئێمە وەك خڕێ واین، موحەممەد بەسەر عەرەب وعەجەما زاڵ بووە، ئەگەر ئێمەش بڕۆیشتینایە بۆ لای موحەممەد و شوێنی کەوتباین، شەرەفی ئەو شەرەفی ئێمەیشە.. کەچی زۆر بەسەختی وەڵامی دامەوە و ڕازی نەبوو.. گوتی: ئەگەر کەس نەمێنێتەوە تەنیا خۆم نەبێ من شوێنی ناکەوم.. ئیتر لێك جیا بووینەوە.. لەدڵی خۆیشما گوتم: لەوانەیە دڵی گەرم بێت، چونکە لە غەزای بەدرا باوکی و براکەی کوژراون.. پاشان بە "عیکریمەی کوڕی ئەبو جەهل" گەیشتم، چیم بە "سەفوان" گوت، بەویشم گوت، ئەویش وەك "سەفوان" وەڵامی دامەوە.. گوتم: دەباشە .. ئەم هەواڵە لای کەس باس مەکە..گوتی: باسی ناکەم.. ڕۆیشتمەوە بۆ ماڵ دوو وڵاخم ئامادە کرد، کە هاتمە دەرەوە "عوسمانی کوڕی تەلحە"م بینی، گوتم: ئەمە دەکەم بەهاوەڵی خۆم، ویستم باسی بکەم، لەپاشان بیرم کردووە کە چەندان کەس لە باوك و کەس وکاری کوژراوە پێم ناخۆش بوو پێی بڵێم.. پاشان گوتم: خۆ من ئێستا دەڕۆم با پێی بڵێم، ئەو پەڕەکەی دەڵێت نایەم.. کاتێ بۆم باس کرد، زۆر خێرا وەڵامی دامەوە و ئامادەگی خۆی دەر بڕی.. پێم گوت: من ئەمڕۆ دەڕۆم، و ئەمەش بارگەو بنەمە.. ئیتر بەڵێنمان دا لە ناوچەی (یەئجوج)دا یەك بگرین، ئەگەر ئەو پێشتر گەیشت لە ڕێم بوەستێ، ئەگەر من پێشتر گەیشتم لەڕێی بوەستم.. لەگزنگی بەرەبەیانا لەناوچەی (یەئجوج) یەکمان گرتەوە، ڕۆیشتین تا گەیشینە ناوچەی (هەددە)، دیمان "عەمری کوڕی عاس"ش لەوێیە، چاکوچۆنی لێ کردین، و بەخێرهاتنی پێ گوتین..

گوتی: بەرەو کوێ دەچن؟ گوتمان: ئەی تۆ چی هێناویتیە دەرەوە؟ گوتی: ئەی چی ئێوەی هێناوەتە دەرەوە؟ گوتمان ئیسلام، و دەمانەوێ مسوولمان ببین و شوێن پێغەمەر ﴿ﷺ﴾ بکەوین.. ئەویش گوتی: منیش هەمان مەبەستم هەیە و ئیتر هەرسێکمان پێکەوە ڕۆیشتین و بووینە هاوەڵ.. کە گەیشتینە مەدینە منیش خۆم گۆڕی و جوانترین پۆشاکی خۆمم لەبەرکرد، و هەواڵی هاتنی ئێمەیان بە پێغەمەر ﴿ﷺ﴾ دابوو، زۆر پێی خۆشحاڵ ببوو. ئینجا ویستم بڕۆم بۆلای، "وەلید"ی برامم پێ گەیشت گوتی: خێرابە، پێغەمەر ﴿ﷺ﴾ هەواڵی هاتنی تۆی پێ گەیشتووە زۆر خۆشحاڵ بووە، و چاوەڕێتان دەکات.. منیش پێم هەڵگرت ڕۆیشتم بۆ خزمەتی، هەر لەگەڵ ئێمەی دی دەم بە بزەوە بوو تا گەیشتینە بەردەمی، بەناوی پێغەمەریەتییەوە سڵاوم لێکرد و گوتم: سڵاوی خوات لێ بێ ئەی پێغەمەری خوا﴿ﷺ﴾ ، ئەویش بەڕوویەکی کراوە و گەشەوە وەڵامی دامەوە و لەبەردەمیا شایەتمانم هێنا و گوتم من شایەتی دەدەم کە: "أشهد ان لا اله الا الّه، وأنك رسول اللّٰه" فەرمووی وەرە.. ئینجا سوپاسی خوای کرد کە هیدایەت و ڕینوێنی منی بۆ ئیسلام کردووە، و فەرمووی: من ژیرییەکم لەتۆدا دەبینی، هیواداربووم کە تەسلیمی خێرت بکات.. گوتم: ئەی پێغەمەری خوا من دوژمنایەتی جەنابت ودینی خوام زۆر کردووە، توخوا داوای لێ خۆشبوونم لەخوا بۆ بکە، ئەویش فەرمووی: "ئیسلام ئەوەی پێش خۆی دەشۆڕێتەوە" کە زانی من حەز دەکەم دوعام بۆ بکات فەرمووی: خوایە! لە هەرشوێنێکا "خالیدی کوڕی وەلید" هەوڵی بۆ بەرنگاربوونەوەی ئاینی تۆ داوە، لێی خۆش ببە.. "عوسمانی کوڕی تەلحە"، و "عەمری کوڕی عاس"یش هاتنە پێشەوەو بەیعەت و پەیمانیان دا بە پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾ ئەمەش لە مانگی سەفەری ساڵی هەشتەمی کۆچیدا بوو..

## وردبوونەوە لەبانگەواز و مەنهەجی

لەو بابەتە گرنگ و زیندووانەی  پێویستە باس بکرێن و ورد لەسەری بوەستین و گفتۆگۆی لەسەر بکەین، وردبوونەوەیە لە بانگەواز و مەنهەج و پەیڕەوی بانگەواز، ڕێگەی دروست بۆ لابردن و نەهێشتنی کاری خراپ، هەروەها چۆنێتیی وەرگرتنی عیلم و زانیاری و بەگەڕخستنی لە بڵاوکردنەوەی بانگەوازی ئیسلامدا لەسەر ڕێگەی پێغەمبەری خوا ﴿ﷺ﴾ لەو بابەتەنای زۆر گرنگ و جێگەی باس و وەبیرهێنانەوەن، بابەتی پەلەپەلکردن و هەڵەشەیی و ئەوخاڵانەی پەیوەندییان بەو لایەنەوە هەیە، چونکە بەڕاستی ئەمە کارێکە شایەنە بەوەی کە باسی لەسەر بکرێت و هەموو بەگشتی بیروڕای لەسەر بگۆڕینەوە. ئێمە لێرەدا هەوڵ ئەدەین چەند خاڵێکی گرنگ لەم ڕووەوە بخەینە بەر باس و لێکۆڵینەوە.

یەکەم: کۆسپی هەڵەشەیی و پەلەپەل لە بانگەوازدا: شتێك لەم بوارەدا پێویستە بیزانین، ئەوەیە کە خوای گەورە مرۆڤی وا دروست کردووە و هێناوێتییە بوون کە بە سروشتی خۆی پەلەپەلکەرە و حەز ئەکات کارەکانی زوو بەئەنجام بگات؛ خوای گەورە ئەفەرموێت: ﴿خُلِقَ الْإِنْسَانُ مِنْ عَجَلٍ﴾[١] واتە:ئەوەندە ئینسان بەپەلە و تاڵووکەیە (هەر دەڵێیت) لە پەلە و تاڵووکە دروست کراوە.

هەروەها دەفەرموێت: ﴿وَكَانَ الْإِنْسَانُ عَجُولاً﴾[٢] واتە: ئینسان هەمیشە و بەردەوام بەپەلە و هەڵەشەیە.
جا مرۆڤ بە سروشتی خۆی بەپەلە و هەڵەشەیە و نەفسی مرۆڤ هەمیشە حەزی لە تاڵووکەیە. ئەمەش کارێکە کە خوای گەورە تێیدا دروست کردووە و پڕە لە حیکمەت و دانایی. ناتوانین لێرەدا باسی بکەین و حیکمەتەکان بخەینە ڕوو، بەڵام خوای گەورە بە دانایی و کاردروستیی خۆی، مرۆڤی وا ڕاهێناوە کە ئەم سروشتەی تێدا بێت و لەسەری بەردەوام بێت. خۆ ئەگەر خوای (متعال) ژیری و هێمنی و لەسەرخۆیی نەبەخشیایە بە مرۆڤ، لەوانە بوو هەر بەکاڵی بەرووبومەکانیان بخواردایە و چاوەڕێی ئەوەیەیان نەکردایە تاکوو پێ بگات. بەم شێوەیە ئەم سروشتە لە مرۆڤدا هەیە. جا ئەگەر هەموو مرۆڤێك ئەمەی تێدا بێت، ئیتر موسوڵمان بێت یان بێباوەڕ، لە سروشتیدا هەڵەشەیی هەبێت، هەمیشە هەوڵی ئەوەی بێت خێرا و بەپەلە کارەکانی تەواو ببن و لەکۆڵی ببنەوە، ئەوە سەبارەت بە بانگخوازان و ئەوانەش کە بانگیان ئەکەن لە خەڵکی زۆر گرنگە ڕوونکردنەوەی ئەم حاڵەتە و هەڵوێستەکردن و شارەزابوون لە ئاکام و دەرەنجامەکانی. سەبارەت بە بانگخوازان پێویستە کە هەندێکمان باری هەندێکی ترمان هەڵگرین لەم بوارەدا و ئەرکی سەر یەکتر سووك بکەین. ئەگەر لە خۆتدا یان لە برا بانگخوازەکەتدا پەلە و هەڵەشەیی و خێراییت بینی،

[١] [الأنبياء: ٣٧].
[٢] [الإسراء: ١١].

ئەوە بزانە کە دەروونی مرۆڤ ئەم لایەنەی تێدا زاڵترە و پێویستە هەوڵ بدەیت کە خۆت و برا بانگخوازەکەت یاداوەری بکەیت بەنەرمونیانی و لەسەرخۆیی تاکوو پەلەپەل و هەڵەشەیی زاڵ نەبێت بەسەرماندا و سۆز و عاتیفە بەرەو شتێکمان نەبات کە سەرەنجامەکەی زیانبەخش و بێسوود بێت. سەبارەت بەوانەش کە بانگ ئەکرێن بۆ ئیسلام و پابەندن بە ئیسلامەوە، پێویستمان بە نەرمی و لەسەرخۆیی هەیە لەگەڵیاندا. ئێمە ئەمانەوێت کە ئەمرۆ قسەیەکی بۆ بکەین ئیتر خێرا سبەینێ یان دوای ماوەیەکی زۆر کەم کاریگەری تێدا بەدی بێت و جێبەجێی بکات، ئەمانەوێ کە بە خەڵکمان وت ئەمە حەرام و قەدەغەیە، ئیتر یەکسەر هەر هەموو خەڵکی بە یەکجار وازی لێ بێنن، یان پێمان وتن: ئەمە واجب و پێویستە، ئیتر بیانبینین یەکسەر بێ دواکەوتن بەجێی بێنن و گوێڕایەڵ بن! بەڵام کارەکە بە هیچ جۆرێك بەم شێوەیە نییە، دەبێت بە شێوەیەکی تر هەڵسوکەوت بکەین لەگەڵیاندا و شێوازی گونجاو بگرینە بەر. جا چونکە پەلەکردن و خێرایی لە سروشتی مرۆڤە بەگشتی، خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا بە شێوەیەکی زۆر چاك و ڕێکوپێك باسی کردووە و چارەسەری بۆ داناوە تاکوو بتوانین کار و حاڵی خۆمان بگۆڕین و لە شوێنێکدا کە جێی پەلەکردن نەبێت پەلە نەکەین و لە شوێنیکیشدا کە جێی پەلەکردن و خێراییە، هێواش و لەسەرخۆ نەبین.

دووەم: کۆسپی هەڵەشەیی و پەلەپەل لە بانگەوازدا: خوای گەورە باسی کردووە بۆمان کە کاتێك پێغەمبەران گەلەکانی خۆیان بانگهێشت کردووە بۆ یەکخواپەرستی و واز هێنان لە شیرك و هاوەڵگیری و ترساندوویانن بە سزای خوا، هۆشدارییان پێ داون کە پاشەڕۆژ و داهاتوویەکی ترسناك چاوەڕێیانە لە ئەنجامی ئەو ستەم و فەساد و لەڕێدەرچوونە کە گرتوویانەتە بەر. وەڵامی زۆرێك لە نەتەوە و ئوممەتەکانیان ئەوە بووە کە ئەگەر ڕاست ئەکەیت و ئەمانترسێنی بە سزای خوا، دەی با زوو سزاکەی بێنێتە سەرمان و ئێمە پەلەمانە لە هاتنی. (وَيَسْتَعْجِلُونَكَ بِالْعَذَابِ وَلَنْ يُخْلِفَ اللَّهُ وَعْدَهُ وَإِنَّ يَوْماً عِنْدَ رَبِّكَ كَأَلْفِ سَنَةٍ مِمَّا تَعُدُّونَ)[1] واتە: خوانەناس و بێباوەڕەکان پەلەت لێ دەکەن کە ئەو سزایەی وادەت پێ داون زوو بەخەیان بگرێت، بێ گومان هەرگیز خوا لە بەڵێنی خۆی لانادات، بەڕاستی ڕۆژێك لای پەروەردگارت وەکوو هەزار ساڵ وایە کە دەیژمێرن.

لەبەر ئەوە ئەبینین لە زۆر ئایەتی تردا وەڵامیان ئەداتەوە: (أَفَبِعَذَابِنَا يَسْتَعْجِلُونَ * أَفَرَأَيْتَ إِنْ مَتَّعْنَاهُمْ سِنِينَ * ثُمَّ جَاءَهُمْ مَا كَانُوا يُوعَدُونَ * مَا أَغْنَى عَنْهُمْ مَا كَانُوا يُمَتَّعُونَ)[2] واتە: ئایا ئەوانە پەلەیانە زوو

---

[1] [الحج: ٤٧].

[2] [الشعراء: ٢٠٤-٢٠٧].

سزای ئێمە یەخەیان بگرێت؟! باشە ئایا ئەگەر ساڵەها مۆڵەتیان بدەین و ژیانی دنیا بەخۆشی ببەنە سەر، باوەڕ دەهێنن؟! پاشان ئەگەر ئەو هەڕەشە و سزایەی کە لەوان کراوە هاتە دی و پێش هات، دەتوانن چی بکەن؟! ئەوسا ئیتر ئەو ڕابواردنەی دنیایان هیچ فریایان ناکەوێت و بێسوود دەبێت. سبحان الله، پەلە ئەکەن لە هاتنی سزا و تۆڵەی پەروەردگار و دەیانەوێ هەر ئەمڕۆ بێتە سەریان! خۆ ئەگەر بیر بکەنەوە کە چەندە ئەژین لە دنیادا، ئایا ئەگەر خوای گەورە مۆڵەتیان پێ بدا و وایان لێ بکات کە بێن و بچن لە وڵاتدا؟! ئایا ئەمە مانای ئەوەیە کە نایانگرێت بە گرتنێکی دەسەڵاتداری بەتوانا؟! ئایا خوای گەورە پشتگوێیان ئەخات و ڕۆژێك تۆڵە و سزای بەتوندی خۆی نایانگرێت؟! سبحان الله، (أَفَرَأَيْتَ إِنْ مَتَّعْنَاهُمْ سِنِينَ)[1] واتە: باشە ئایا ئەگەر ساڵەها مۆڵەتیان بدەین و ژیانی دنیا بەخۆشی ببەنە سەر. وا دانێ کە وایە و ساڵەهای ساڵ مۆڵەتیان پێ درا، هەموو ژیانیان بەخۆشی و ڕابواردنەوە بەڕێ کرد و سزای خوای گەورە بۆیان نەهات، بەڵام لە کۆتاییدا:
( ثُمَّ جَاءَهُمْ مَا كَانُوا يُوعَدُونَ * مَا أَغْنَى عَنْهُمْ مَا كَانُوا يُمَتَّعُونَ)[2] واتە: پاشان ئەگەر ئەو هەڕەشە و سزایەی کە لەوان کراوە هاتە دی و پێش هات، دەتوانن چی بکەن؟! ئەوسا ئیتر ئەو ڕابواردنەی دنیایان هیچ فریایان ناکەوێت و بێسوود دەبێت. ئا ئەمە سەنگی مەحەکە و پێوەرەکە ئەمەیە؛ چییان بۆ ئەکرێت و چی توانایەکیان هەیە کاتێ سزا و تۆڵەی خوای گەورە ئەیانگرێتەوە و لوولیان ئەکات؟! پرسیار بکە لەوەی کە تەمەنێکی درێژی پێ دراوە و هەموو ئەو تەمەنەی لە ڕابواردن و لەزەت و خۆشیدا بەسەر بردووە: ئایا ئەو ساتەی کە خوای گەورە بە گرتنێکی دەسەڵاتداری بەتوانا ئەیگرێت، ئیتر ئەو هەموو خوشی و ڕابواردن و دنیایە هیچ سوودێکی پێ ئەگەیەنێت؟! (قُلْ أَرَأَيْتُمْ إِنْ أَتَاكُمْ عَذَابُهُ بَيَاتاً أَوْ نَهَاراً مَاذَا يَسْتَعْجِلُ مِنْهُ الْمُجْرِمُونَ)[3] واتە: بڵێ: هەواڵم بدەنێ باشە ئەگەر سزا و تۆڵەی خوا لە شەوگاردا یان لە ڕۆژگاردا یەخەی پێ گرتن، تاوانباران (بەتەمای چین؟) ئاخۆ بۆچی پەلە دەکەن؟! جا کاتێ سزاکە هاتە سەری و یەخەی پێ گرت، هەموو ئەو خۆشی و شادیانە ئەڕۆن؛ هەموو ئەو لەزەت و ئارەزووانە نامێنن و پووچ ئەبنەوە. لەبەر ئەوە لە فەرموودەی سەحیح و دروستدا هاتووە کە ئەفەرموێت: (أنه يؤتى يوم القيامة بأنعم أهل الأرض من أهل الدنيا، وهو من أهل النار، فيغمس في النار غمسة واحدة، فيقال له: هل رأيت نعيماً قط؟ هل ذقت نعيماً قط؟ فيقول: لا والله، ما ذقت نعيماً قط والعكس، يؤتى بأشد الناس بؤساً في الدنيا من أهل الجنة، فيغمس في الجنة غمسة واحدة،

---

[1] [الشعراء: ٢٠٥].
[2] [الشعراء: ٢٠٦-٢٠٧].
[3] [يونس: ٥٠]

يقال له: هل رأيت بؤساً قط؟ هل مرَّ بك شدة قط؟ فيقول: لا والله! ما ذقت بؤساً قط)[1] واتە: لە ڕۆژی قیامەتدا خۆشبەختترین کەسی دنیا ئەهێنن، کە لە ئەهلی ئاگرە، یەکجار لە ئاگری هەڵئەکێشن، ئیتر پێی ئەوترێ: ئایا هیچ خۆشییەکت دیوە لە ژیانتدا؟ ئایا هیچ خۆشییەکت چەشتووە؟ ئەڵێت: نەخێر، سوێند بێت بە خوا، هیچ خۆشی و لەزەتێکم نەبینوە و نەمچەشتووە؛ وە بەپێچەوانەشەوە، کڵۆڵترین کەسی دنیا ئەهێنن کە لە ئەهلی بەهەشتە، یەکجار هەڵیئەکێشن لە بەهەشت، ئەوجا پێی ئەوترێ: ئایا هیچ نەهامەتی وکڵۆڵییەکت لە دنیادا بینیوە؟ ئایا هیچ نارەحەتی و تەنگەشەییەکت بەسەردا تێپەڕیوە؟ ئەڵێت: نەخێر، سوێند بێت بە خوا، هیچ کڵۆڵی و نارەحەتییەکم نەدیوە. کەواتە عیبرەت و پەندوەرگرتن بە دەرەنجامە، ئیتر بۆچی پەلەکردن؟ موشریك و هاوەڵگیرەکان پەلەی هاتنی سزایان ئەکرد بۆ ئەوە بوو تەحەددای پێغەمبەرانی پێ بکەن -دروودی خوایان لەسەر بێت-، باوەڕیان بەو سزایە نەبوو کە هەڕەشەیان پێ لێ کرابوو و پێغەمبەرە بەڕێزەکانیش ئەیانترساندن و وریایان ئەکردنەوە بەوە کە مۆڵەتپێدانیان مانای ئەوە نییە کە سزای خوا نایەت و دواکەوتنی مانای بێئاگایی نییە لێیان، بەڵام خوای گەورە (سبحانه وتعالى) مۆڵەتی ئەدان، خوای گەورە مۆڵەت ئەدات بە ستەمکار تاکوو کاتێك کە گرتی ئیتر دەربازی نابێت لە خوا و پشتوپەنای دەست ناکەوێ؛ بۆیە خوای (متعال) نموونەی گەلانی پێش خۆمانی بۆ هێناوینەوە کە چۆن ئەوانە لە خۆشگوزەرانیدا ژیاون و تۆڵە و سزای خوایان لەبیرکردوە و بەدرۆیان خستۆتەوە و فەرمانەکانیان پشتگوێ خستووە. بەڵام هیچ ڕۆڵێکی نەبووە بۆیان، کاتێك سزا و تۆڵەی پەروەردگار گرتونییەوە، هیچ دەسەڵاتێکیان نەبووە لە خۆیانی لابەرن و دووری بخەنەوە؛ (أَلَمْ تَرَ كَيْفَ فَعَلَ رَبُّكَ بِعَادٍ * إِرَمَ ذَاتِ الْعِمَادِ * الَّتِي لَمْ يُخْلَقْ مِثْلُهَا فِي الْبِلادِ * وَثَمُودَ الَّذِينَ جَابُوا الصَّخْرَ بِالْوَادِ * وَفِرْعَوْنَ ذِي الْأَوْتَادِ * الَّذِينَ طَغَوْا فِي الْبِلادِ * فَأَكْثَرُوا فِيهَا الْفَسَادَ * فَصَبَّ عَلَيْهِمْ رَبُّكَ سَوْطَ عَذَابٍ * إِنَّ رَبَّكَ لَبِالْمِرْصَادِ)[2] واتە: ئایا نەتزانیوە پەروەردگاری تۆ چی کرد بە هۆزی عاد. کە ئەویش هۆزی (ارم) و خاوەنی پایەی بەرز و کۆڵەکە و نیرگەی درێژ بوون (گەلی عاد لە شاری ئیرەم کە باڵابەرز و تێکسمڕاو بوون، خانوبەرە و کۆشك و تەلاری بەرزیان دروست دەکرد). لە سەردەمی ئەواندا لە هیچ شار و شوێنێکدا، کۆشك و تەلاری وەك ئەوەی ئەوان دروست نەکراوە. ئایا نەتزانیوە گەلی سەموودیش خوا چی لێ کردن، ئەوانەی لە دۆڵ و شیوەکانەوە بەردیان دەتاشی و دەیانگواستەوە بۆ ناوقەدی چیاکان و لەوێ خانوویان دروست دەکرد؟. هەروەها فیرعەونی خاوەن ئەهرامەکان (چ کۆشك و بینایەکی مەحکەمیان وەکوو مێخ دادەکوتی بە زەویدا).

[1] مسلم (٢٨٠٧) عن أنس بن مالك.

[2] [الفجر: ٦-١٤].

ئەوانە کە ستەمیان بەرپا کرد لە وڵاتدا و خەڵکیان دەچەوساندەوە جا خراپە و تاوان و گوناهی زۆریان ئەنجام دەدا . ( دوای ماوەیەکی دیاریکراو) پەروەردگاری تۆ سزا و خەشم و قینی خۆی ڕژاند بەسەریاندا و تەفروتوونای کردن . بەڕاستی پەروەردگاری تۆ هەمیشە و بەردەوام لە چاودێریدایە بۆیان و ئامادەیە تۆڵە لە ستەمکاران بسێنێت.

کەواتە ئیتر پەلەپەل بۆچی؟! ئایا نازانن خوا چی بەسەر ژیار و شارستانێتیی گەلی عاد هێنا؟! کە لە شارستانێتییە ژێرخۆڵکەوتووەکانە، کە شتی سەرسوڕهێنەری لێ دەگێڕنەوە؛ وەك أبو الدرداء کاتێك ئەچێتە دیمەشق و ئەبینێت وا خەڵکی بەراورد بەو ژیانەی کە لە مەدینەدا هەبوو لە نازونیعمەت و خۆشییەکی زۆردان، ئەڵێت:

(یا أهل دمشق، ما لي أراكم تبنون ما لا تسكنون، وتجمعون ما لا تأكلون؟! إن الأمم قبلكم قد بنوا فشادوا، وجمعوا فأوعوا، وإنه قد بلغنا عن عاد أنهم بنوا لبنة من ذهب، ولبنة من فضة، فمن منكم يشترى تركة آل عاد بدرهمين؟)[1] واتە: ئەی خەڵکی دیمەشق، ئەتانبینم شتێك دروست ئەکەن کە تێیدا دانانیشن و ئەوەی کۆی ئەکەنەوە نایخۆن؟! بەڕاستی گەل و نەتەوەکانی پێش ئێوە بینا و خانووی چاك و پتەویان دروست کرد و کۆیان کردەوە و سەریەکیان نا؛ وە پێمان گەیشتووە کە عاد خانووەکانیان هەر خشتێکی زێڕ بووە و خشتەکەی دیکەشی زیو، دەی کێ لە ئێوە ئێستە پاشماوەی عاد بە دوو درهەم ئەکڕێت؟! هیچ کەسێك، چونکە هیچی نەماوەتەوە و هەمووی لەناو چووە و تەفروتوونا بووە و پووکاوەتەوە و خوای گەورە نەیهێشتووە. شارستانێتیی فیرعەونەکان، تاکوو ئێستە لەگەڵ ئەو هەموو شارەزایی و وردیکارییەدا کە زانیاریی نوێ بەکاری هێناوە، نەگەیشتۆتە شارەزابوون لە زۆرێك لەو پێشکەوتنەی کە ئەوان بەکاریان هێناوە، وەك مۆمیاکردنی مردوو و بەتاڵکردنەوەی هەوا تاکوو ئێستا زانیاریی نوێ سەرسامە لەوەی کە چۆن ئەوانە توانیویانە بگەنە ئەو ڕادە پێشکەوتووە. ئێستە کە ئەوان ڕۆیشتوون و نەماون و تۆڵەی خوا پێچانییەوە، کاتێك ئەوانە داوای پێشخستنی سزای خوایان ئەکرد و پەلەیان بوو لە هاتنی! هەروەها لە هەمووکات و شوێنێکدا کافر و بێباوەڕان پەلەی هاتنی سزا و تۆڵەی خوا دەکەن و گاڵتەی پێ ئەکەن و ئەڵێن: ئەوە بۆ دوا کەوت و نەهات! جا کاتێك ماوەیەکی بەسەردا چوو، دڵیان ڕەق بوو و پەیمان و هەڕەشەی خوای گەورەیان لەبیر چۆوە، پاڵ ئەدەن بە دنیا و خۆشی و لەزەتەکانی دنیا، بێئاگا ئەبن لە هەموو ئەوانەی کە لەلایەن خواوە بۆیان هاتووە: (فَلَمَّا نَسُوا مَا ذُكِّرُوا بِهِ فَتَحْنَا عَلَيْهِمْ أَبْوَابَ كُلِّ شَيْءٍ)[2] واتە: ئینجا کاتێك ئەو بەرنامە و ڕێبازەی

---

[1] ذكره ابن كثير في التفسير (٣/٣٤٢) عن أبي الدرداء.

[2] [الأنعام: ٤٤].

کە یادیان خرابۆوە، فەرامۆشیان کرد، ئێمەش دەروازەکانی هەموو شتێکیمان بۆ والآ کردنەوە و بۆمان خستنە سەرپشت -نازونیعمەتمان بەسەردا ڕژاندن-، ئیتر خێروخۆشی لە هەموو لایەکەوە بۆیان دێت و ئەمە واقیعە و ئێستە لە بەرچاوە. ئەم ژیارەی ئەمڕۆی ڕۆژئاوا زیندووە و لە بەرچاومانە، کاتێك بە خەڵکی ئەڵێین: بێ گومان ڕۆژئاوا ئەڕووخێت، ڕۆژئاوا بەردەوام نابێت بەو شێوەیە، چونکە بێفەرمانی خوای گەورە ئەکات و گەیشتۆتە پۆپەی ملنەدان و پشتهەڵکردن و لەبەر ئەوەی کە سزا و تۆڵەی خوا گەورە هەموو شارستانێتییەکانی پێشووی لەناو بردەوە و ئەمیش ئەگرێتەوە و دەرباز نابێت و لە سوننەتی خوا دەرناچێت، هەندێك لەوانەی کە کورتبینن یان بوونەتە ڕۆژئاوایی و تەنها بە چاویلکەی جیهانی ماددی واقعەکە ئەبینن، ئەڵێن: ئەم شارستانێتییە، هۆکاری مانەوەی هەتاهەتایی لەخۆ گرتووە و هەرگیز ناڕووخێت. بەڵێ، ڕاگرەکانی لەخۆی گرتووە بەردەوام بێت تاکوو خوای گەورە ئەیەوێت. ئەمانە مەگەر ئیمان بێنن بە خوای پەروەردگار و واز لە کوفر و بێباوەڕی بێنن، ئەگینا هەر ڕۆژێك دێتە پێشەوە کە خوای گەورە بە هێز و دەسەڵاتی خۆی ئەیانگرێت و لوولیان ئەکات، کە هەموو شارستانێتییەك و هەموو ئوممەت و نەتەوەیەك بەم شێوە بووە. ئەگەر باوەڕی نەهێنابێت و نەگەڕابێتەوە بۆ لای پەروەردگارەکەی، ئەوا بێ گومان خوای گەورە لەناوی بردووە و پاش ماوەیەك لەبیریش چۆتەوە. کافر و بێباوەڕەکان پەلەی هاتنی سزای خوا ئەکەن، کە هیچ گومانی تێدا نییە کە ئەیانگرێتەوە و دەرباز نانن. وا ئەزانن کە ئەو سزایە کە خوای گەورە بۆی داناون دوورە و نایانگاتێ. جا چ سزای دنیایی بێت یان قیامەتی کە ئەمەیان زۆر بەهێزتر و لەناوبەرترە لە سزای دنیا: (وَالسَّاعَةُ أَدْهَى وَأَمَرُّ)[1] واتە: وە قیامەت ڕۆژێکی زۆر سەختتر و تاڵترە. ئەوان پەلە ئەکەن لە هاتنی سزای پەروەردگار بۆ سەریان، بەڵام ( إِنَّهُمْ يَرَوْنَهُ بَعِيداً * وَنَرَاهُ قَرِيباً)[2] واتە: بەڕاستی ئەو بێباوەڕانە قیامەت بە دوور ئەبینن * ئێمەش زۆر بە نزیکی ئەزانین. جا ئەمە حاڵی بێباوەڕانە لەگەڵ سزا و تۆڵە و هەڕەشەکانی خوای گەورەدا بۆیان.

---

[1] [القمر: ٤٦].

[2] [المعارج: ٦-٧]

سێیەم: کۆسپی هەڵەشەیی و پەلەپەل لە بانگەوازدا: ئەم جۆرە لە پەلە و هەڵەشەکردن پەیوەندیی بە ئیماندارانەوە هەیە، ئەمان پەلەکردنەکەیان لە جۆرێکی ترە، ئەویش کە لە سەرخۆیو هێواش هاتنی سەرکەوتنی خوای گەورەیە بۆ ئیمانداران، خوای گەورە ئەفەرموێت: ﴿أَمْ حَسِبْتُمْ أَنْ تَدْخُلُوا الْجَنَّةَ وَلَمَّا يَأْتِكُمْ مَثَلُ الَّذِينَ خَلَوْا مِنْ قَبْلِكُمْ مَسَّتْهُمُ الْبَأْسَاءُ وَالضَّرَّاءُ وَزُلْزِلُوا حَتَّى يَقُولَ الرَّسُولُ وَالَّذِينَ آمَنُوا مَعَهُ مَتَى نَصْرُ اللَّهِ أَلا إِنَّ نَصْرَ اللَّهِ قَرِيبٌ﴾[1] واتە: ئایا لاتان وایە هەروا بەئاسانی دەچنە بەهەشتەوە ( بێ تەنگانە و ناخۆشی؟) مەگەر نموونەی ئیماندارانی پێشووتان بۆ باس نەکراوە، کە تووشی شەڕ و ناخۆشی و تەنگانە و گرانی و نەداری بوون و تەکانیان خواردووە و زۆریان بۆ هاتووە بە ڕادەیەك هەتا پێغەمبەرەکەیان و ئەوانەی باوەڕیان هێناوە لەگەڵیدا، دەیانوت: کەی پەروەردگار سەرکەتن دەبەخشێت؟! ئیتر کەی خوا یارمەتی دەنێرێت؟! ئاگادار بن و دڵنیا بن بەڕاستی یارمەتی خوا زۆر نزیکە. تەنانەت نەوەی یەکەمی ئەم ئوممەتە، هاوەڵە بەڕێزەکان پەلەیان دەکرد کە سەرکەوتنی خوا بێت و هاتنە خزمەت پێغەمبەر: (ولهذا جاءوا إلى النبى ﴿ﷺ﴾ وهو متوسد فى ظل الكعبة، فقالوا: يا رسول الله! ادع الله على قريش! وشكوا إليه ما وجدوا، فقال صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: والله ليتمن الله هذا الأمر حتى تسير الظعينة أو الراحلة من صنعاء إلى حضرموت، ولكنكم قوم تستعجلون.)[2] واتە: لە بەر ئەوە هاوەڵەکان هاتنە خزمەت پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾ کاتێك کە پاڵی دابۆوە لە سێبەری کەعبەدا، وتیان: ئەی پێغەمبەری خوا﴿ﷺ﴾! نزا بکە لە قوڕەیش لە لای خوا! شکاتی حاڵی خۆیان کرد کە چییان بەسەر هاتووە، پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾ فەرمووی: سوێند بە خوا، خوا ئەم کارە تەواو ئەکات و دەری ئەخات، تاوەکو سوار لە یەنعاوە بەرەو حەرموت بڕوات، بەڵام ئێوە گەلێکن پەلە ئەکەن. پەلە مەکەن، خوای گەورە ئەم ئایینە تەواو ئەکات و سەری ئەخات. { سوراقەی کوڕی مالك هات بەرەو ڕوی پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾ بە هیوای ئەوەی سەد حوشترەکەی قوڕەیشی دەزگیر ببێت (کە پەیمانیان دابوو بە هەر کەسێك کە ئەگەر موحەممەدیان بۆ بێنێت، ئەوا سەد حوشتری بە خەڵات پێ ئەبەخشن) هات و شوێن پێغەمبەر﴿ﷺ﴾ کەوت، دوای ئەوەی ئەو بەڵگە گەورەو ڕۆشنەی بینی و قاچی ئەسپەکەی چەند جارێك چەقی لە زەویەکەو هەڵیدا، پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾ پێی ئەفەرموێت: {أبشر بسواري كسرى، يا سراقة أمن أجل الدنيا تأتى} { مژدە بێ بۆ تۆ هەردو بازنەکەی کیسران، ئەی سووراقە ئەوە لە پێناوی دنیادا شوێنمان دەکەویت! }. پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾ پەیمانی هەردوو بازنەکەی کیسرای پێ دا، خەیاڵە!!! هەردو بازنەکەی کیسرا! کێ خەو ئەبینێت بەوەی تەنانەت کیسرا ببینێت؟! کێ ئەیویراو تەماعی هەبوو لە

---

[1] [البقرة:٢١٤].

[2] رواه البخارى (٣٤١٦، ٦٥٤٤). عن خباب بن الأرت.

عەرەبەکان کە ناوی کیسرا بێنێ؟ کیسرا لە کوێیە و ئەمان لە کوێن! شتێکە لە سەروی خەیاڵەوە! وا ئەم دەشتەکیە پەیمانی پێ ئەدرێ. لە کێشەوە ئەو پەیمانەی پێ ئەدرێ؟!! لە کەسێکەوە کە بۆ خۆی بە ترسەوە دەرچووە لە مەککە و تاکو دەرباز بێت لە گەلەکەی و نەیکوژن ﴿ﷺ﴾ خۆی و ئەبوبەکری ڕاستگۆی لەگەڵەو لە ترسی ئەوەی نەوەك موشریك و بێباوەڕانی مەککە بیانکوژن لە مەککە دەرچوون، سبحان الله! لەم حاڵەتە! وە ئایا لە حاڵەت و بارودۆخێکی وادا تۆ تەنانەت لە خۆشت ئەمینی نەخوازەڵا پەیمانی وا بە کەسێکی تر بدەیت؟! ئا ئەمەیە بینش و لێکدانەوەی مرۆڤ، لێکدانەوەی ئەوانەی کە بەردەوام ئەڵێن: کارەکە حساباتێکی وردی هەیەو، نەخشەو ئیعتباری ورد هەڵئەگرێ. تۆ ئێستە ئەتەوێت من بگەڕێمەوە تاکو نەتگرم و نەتدەمە دەستی قوڕەیش، لەگەڵ ئەوەشدا پەیمانی بازنەکانی کیسرام پێ ئەدەی! نەیفەرموو دوای نەوەیەك یان دوو نەوە، سەیرکەن لاوازی ئیمان بەرەو کوێمان ئەبات ئەگەر تەنها پشت بە هۆکارە مادییەکان ببەستین، تێڕوانین و بۆچونمان تەنها ماددی بێت ئیتر هەرچەندە نەخشەو داڕێژراوەکانیش توندو تۆڵ بن، خوای گەورەو دەستورو ڕێڕەوێکی هەیە کە لە هەموو ئەوانە گەورەترن. پاش تێپەڕبوونی ماوەیەکی زۆر بە سەر وادەی پێغەمبەردا ﴿ﷺ﴾ بۆ سوراقەن لەسەردەمی جێنشینی عومەری کوڕی خەتتاب خوا لێی ڕازی بێت ئەو وادەیە هاتە دی کە بە سوراقەی دابوو، هەردوو بازنەکانی کیسرا بە غەنیمەت کەوتنە دەستی موسڵمانان و خەلیفە عومەریش سوراقەی بانگ کردو فەرمووی: ئەوە ئەو وادەیە بوو پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾ پێی دابووی کە دەبێتە خاوەنی، ئەوە بازنەکانی کیسرایەو بۆ خۆت!! الله اکبر. کاتێك پێغەمبەر﴿ﷺ﴾ لەگەڵ هاوەڵەکانید چاڵیان بە دەوری مەدینەدا هەڵئەکەند مژدەی ڕزگارکردنی موڵکی کیسرای پێ دان! دوڕووەکان وتیان: ئەوە موحەممەد و هاوەڵەکانی یەکێکیان تواناى سەرئاویشیان نییە لە ترسا، کەچی وادەی کۆشك و تەلارەکانی کیسرایان پێ ئەدات! سەیری لاوازی ئێمان بکەن، لاوازی متمانە بە خوای گەورە، دوڕوویی!! لەگەڵ ئەوەشدا خوای گەورە سبحانەوتعالی مژدەی پێغەمبەرەکەی ﴿ﷺ﴾ هێنایە دی وەك ئەزانن سوپاس بۆ خوا، فەرمودەی پێغەمبەریان لە سەر هاتە دی کە فەرمووی: {إذا هلك كسرى فلا كسرى بعده، وإذا هلك قيصر فلا قيصر بعده، والذى نفسى بيده لتنفقن كنوزهما فى سبيل الله عز وجل}[1] واتە: ئەگەر کیسری تێدا چوو ئیتر کیسرایەکی تر نایێت لە دوای ئەو، وە ئەگەر قەیسەریش تێدا چوو ئیتر قەیسەرێکی تر نایێت لە دوای ئەو، سوێند بەوەی کە گیانی منی بە دەستە هەموو گشت سامان و گەنجینەکانیان ئەبەخشن لە پێناوی خوادا. پەلە مەکەن ..! ئەو گەنجینەو پارەو شارستانیەتانەی دروست ئەکرێن،

[1] مسلم (٢٩١٨)، الترمذی (٢٢١٦)، أحمد (٢/٢٣٣، ٢٤٠، ٢٥٦، ٢٧١، ٣١٣، ٤٣٧) من حديث أبى هريرة

ئەو ملیارانەی کە کافران و بێ باوەڕان بە دەستی دێنن، سوێند بەوەی گیانی منی بە دەستە ئەگەر ڕاستگۆ بین لەگەڵ خوای گەورەدا هەمووی ئەبەخشێنرێنەوە لە پێناوی خوادا! ئا ئەمە کە لە حەرام کۆبۆتەوەو خڕکراوەتەوە، یان ئەوانەی کافرو بێ باوەڕان لە ماڵ و سامانی موسوڵمانان کۆیان کردۆتەوە، با پەلە نەکەین: { والذی نفسی بیده لتنفقن کنوزهما فی سبیل الله عز وجل }،ئەو کاتە کارەکە بە پێچەوانەی ئەوەی لێ دێ کە بە هیوای بوون، بۆ ئەوەیان کۆ کردۆتەوە کە دژایەتی ئیسلام و ئەهلی ئیسلامی پێ بکەن، خوای گەورە ئەیکاتە دەستکەوتێك بۆ موسوڵمانان، ئەبێتە یارمەتیدەریان لە جیهادو تێکۆشان لە پێناوی خوادا. خۆ ئەگەر موسوڵمانەکان دەرچونایە تاکو ئەو ماڵ و سامانانە بۆ خۆیان بەرن و بیخۆن و بۆیان بمێنێتەوە ئەوە خوای گەورە نەیئەکردنە میراتگری، لە بەر ئەوە لە فەرموودەکەدا ئاگاداریەك هەیە بۆ ئیمانداران، { لتنفقن کنوزهما فی سبیل الله} { پارەو سامان و ماڵەکەیان لە پێناوی خوادا ئەبەخشن } ئەگەر شەڕمان کرد ئەوە لە بەر خوایە، وە ئەگەر تورە بوین ئەوە لە بەر خوایە، وە ئەگەر بانگەوازمان کردو خەڵکمان بانگ کرد ئەوە لە بەر خوایە، وە ئەگەر ڕازی بوین ئەوە لە بەر خوایە، هەموو کارەکان ئەبێت لە پێناوی خواو لە بەر ڕەزامەندی خوای گەورە بێت، خۆ ئەگەر هاوەڵە بەڕێزەکان دەرچوونەکەیان لە بەر دنیاو دەستکەوتنی خۆشیەکی دنیایی بوایە هیچیان پێ نەئەبڕاو نەئەبونە خاوەنی هیچ شتێك، یان ئەگەر لەگەڵ بەدەستهێنانی یەکەم دەستکەوت و غەنیمەتدا یەکسەر لە ناو خۆیان دابەشیان کردایەو لێیان ببوایە بە کێشمەکێشم، ئەوە نەئەبونە خاوەنی هیچ. لە (بلاط الشهداء)دا چی ڕوویدا؟ ئەوەندەیان غەنیمە و دەستکەوت گرت تا بێتوانا بوون لە هەڵگرتنی!! ئەڵێم: پەلەکردنی ئیمانداران یان بەهێواشزانینیان بۆ هاتنی سەرکەوتنی خوای گەورە بۆیان، یەکێکە لەو کارانەی پێویستە بە بەڵگەی دروست و وردبوونەوەی دروست لە بانگەواز ڕوون بکرێتەوە کە ئەمە پێچەوانەی سوننەت و پەیڕەوی خوای گەورەیە (سبحانه وتعالی)؛ ئەگەر چی ڕووش ئەدات، خوای گەورە ئەفەرموێت: (حَتَّى إِذَا اسْتَيْأَسَ الرُّسُلُ وَظَنُّوا أَنَّهُمْ قَدْ كُذِبُوا)[١] واتە: بەڵێ بێهیوایی دێ، هەستکردن بەوە دروست ئەبێت کە ئیتر کارەکە بڕاوەتەوە و تەواو بووە و هیچ فرتوفێڵ و ئەملاولایەك دەوری نەماوە و لەوانەیە دڵەکان وا هەست بکەن کە ئیتر سەرکەوتن یان نایەت یان دوا ئەکەوێت، بەڵام ئەڵێین: نابێت و دروست نییە مرۆڤ هیواپچڕاو بێت بە خوای گەورە. وا بزانێت سەرکەوتن و پەیمانی خوای گەورە نایەت و دوا ئەکەوێت، نابێت مرۆڤی موسوڵمان بە هیچ شێوەیەك هیواپچڕاو ببێت بە سەرکەوتنی و یارمەتی پەروەردگار بۆ بەندە ڕاستەقینەکانی خۆی.

[١] [یوسف: ١١٠]

چوارەم: کۆسپی هەڵەشەیی و پەلەپەل لە بانگەوازدا: لە سەر برایانی بانگخواز پێویستە-خوا یارمەتی ئێمەش و ئەوانیش بدات- کە چارەسەری ئەم کارە بکەن کاتێك کە ڕووداوێك یان کارێك تووشی موسوڵمانان دێت، لە هەموو ڕووداوێك و لە هەموو هەڵوێستێکدا، وە لەگەڵ هەموو کەسێکدا کە بانگی ئەکەن، لە سەریان پێویستە کە ئەم سۆزو عاتیفەو غەزیزە هەڵچووە چارەسەر بکەن، ئەویش بە لە سەرخۆیی و پەلە نەکردن و گرتنە بەری چارەسەری گونجاو، لە پێکهێنانی کەسایەتیت یان زانستیت یان هەر شتێکی تر بێت. برای وایە ئەڵێت: ئەمەوێ هەموو قورئان لە بەر بکەم، لە عیلم و زانستا بگەمە فلان پلەو فلان پلە، لە ماوەیەکی کەمدا بگەمە ئاستێکی زۆر بەرز، پەلە ئەکات و خۆی ماندوو ئەکات تاکو هەرچی زووە بگاتە ئاستێکی دیاری کراو لە زانست و زانیاری، جا ئەگەر ئەوەی بۆ نەکراو بۆی سەرنەگیرا- کە بۆی ناکرێت و سەرناگرێت تەنها بە ڕۆشتن لە سەر سوننەتەکانی خوا نەبێت- دەڕوخێت و بە یەکجاری واز دێنێت، چونکە مرۆڤ لەگەڵ ئەو تواناو تێکۆشانەشدا کە هەیەتی، وە لەگەڵ ئەو کاتەشدا کە لە بەر دەستیدایە، هەر بەو شێوەیەی بۆ ناکرێ کە دەیەوێ، پاشان ئیتر لەوانەیە تووشی تێکشان و داڕوخان ببێت، وە لەوانەیە هەر وازیشی لێ بێنێ و ئەوەی کە دەستی پێ کردووە تەواوی نەکات .. لێرەوە دەبێ باش بزانین بۆ چارەسەرکرنی هەر ڕووداو و پێشهاتێك نابێت بە پەلەو جرت و فرت دەستی بدەیتێ، دەبێ لە سەر خۆ بیری لێ بکەیتەوەو بڕیاری لەسەر بدەیت و چارەسەری بکەیت. پەلە کردن لە بەر چی، پێش ئەوەی ڕووداوەکە بە تەواوی بزانیت و چی لە دواوەیەتی و دەرەنجام و پاشماوەکەی بە چی ئەگات، پێش ئەوەی بگەیەت بە کەسانێك کە لە خۆت شارەزاترو ئاگادارترن و پرسیاریان لێ بکەیت و ڕایان وەر بگریت، کە وردبینترو بەرچاوڕۆشنترن لەو کارەدا لە تۆ؟! پەلە مەکە لە فەرماندان بەسەر کارێکداو لە خۆتەوەو بە هەڵەشەیی و بێ لێکۆڵینەوە فەرمانی بۆ دەر مەکە. دوو سیفەت هەن خوای گەورە سبحانەوتعالى خۆشی ئەون، وەك پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾لە فەرمودەی (أشج عبد القيس) باسی کردوون ئەو دوانەش : نەرم و نیانی و لە سەر خۆیی و هێمنین، فەرمووی: {إن فيك لخصلتين يحبهما الله: الحلم والأناة }[1] واتە: تۆ دوو ڕەوشت و ئاکارت تێدایە خوا خۆشیانی دەوێ: نەرم و نیانی و لە سەر خۆیی و هێمینی. مەبەست لە الأناة: لە سەر خۆیی و ورد هەنگاو هەڵهێنانە، کە مرۆڤ دوای ئەوە پەشیمان نابێتەوە لەسەری، وە ئەگەر داواو پاڕانەوەشت لە خوای گەورە کرد عزوجل ئەوە لە سەر خۆو هێمن و نەرم و نیان بەو پەلە مەکە. لەوانەیە تاوانبارو گوناهبارێك بگۆڕێ بە کەسێکی زۆر زۆر باش و سوودبەخش بۆ ئیسلام- کە ئەمە زۆر جار ڕووی داوە- ببێتە شمشێرێکی تیژ لە سەر دوژمنانی ئیسلام،

[1] مسلم (١٧) عن ابن عباس.

بیێتە چقڵی چاوی بانگخوازانی شەڕو فەسادو خراپەکاری، بەڵام دوای ئەوەی کە بانگخوازان دەبێ بە ئارام بن لەگەڵیداو نەرم و نیان لەگەڵیدا هەڵس و کەوت بکەن تاکو بە ئاگا دێتەوەو بە ڕێگەی ڕاست ئاشنا ئەبێت، ئیتر گوێڕایەڵ ئەبێت و وەری ئەگرێت، تاکو بزانێت و بۆی ڕۆشن بێتەوە کە تۆ بانگی ناکەیت مەگەر بۆ خێری هەردو دنیا نەبێت و هیچ مەبەستێکیت پێ نییە تەنها پیشاندانی ڕێگەی ڕاست نەبێت، کەواتە هەر ئەبێ نەرم نیان و لە سەر خۆ بین و پەلە پەل نەکەین بە تایبەت لە بانگەوازماندا لەگەڵ کەسانێکدا کە تازە دێنە ناو ئیسلام. پەلەکردن لە بڕیارە تاکەکەسیەکاندا، بەوەی کە مرۆڤ پەلە بکات لە بڕیارێکدا، دوایی پەشیمان بێتەوە، هەروەها پەلەکردن لە بڕیارەکانی بانگەوازدا، کارێکی بێ بەرهەمەو ئاکامێکی نەزۆکی لێ ئەکەوێتەوە، ئەبینین بانگخوازی وا هەیە ئەوەندەی پەلەیە ئەیەوێت یەکسەر هەرچی پرسیارێکی لە هەر بوارێك لە بوارەکانی بانگەوازدا کرد یەکسەر وەڵامەکەی وەر بگرێتەوە، ئەیەوێت خێراو بە پەلە ببێتە خاوەن ئیستیقامەو جێگیر بوون، یان پەلە ئەکات لە سوننەتەکانی خوای گەورە کە جاری کاتی خۆیان نەهاتووەوبە هیچ شێوەیەك گۆڕانکاریان بەسەردا نایەت، ئەیەوێت خێرا جێبە جێ ببن. بێ گومان خوای گەورە پەیمانی داوە بە ئیماندارانی بەوە کە سەرکەوتنیان پێ دەبەخشێت: (إِنَّا لَنَنْصُرُ رُسُلَنَا وَالَّذِينَ آمَنُوا فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَيَوْمَ يَقُومُ الْأَشْهَادُ)[١] واتە: بەڕاستی ئێمە پێغەمبەرەکانمان و ئەوانەش کە باوەڕیان هێناوە سەردەخەین، لە ژیانی دنیادا هەروەها ئەو ڕۆژەش کە شایەتەکان شایەتی دەدەن.

بەلاَم مرۆڤ بەردەوام دەڵێت: ئەوە بۆ سەرکەوتنی خوا نەهات؟!! چاوەڕوان ناکات و بەپێی سوننەتە خواییەکە هەنگاو نانێ، ئەیەوێت ئێستەو لە تەمەنی خۆیدا ببینێت..! لە ڕاستیدا ئەم پەلەکردن و هەڵپەکردنە دەردێکەو خەڵکی پێوە تووش هاتووە، بەڵام کەسێك کە کتێبی خواپاشان سوننەتی پێغەمبەری ﴿ﷺ﴾ خوێندبێتەوە نابێت تێی بکەویت و پێوەی گیرۆدە بێ، پێویستە بانگخوازان ئاگاداری ئەوە بن کە ئەم دەردە بەرەو بێهیواییان نەبات و تووشی تەممەڵی و دانیشتنیان نەکات، ئەرکی سەرشانی هەمووومانە بە گشتی کە سوننەت و ڕێڕەوەکانی خوای گەورە باش بزانین و تێان بگەین، بزانین کە پەیڕەوی ڕاست و دروستی خوایی لە گۆڕینی کۆمەڵگاو خەڵکاندا چییە. ئەمڕۆ ئێمەو هەموو ئوممەتی ئیسلامی بەرەنگاری دوژمنەکانمان بوینەوە لە ڕۆژهەلاَت و ڕۆژئاوا بە گشتی، ئایا ئەبێت پەلەی سەرکەوتن بکەین و بڵێین ئەبێ لە ماوەیەکی کەمدا خوای گەورە سەرکەوتنمان پێ ببەخشێت، پەلە بکەین لەوەی کە لای خوایە، لەوەی کە خوا پەیمانی داوە بە ئیمانداران، هەڵپە بکەین لەوەی کە چی بکەین و چی نەکەین و کارەکانمان بە هێمنی و وردبینی و لە سەرخۆیی و بە لێکۆڵینەوە نەکەین؟!

---

[١] [غافر:٥١]

لەگەڵ ئەوەدا کە پێویستە لە سەرمان کارەکانمان بە لە سەرخۆیی و دیراسەکردن و ورد بینیەوە ئەنجام بدەین، پێویستە مێژوو باش بخوێنینەوە، پەندو ئامۆژگاری لێ وەربگرین، چۆن و بە چ شێوەیەك خوای گەورە سبحانەوتعالی حاڵی میللەتانی گۆڕیوە؟! کاتێك کە هێرشەکانی تەتارو خاچ پەرستەکان هاتنە سەر وڵاتی ئیسلام و مسوڵمانانیان شکاند، کۆمەڵە سوننەن و ڕێگەیەك هەبوون بۆ گۆڕانکاری و سەرکەوتنی موسوڵمانان، گرتیانە بەرو پاشان توانیان خاچپەرستان لەناوبەرن و بیانخەنەوە کونەکانی خۆیان. بەم شێوەیە ئەرکی سەرشانی بانگخوازانە کە کۆسپی پەلەکردن و هەڵەشەیی و زووبڕیاردان لە کاری بانگەوازدا چارەسەر بکەن، نەخوازەڵا بۆ خۆیان تێی بکەون و گیرۆدەی ببن. بەڕاستی ئەمڕۆ بانگەواز بۆ ئیسلام پێویستی بە چەند بانگخوازێکی جێگیر و ئارام و نەرمونیان و دووربین هەیە کە بتوانن کاری ئیسلامی بەرەو ئاستێکی بەهێز و بەتوانا ببەن و جڵەوی ئەو کارە بگرنە ئەستۆ.

پێنجەم: کۆسپی هەڵەشەیی و پەلەپەل لە بانگەوازدا: ئەوەندەی ورد بومەتەوە لە سوننەتەکانی خوای گەورەو بینیومە، نەوەی ڕوخاو و شکست خواردوو سەرناکەوێت، بەڵکوو سەرکەوتنی لێوە دروست ئەبێت و لە دایك ئەبێت. چونکە یەکەم نەوەیە کە هەست بە تاڵ و تفتی ڕوخان و ژێر کەوتن و زەلیلی ئەکات، ئەمەش لە نیعمەتەکانی خوایە . وە لەوانەیە نەخوشی و لەش ناساغی ببێتە هۆی چاك بونەوەی لاشەی مرۆڤ.

شاعیر وتویەتی: (وربما صحت الأجساد بالعلل) دەردو بەڵا دێن بەسەرتا، ڕووخان و دارمان دێن بەسەرتا، گرفت و تەنگەشەکان ئەملاولات ئەدەن، ئیتر لە ناختدا هەست بە کەم و کوڕی و کەمتەرخەمی ئەکەیت هەست ئەکەیت پێویستە لە سەرت کە هەڵوێست وەربگریت و بگەڕێیتەوە بۆ فەرمانی خوای گەورە، ئیتر لێرەوە خاڵی دەستپێکردن دروست ئەبێت، بۆ ئەوەی سەرکەوتنێکی کۆتایی و بەردەوام بێت پێویستی بە ماوەیەکی دوورودرێژو کاتێکی زۆر هەیە، بە چەند ساڵێکی دیاریکراو سنووری بۆ دیاری ناکرێت، بەڵکوو هەرچۆنێك بێت و هەرچەندێکی بوێت پێویستی بە ئارامی و لە سەر خۆیی هەیە. ئینجا لێرەو پێویستە لە سەرمان بەوەی کە لە هەر ڕووداوێکدا، وە لە هەر قۆناغێکدا، وە لە هەر کاتێکدا، بنەما سەرەکی و بنچینەییەکانمان لە یاد نەچێتەوە کە هەر کارێکی لە سەر پێك دێت و بەرهەم دێت. پێویستە سەرەتا ئەوە باش بزانین کە تەوحیدو یەکخواپەرستی یەکەمین بنەماو بنچینەی سەرەکییە لە بانگەوازو جیهادو تێکۆشانماندا، تەوبەو پەشیمان بونەوەو داوای لێبوردن کردن لە خوای گەورەو بە کوڵ لە خوا پاڕانەوە، واز هێنان لە گوناهو تاوان، هەڵکەندنی دەروون لەوەی کە خوا قەدەغەی کردووە، لێپرسینەوە و موحاسەبەکردنی خۆ، ئەمانە هەموویان پێویستن و لە هەموو حاڵێکی ژیانماندا دەبێ لەگەڵمان بن و لێمان دوور نەکەونەوە.

ئەگەر یەکێك لە خودی خۆیدا ویستی کە عیلم وزانیاری وەربگرێت و فێری ببێت، ئەوە یەك ئەرکێك پێویستە خێرا بێت لەسەری بەجێهێنانی یەکخواپەرستییە لە خۆیدا. ئەگەر ویستی جیهادو تێکۆشان لە پێناوی خوا بکات، ئەوە تەوحیدو یەکخواپەرستی یەکەم واجب و فەرمانە بەسەریەوە. ئەگەر ویستی کە بانگەواز بکات و خەڵکی بەرەو ئیسلام بێنێت، ئەوە تەوحیدو یەکتاپەرستی یەکەم واجب و فەرمانە بەسەریەوە. وە ئەگەر هەر کارێك لە کارەکانی دنیای مەبەست بوو بەجێیان بێنێ، ئەوە یەکەم شتێك کە پێویستە دەستی پێ بکات تەوحیدو یەکتاپەرستییە، ئینجا دوای ئەوە ئەبێت دەست بگرێت بە سوننەت و ڕێڕەوەکانی خوای گەورەوە لە گۆڕانکاریەکانی ژیاندا. جا نەوەی یەکەم، نەوەی ڕوخاوو، یەکەم نەوەی تێکشکاو و ڕوخاوەو هیچی پێ ناکرێ، لە بەر ئەوە بینیمان کە چۆن ڕوخان و شکستی و تێکشان گشت جیهانی ئیسلامی گرتەوە، هەروەك چۆن لە ساڵی(١٩٦٧) لە شەش ڕۆژدا (لەو شەش ڕۆژەی هەموو سوپای عەرەبی لە بەرامبەر ئیسرائیل تێکشکان) تێکشکان و مەینەتی هەرە گەورە ڕوویدا، بەڵام دەبینین لەوێوە نەوەی ڕابونی ئیسلامی دروست بو و گەڕانەوە بۆ لای خوا دەستی پێ کرد. هەموو ڕژێمە نەتەوەیی و ئیشتراکیەکان هەموو ڕوخان و داڕمان و نەمان، ئایدولۆجیاو فیکرو بۆچونەکانیان لە دڵ و مێشکی خەڵکیدا هەرەسی هێنا، هەرچی بانگەشەی درۆ و داهێنراو و لە دەرەوو هاتوو هەبوو هەموو دەرکەوتن و ناسران، ئیتر وردە وردە بیریان کردەوەو گەڕانەوە بۆ لای خوای گەورە. با سەیر بکەین بزانین چەندمان پێویستە؟ گومانی تێدا نییە کە تا ئێستە نەگەشتوینەتە ئەو حاڵەتەی کە ئەهلی سەرکەوتن بین؛ چونکە مەسەلەکە بە ماوەیەکی کەم نایێتە دی و پێویستی بە کات و ماوەیەکی دوورو درێژ هەیە، تاکو نەوەیەکی پاك و پوخت و مەچەك بە دەستنوێژ بێنە پێشێ و هەرچی پاشماوەی نەفامی هەیە ڕایماڵن و ئیسلام سەرلەنوێ بێتەوە گۆڕەپانەکە، لە بەر ئەوە کاتێك لە هەڵمەتی یەکەمی خاچ پەرستەکاندا قودس گیراو لە موسوڵمانان سەنرا، پێش ئەوەی قودس بگرن و داگیری کەن چەند شوێنێکیان داگیر کرد وەك ئەنتاکیەو چەند بەشێك لە سەروی وڵاتی شام. ئیتر ساڵانێك ڕۆشت بەسەر ئەم واقعە تاڵەو قودس هەر لە ژێر دەستی خاچپەرستاندا بوو تاکو نورالدین الزنکی هات، وە دوای ئەویش ئیتر سەلاح الدین ی ئەییوبی هات. ئینجا لە کۆتاییدا شەری حەتتین ڕووی داو موسوڵمانەکان سەرکەوتن و دوای ئەویش ئیتر چونە بیت المقدس و ڕزگاریان کرد. ئەمانە هەمووی پەیوەندی بە ڕۆشتن و هەنگاونانەوە هەیە لەسەر ئەو سوننەت و ڕێڕەوانە هەیە لەگەڵ خۆئامادەکردنی تەواو و پێشبینی کردنی ئەوە دەرەنجامانەی لێیەوە دروست دەبن. خۆ ئامادە کردن لە هەموو بوارەکاندا، ئامادەکردنی ماددی، ئامادەکردنی زانستی، ئامادەکردنی ئەدەبی و وێژەیی، لە هەموو بوارەکانی ژیاندا،کاتێ خاچ پەرستەکان هاتن لە شارێکی وەك دمشق دا تەنها یەك قوتابخانەی تێدا بوو کە وەك کۆلێجی ئێستا وابێت، کە دیمەشق ئەو کاتە پایتەختی وڵاتی شام بوو،

بەڵام لە سەردەمی صلاح الدین دا نزیکەی سەد مەدرەسەو قوتابخانەی زانستی تێدا دانرابوو، دەی کەواتە بۆچی لەم لایەنە گرنگە بێ ئاگا بین. هەمیشە سەیری ئەوە ئەکەین و ئەوەمان لە بەر چاوە کە صلاح الدین سوپای کۆکردەوەو سەرکەوتنی بە دەست هێنا، ئەمە ڕاستە و نابێت لە بیر بکرێت، بەڵام ئایا ئەگەر شتێکی تر لەم ئوممەتەدا بەرەو گۆڕانگاری نەڕۆشتبێت سووپا هەر هەر لە خۆیەوە بەم شێوەیە سەرکەوتن بە دەست دێنێ؟! لە ڕاستیدا گەڕانەوەیەکی بنەڕەتی و بنچینەیی ڕووی دا لەو کاتەی ئوممەتی ئیسلامدا، لە ناخەوە ئوممەتی ئیسلام بەرەو ئایینەکەیان گەڕانەوە، ئەویش گەڕانەوەیان بوو بۆ عیلم وزانست، بۆ بانگەواز بۆ خێرو چاکەو خواناسی و گەڕانەوە بۆ لای خوا. هەر زانایان و بانگخوازان بوون کە ئوممەتیان بزواندو گیانی جیهادو تێکۆشانیان تێدا دروست کردن، کە هەمیشە زاناو بانگخوازان لەم ئوممەتدا هۆکاری خێرو چاکەو یەکبون و یەکڕیزی بوون، لە سەر خێرو چاکە یەکیان خستوەو ڕیزبەندیان کردووە، ( ابن قدامة) خاوەنی کتێبی (المغنی) ڕەحمەتی خوای لێ بێت، لە لای ڕاستی صلاح الدینەوە بوو خەڵکی لە سەر کیتاب و سوننەت کۆ ئەکردەوەو هەڵی ئەنان بۆ جیهاد لە پێناوی خوادا، وە هەموو قوتابیانی عیلم لەگەڵی کۆ بوون و بە چواردەوریەوە بوون، ئینجا ئیتر سەرکردایەتیەکی ئیماندارو تێکۆشەر لەگەڵ زاناو شارەزایانێك کە کار بە عیلم و زانیاریەکەیان ئەکەن یەکیان گرت، لەگەڵ بانگوازانی ڕاستەقینە، دەرەنجامەکەی سەرکەوتن بوو بە فەرمانی خوا، ئەوەبو سەرکەوتن بەسەر خاچ پەرستەکاندا و تەفرو تونایان کردن و سەرکردەکەشیان بە دیل گرتن. ئا ئەمەیە کە پێویستە بەردەوام بیری لێ بکەینەوەو هەوڵی بۆ بدەین، لە دەروون و هەست و سۆزماندا هیچ بوارێك بۆ پەلە پەلی و هەڵپەکردن نەهێڵینەوە، بەربومەکە نەڕنین پێش ئەوەی بگات و بەرهەم بێت، ئیتر هەر کارێك بێت، وە هەرچەندە پێویست بە ڕنین و لێکردنەوەی بەرهەمەکەش بکات، ئەمە سوننەت و ڕێبازێکی خواییە، پێویستە هەر بێتە جێ ئەو کات کارەکان ئەنجام ئەدرێن ئیتر سەبارەت تاك بێت یان کۆمەڵ، وە هەموو کەسێك، بەڵکوو هەموو جیهان بەشێك لەو سوننەن و ڕێڕەوانە ئەزانێت هەر یەك بەپێی خۆی. کاتێك یابان دەستی کرد بە دەرکردن و ڕاونانی ڕۆژئاوا، کە دەستی بەو کارەی کرد-ئەمەی ئەزانی-، دەیزانی لە ماوەیەکی کورتدا ناتوانێت هەموو هێزی ڕۆژئاوا وەردەرنێت و لەسەر پێی خۆی بوەستێ، ئارامی گرت لە سەر ژێردەستەیی و ژێر ڕکێفی ڕۆژئاوادا تاکو بووە هێزێکی سەرەکی ململانێی ڕۆژئاواو توانی سەرکەوتنی خۆی بە دەست بێنێت و ڕزگاری ببێت لە دەستیان. کۆریاش لە هەمان خاڵی یابانەوە دەستی پێ کرد، هەروەها کۆمەڵی لە دەوڵەتانی تریش بە هەمان شێوە، وڵاتانێك نە باوەڕیان بە خوا هەیە وە نە بە ڕۆژی دوایی، بەڵام هەستیان بەو سونەن و یاسانە کرد کە لەم بونەوەرەدا دانراوون و پێویستە بۆ تەواوکردنی هەر کارێك بگیرێنە بەر، ئەویش کە هەر ئەبێت پەیڕەو و نەخشەیەك ئامادە بکرێت، ئەوجا ئیتر لە سەری بەردەوام بیت و بە ئارام بیت لە سەری تاکو

بەرهەمەکەی ئەگات و ئەوجا بیڕنیت و لێی بکەیتەوە، بێ پەلە پەل کردن تا کۆتایی پێ دێنیت، ئەنا دەنا پێش گەیشتن بە ئامانج و مەبەتی خۆت ئەبێت دوبارە سەرلە نوێ دەست پێ بکەیتەوە. من لەم قسانەمدا هەوڵم داوە کە لە سەر خاڵە بنەڕەتیەکان قسە بکەم کە پێویستە بەردەوام لە بازنەی گرنگی و پێویستی ژیانماندا بن و لە یادیان نەکەین، ئەنا مەسەلەی پەلەکردن لە بانگەوازدا پێوستی بە قسەو باسێکی دوورودرێژ هەیە، پێویستمان بەوەیە کە قسە بکەین لە سەر پەلە کردن لە کارە تایبەتیەکانمان، وەك پەلەکردن لە ژن هێنان بە نموونە، وە پەلە کردن لە بڕیاردانی هەڵبژاردن و چونە کۆلیج، وە پەلە کردن لە کارێك کە پەیوەندی بە ژیانی تایبەتیتەوە هەیە، یان دانانی پڕۆژەیەك، یان بە هەر کارێك لە کارەکان، بەڵام ئەوە ماوەو کاتێکی دوورو درێژی پێویستە.

## حاڵەتەکانی بانگەواز لەگەڵ خەڵکیدا:

لە پەیڕەوی بانگەوازدا ئەوە دەبینین کە ئایەتەکە جۆرەکانی خەڵکی ڕوون کردۆتەوە. یان حاڵەتەکانی بانگەواز بەپێی حاڵ و ئەحواڵی خەڵکی. ئەو کەسانەی کە بانگخوازان لەگەڵیان دێنە گفتوگۆو بانگیان دەکەن بۆ ئیسلام لە سەر سێ بەشن: کەسێکە بانگەوازی خۆش دەوێت و ڕازییە پێی.

چینی یەکەم: بانگەوازی خۆش دەوێت و هاوڕایە لەگەڵتاو پێی ڕازییە، ئەیەوێ بگاتە ڕەزامەندی خوای گەورە سبحانە وتعالی، دەیەوێ لە سەر ڕێگەی ڕاست بەردەوام بێ و لەگەڵتا هەنگاو بنێ و بگاتە مەبەست، ئەمە چینە هەر دەبێ بە بەردەوام بانگیان بکەیت بۆ لای خوا، نەڵێیت: ئیتر تەواو، فێری فاتحەو چەند ئایەت و فەرموودەیەکم کردو ئیتر وازی لێ بێنی، بەڵکوو دەبێ بەردەوام لەگەڵیدا بیت و وازی لێ نەهێنی. موافقی هەق و ڕاستییە بەڵام بێ ئاگایە لێی.

چینی دووەم: ئەوەیە کە هاوڕایە لەگەڵتا لە سەر هەق، ئەوەی تۆ باوەڕت پێیەتی ئەویش باوەڕی پێیەتی،پێچەوانەت ناکات لەوەی کەبانگی بۆ ئەکەیت،بەڵام لە حاڵی بێ ئاگاییدایە، هەواو ئارەزووەکانی زاڵ بوون بەسەریداو ناتوانێ لێیان دەرباز بێ، یان پشت دەکاتە ئەوەی تۆ ئەوی بۆ بانگ دەکەیت و ناتوانێ بێتە پێشێ. دژایەتی هەق دەکات و ملهوڕەو دژو پێچەوانەیە بەوەی تۆ ئەوی بۆ بانگ دەکەیت.

چینی سێیەم: ئەو چینەن کە ملهوڕو خۆبەزلزانن و دژو پێچەوانەی بانگەوازی تۆن، کاتێ بانگیان بکەیت بۆ لای خوا سبحانەوتعالی، هەمیشە بە ڕووتا هەڵدەشاخێنەوەو دژایەتیت دەکەن. ئیتر جگە لەم سێ چینە پۆلێنی تر نییە بۆ خەڵکی سەبارەت بە بانگەوازی خوا، جا ئەم ئایەتە پیرۆزە، بۆی ڕوونکردوینەتەوە کە چۆن بەپێی حاڵی هەرچین و توێژێك ئێمە خەڵکی بانگ بکەین و دەفەرموێت:(ادْعُ إِلَى سَبِيلِ رَبِّكَ بِالْحِكْمَةِ)[1] حیکمەت و دانایی لەگەڵ کێ؟ حیکمەت لەگەڵ ئەوەدا کە مەبەستی هەقە، شوێنکەوتەیەتی و بە دوایدا وێڵە، خێراو بە پەلە بەرەو ڕووی دێ، ئەوەی کە بەرەوڕووت دێت و دەترسێ لە سزاو ئەشکەنجەی خواو مەبەستی ڕەزامەندی خوایە، ئەمە بە حیکمەت و دانایی و کاربەجێی بانگی دەکەیت، بە حیکمەت فێری دەکەیت و دەرسی دادەدەیت. ئەگەر هات و ویستی لەسەر دەستی تۆ عیلم و زانیاری فێر ببێت تا ببێتە بانگخوازی ڕێگەی خوا، ئا لێرەدا حیکمەت ئەوەیە کە بە زانست و زانیارییە بچووکەکان دەستپێ بکەیت لەگەڵیدا پێش زانستە گەورە و قووڵەکان بە شتە بنچینەیی و پێویستەکان دەستپێ بکەیت پێش وردەکاری و بەشبەشەکاندا و کامە زۆر گرنگ و بەهەند و پێویستە فێری بکەیت پاشان ئینجا ئەوانی تر و بە پلەپلە لەگەڵیدا هەنگاو بنێیت و بەو شێوەیە. ئەمەش یەکێکە لە لایەنەکانی حیکمەت و دانایی لە بانگەوازدا.

---

[1] [النحل:١٢٥

## بانگکردنی کەسێك ڕاستی خۆش ئەوێت و مەبەستێتی:

حیکمەت لەگەڵ ئەم جۆرە کەسانە ئەوەیە کە نەرم و نیان و بەڕەحم و بەزەیی بیت لەگەڵیاندا زۆر بەجوانی و لەسەرخۆیی هەق و ڕاستییەکانیان بۆ ڕوون بکەیتەوە؛ کەمکەم و هێواش و لەسەرخۆ تێیان بگەیەنیت. هەروەها لە حیکمەت و داناییە -لەگەڵ ئەم کەسەدا وا بەرەو ئیسلام هاتووە- کە تۆ جارجار ڕەق بنوێنیت لەگەڵیدا با خۆشەویست و دڵسۆز و سووریش بێت لەسەر بانگەواز و بەپیرەوەهاتنی، ئەویش لە قۆناغی پەروەردەیی و تاکوو بەتەواوی ڕای بێنیت و پەروەردەی بکەیت.
سەیری پێغەمبەری خوا بکەن ﴿ﷺ﴾ لەگەڵ ئەو سێ کەسەی لە جەنگی تەبوك دواکەوتن، چی بە کەعبی کوڕی مالیك وت؟ کەعب کە یەکێك لەوانە بوو کە لە پەیمانی عەقەبە بەشداری کردبوو، هەروەها ئەو دوانەی تریش کە لەگەڵیدا بوون ئامادەی بەدر بوون، ئەوانەی پێیان وترا: (اعملوا ما شئتم فقد غُفر لكم)[1] لەگەڵ ئەم پلەوپایەدا، لەگەڵ ئەم پێ قاییمییەدا لە ئایین و تەقوا و خواناسی کە هەیانبوو، ئەو تۆڵە و سزایە هاتە خوارەوە بۆ سەریان، سزای زۆر توند؛ بەسە بۆ توندیی سزاکە خوا (سبحانه وتعالى) بفەرموێت: (حَتَّى إِذَا ضَاقَتْ عَلَيْهِمُ الْأَرْضُ بِمَا رَحُبَتْ وَضَاقَتْ عَلَيْهِمْ أَنْفُسُهُمْ وَظَنُّوا أَنْ لا مَلْجَأَ مِنَ اللَّهِ إِلَّا إِلَيْهِ ثُمَّ تَابَ عَلَيْهِمْ لِيَتُوبُوا إِنَّ اللَّهَ هُوَ التَّوَّابُ الرَّحِيمُ)[2] تۆڵەیەکی ئێجگار توندوتیژ، لەگەڵ ئەوەشدا دەشتەکییە پاساوهێنەرەکان لەگەڵ دوڕووەکان هاتن و وتیان: سوێند بە خوا ئەی پێغەمبەری خوا، سوێند بە خوا؛ سوێندی درۆیان خوارد لای پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾ و کەوتنە پاساوهێنانەوە تاکوو دەرباز ببن لە تۆڵە و سزای دواکەوتنیان لە جەنگەکە.
پێغەمبەریش ﴿ﷺ﴾ پاساوەکەیان لێ وەردەگرێت و دەڕۆن و دەرباز دەبن.
کوا سزا و تۆڵە بۆ ئەوان؟
بۆچی لەو کاتەدا نەهاتە سەر ئەوانیش؟
ئا ئەمەیە حیکمەت و دانایی. ئەو گەنجە ڕاستەی بانگەوازی حەق ناسیوە و بەردەوامە لەسەری، ئەگەر کارێکی خراپی ئەنجام دا، ئەوە تۆ ڕەق دەبی لەگەڵیدا، نەك ڕەقبوونێك دووری بخەیتەوە بەڵکوو ڕەقییەك ببێتە ئامۆژگاری بۆی و جارێکی تر تووشی هەڵەی وای نەکاتەوە. چونکە تۆ زەمانەتی ئەوەت کردووە کە ئەم کەسە بەهۆی ئەو توندوتیژییەی تۆوە دەگەڕێتەوە بۆ ئیمان بە یارمەتیی خوا. چونکە ئەتزانی کە لەوەوپێش چەندێ خاوەن ئیمان بووە و تا چ ڕادەیەك پابەند بووە بە ئیسلامەوە و باش ئەزانیت کە ڕەقبوونت لەسەری و پێوتنت پێی کە تۆ لە هەڵەدایت و من هەرگیز گومانی وام نەبوو

[1] البخاري (٢٨٤٥، ٢٩١٥)، مسلم (٢٤٩٤) عن علي بن أبي طالب.
[2] [التوبة: ١١٨].

ئەو کارە بکەیت، ئیتر بەم شێوە لە ڕوانگەیەکی بەهێزەوە پێی دەڵێ. ئەمە وای لێ دەکات بترسێ و بلەرزێ و بشلەژێ، چونکە کەوتۆتە کارێکی زۆر گەورەوە و هەڵەیەکی ترسناکی ئەنجام داوە. بەڵام ئەوەی باوەڕ لاوازە یان کەسێکە لە سەرەتای بانگەوازدایە، ئەوە پێی دەڵێت: پەشیمان ببەوە و بگەڕێرەوە بۆ لای خوا و جارێکی تر کاری وا مەکە. ئەم جۆرە شێوازە لەگەڵ ئەم کەسەدا لە حیکمەت و داناییە.

## بانگکردنی کەسێك شارەزایە بە هەق بەڵام بێئاگایە لێی:

چینی دووەم لە خەڵکی: ئەوەیە کە هەق و ڕاستییەکان دەزانێت و ڕێگر نییە بۆی، بەڵام بێئاگایە لێی. ئەمەش بە حیکمەت و داناییەوە بانگی ئەکەین بۆ لای خوا. دێیتە لای و پێی دەڵێیت: برای شیرینم، ئەمە حەرام و قەدەغەیە و خۆشت دەزانی کە حەرامە؛ گومانم وا نییە کە کەسێکی وەك تۆ ئەم کارە بکات و شتی وای لێ بوەشێتەوە، تۆ ئاوایت و ئاوایت، چونکە خوای گەورە دەفەرموێت: (وَالْمَوْعِظَةِ الْحَسَنَةِ)[1] دەی با ئامۆژگارییەکانمان بە شێوەیەکی جوان و بەجێ بکەین. بە شێوازێ ئەو قسە و وتانەی دەیانڵێین، پاڵفتەیان بکەین و تێیان بڕوانین پێش وتنیان و شیرینترین و جوانترین وتە و شێواز هەڵبژێرێن بۆ دەربڕینیان. بە شێوەیەك دڵی ڕاکێشین و غیرەتی ئیمان لە دڵیدا بوروژێنین؛ وەك ئەوەی پێی بڵێیت: ئێمە ئومێدی ئەوەمان بە تۆ بوو بانگخوازی ڕێگەی خوا بیت و خەڵکی بەهۆی تۆوە واز لە خراپەکاری بێنن، کەچی خۆت ئەوە ئەکەیت؟ تۆ ئومێدی ئەوەت لێ دەکرا کە هەڵسی بە ئەرکی هیدایەت و ڕێنموونی خەڵکی، خۆت لادەدەیت و لە ڕێی ون دەبیت، تۆ خۆت ئەو کارە دەکەیت؟ تۆ ئەو هەموو زانست و عیلم و زانیارییەت هەیە، ئەو کارە بیدعی و داهێنراوە دەکەیت –بە نموونە- یان هاوڕای ئەنجامدانی ئەو بیدعە و داهێنراوانەیت؟! جا ئیتر تۆ بەم قسانە، ئەیوروژێنیت و ئیمان لە دڵیدا دەڕوێنیتەوە؛ دەبینیت بەم قسانە وای لێ دەکەیت کە بەرەو ڕووت بێت و پەشیمان بێتەوە و داوای لێبوردن لە خوا بکات. حاڵەتی زۆر هەن لەم جۆرە کە بانگخوازان لە ژیانی ڕۆژانەی خۆیاندا مامەڵەی لەگەڵ دەکەن و دووبارە دەبێتەوە.

---

[1] [النحل: ١٢٥].

## بانگکردنی کەسێك دژ و پێچەوانەیە بە هەق:

چینی سێیەم: ئائەمەیە گرفت و کێشەی ئێمە لەگەڵیاندا هەرچەند بە ڕای من گرفتی لاوان لەگەڵ چینی یەکەم گرنگترە لای من ئەمڕۆ، گرفتمان لەگەڵ ئەواندا گرنگتر و مەترسیدارترە لە گرفتی ئەوانەی پشتیان لە هەق کردووە و دژایەتی دەکەن، چونکە ئەگەر ئێمە ئەوانەمان (واتە چینی یەکەم) بە حیکمەت و دانایی پەروەردە کرد، لەگەڵیاندا ژیاین و گرفت و کێشەکانمان بۆ چارەسەر کردن، هەمان خەم وپەژارەی ئەوان خەم و پەژارەی ئێمەش بوو، بە دەلیل و بەڵگەوە بەرەو ڕوویان بوینەوە، ئەوە بە تەواوی کارەکە دەگۆڕێت، بەڵام ئێمە وەك وامان لێ هاتبێ کە خۆمان یەکلایی کردبێتەوە بۆ بانگکردن و هێنانی خراپەکاران و تاوانباران بۆ تەوبەکردن و ڕێگەی ڕاست، کەسانێکی زۆرمان بۆ بانگەواز بە دەست هێنابێ، بەڵام ئێمە هەڵنەساوین بە ئەرك و فەرمانی سەرشانمان بەرابەر بەوانەی کە بۆخۆیان دێن و دڵیان بۆ ئیسلام دەکەنەوە، بۆیان ڕوون بکەینەوە: بە چی دەست پێ بکەن؟ وە چۆن فێر ببن؟ وە چۆن ببنە بانگخوازو خەڵکی بانگ بکەن؟ ئیتر جاری وایە ئەمانە واز لێ دێنین و گوێیان پێ نادەین کە خۆیان ماددەی خامن و ئامادەی هەموو جۆرە پەروەردەیەکی ڕەسەن و چاکن، ئەچینە یەخەی کەسێکی تر دەگرین لە تاوانباران و خراپەرکان و دڵخۆشین بەوەی تەوبەی کردووەو گەڕاوەتەوە ، کە بێگۆمان ئەمە کارێکی زۆر گەورە یەکێکی تاوانبارو دوور لە خوا بگەڕێتەوە باوەشی ئیمان وباوەڕ، بەڵام نابێ ئەمانە سەرقاڵمان بکەن و وامان لێ بکەن بیر لەوانی تر نەکەینەوە. چونکە بەڵێ ئەوە کارێکێ زۆر پەسەندو لە جێی خۆیەتی کەسانی سەرەنگوو خراپەکار بێنەوە باوەشی ئیمان، بەڵام ئەولەویات و کاری لەپێش بۆ ئەوانەیە وا خۆیان بە ویستی خۆیان گەڕاونەتەوەو مەبەستیانە توێشوی ڕێگە وەربگرن. هەروەها دەڵێم: گرفتیشمان لەگەڵ چینی بەرهەڵستکارو ملنەدەر ئەوەیە کە خەڵکانێك هەن بانگیان ناکەن بۆ لای خوا، وا گومانیش دەبەن کە بانگخوازن، مەبەستیشمان بەوە ئەوانەیە کە گومانیان وایە بانگەواز بۆ لای خوا تەنها ئامۆژگارییە، فێرکردنە لە مزگەوتاو بەس، جا ئەم جۆرە ئامۆژگاریانە تەنها کەسانێك گوێبیستیان دەبن کە لە مزگەوتەکانا بن و ئەهلی ئیمان بن، بازنەو دەرسەکانی مزگەوت تەنها ئەوانە گوێی دەدەنێ کە خەریکی زانست و عیلمی شەرعی بن. بانگکردنی ئەوانە بەوە نەبێت و ناکرێ، بەڵکوو دەبێ فەرمان بدەین بە چاکەو قەدەغەی خراپەکاری بکەین لە ناو کۆمەڵگادا، بەرەو ڕووی ئەوانە ببینەوە کە پشتیان لە خوا کردووە، بانگیان بکەین بۆ ڕێگای ڕاست، ڕاستیەکانیان تێ بگەیەنین و بۆیان ڕوون بکەینەوە، جا ئی وایە بانگیان دەکات بەڵام لە سەر پەیڕەو و بەرنامەیەکی دروست نییەو نازانێ چۆنیان بانگ بکات و لە کوێوە دەست پێ بکات، کەواتە چۆن بانگیان بکەین؟ دەبێ بە باشترین و چاکترین شێوە گفتوگۆو موجادەلەیان لەگەڵ بکەین، نەك هەر بە گفتوگۆو موجادەلەی باش بە تەنها،

بەڵکوو بەوەی کە باشترین و چاکترین جۆرو شێوازە، هەروەك خوای گەورە دەرباری خاوەن کتێبەکان پێمان دەفەرموێت: (وَلا تُجَادِلُوا أَهْلَ الْكِتَابِ إِلَّا بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ)[1] ئەوانە کە دەڵێن: عیسا کوڕی خوایە، عوزەیر کوڕی خوایە، ئەوانەی خوا لە هەقیاندا دەفەرموێت: (اتَّخَذُوا أَحْبَارَهُمْ وَرُهْبَانَهُمْ أَرْبَاباً مِنْ دُونِ اللَّهِ )[2] جا ئەو ملنەدەرو بەرەهەڵستکارانەش کە بە هیچ شێوەیەك ئومێدو تەماعی ئەوەت پێیان نییە کە ڕێگەی هەق بگرن و بگەڕێنەوە، بەڵام بە بانگکردنیان و ڕوونکردنەوەی ڕاستیەکان بۆیان خوا لە خۆت ڕازی دەکەیت و بەڵگەیان لە سەر دادەنێیت بۆ قیامەت، دەیسەلمێنێ بۆیان کە تۆ لە سەر هەق و ڕاستیت، بۆیان ڕوون دەکەیتەوە کە ئەوانە لە سەر گومڕایی و سەرلێشێواوین. چۆن بانگیان دەکەیت بۆ لای خوا؟ بانگیان دەکەیت بۆ لای خوا بە موجادەلەو گفتوگۆ بە باشترین و چاکترین شێوە، پێیان دەڵێیت: (وَإِنَّا أَوْ إِيَّاكُمْ لَعَلَى هُدىً أَوْ فِي ضَلالٍ مُبِينٍ)[3] فەرموو ئەوەی پێتە بیهێنە، لێم ڕامەکە فەرموو چیت پێیتە با موناقەشەو گفتوگۆ بکەین، لە یەکتری تێ بگەین تا لە ئەنجامی لێکۆڵینەوە -بە یارمەتی خوا- بگەینە حەق و ڕاستی کە هەردووکمان بە دوایدا عەوداڵین. ئی وایە دێت و پێت دەڵێ: ئەوە حەرام نییە، دەڵێی: حەرام ئەوەیە خوا حەرامی کردبێ و حەلاڵیش ئەوەیە خوا حەلاڵی کردبێ، گوێ لە فەرموودەی خوا سبحانەوتعالی بگرە، گوێ لە فەرموودەی پێغەمبەر(ﷺ) بگرە، ئیتر بەڵگەکانی حەرام بوونی ئەو مەسەلەی بە تەواوی بۆ ڕوون دەکەیتەوەو و پاشانیش زەرەو زیانەکانی دەخەیتە پێش چاوی، توڕەبوون و غەزەبی خوا بۆ کەسێك کە ئەنجامی دەدات. پێت دەڵێ: نەخێر، ئەوە دروستە، ئەوە زانایان ڕاجودایان هەیە تێیدا، ئێوە توندڕەو و وشك وبێکەڵکن، دەکەوێتە موجادەلە لەگەڵتاو تۆش بە باشترین شێوە موجادەلەی لەگەڵ دەکەیت و هەڵەو ناتەواویەکانی بۆ ڕوون دەکەیەوە، خۆ ئەگەر هەر لە یەکەمجاردا لێی توڕە بویت و بە ڕوویا هەڵشاخایت، ئەوە ئەو کەسەت دۆڕاندو بە هیچ جۆرێك بۆت نایەتەوە سەر ڕێگەو بە قسەت ناکات. جا کەواتە دەبێ بە باشترین شێوە بێ، ئەگەر بانگەواز بۆ لای خوا بە بەرچاوڕۆشنی و دانایی و حیکمەتەوە بوو، وە بەپێی حاڵ و بارودۆخی خەڵکی بوو، وە بەپێی هەڵوێستیان بوو لە بانگەواز، هەر کارێکت لە شوێنی خۆی دانا، وە هەر وشەیەك یان ئامۆژگاریەك یان کارێکت لە شوێنی دروستی خۆی دانا، وە سەیری کارو کردەوەی پێغەمبەرت (ﷺ) کرد، وە زانیت کە ژیانی هەر هەمووی بانگەواز بووە بۆ لای خوا، وە لە هەموو بارودۆخەکانی ژیانیدا بانگخوازی ڕێگەی خوا بووە، وە پێشەنگ و سەرقافڵەت بوو لە هەموو کارەکانتا،

---

[1] [العنكبوت:٤٦]

[2] [التوبة:٣١].

[3] [سبأ:٢٤]

ئەوە خوا دەستگیرۆیت ئەکات تاکو نەرم ونیان بیت و بزانیت لە کۆیدا بە کاری دێنیت، وە لە کۆێدا بەڵگەکانی سوننەت و ژیانی پێغەمبەر(ﷺ) لە شوێنی دروستی خۆیاندا دادەنێیت، جا ئیتر ئەو کاتە بەم شێوەیە باشترین ڕێگەی بانگەواز شارەزا دەبیت و دەبیتە بانگخوازێکی سەرکەوتوو لە ناو کۆمەڵگەدا.

## دەستپێشخەری لەبانگەواز.

جاری وایە دەستپێشخەری بۆ هەندێ کار کە بەرژەوەندی بانگەوازی تێدایە، بەڵام مرۆڤ ئەترسێ ئەگەر دەستپێشخەری بکات و زوو بچێتە پێشەوە تووشی هەڵدێرو هەڵە ببێت، بە نموونە: کاتێك بانگەشە ئەکرێت بۆ جیهاد یان بو کارێك لە ناوچەیەکدا، ئەترسی لەوەی کە ئەگەر دوا بکەویت و نەچیت ئەو هەلەت لە دەست بچێ و بێ بەش بیت لە پاداشتی بانگەواز بۆ لای خوا، وە ئەگەر دەستپێشخەریشت کردو چویت ئەوا ئەترسی لەوەی کە تووشی کۆمەڵێ هەڵدێر یان هەڵە ببیت، چارەسەر چییە لە حاڵەتێکی وادا؟ چارەسەرەکە ئاسانە سوپاس بۆ خوا، پێویستە بزانین کە مەبەست لە دەسپێشخەری ئەوە نییە کە هەر ئێستە بڕیارەکە بدەیت دەست پێ بکەیت، وە مەبەشتیش لە نەرم و نیانی و لە سەر خۆیی ئەوە نییە کە ساڵێك کارەکە دوا بخەیت، ئەتوانیت لە چەند ڕۆژێك یان چەند هەفتەیەکدا بیر بکەیتەوەو ڕاوێژ بکەیت و ڕای لە سەر وەربگریت و ئەوجا بڕیار بدەیت بە چوون یان نەچوون. زۆرێك لە گەنج و لاوەکان کە پەلەو خێرایی پاڵیان پێوە ئەنێت لە هەندێ شوێنی دیاری کراودا، وەك لادانی خراپەیەك کە سەربکێشێت بۆ ئەنجامدانی خراپەیەکی لەو گەورەتر، یان لەو کارانەی کە وا گومان ئەبەن کە خێر یان شەڕی بۆ بانگەوازەکە هەیە، ئەوکات تووشی هەڵە ئەبن، کەواتە: پەلەکردن ئەوەیە کە بڕیارەکە لە دایکبووی ئەو چرکەساتە بێت کە تێدایدایت. بەڵام ئەگەر خۆت بۆ کارێك ئامادەکردبوو، ئینجا هەلیشت بۆ هاتە پێش و پێی هەڵسایت، ئەوە پێی ناوترێت پەلە کردن، بەڵکوو ئەمە ئەوەیە کە پێی ئەڵێین (دەسپێشخەری). بە نموونە: کەسێك ئەیەوێت بەرەو خوای گەورە بێت و تەوبە بکات، وە تۆش ئەتەوێت ڕێی نیشان بدەیت و بانگی بکەیت، بەڵام ئەیخەیت بە پاشاو کەمتەرخەمی ئەکەیت، ئەڵێی: نا جارێ تاکو هەڵێکی گونجاو دێتە پێشەوە.. !

بەڵام ئەگەر بڕیارەکە هەبوو کاتی گونجاویش هاتە پێش ئەوە لە نزیکترین کات و فرسەتا هەنگاو بنێ و دوا مەکەوە. کەسێکی تر ئەیەوێت تەوبە بکات، ئەڵێ: من بانقێکم هەیە کە سووی تێدایە، وە ئەمەوێت دەرباز بم لە دەستی، لەم کاتەدا نابێت پێی بڵێیت: ڕاوەستەو پەلە مەکە تاکو لێکۆڵینەوەی لە سەر ئەکەین بۆت، وە دوای دوو مانگ هەواڵەکەت ئەدەینەوە.. !

بەڵکو پێی ئەڵێین: یەکسەر دەست پێ بکەو واز بێنەو داوای لێ بوردن بکە لە خوای گەورە، هەر ئێستە پەیوەندی ئەکەم بە زانایانەوە و بزانین چی ئەڵێن و چۆن دەرباز بیت لێیی، ئەمە دەسپێشخەرییە لە شوێنی خۆیداو پەلە کردن لەم حاڵەتانەدا لە شوێنی خۆیدایە. جا دەسپێشخەری لە کارێکدا ئەبێت کە ڕوون و ئاشکرا بێت، بەڵام ئەو کارەی پێویستی بە بیرکردنەوەو تێڕوانینی قوڵ هەیە، ئەوە هەر ئەبێت ورد بیری لێ بکرێتەوەو ڕاوێژی لەسەر وەربگیرێت، بەڵام ئایا ماوەی ڕاوێژکاریەکە چەندە؟! خوای گەورە بو هەموو شتێك ئەندازەیەکی داناوە، بە چاکەو حیکمەتەوە، ماوەیەکی دیاری کراوی پێویستەو ئیتر ئەو کاتە بڕیاری دروست و لە جێی خۆی بۆ دەدەیت.

## هۆی کەمترخەمیی لەبانگەواز

جاری وایە مرۆڤ لێی تێکەڵ ئەبێت لە نێوان حیکەت و دانایی لەگەڵ ئاسانکاری لە بانگەوازدا، لەوانەیە کە مەسەلەی حیکمەت و پەلە نەکردن بکاتە هۆکارێك بۆ کەمتەرخەمی و ئاسانکاری لە بانگەوازەکەیداو گوێی پێ نەدات، بەداخەوە ئەم حەقیقەتەو ڕاستە! ئەم کارە بۆتە پاساوێك بۆ کەمتەرخەمی و بە کەمگرتنی کاری بانگەواز، ئەگەر ئامۆژگاری یەکێکت کرد، ئەڵێت: برام! بانگەواز ئەبێت بە دانایی و حیکمەتەوە بێت . هەندێ لەوانەی ئەم قسەیە ئەکەن، نایانبینین کە خۆیان هە رگیز بانگەوازی ئیسلام بکەن، بەلاَم ئەگەر بانگخوازێکیان دی وا خەڵکی بانگ ئەکات و فێری ئیسلامیان ئەکات، دەڵێن: پێویستە بە حیکمەت و داناییەو کار بکەین،بەم شێوەیە نابێ تۆ تاوت داوەتێ!! لێرەدا دەبێت بزانین تاکو کەی حیکمەت بە کار بهێنرێت؟! وە مانای حیکمەت چییە؟! لە ڕاستیدا ئەمە لەو خالآنایە کە گەنجان و بانگخوزان پێوەی ئەنالێنن، خەڵکانێك هەن کارەکان ئاوەژوو ئەکەنەوەو پێچەوانە لە بانگەواز دەڕوانن. بەکارهێنانی حیکمەت و دانایی نابێت ببێتە چەکێك بەرامبەر ئەوانەی فەرمان ئەکەن بە چاکەو جڵەوگیری لە خراپە ئەکەن، چونکە بەڵگەنەویستە کە بانگەواز بۆ لای خواو فەرمان بە چاکەو بەرگری لە خراپە، هەمیشە پێچەوانەی ویست و هەواو ئارەزووی خەڵکی بووە، بە هەشت بە نارەحەتی و ناخۆشیەکان چواردەور دراوەو دۆزەخیش بە هەواو ئارەزوو، مرۆڤ ئەگەر بانگەوازی بۆ لای خوای گەورە کردو فەرمانی کرد بە چاکەو قەدەغەی خراپەی کرد، ئەوە هەر دەبێ لەگەڵ هەواو ئارەزووی خەڵکیدا تێك بگیرێن، خەڵکی ئەیانەوێت بە ئارەزوی خۆیان بخەون، نایانەوێ هەڵسن بۆ نوێژی بەیانی، جا ئەگەر پێت وتن: ئەی برام! خوا پاداشتت بداتەوە، هەستە نوێژەکەی بەیانیت بکە، یەکێ دێت و لێت ڕاست دەبێتەوەو دەڵێ: برام حیکمەت و

دانایی بە کار بێنە و بەو شێوە نەبێت، جا ئایا مەبەستی ئەوەی کە هەرگیز پێی نەڵێم ئاگاداری نەکەمەوە؟!
ئەگەر ئامۆژگاری کەسێکت کرد-بە نموونە یەکێك خێزانەکەی ڕووت و ناپۆشتەیە- با بە شێوازی جوان و ڕێك و پێکیش بێت، پێشبینی ئەوە مەکە هەر لەبەر ئەوەی کە بە شێوازێکی جوان پێت وتووە ئیتر یەکسەر بە گوێت بکات و خێزانەکەی حیجاب بپۆشێت.. !، چونکە ئەو قسەی تۆ پێچەوانەی هەواو ئارەزوو ویستەکانی ئەوە، ئەو ئەیەوێت بچێت بۆ بازاڕ، هەواو ئارەزوی حەزی بەوەیە کە ژنەکەی خۆی ڕووت بکاتەوە، پێی وەرناگیرێت کە لەچکەو بالاپۆش بپۆشێت . بەڵکو لەوانەیە ئینکاریشات و بکەوێتە قسە پێوتن و سەرزەنشتکردنیشت ! یەکێك کە ئاگای لە مەسەلەکە نییەو لێت ئەپرسێتەوەو ئەڵێت : براکەم، ئەگەر بە حیکمەت و داناییەو پێت بووتایە! جا هەر ئینکاری هەر خراپەیەکت کرد، یان هەچ وشەیەکی حەقت وت و ئاشکرات کرد، ئیتر یەکسەر دێن و یەخەت ئەگرن و پێت ئەڵێن: خۆزگە بە حیکمەتەوە ئەو کارەت بکردایە ! بەڵام ئایا حیکمەت و دانایی چییە؟ جاری وایە مرۆڤ هەموو هۆکارەکانی حیکمەت ئەگرێتە بەر بەڵام سوودی نییەو وەرناگیرێت، چونکە پێچەوانەی ویست و ئارەزووەکانی خەڵکیە، مرۆڤ بە سروشتی خۆی حەز ئەکات بەردەوام پیایا هەڵبدرێ، حەز ئەکات وەسفی بکرێت، خوای گەورە ئەفەرموێت: (وَيُحِبُّونَ أَنْ يُحْمَدُوا بِمَا لَمْ يَفْعَلُوا)[1] واتە: حەز ئەکەن باس بکرێن و خەڵکی سوپاسیان بکات لە سەر کارو کردەوەیەك کە نەیانکردووە.
جا ئەگەر پێت وت تۆ لە سەر خێرو چاکەیت، وە تۆ کەسێکی باشیت، زۆر دڵی خۆش ئەبێت و کەیفی پێ ئەکات لە کاتێکا ئەزانێ کە وا نییەو ئەو وەسفە بۆ ئەو ڕاست نییە. بەڵام ئەگەر پێت وت: ئەی برام، تۆ ئاواو ئاوایت و مەدحت کردو ئینجالە پاشاندا پێت وت: شتێك هەیە ئەمەوێت ئاگادارت بکەمەوە، هاتیت بە شێوەیەکی جوان دات بە گوێیدا .. وەك ئەوە وایە کە قسە بۆ کەسێکی تر بکەیت و پێت ئەڵێ ماموستا باش وایە بە حیکمەت و داناییەو قسە بکەیت ! ئەمە گرفتێکەو یەخەمانی گرتووە، پێویستە ئێمە هەست و سۆزو دەروونەکانمان ڕێك بخەین، وە بە هیچ شێوەیەکیش واز نەهێنین لە فەرمان بە چاکەو جڵەوگیری لەخراپەو وتنی وشەی حەق، وە هەر شێتك بەڕاستی زانیمان کە حیکمەت و دانایی تێدایە ئەوە کۆشش بکەین تێیداو بەجێی بێنین، ئەوجا پشت بە خوا ببەستین، کە هەر ئەبێت لە پێش و لە پاشی کارەکانماندا پشت هەر بەو زاتە ببەستین. خۆ ئەگەر یەکێك هات و وتی ئەمە پێچەوانەی حیکمەت و داناییە. پێی ئەڵێین: بەرچاوڕۆشنمان بکەو وریامان بکەرەوە چۆن کار بکەین! جا ئەگەر ڕۆشنیەك یان ڕایەکی چاك و باشی پێ بوو ئەو لێی وەرئەگرین وخوا پاداشتی بداتەوە، خۆ ئەگەر وەکو

[1] [آل عمران:١٨٨].

ئەوانە بوو کە لەم ڕۆژگارەدا هەن و ئەیانەوێت بە ناوی حیکمەت و داناییەوە نە قسە بکەین وە نە کارو کردەوە، دەبێ بزانین ئەوە حیکمەت نییە، بەڵکوو زەلیلی و سەرشۆڕی و دانیشتنە،
واز هێنانە لە شتێك کە خوا فەرمانی پێ داوە، دروست نییە کە خەڵکی لە سەر ئەوە ڕابێنین و بڕیاریان بۆ بدەین لە سەری. بە ڕاستی حیکمەت و دانایی بۆتە چەکێك و هەڵکێشراوە لە ڕوی ئەوانەی بانگەواز ئەکەن بو لای خوای گەورەو قسەی حەق دەڵێن، خوا یارمەتیدەرمان بێت، بەڕاستی نەفس و دەروونی مرۆڤ لە سەر هەواو ئارەزو و وەرنەگرتنی حەق ڕاهاتووە، لە سەری سروشتی گرتووە، بەڵام هەر پێویستی بە ئارامگرتن هەیە لە سەری، تاکو بەرهەمی خۆی دەبێت، هەموو کارەکانیش هەر بۆ لای خوا ئەگەڕێنەوە .

## گرنگی فەرمان بە چاکە وڕێگری لە خراپە.

ڕوکنی شەشەم لە ئیسلامدا لە گرنگترین گرنگییەکان و چاکترین نزیککەرەوەکان لە پەروەردگار، ئامۆژگاری و ئاراستەی خێرو پابەندبوون بە هەق و ئارامگرتنە لەسەری، وریاییش لەوەی دژە بە فەرمانی و خواو پێی ناخۆشەو لێی تورە دەبێت و پێی لە ڕەحم و بەزەیی پەروەردگار دوور دەکەوێتەوە.
فەرمان بە چاکەو قەدەغەکردنی خراپە پێگەیەکی گەورەی لە ئیسلامدا هەیە و بنەمایەکی بەرزو بڵندی ئەم دینەیە، زانایان بە ڕوکن و پایەی شەشەمی ئیسلامیان گێراوە، خوای گەورە پێش ئیمان و باوەڕی خستووەو فەرموویەتی: (كُنتُمْ خَيْرَ أُمَّةٍ أُخْرِجَتْ لِلنَّاسِ تَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَتَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنكَرِ وَتُؤْمِنُونَ بِاللّهِ وَلَوْ آمَنَ أَهْلُ الْكِتَابِ لَكَانَ خَيْراً لَّهُم مِّنْهُمُ الْمُؤْمِنُونَ وَأَكْثَرُهُمُ الْفَاسِقُونَ ). وە خوای گەورە لە سوورەتی تەوبەدا پێش نوێژو زەکاتی خستووەو فەرموویەتی: (وَالْمُؤْمِنُونَ وَالْمُؤْمِنَاتُ بَعْضُهُمْ أَوْلِيَاء بَعْضٍ يَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنكَرِ وَيُقِيمُونَ الصَّلاَةَ وَيُؤْتُونَ الزَّكَاةَ وَيُطِيعُونَ اللّهَ وَرَسُولَهُ أُوْلَـئِكَ سَيَرْحَمُهُمُ اللّهُ إِنَّ اللّهَ عَزِيزٌ حَكِيمٌ) بێگومان ڕەوشتی غیرەت و جوامێری، ڕەوشتێکی بەرزە، خوای گەورە لە خوارسك و فیترەی پیاواندا دایناوە، عەللامە بەکر ئەبو زەید لە کتێبە بەنرخەکەیدا (حراسة الفضيلة) دەڵێت: "الغيرة هي ما ركّبه الله في العبد من قوة روحية تحمى المحارم والشرف والعفاف من كل مجرم وغادر".غیرەت ئەوەیە کە خوا پێکی ناوە لە بەندەدا لە هێزێکی ڕۆحی، کە مەحرەمو شەرەف و پاکێتی پێ دەپارێزێت لە هەموو تاوانبارو غەدرکەرێك. لەمەی باسمان کرد ڕونکردنەوەیەك بوو لە گەورەیی و پلەی ئەم ئەرکە گەورەیەو گرنگی لە ژیانی تاك و کۆمەڵو گەلاندا، بە جێبەجێکردن و بەرقەرار بوونی کۆمەڵگە ئیسلاح دەبێت و خێرو چاکە زۆر دەبێت و شەڕو ناپاکی و خراپەو تاوان کەم دەبێتەوە بواری تەسکتر دەبێتەوە. بە پێچەوانەشەوە بە پشگوێخستن و لە دەستدانی کارەساتی قورس

و گران چاوەڕێی کۆمەڵ دەکەن، خراپە وئاژاوەو تاوان زۆر دەبێت، تاوانبارو خراپەکارو دونیاویست و داوێن پیس پەرە دەسەنێت، ئوممەت پەرت و پارچە پارچە دەبێت، دڵەکان ڕەق دەبن و دەمرن، هەست سست و لاواز دەبێت، ڕەزیلەت و گوناە بڵاو دەبێتەوەو بەرچاو دەکەوێت، دەنگ و سەدای بەتاڵ زاڵ دەبێت، کومەڵ بەرەو هەڵدێرو لادانێکی ترسناك دەڕوات. لە فەزڵ و گەورەیی فەرمان بەچاکەو قەدەغەکردنی خراپە: یەکەم: لە کارو گرنگی پێغەمبەرانە سەلامی خوایان لێ بێت: (وَلَقَدْ بَعَثْنَا فِي كُلِّ أُمَّةٍ رَّسُولاً أَنِ اعْبُدُواْ اللّهَ وَاجْتَنِبُواْ الطَّاغُوتَ) .

دووەم: ئەم کارە لە سیفات و خووی ئیماندارانە: (التَّائِبُونَ الْعَابِدُونَ الْحَامِدُونَ السَّائِحُونَ الرَّاكِعُونَ السَّاجِدونَ الآمِرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَالنَّاهُونَ عَنِ الْمُنكَرِ وَالْحَافِظُونَ لِحُدُودِ اللّهِ وَبَشِّرِ الْمُؤْمِنِينَ) ، بە پێچەوانەی ئەهلی شەرو خراپەکاری: (الْمُنَافِقُونَ وَالْمُنَافِقَاتُ بَعْضُهُم مِّن بَعْضٍ يَأْمُرُونَ بِالْمُنكَرِ وَيَنْهَوْنَ عَنِ الْمَعْرُوفِ وَيَقْبِضُونَ أَيْدِيَهُمْ نَسُواْ اللّهَ فَنَسِيَهُمْ إِنَّ الْمُنَافِقِينَ هُمُ الْفَاسِقُونَ) .

سێیەم: لە ڕەوشت و خەسڵەتی ساڵح و پیاوچاکانە: (لَيْسُواْ سَوَاء مِّنْ أَهْلِ الْكِتَابِ أُمَّةٌ قَآئِمَةٌ يَتْلُونَ آيَاتِ اللّهِ آنَاء اللَّيْلِ وَهُمْ يَسْجُدُونَ * يُؤْمِنُونَ بِاللّهِ وَالْيَوْمِ الآخِرِ وَيَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنكَرِ وَيُسَارِعُونَ فِي الْخَيْرَاتِ وَأُوْلَـئِكَ مِنَ الصَّالِحِينَ ).

چوارەم: لە خەیرییەت و چاکێتی ئەم ئوممەتە فەرمان بە چاکەو جڵەوگیرییەتی لە خراپە: (كُنتُمْ خَيْرَ أُمَّةٍ أُخْرِجَتْ لِلنَّاسِ تَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَتَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنكَرِ وَتُؤْمِنُونَ بِاللّهِ) .

پێنجەم: تەمکین و دەسەڵات و جێگیربوون لە زەویدا لە پێناو بەرقەرابوون و سەلماندنی ئەم کارەیە: (الَّذِينَ إِن مَّكَّنَّاهُمْ فِي الْأَرْضِ أَقَامُوا الصَّلَاةَ وَآتَوُا الزَّكَاةَ وَأَمَرُوا بِالْمَعْرُوفِ وَنَهَوْا عَنِ الْمُنكَرِ وَلِلَّهِ عَاقِبَةُ الْأُمُورِ . شەشەم: لە هۆکارەکانی سەرکەوتنە: وَلَيَنصُرَنَّ اللَّهُ مَن يَنصُرُهُ إِنَّ اللَّهَ لَقَوِيٌّ عَزِيزٌ * الَّذِينَ إِن مَّكَّنَّاهُمْ فِي الْأَرْضِ أَقَامُوا الصَّلَاةَ وَآتَوُا الزَّكَاةَ وَأَمَرُوا بِالْمَعْرُوفِ وَنَهَوْا عَنِ الْمُنكَرِ وَلِلَّهِ عَاقِبَةُ الْأُمُورِ).

حەوتەم: گەورەیی فەزڵی پێ هەڵسان و ئەنجامدانی: (لاَّ خَيْرَ فِي كَثِيرٍ مِّن نَّجْوَاهُمْ إِلاَّ مَنْ أَمَرَ بِصَدَقَةٍ أَوْ مَعْرُوفٍ أَوْ إِصْلاَحٍ بَيْنَ النَّاسِ وَمَن يَفْعَلْ ذَلِكَ ابْتَغَاء مَرْضَاتِ اللّهِ فَسَوْفَ نُؤْتِيهِ أَجْراً عَظِيماً) . وە فەرموودەی پێغەمبەر ﷺ کە دەفەرموێت: {من دعا إلى هدى كان له مثل أجور من تبعه لا ينقص ذلك من أجورهم شيئا}[1]

[1] [رواه مسلم] .

هەشتەم: لە هۆکارەکانی لابردن و لێبونەوەی تاوانە، وەك پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾دەفەرموێت: { فتنة الرجل في أهله وماله ونفسه وولده وجاره، يكفرها الصيام والصلاة والصدقة، والأمر بالمعروف والنهي عن المنكر}[1]

نۆیەم: لە هەڵسان بەکاری فەرمان بەچاکەو جڵەوگیری لە خراپە، پاراستنی پێنج پێویستییەکەیە: ئایین و نەفس و ژیری و ماڵ و وەچە. جگە لەمانەش زۆر کاری تر هەن کە پەیوەستن بەم ئەرك و کارە پیرۆزەوەو بەجێهێنانی دەبێتە مایەی سەرکەوتن لەم بوارانەی دیکەدا.

## چی ڕوو دەدات ئەگەر ئەم فەرمانە پەك خراو کاری پێ نەکراو موسوڵمانان پێی هەڵنەسان و پشگوێیان خست:

یەکەم: ڕوودانی سزاو لە ناوچوونی پەروەردگار: (وَاتَّقُواْ فِتْنَةً لاَّ تُصِيبَنَّ الَّذِينَ ظَلَمُواْ مِنكُمْ خَآصَّةً وَاعْلَمُواْ أَنَّ اللّهَ شَدِيدُ الْعِقَابِ) . لە حوزەیفەوە خوا لێی ڕازی بێت کە پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾فەرموویەتی: { والذي نفسي بيده لتأمرن بالمعروف ولتنهون عن المنكر أو ليوشكن الله أن يبعث عليكم عقاباً منه ثم تدعونه فلا يستجاب لكم }[2] وە کاتێکیش دایکی ئیمانداران فەرمووی: ئایا تێدا دەچین لە کاتێکدا پیاوچاکانمان تێدان؟ پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾فەرمووی: { نعم، إذا كثر الخبث }[3]

دووەم: وەرنەگیرانی دوعاو پاڕانەوە، فەرموودەش لەم بارەوە هاتووە وەك فەرموودەی عائیشە خوا لێی ڕازی بێت: { مروا بالمعروف، وانهوا عن المنكر، قبل أن تدعوا فلا يستجاب لكم }[4]

سێیەم: نەمان و لەنێوچوونی چاکێتی و خەیرییەتی ئوممەت، پێغەمبەر﴿ﷺ﴾ دەفەرموێت: { والله لتأمرن بالمعروف ولتنهون عن المنكر ولتأخذن على يد الظالم ولتأطرنه على الحق أطرا ولتقصرنه على الحق قصرا، أو ليضربن الله بقلوب بعضكم على بعض ثم ليلعنكم كما لعنهم }[5]

چوارەم: زاڵبوونی دەسەڵاتی فاسق و خراپەکارو بێ دین و بەدڕەوشتەکان لە نێو کۆمەڵدا، بڵاوبوونەوەی خراپەو ڕەگ داکوتانی.

پێنجەم: دەرکەوتنی نەفامی و جەهل، نەمان و ونبونی زانست و زانیاری شەرعی، ئەوکاتیش ئوممەت لە تاریکایی و گومڕاییەکی ئەنگوستەچاودا دێت و دەچێت و گزنگی بەرەبەیان و ڕووناکی لێ ون دەبێت،

[1] [رواه أحمد].
[2] [متفق عليه].
[3] [رواه ا لبخاري].
[4] [رواه أحمد].
[5] [رواه أبوداود].

بەسە بۆ ئەو کەسەی واز لەم فەرمانە گەورە دبێن کە سزای خوای بەسەردا بێتە خوارێ، زاڵبوونی زاڵم و فاسق و بێ ئایینان بەسەریدا، نەمانی هەیبەت و ڕێزو حورمەتی لە نێو خەڵکیدا.

براو خوشکی موسڵمان: عەللامە شێخ حەمەد کوڕی عەتیق ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەفەرموێت: "فلو قدر أن رجلا يصوم النهار ويقوم الليل ويزهد في الدنيا كلها، وهو مع هذا لا يغضب لله، ولا يتمعر وجهه، ولا يحمر، فلا يأمر بالمعروف، ولا ينهى عن المنكر، فهذا الرجل من أبغض الناس عند الله، وأقلهم دينا، وأصحاب الكبائر أحسن عند الله منه". واتە: خۆ ئەگەر ڕێکەوت کە پیاوێك بەڕۆژ بەڕۆژوو دەبوو، وە شەویش هەڵدەستا بۆ نوێژ، وە کەسێکی زاهیدو دنیانەویست بوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەدا لەبەر خوا تورە نەدەبوو، ڕووی نەدەگۆڕاو سوور نەدەبۆوە لەبەر خوا، فەرمانی بەچاکە نەدەکردو قەدەغەی خراپەی نەدەکرد، ئەوە ئەو پیاوە لە ڕقنترین کەسانێکە لای خوا، لەوانەیە کە کەمترین ئایینداریان تێدایە، وە خاوەن گوناهە گەورەکان لای خوا لەو باشترن].

## هەنگاوەکانی ئینکارکردنی خراپەکاری:

یەکەم: ناساندن، چونکە کەسی بێ ئاگا کارێك دەکات بەڵام نازانێك ناشەرعییەو دروست نییە، جا دەبێ بە لەسەرخۆیی و ئەمانەتەوە بۆی ڕوون بکرێتەوە، ئەویش هەمووی بە نەرم و نیانیی و دڵسۆزی و هەنگاو بە هەنگاو.

دووەم: وەعزو ئامۆژگاری، ئەویش بە ترساندن بە سزاو تۆڵەی خوا بۆ سەرپێچیکەران، وە پاداشت و نیعمەتی نەبڕاوە بۆ گوێڕایەڵ و ملکەچان.

سێیەم: بەرزکردنەوەی بۆ لای دەسەڵات و کاربەدەستانی حیسبەت، ئەگەر هەر هاتوو سوور بوو لەسەر خراپەو تاوانەکەی.

چوارەم: دووپاتکردنەوەو بەردەوامی و بێ هیوانەبوون لە ئامۆژگاریی، ئەوەتە پێغەمبەران سەلامی خوایان لێ بێت بەردەوام و بێ وچان و فەرمانیان بە چاکە کردووە کە گرنگترینیان تەوحیدو یەکخواپەرستییە، هەروەها جڵەوگیریشیان لە خراپە کردووە کە گەورەترینیان شیرك و هاوەڵگیریی بووە.

پێنجەم: بەخشینی کتێب و کاسێتی بەسوود.

شەشەم: ئەوانەی لە ژێر ویلایەت و دەسەڵاتی خۆتدان وەك خێزان و منداڵ، ئەگەر چاك نەبوون، هەجر دەکرێن و تەئدیب دەکرێن.

حەوتەم: فەرمان بەچاکەو قەدەغەکردنی خراپە دەخوازێت کە ئەو مرۆڤە خاوەن نەرم و نیانی و لەسەرخۆیی و لێبوردەیی بێت، دڵفران و ئاسۆ ڕوون بێت، ژیرو داناو ورد بین بێت، هەرگیز بۆ خۆی و دەروونی خۆی هەڵنەشاخێت و تووڕە نەبێت، بە بەزەیی بێت بەرامبەر خەڵك، ئەمانەش هەموو دەخوازن کە بەخشندەو لێبڕاو بێت بۆ کارەکەی.

براو خوشکی موسڵمان: پلەکانی گۆڕینی خراپە پێغەمبەری خوا ﴿ﷺ﴾ باسی کردووەو دەفەرموێت: { من رأى منكم منكرا فليغيره بيده، فإن لم يستطع فبلسانه، فإن لم يستطع فبقلبه وذلك أضعف الإيمان}[١]

شێخی ئیسلام ئیبن تەیمییە ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەفەرموێت: "ومن لم يكن في قلبه بغض ما يبغضة الله ورسوله من المنكر الذى حرمه من الكفر والفسوق والعصيان، لم يكن في قلبه الإيمان الذى أوجبه الله عليه، فإن لم يكن مبغضا لشيء من المحرمات أصلا لم يكن معه إيمان أصلا".

واتە: وە هەرکەسێك لە دڵیدا ڕقی ئەوەی تێدا نەبێت کە خوا پاشان پێغەمبەر ڕقیان لێیەتی لەو خراپەی کە حەرامی کردووە لە کوفرو دەرچوون و سەرپێچی، لە دڵیدا ئەو ئیمانە نییە کە خوا بە واجبی گێڕاوە لەسەری، وە ئەگەر هاتوو هیچ ڕقێکی بەرامبەر بە حەرامکراوەکان هەر تێدا نەبوو لە ئەسڵدا، ئەوە هەر لە ئەسڵ و بنچینەدا هیچ ئیمانێك لە دڵیدا نەبووە.

وە شێخ موحەممەدی کوڕی عبدالوهاب ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەفەرموێت: "فالله الله إخواني، تمسكوا بأصل دينكم أوله وآخره أسه ورأسه، وهو "شهادة أن لا إله إلا الله " واعرفوا معناها وأحبوا أهلها، واجعلوهم إخوانكم ولو كانوا بعيدين، واكفروا بالطواغيت، وعادوهم وأبغضوا من أحبهم، أو جادل عنهم أو لم يكفرهم، أو قال ما على منهم، أو قال: ما كلفنى الله بهم، فقد كذب هذا على الله وافترى، بل كلفه الله بهم وفرض عليه الكفر بهم والبراءة منهم ولو كانوا إخوانه أو أولاده".

برای موسڵمان: لە نێو خەڵکید بێ ئاگایی و وازهێنا لە فەرماندان بە چاکەو جڵەوگیری خراپە بڵاو بۆتەوە، تا وای لێ هاتووە ئەم کارە پیرۆزە وەك دەستێوەردان و پێشێلکردنی مافی بەرامبەر حسابی بۆ دەکرێت، ئەمەش لە کەمی تێگەیشتن و ناتەواوی ئیمانە، لە ئەبو بەکری سددیقەوە خوا لێی ڕازی بێت کە فەرموویەتی: (یا أیها الناس! إنكم لتقرؤون هذه الآية: يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ عَلَيْكُمْ أَنفُسَكُمْ لاَ يَضُرُّكُم مَّن ضَلَّ إِذَا اهْتَدَيْتُمْ ، وإني سمعت رسول الله ﴿ﷺ﴾ يقول: { إن الناس إذا رأوا الظالم فلم يأخذوا على يديه أوشك أن يعمهم الله بعقاب منه }[٢]

---

[١] [رواه مسلم].

[٢] [رواه أبوداود].

جوان ورد بەرەوە لە فەرموودەی پێغەمبەری خوا ﴿ﷺ﴾ کە چۆن کۆمەڵگا وەك کەشتییەك دەچوێنێت و دەفەرموێت: { مثل القائم فى حدود الله والواقع فيها كمثل قوم استهموا على سفينة، فصار بعضهم أعلاها و بعضهم أسفلها، و كان الذين فى أسفلها إذا استقوا من الماء مروا على من فوقهم، فقالوا: لو أنا خرقنا فى نصيبنا خرقا و لم نؤذ من فوقنا، فإن تركوهم و ما أرادوا هلكوا جميعا، وإن أخذوا على أيديهم نجوا و نجوا جميعا }. لەگەڵ ئەسەفێکی زۆردا کە لەمڕۆداو لە زۆرێك لە کۆمەڵگا موسوڵمانەکانی ئێمە، بە گاڵتەو توانجەوە دەڕواننە ئەو کەسانەی ئەم کارە پیرۆزە ئەنجام دەدەن، نازانن کە خوای گەورە هەڕەشەی لەو جۆرە کەسانە کردووە بە سزایەتی بە ئێش و ئازار. ئەمەش لە ڕاستیدا کارێکی زۆر ترسناك و سەخت پاشەڕۆژەو مرۆڤ ئاگای لە خۆی نەبێت ئەچێتە بازنەی بێباوەڕییەوە،

لە حاشییەی ئیبن عابدین هاتووە کە: إن من قال:"فضولى" لمن يأمر بالمعروف و ينهى عن المنكرفهو مرتد. واتە: ئەگەر هەر کەسێك وتی: (فڵان کەس) فزولی و زیادەڕەووە، بەو کەسەی فەرمان بە چاکە دەکات و جڵەوگیریی خراپە دەکاتن ئەوە هەڵگەراوەیە.

وە لە وفى "الدر المختار" دا لە بەشی فزولی دا دەڵێت: "هو من يشتغل بما لا يعنيه، فالقائل لمن يأمر بالمعروف: أنت فضولى، يخشى عليه الكفر". واتە: ئەوەیە کە خۆی خەریك دەکات بە کارێکەوە کە پەیوەندی بەوەوە نییە، جا ئەوەی بەو کەسەی فەرمان بە چاکە دەدات دەڵێت: تۆ فزولیت، ئەوە ترسی کافربوونی لێ دەکرێت. خوایە گیان: بمانگێڕە لەوانەی فەرمان دەکەن بە چاکەو، هەوڵی نەهێشتنی خراپە دەدەن لە نێو کۆمەڵگادا، ئەوانەی سنوورەکانی تۆ دەپارێزن، خوایە دڵەکانمان لا نەدەیت دوای ئەوەی هیدایەتت داوین، لە لایەن خۆتەوە ڕەحمەت و بەزەییمان پێ ببەخشیت، هەر تۆ زۆر بەخشندەیت، خوایە لە خۆمان و باوك و دایك و گشت موسڵمانان خۆش ببە،

# بنەما و ڕێکخەرەکانی فەرمان بە چاکە و جڵەوگیری لە خراپە

بەشی یەکەم: بە ڕاستی ئێمەی ئوممەتی ئیسلام ئەمڕۆ زۆر چەملك و مەفاهیممان لێ ون بووە، هیودارم ببێتە ڕۆشنکەرەوەی ڕێگەی بەرەو خوا چونمان و بتوانین بە یەکەوە ئەم دروشمە گەورە لە ناو خۆمان و موسوڵماناندا زیندوو بکەینەوە.

گرنگی فەرمان بە چاکەو جڵەوگیری لە خراپە بەڕاستی بابەتی فەرمان بە چاکەو جڵەو گیری و نەهی کردن لە خراپە لە یەکەم کارو خاڵە هەرە گرنگانەیە کە پێویستە بانگخوازان و ئامۆژگاریکەران و دواندەرەکان گرنگی تەواوی پێ بدەن، فەرمانێکە لەو فەرمانانەی کە خوا(سبحانەوتعالى) دایناوە لە سەرمان، بەڵکو فەرمانێکە کە زۆر فەرمانی تری پێوە بەندەو جێ بەجێکردنیان لە سەر بە جێهێنانی ئەم وەستاوە، وە ئەگەر ورد بیر بکەینەوە ئەبینین کە هیچ فەرمانێك جێ بە جێ نابێت وە هیچ کارێکی خراپ و ناشەرعی ناتوانرێت قەدەغەو بەربەست بکرێت بە فەرمان بەچاکەو جڵەوگیری لە خراپە (الأمر بالمعروف و النهی عن المنکر) نەبێت، لە بەرئەوە خوای گەورە (سبحانەوتعالى) فەرمانی بەم ئوممەتە پیرۆزە داوەو فەرمویەتی: (وَلْتَكُنْ مِنْكُمْ أُمَّةٌ يَدْعُونَ إِلَى الْخَيْرِ وَيَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنْكَرِ وَأُولَئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ)[١] واتە: پێویستە لە ئێوە ئوممەتێك پێك بێت، یاخود بە هەمووتان ئوممەتێك بن کە بانگەواز بکەن بۆ خێروچاکە، فەرمان بدەن بە هەموو کارێکی باوو دروست، قەدەغەی هەموو نادروستیەك بکەن، وە هەرئەوانە سەرفرازن} ئینجا هەر دوای ئەوە باس لە ڕێزداری و پلە بەرزی ئەم ئوممەتە ئەکات کە بە هۆی فەرماندانی بەچاکەو قەدەغەکردنی بۆ خراپەوەیە بە دەستی دێنێت و ئەفەرموێت: (كُنْتُمْ خَيْرَ أُمَّةٍ أُخْرِجَتْ لِلنَّاسِ تَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَتَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنْكَرِ وَتُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ)[٢]. واتە: بەڕاستی ئێوە چاکترین ئوممەتێکن کە (بۆ سوودی) خەڵکی هێنراونەتە مەیدانەوە، چونکە فەرمان بە چاکە ئەدەن و قەدەغەی خراپە ئەکەن و باوەڕی دامەزراوتان بە خوا هەیە .

[١] [آل عمران:١٠٤]

[٢] [آل عمران:١١٠])

جا ئەگەر بیر لەم ئایەتە بکەینەوە ئەبینین کە فەرمان بە چاکەو قەدەغکردنی خراپە لە پێش باوەڕبوون بە خوادا هاتووە. وە هەموو موسوڵمانانیش ئەزانن کە هیچ شتێك نیە پێش باوەڕبوون بە خوا بکەویت، دەی کەواتە بۆچی لەم ئایەتەدا پێشکەوتووە؟ لەبەر ئەوەی کە ئایەتەکە باس لە چاکترین و پلەبەرزترین کار ئەکات، وە باس لەو تایبەتمەندییە ئەکات کە ئەم ئوممەتە بۆتە خاوەنی و ئوممەتەکانی تر ئەو پلەو تایبەتیەیان پێ نەدراوە،

لە بەرئەوە کارە تایبەتەکە پێشکەوتووە ئنجا لە دوایدا باوەڕ بە خوا بوون هاتووە کە بنچینەیەکەو هیچ کارێك بە بێ ئەو بنچینەیە وەرناگیرێت، هەر بۆیەش ئەبینین کە خوای گەورە باسی خاوەنانی کتێبمان بۆ ئەکات کە چۆن واز هێنان لە چاکەو قەدەغە نەکردن لە خراپە بۆتە خوو ڕەوشتیان و خواش (سبحانەوتعالی) بە هۆی ئەوەوە نەفرەتی لێ کردوون، خوا (سبحانەوتعالی) دەفەرموێت: (لُعِنَ الَّذِينَ كَفَرُوا مِنْ بَنِي إِسْرائِيلَ عَلَى لِسَانِ دَاوُدَ وَعِيسَى ابْنِ مَرْيَمَ ذَلِكَ بِمَا عَصَوْا وَكَانُوا يَعْتَدُونَ * كَانُوا لا يَتَنَاهَوْنَ عَنْ مُنْكَرٍ فَعَلُوهُ)[١] واتە: نەفرین کراوە لەوانەی کە بێ باوەڕبوون لەنەوەی ئیسرائیل لە سەر زاری داودو عیسای کوڕی مەریەم، ئەمەش لەبەر ئەوەی کە ئەوان یاخی و سەرکەش بوون و دەستدرێژیان دەکرد * ئەوانە قەدەغەی یەکتریان نەدەکرد لەخراپەو تاوانێك کە دەیانکرد.

ئنجا خوای گەورە ڕوونی ئەکاتەوە کە نەوەکانی ئیسرائیل هەموویان بەو شێوەیە نین و یەك جۆر نین، ئەفەرموێت(لَيْسُوا سَوَاءً)[٢] جا خوای گەورە(سبحانەوتعالی) ڕوونی کردۆتەوە کە ئەهلی کتاب هەموویان وەك یەك نین، بەڵکو لە ناو ئەواندا ئوممەت و کەسانێك هەن کە هەڵساون بە جێ بەجێکردنی فەرمانەکانی خوا، ئایەتەکانی خوا لەکاتی شەواندا ئەخوێننەوەو کڕنوش ئەبەن بۆ خوای گەورە، وە باوەڕی دامەزراویان بە خوا هەیەو فەرمان بە چاکە ئەکەن و قەدەغەی خراپە ئەکەن، جا ئەوانە (واتە باوەڕدارەکانی ئەهلی کتاب) بەو شێوەیە وەسفیان کراوە بەوەی کە باوەڕیان بەخوا هەیەو فەرمان ئەدەن بە چاکەو جڵەوگیری ئەکەن لە خراپە، کە ئەمە حاڵەتێکی شروشتیەوە باوەڕ بە خوابوون پێش کارەکانی تر ئەکەوێت، هەموو گەلانی تری پێ وەسف دەکرێ واتە باوەڕ بە خوا بوون بۆیان لە پێش فەرماندانیان بە چاکەو نەهی کردنیان بووە لە خراپە، بەڵام ئەم ئوممەتی ئیسلامە چونکە بۆ ئەوە هاتونەتە بوون و بەرنامەکەیان بۆ ئەوەیە خەڵکی لە تاریکاییەکانەوە بەرەو ڕووناکی بەرن، وە چونکە پایامەکەی موحەممەد ﷺ پەیامێکی جیهانیەو بو گشت مرۆڤایەتی هاتووە، ئەوە یەکەم کارێك کە لە سەر ئەم ئوممەتە پێویستکراوە برتییە لە فەرمانکردن بە چاکەو قەدەغەکردن

[١] [المائدة:٧٨-٧٩]
[٢] [آل عمران:١١٣]

لە خراپە، وە جیاکەرەوەی ئەم ئوممەتە لەگەڵ ئوممەتانی تردا ئەم خاڵەیە، و ئەمەیە کە ئەم ئوممەتەی پێ تایبەتمەند کراوەو فەرمانی پێ دراوە کە پێی هەڵسێ لە کاتێکدا کە ئوممەتەکانی تر کەمتەرخەمییان تیاکردووە و بە جێیان نەهێناوە. پەیوەندی فەرمان بەچاکەو بەرگری لەخراپە بە ناوەرۆکی دینەوە. فەرمان بەچاکە و جڵەوگیری لەخراپە کاتێك گرنگییەکەی بە تەواوی ئەزانرێت، کە کرۆك و ڕاستی ئەم ئاینەمان بە تەواوی بۆ ڕۆشن بێتەوە،

کاتێك کە بزانین ڕاستی و حەقیقەتی بانگەوازی پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾ چی بووە بۆ چی شتێك خەڵکی بانگهێشت کردووە. جا کاتێك زانیمان کە ئەم ئایینە لە سەر بنچینەی لا اله الا الله بەندەو، وە پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾ و هەموو پێغەمبەرانی پێش ئەویش تەنها بۆ ئەوە هاتوون و نێردراون کە خەڵکی بانگهێشت بکەن بۆ تێگەیشتن و بە جێ هێنانی ماناکانی ئەم وشە گەورەو پیرۆزە (وشەی یەکخواناسی)، وە جیهاو تێکۆشانی پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾گشتی بۆ ئەوە بووە کە وشەی یەکتاپەرستی بە جێ بێت و لە ژیانی خەڵکدا بەرجەستە ببێت و ڕەنگ بداتەوە، وەك خوای گەورە ئەفەرموێت: (وَمَا أَرْسَلْنَا مِنْ قَبْلِكَ مِنْ رَسُولٍ إِلَّا نُوحِي إِلَيْهِ أَنَّهُ لا إِلَهَ إِلَّا أَنَا فَاعْبُدُونِ)[1] واتە: ئێمە پێش تۆ هیچ پێغەمبەرێکمان ڕەوانە نەکردووە، کە وەحیمان بۆ ناردبێت بەوەی کە: بێگومان هیچ خوایەك نیە جگە لە من و دەبێت هەر من بپەرستن .

ئەو کات ئیتر باش ئەزانین و چاك بۆمان ڕۆشن دەبێت کە پلەو پایەو بەرزی ئەم دروشمە لە ناو ئەم دینەدا چیەو موسڵمانان چۆن داوایان لێ کراوە بە لە ژیانی خۆیاندا بەرجەستەی بکەن.

وشەی لا إله: ئەمە نەفی کردن و توڕدان و واز هێنانی هاوەڵگیری و هەموو ئەوانەی بە دوایەوە دێن لە تاوان و سەرپێچیەکانی دی.

وە إلا الله: جێگیرکردن و دانپیانانی تەوحیدو یەکخواپەرستییە.

گەورەترین کرداری چاك کە پێویستە بانگەشەی بۆ بکرێت یەکخواپەرستییە، هەروەها گەورەترین کرداری خراپ کە پێویستە قەدەغە بکرێت و نەهی لێ بکرێت و نەهێڵرێت هاوبەش بڕیاردانە بۆ خوای گەورە ئینجا دوای ئەوە تاوانەکانی تر دێن. جا ئەگەر ئەوەمان زانی کە پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾ لە گەڵ هاوەڵە بەڕێزەکانیدا هەموو ژیانیان بریتی بووە لە بانگەشە کردن بۆ تەوحیدو یەکخواپەرستی، وە بۆ بڵاو بونەوەی سوننەت و نەهێشتن و دژایەتیکردنی بیدعە و فەرماندان بە گوێڕایەڵی خواو سەرپێچی نەکردنی فەرمانەکانی، ئەو کاتە ئەزانین و باش لەوە تێ ئەگەین کە چۆن هەموو ژیانیان بریتی بووە لە فەرمانکردن و بانگەشەکردن بۆ چاکەو قەدەغەکردن و نەهێشتنی خراپەکاری لە ناو خۆیان و

---

[1] [الأنبياء:٢٥].

کۆمەڵەکەیاندا، وە چینی دوای ئەوانیش هەر بە هەمان شێوە شوێنپێیانە هەڵگرتوون و بە هەمان پەیرەوی ئەواندا هەنگاویان ناوە. کاریگەری وازهێنان لە فەرمان بە چاکەو قەدەغەکردن لە خراپە. کاتێك ئیسلام سەرلە نوێ نامۆ بووەوە، دروشم و مەشخەڵەکانی کزوو لاواز بوون، وە هەڵگرتنی ئیسلام وای لێ هات کە پاراستنی وەك ئەوە وابێت کە چۆن پشکۆیەکت بە دەست گرتبێت چەندێك بە ئازارو ئەشکەنجە بێ ئاوەهاش پابەند بوون بەم ئاینەو زیندووکردنەوەی دروشمەکانی توشی ئەشکەنجەو توانج و دەردی سەریت بکەن،

وە ئیتر لە دەرەنجامی هەڵنەسان بەو کارە پیرۆزە(فەرمان بە چاکەو نەهێشتنی خراپە) خراپەکاری و تاوان لە ناو موسوڵماناندا بڵاو بۆوە، وەکو ئەوەی توشی نەوەکانی ئیسرائیل بوو توشی ئێمەش هاتبێت پەنا بەخوا لەوەی کە نەفرینی خوا دابەزێتە سەر ئەم ئوممەتە وەك دابەزیە سەر ئوممەتەکانی تر- بەڕاستی لەبیرمان چۆوە کە خوای گەورە ئێمەی تایبەتمەندکردووە بە گەورەترین و شیاوترین سیفەتێك کە فەرمانە بە چاکەو قەدەغەیە لە خراپە، وە لە بیرمان چۆوە کە جیهاد لە پێناوی خوادا کە گەورەترین پلەی گیان بەخشنین و خۆ بەختکردنە بۆ ئەوە فەرمانی پێ دراوەو واجب کراوە کە خوا بە تاك و تەنهایی بپەرسترێت، وە لە پێناوی فەرمان دان بە چاکەو نەهێشتن و قەدەغەکردنی خراپەدا فەرز کراوە، خوای گەورە ئەفەرموێت: (أُذِنَ لِلَّذِينَ يُقَاتَلُونَ بِأَنَّهُمْ ظُلِمُوا وَإِنَّ اللَّهَ عَلَى نَصْرِهِمْ لَقَدِيرٌ)[1] واتە: مۆڵەت دراوە بو باوەڕدارانەی شەڕیان پێ دەگێڕن، کە بجەنگن بەرهەڵستی بکەن چونکە بە ڕاستی ستەم لێکراون، بێ گومان خوا دەسەڵاتی هەیە کە سەریان بخات و سەرکەوتنیان پێ ببەخشێت }. دوای ئەوە یەکسەر وەسفی ئەوانە ئەکات کە ڕێیان دراوە بجەنگن و جیهاد بکەن بەم وەسفە کە ئەفەرموێت: (الَّذِينَ إِنْ مَكَّنَّاهُمْ فِي الْأَرْضِ أَقَامُوا الصَّلَاةَ وَآتَوُا الزَّكَاةَ وَأَمَرُوا بِالْمَعْرُوفِ وَنَهَوْا عَنِ الْمُنْكَرِ وَلِلَّهِ عَاقِبَةُ الْأُمُورِ)[2] واتە:ئەوانەی کە ئەگەر پایەدارمان کردن لەزەویدا نوێژو دروشمەکان بە چاکی ڕادەگرن، زەکاتیش بە تەواوی دەدەن، فەرمان بە چاکە دەکەن و قەدەغە لە خراپە دەکەن، سەرەنجامی هەموو کارێکیش هەر بۆ لای خوا دەگەڕێتەوە.

مرۆڤی موسوڵمان لە سەرەتای بانگەوازو سەردەمی لاوازیشیدا دەبێت فەرمان بدا بە چاکەو قەدەغەی خراپە بکات، هەروەك یەکەم کارێکی موسڵمان ئەیکات دوای بەجێ هێنانی نوێژو زەکات فەرمان بە چاکەو قەدەغەکردنی خراپەیە. ئەوەندە بەسە کە بزانیت کە تۆ لە هەموو حاڵەتەکانی ژیانتا ئەم کارەت لە سەر پێویست کراوە و دەبێ کەمتەرخەمی تیانەکرێت، بە لانی کەم دەبێتە فەرزێکی

[1] [الحج:٣٩]

[2] [الحج:٤١].

عەینی واتە دەبێت فەرمان بە خۆت بکەیت بە چاکەو بەرگری خۆت بکەیت لە خراپە، کە ئەمە فەرمانێکی سەرشانی هەموو یەکێکە.

ئنجا دواى ئەوە وەکو پێغەمبەر (ﷺ) ئەفەرموێت: {من رأى منكم منكراً فليغيره بيده، فمن لم يستطع فبلسانه}[١] واتە: هەر کەس لە ئێوە کارێکی خراپ و نابەجێ بینی، با بە دەستی قەدەغەی بکات و نەیهێڵێت، جا ئەگەر نەیتوانی بە دەست ئەوە بە زمانی.

ئینجا پلەی سێەم دێت کە بە تەنانەت ئەم پلەی سێەمە لای زۆربەی موسوڵمانان ونەو بایەخی پێ نادەن کە ئینکار کردن و پێ ناخۆش بوونە بە دڵ. فەرزی عەینە لە سەر هەرموسوڵمانێك دەبێت فەرمان بە چاکەو قەدەغەی خراپە بکات، لە ماڵی خۆیدا، لەوەی لە ژێر دەستیایەتی، لە قوتابخانە، لە هەر کارێك کە دەستی پێی ئەگات و تواناى بە سەریدا هەیە کە بە دەست بیگۆڕێت دەبێت بیگۆڕێت، وە لە سەر هەموو ئوممەت فەرزە کە کەسانێکی تیا بن هەڵسن بە فەرمان بە چەکاو قەدەغەکردنی خراپە. ئەڵێم: کاتێك ئەم ڕاستی و فەرمانانە لەم ئوممەتە ون بوون و فەرامۆش کران، حاڵی موسڵمانان وایان لێ هاتووە وەك ئەوەی بە ئاینەکەیان نامۆ بن و هیچی لێ نەزانن وایە، سوننەت بووە بە بیدعەو بیدعەش لە جێی سوننەت کاری پێ ئەکرێت، وای لێ هاتووە کە هەندێك تاوان بووە بە نیشانەی ئەوەی کە بکەری ئەم تاوانە وەك کەسکێ باش تێی بڕوانرێت، یان سروشتی لەسەرخۆیە، یان کەسێکی کۆمەڵایەتیەو توندڕەوو وشك نیە، وای لێ هاتووە کاتێك یەکێك بانگەشەی خەڵکی ئەکات بۆ وازهێنان لە هەندێ تاوان و ڕەوشت و خووی ناپەسەند چەندەها تۆمەتی ئەخەنە پاڵ و چی و چی تیا ئەدۆزنەوە، وە بە هەموو شێوەیەك ئەکەونە سەرزەنشت و سەرکۆنە کردنی. جا چۆن گەشتینە ئەم حاڵە؟ وە چارەسەری ئەم حاڵەتە چۆن و بە چی ئەکرێت؟ گرنگی ڕونکردنەوەی بنەماکانی فەرمان بەچاکەو قەدەغەکردنی خراپە. ئێمە لەم بابەتەدا نامانەوێ قسە لە فەرمان بە چاکەو قەدەغە لە خراپە بکەین لە خودی خۆیدا، یان چۆنیتی فەزربونی و حوکمەکانی بە درێژی، بەڵکو قسە لە سەر چەند بنەمایەك یان ڕێکخەرو زەوابتێکی فەرمان بە چاکە و قەدەغەکردنی خراپە بکەین؟

لەوانەیە بڵێن: ئایا شتێکی باشە لە کەڵ کەمی ئەوانەدا کە فەرمان ئەکەن چاکەو قەدەغەی خراپە ئەکەن ئێمە قسە لە سەر بنەماو بنچینەکانیان بکەین؟ وە ئایا فەرمان بەچاکەو جڵەوگیری لە خراپە وا بڵاوەو پەرەی سەندووە تاکو هەڵسین بە دانانی هەندێ بنەماو بنچینە بۆ چونیەتی هەڵسان بەو کارە پیرۆزە؟ ئەڵێم: بە ڕاستی ئەم ئوممەتە تائێستاش - مەگەر ئەوانەی خوا ڕەحمی پێ کردوون- لە بێ ئاگایی و ونبونێکدایە لەم کارە پیرۆزە، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە واز لە ڕونکردنەوەی ئەم بنەمایانە

[١] مسلم (٤٩) عن أبي سعيد.

بێنین کە ئەم کارە پیرۆزەیان لە سەر بەندە، هۆی باسکردن و ڕونکردنەوەشی لەوانەیە بگەڕێتەوە بۆ ئەو گەڕانەوەو تەوبە کردنەی کە لە لایەن زۆرێك لە گەنجان و خوشکانی موسوڵمان سەری هەڵداوە دەستی پێ کردووە کە مژدەیەکی خۆشە بۆ ئەم ئوممەتە گەنج و لاوەکانی بەرەو دینی خوای گەورە بگەڕێنەوە، گەڕانەوەی لاوان بۆ ئیسلام مانای ئەوەیە ئەم ئوممەتە لە گزنگی بەرەبەیانێکی نوێدا ئەژی، ئەبینین کە ئەو ستەم و ناڕەواییەی کە بە سەر ئەم ئوممەتەدا هاتووە تاریکی پێش هاتنی ڕوناکی و بەرەبەیانە، ئێش و ژانی لە دایك بوونی نەوەیەکی نوێی دەستە مەچەکی قورئانیە کە بە هیچ شێوەیەك لۆمەی لۆمە کەران وای لێ ناکات لە بەردەم واجبی فەرمان بە چاکەو قەدەغەکردنی خراپەدا سستی و کەمتەرخەمی ڕووی تێ بکات. جا لە پێناوی ئەو نەوەیەیەی کە چاوەڕێ ئەکەین لە دایك بێت، وە لە پێناوی ئەو کۆمەڵە کەمەی کە فەرمان بە چاکە دان و قەدەغەکردن و نەهێشتنی خراپەیان کردۆتە هیواو مەبەستی خۆیان لە ژیانیاندا، ئەم بابەتە ڕوون ئەکەینەوە تاکو ڕێگە لە بەردەمیاندا ڕۆشن بێت و لێڵی و تەم و مژی تیا نەبێت، تاکو لەم کارە گەورەدا ڕێیان لێ تێك نەچێت و ون نەبن، ئەو کاتە خوا نەکات بۆیان بگەڕێت بە خراپەیەکی ترو پێویستی بە چارەسەرکردن ببێت. بە ڕاستی بنەماو بنچینەکانی ئەم بابەتە پێویستی بە زیاتر لە ڕاو بۆچونێك هەیە، چونکە کۆمەڵە دۆزو مەسەلەیەکن لە زۆربەی کاتدا لە شوێن ئەو بەرژەوەندیانەوە دێن کە ئەم کارەیان پێ جێ بەجێ ئەبێت، بەرژەوەندیەکانیش بە پێی ژیری و کات و حاڵی هەر کەس و شوێنێك گوڕانیان بە سەردا دێت، جا لە بەر ئەوە لە سەر هەموومان پێویستە کە هەوڵ بدەین و بیر بکەینەوە و ڕێگەچارەی گونجاوو شەرعی بدۆزینەوە، هەرکەسێك توانی بە یارمەتی خوا بگاتە بە جێ هێنانی بەرژەوەندیە شەرعیەکان لەم بوارەدا ئەوەکارێکی گونجاوی بەرهەم هێناوەو بۆتە هۆی لادانی خراپەو تاوان لە سەر بەندەکانی خوا، ئیتر پێویستە کە هەموومان لە یەکەم هەنگاوەوە دەست پێ بکەین تا ئەگەینە مەبەست. ئومێدەوارین خوای گەورە هەموو براو خوشکانی کارکەرو ماندوو نەناس لەم بوارانەدا ڕێڕۆشن و مووەفەق بکات –کە ئەو زاتە بە بە توانایە بە سەر ئەوەدا- بۆ ئەوەی ئەم بوارە تەواو مافی خۆی پێ بدرێ و تەواوکەری کەم و کوڕییەکان بێت، کە ئەمە بە ڕاستی پێویستی سەرشانی هەموومانە.

## فەرمان بە چاکەو قەدەغە کردنی خراپە بەشێکە لە بانگەواز.

یەکەم شتێك کە پێویستە بیزانین لەم بنەماو بنچینانە ئەوەیە کە ئەو کەسەی فەرمان بەچاکەو قەدەغەو جڵەوگیری لە خراپە ئەکات، بەڕاستی بانگخوازە بۆ لای خوای گەورەو بۆ ڕەزامەندی ئەو ئەم کارە گەورە ئەنجام ئەدات، چونکە فەرمان بە چاکەو قەدەغەی خراپە بەشێکە لە بانگەواز، وە ئەگەر حەز ئەکەیت بڵێ هەموو بانگەوازی ئیسلام لەوێدا خۆی ئەبینێتەوە. مەبەست لە فەرمان بە چاکەو نەهێشتنی خراپە بریتی نییە لە: سارێژبونێکی دەروونی یان تۆڵەسەندنەوەیەك لە یەکێك یان لەو واقعە تاڵەی کە تێیدا دەژیت یان لە تاوانباران و گوناهکاران هەرچەند ڕۆبچن و وزیادەڕەویش بکەن لە سەر خێرخوازان و باوەڕداران، بەڵکو ئەم کارە بەشێکە لە بانگەواز بۆ لای خوا، ئارامگرتن و بەردەوامی لە سەری ئارامگرتنە لە سەر بانگەواز. وە داواکردن و بە دواداچوونی زانست و زانیاری لە ڕۆشنترینی ئەو ئەرك و فەرمانانەیە کە خوای گەورە لە سەر بەندەکانی خۆی پێویستی کردووە، وە حیکمەت و دانایی لە فەرمان بەچاکەو .قەدەغەکردنی خراپەدا پێویست و واجبە، چونکە بانگەواز بۆ لای خوا پێویستی بە حیکمەت و دانایی ئامۆژگاری چاك و بە سوود و گفتوگۆو قسەو موجادەلە هەیە بەو شێوەیەی کە دروست و بەجێیە. کەواتە ئێستە ئەتوانین بڵێین: هەچ کارێك پەیڕەوی بانگەوازکردنی بۆ لای خوای گەورە پێ ڕێك و دروست و پتەو بکرێت و لە سەری بەندبێت، ئەوا پێویستە گشتی ئەو کارو پێویستیانە لە فەرمان بە چاکەو بەرگری کردن لەخراپەدا هەبن، چونکە هیچ جیاوازییەك نییە لە نێوان بانگەواز بۆ لای خواو فەرمان بە چاکەو قەدەغەکردنی خراپەدا. فیقهی ئەولەویات دووەم شت کە پێویستە بیزانین ئەوەیە کە: فەرمان بە چاکەو جڵەوگیری لە خراپە ئەولەویاتی هەیە و هەورا هەرەمەکی و بێ بەرنامە نییە، پێوسیتە سەرەتا پێش خراپە بچوکەکان خراپەو کارە دزێوە گەورەکان نەهێڵرێن و ئینکاری بکرێن، ژیانی پێغەمبەریش ﴿ﷺ﴾شایەتی ئەمەیە، ئەبینین کاتێك کە خوای گەورە ناردی خەڵکی هەموو جۆرە خراپەکانیان ئەنجام ئەداو تێدای نوقم ببوون، زینایان ئەکرد، کچیان زیندەبەچاڵ ئەکرد، ئارەقیان ئەخواردەوە، پەیوەندییە خزمایەتیەکانیان پچڕاندبوو، مندارەوە بویان ئەخوارد، هاوەڵیان بۆخوای گەورە بڕیار ئەداو جگە لە خوا(سبحانەوتعالی) خوای تریان ئەپەرست و هاواریان لێ ئەکردن. جا ئایا بە کام خاڵەیان پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾ سەرەتا دەستی پێ کرد؟ لەگەڵ ئەو هەموو دیاردەی دزێوو خراپانەی سەردەمی نەفامی کە لەو کۆمەڵگایەدا ڕیشەیان داکوتابوو پێغەمبەر﴿ﷺ﴾ یەکەم جار بە دژایەتیکردن و قەدەغەکردنی شرك و هاوەڵبڕیاردان بۆ خوا دەستی پێ کرد، دەی کەواتە با ئێمەش وەك پێغەمبەر﴿ﷺ﴾ بین، با سەرەتا بە نەهێشتن و بەگژاچونەوەی

هاوەڵبڕیاردانەوە دەست پێ بکەین، چونکە گەورەترین تاوان و خراپەکاری بریتیە لە هاوەڵبڕیاردان بۆ خوای گەورە و هیچ تاوانێك لەوە مەترسیدارترو خراپتر نییە، خوای گەورە ئەفەرموێت:

(ان الله لا یغفر ان یشرك به و یغفرمادون ذَلك لمن یشاء)[1] واتە: بەڕاستی خوا خۆش نابێت ئەگەر هاوەڵی بۆ بڕیار بدرێت، بێجگە لەوە لە هەر گوناهێکی تر بیەوێت خۆش ئەبێت.

ئێمە بانگخوازو ڕێپیشاندەری خەڵکین و ئەمانەوێت هەموو خەڵکی ڕێی هیدایەت وەربگرن و بەرەو بەهەشت بیانبەین، دەی با لەسەرەتاوە بە نەهێشتن و لادانی تاوانێك دەست پێ بکەین کە ئەگەر تێیاندا بێت و بەردەوام بن لەسەری بە هیچ شێوەیەك ناگەنە بەهەشت، با تێیان بگەیەنین کە مەترسی هاوەڵبڕیاردان بۆ خوای گەورە چەند گەورەیە و ئاکامەکەی چەندێك ترسناکە، جا ئەگەر پێویست بە شارەزایی و زانستی ئەکات لەم بوارەدا با خۆمان شارەزا بکەین و بە تەواوی بزانین هاوەڵبڕیاردان بۆ خوای گەورە چییە و شێوازەکانی چۆنن و چۆن کەسێك ئەکەوێتە بازنەی هاوەڵبڕیاردانەوەو موشریك دەبێت و بە چی شتێکیش دەربازی ئەبێت، چی بکات تاکو نەچێتە ڕیزی هاوەڵگیرانەوە؟

پێویستە بزانین کە هاوەڵبڕیاردانی گەورە چییە وە هی بچوك چییە، ئەحکام و یاساکانی شیرك چین، بە چی خۆتی لێ دەپارێزیت و هۆکارەکانی خۆپارستن چین، وە ئەگەر بە هەڵەو نەزانی کەتیتە ناوی چۆن دەرباز دەبیت و چی بکەیت تاکو بسڕێتەوەو نەمێنێت؟ ئەمانە هەموو پێوستن. با سەرەتا خراپە گەورەکە نەهێڵین و بەگژیاندا بچینەوە، وە ئەوەش کە ئەبێتە هۆکارو بەرەو ئەو خراپەیە ئەمانبات، کە ئەمە پلەی یەکەمە لە دەست پێ کردن، واتە پێش ئەوەی ئینکاری هیچ خراپەو تاوانێکی تر بکرێت پێویستە سەرەتا ئەو کەسە لە هاوەڵبڕیاردان بۆخوا بێتە دەرێ و خوا بە تاك و تەنها بناسێت وبیپەرستێت، جا ئەگەر مرۆڤی بانگخواز لە ناو کۆمەڵێکدا بوو ئەبێت لەوێوە دەست پێ بکات، وەئەگەر لەگەڵ تاکە کەسێکیشدا بوو ئەوە هەر لەو خاڵەوە دەست پێ ئەکات، لە هەر شوێن و جێگەیەك بوو دەبێ سەرەتا خاڵی دەستپێکردنی تەوحیدو یەکخواناسی بێت.

بە نموونە: کەسێك هاوار لە شتێکی تری جگە لە خوا ئەکات (سبحانەوتعالی)، یەکێکی دیکە لە کارو فەرمانەکانی ژیانیدا بە یاسای ستەمکاران و لە سنووردەرچووەکان ڕازییە، وە یەکێکیش قوربانی و سەربڕین بۆ جگە لە خوا ئەنجام ئەدات، یەکەم کارێك کە پێویستە ئەمانەی بۆ بانگ بکەین و بۆیان ڕوون بکەینەوە ئەوەیە کە پێویستە واز لەو کارەیان بێنن و هاوەڵ بۆ خوای گەورە بڕیار نەدەن ودڵ و گیانیان تەسلیم پەروەردگاریان بکەن و بگەڕێنەوە بۆ لای ئەوو واز لەو کارەیان بێنن.

---

[1] ( النساء : ٤٨ )

(قُلْ إِنَّ صَلاتِي وَنُسُكِي وَمَحْيَايَ وَمَمَاتِي لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ * لا شَرِيكَ لَهُ وَبِذَلِكَ أُمِرْتُ وَأَنَا أَوَّلُ الْمُسْلِمِينَ)[١]

واتە: ئەی پێغەمبەر ﷺ بڵێ: بەڕاستی نوێژو حەج و دروشمەکانی و (سەرجەم چاکەو بەندایەتیم) هەروەها ژیان مردنم بۆ خوای پەروەردگاری جیهانیانە ، ئەوزاتە هیچ هاوەڵ و هاوبەش و شەریکێکی نییەو من بەوە فەرمانم پێ دراوەو من یەکەم کەسی موسوڵمانان. کەواتە یەکەم شتێك و کارێك کە پێویستە ئەنجام بدرێت ڕوونکردنەوەی تەوحیدو یەکتاپەرستی و وازهێنانە لە شەریك و هاوەڵدانان بۆ خوای گەورە (سبحانەوتعالی)، ئایا ئەگەر هەر گەلێك لە گەلانی دنیای موسوڵمان خەڵکەکەی مەزارو گۆڕەکان و شەخسەکان بپەرستێت، وە جگە لە خوای گەورە هاوار لە کەسێکی تر بکانە، وە سەربڕینیان بۆ خوا نەبێت، وە فەرمانڕەوایی بۆ یاساو بەرنامەیەك بکات و پێی ڕازی بێت کە بەرنامەی نەفامی و دوور لەئیسلامە، وە داوای یارمەتی و کۆمەك لە جگە لە خوا بکات، لەگەڵ ئەوەشدا مزگەوتەکانی پڕبن لەو جۆرە خەڵکانە، وە دواندەرو ئامۆژگاریکەرانیان ئینکاری خراپەکانی تریان لێ بکەن هەوڵ بدەن لێیان دوور بکەونەوە، وەك زینا، خواردنەوەی ئارەق، وە بە گوێشیان بکەن، ئایا ئەم گەلە ئەبێتە شایەنی ئەوەی کە ئاڵای تەوحیدو یەکخواپەرستی بەرزبکاتەوەو فەرمانی خوا جێ بەجێ بکات؟ ئایا ئەگەڕێت بەو ئوممەتەی کە خوای گەورە فەزل و ڕێزی داوە بەسەر ئوممەتانی دیکەدا؟ وە ئایا ئەو ئامۆژگاری و قسانەی دواندەرو کەسانی تر ئەبنە هۆی ئەوەی کە بیانکەنە ئوممەتێکی بەرزۆ خواناس و لەخواترس؟ بێ گومان نەخێر، هەرچەند هەوڵ بدرێت و بانگەواز بکرێت بۆ واز هێنان لەو کارە دزێوو بێ سوودانە تاکو واز لە بنچینەو چاووگەکەی نەهێنرێت و لە سەرەتاوە بنەبڕ نەکرێت کە شیرك و هاوبەش بڕیاردانە بۆ خوای گەورە، بێ گومان بە هیچ جۆرێك ناگاتە ئەو فەزڵ و گەورەییە کە شایەنیەتی، هیچ لە واقع و ژیان و زیندەگی ناگۆڕێت مادەم لە خاڵی سەرەتاو بنچینەوە دەستی پێ نەکردووە کە یەکخواناسی واز هێنانە لە شیرك. هیچ بانگەوازێکی چاکسازی وبەرەو خوا چوون سەرکەوتوو نابێت ئەگەر سەرەتا بە فەرمان بە چاکە (کە بریتیە لە توحیدو یەکخواپەرستی)، وە جڵەوگیری و قەدەغەکردنی خراپە (کە بریتیە لە واز هێنان لەشیرك وهاوەڵبڕیاردان بۆ خوا) دەست پێ نەکات، ئەمە لە سەر ئاستی کۆمەڵگەو نەتەوە، هەروەها سەبارەت بە تاکەکەسیش هەر دەبێ لەم خاڵەوە دەست پێ بکرێت و سەرەتاکەی لێرەوە بێ: ئەگەر کەسێکت بانگ کردو هاتە ناو ئیسلامەو دەستی کردە نوێژکردن، دوور بوو لە زیناو دزی و ئارەق خواردن و کارەکانی تر، بەڵام هاواری لە کەسانی تر جگە لە خوا (سبحانەوتعالی) ئەکرد، سوێندی بە جگە لە خوا ئەخوارد، ڕەخنەی لە قەزاو قەدەری خوا ئەگرت و ملی نەئەدا بۆی،

---

[١] [الأنعام:١٦٢-١٦٣].

ڕازی ئەبوو بە حوکم و فەرمانی زاڵمان و ستەمکاران، ئەوە چ سوودێکی هەیەو بە چ شێوەیەك ئەبێتە کەسێکی یەکخواپەرستی خواناس، یان ئی وایە نوێژ ئەکات و ڕوو ئەکاتە خوا بەڵام نازانێت ڕوو لە چی ئەکات وەك هەندێ کەس کەباوەڕیان وایە کەخوا لە هەموو شوێنێکدایە– کە خوای گەورە ئاگاداری کردوین کە لە سەر عەرشە (الرحمن علی العرش استوی)[1] واتە : خوای گەورە لە سەرتەختی فەرمانڕەوایی خۆی وەستاوە ( چۆنێتی وەستانی خوای گەورە لە سەرعەرش لە ڕادەی ژیری ئێمە بە دەرە، چۆن لە ئایەتەکاندا هاتووە پێویستە بەو شێوە باوەڕمان پێی هەبێت،

پرسیارکرا لە پێشەوا مالك رحمه الله چۆن خوای گەورە وەستاوە؟ لە وەڵامدا فەرمووی: "وەستانەکە مەعلوم و زانراوە، چونیەتیەکەی نادیارو شاراوەیە، پرسیارکردن دەربارەی بیدعەیە، باوەڕبوون پێی واجبە".

جا ئەم کەسە نوێژ ئەکات خۆی ماندوو ئەکات هەوڵی خۆی بەکارئەبات، بەڵام خوایەك ئەپەرستێت بە گومانی خۆی لە هەمووشوێنێکە، جا کەواتە ئەم کەسە ڕاستەقینەو چێژی یەکخواپەرستی نەکردووە بە تەواوی،

کەواتە ئەڵێین: دەست پێکردن بە تەوحیدو بیروباوەر خاڵی سەرەکیەوە دەبێ هەر لەو ڕێگەیەوە دەست پێ بکرێت مەگەر نا هیچ بانگەوازێك و هەوڵ و تێکۆشانێك بەروبومی نابێت، جا کە ئەو خاڵە چەسپاو ڕۆشن بۆوە ئەوە ئیتر هەنگاو هەڵدەگرین بۆ یەك لە دوای یەکی خاڵەکانی تر،

ببە نموونە: یەکێك گوێڕایەڵی دایك و باوکی ناکات بەردوام دڵیان ئەشکێنێت و ئازاریان ئەدات، ئێمە لەگەڵیدا یەکەمجار لەووەوە دەست پێ ئەکەین کە شکاندنی سنورەکانی خوا چەند مەترسی هەیە وە مرۆڤ دەبێت پابەند بێت بە فەرمانەکانی خواوە، ئەوەش کە بە پابەندبوون ئەبێت بە توحیدو بە تاك و تەنها ناسینی خوای پەروەردگار، وەشکاندنی سنورەکانی خوا پاشان پێشێلکردنی مافەکانی زۆر لەپێشێلکردنی مافی دایك وباوك گەورەترە، ئەوکات ئەزانێت کە لە ئەنجامی پێشێلکردنی مافەکانی خوای گەورەوەیە کە مافی باوك و دایکی پێشێل ئەکات، جا ئەگەر ویستت فەرمان بە چاکە بکەیت و قەدەغەی ئەو خراپەو تاوانە بکەیت، ئەوە دەبێت مافەکان ڕێك پێك و تەرتیب بکەیت و خاڵەکان بخەیتە دوای یەك،

---

[1] ( طه : ٥ )

بە نموونە: جۆرەکانی چاکەکردن کە دەبێت فەرمانیان پێ بدرێت یەکەم لە تەوحیدو یەکخواپەرستیەوە ئیتر ئەوانەی تر کە بەدوایدا دێن، جۆرەکانی شیرك و هاوەبەش بڕیاردان بۆ خوای گەورە، ئیتر لە گرنگترینەوە دەست پێ بکە بۆ گرنگتر و ئەوجا گرنگ و وە هەروەها. وە دەبێت ئەمانەش بە گوفتاری جوان و قسەی بە سوودو خۆشەویستی وحیکمەتەوە ئەنجام بدرێن، ئەنا زیانیان زیاتر دەبێت وەك سوود. ئێمە کە دەڵێن: ئەم کارە بەشێکە لە بانگەواز، مەبەست لەوەیە گرنگی دان و سووربوون لە یەکەمجاردا پێویستە لە سەر لادانی تاوان و خراپەی هەرە گەورە بێت کە هاوەبەش بڕیاردانە بۆ خوا، جا ئەگەر گوناهە گەورەکانیشی واز لێ نەهێنابوو ئەوا وردە وردە، چونکە شیرك وهاوەبەش بڕیاردان زۆر لە تاوانی گەورە خراپترو گەورەترن خوا پەنامان بدات – وە بەردەوام دەبێت هەوڵ بدرێت بو نەهێشتنی و لابردنی هەموو خراپەیەك بەڵام دوای لادان و نەهێشتنی تاوانی هەرە گەورە کە شیرکە. گرنگی بانگەوازکردن لەو کۆمەڵگایانەی کە شیرك و هاوەڵگیری تێیاندا کەمە. سەبارەت بەو کۆمەڵگایانەش کە شیرك و هاوەڵگیری بۆ خوا تێدایندا شاراوەیە یان کەمە–مەبەست لە شیرکی گەورە ئەوەی کە پێی لە دین دەرئەچیت– پێویستە کە هەر بێ ئاگا نەبین لەم مەسەلەیەو باسکردن و ڕوونکردنەوەی، وە پێویستە بە تاواوی ئاگادار بین لێی، نەڵێین خۆ ئێمە هاوەڵبڕیاردانی گەورە لە ناو کۆمەڵگەکەمان نییە یان زۆرکەم و شاراوەیە، ئیتر پێویست ناکات باسی بکەین و بە بیری خەڵکی بێنینەوە چونکە خەڵکەکە بۆ خۆی ئەیزانێت و شارەزایە لێی، چونکە تەنانەت ئەو کۆمەڵگایانەش کە تەوحیدو خواناسیان وەرگرتووەو شارەزان، ئەگەر بێت و بیریان نەهێنرێتەوە و بەردەوام یاداوەری نەکرێن ئەوا بە تێپەڕبونی کات وردە وردە شەیتان و هەواو ئارەزووی مرۆڤ یەکخواپەرستی لەبیر ئەباتەوەو تووشی شیرك و هاوەڵبڕیاردانی ئەکات، دڵەکات ئەگەر ماوەیەکیان بەسەردا تێپەڕی و یاداوەری نەکران و بە ئیمان و تەوحید ئاو نەدران ئەوا ڕەق ئەبن و ئەوکات ئامۆژگاری وەرناگرن، بێ ئاگایی چواردەوری مرۆڤ ئەدات، شەیتان وەسوەسەو دڵەڕاوکێی بۆ دروست ئەکات، هەواو ئارەزووکانی ختوکەی ئەدەن و وریا نەبێت بەرەو هەڵدێری دەبەن، مرۆڤایەتی هەمووی بە گشتی لە سەر تەوحیدو یەکخواپەرستی ژیاوە تاکو سەردەمی گەلی نوح کە بۆ یەکەم جار لە مێژووی مرۆژدا شیرك و هاوەڵگیری هاتە کایەوەو لە ئەنجامی لە بیرچوونەوەی خواناسی خەڵکی کەوتنە پەرستنی پیاوچاکان و هاواریان لێ ئەکردو بوونە موشریك و بێباوەڕ بە پەروەردگاریان. کەواتە نابێت لەم کارە بە تەواوی دڵنیایی بمانگرێت و بڵێین: با واز لەم بابەتە بێنن و ئیتر قسە بکەین لە سەر تاوانەکانی دیکە بکەین وەك زیناو ئارەق و ئەو تاوانانەی تر، نەخێر، ئەمە قسەیەك وبۆچونێکی هەڵەیە، پێویستەو واجبە باسکردن و بانگ کردن بۆ لای تەوحید تەنانەت لای ئەوانەش کە یەکتاپەرستن،

وە یادی خۆمان و ئەوانیش بێنینەوە و هەمیشە لە یاداوەری تەوحیدو بەکخواپەرستیدا بین ، جا لە بەرئەوە خوای گەورە دەفەرموێت: (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا آمِنُوا)[1] واتە: ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە باوەڕ بێنن.

کەواتە پێویستە باوەڕدارانیش بەردەوام باوەڕەکەی خۆیان تازە بکەنەوەو یەکتاپەرستی و ڕێگەی خوا بیری خۆیان بێننەوە تاکو لە یادیان نەچێتەوەو تووشی گومڕایی نەیێن. لەم ئایەتەدا ئاگاداریمان ئەکرێت لە سەرجێگیر بوون لە سەر باوەڕ، وە بەردەوامی لە سەری، چونکە بەردەوامی لە سەرباوەڕ بیچینەی باوەڕی ڕاستەقینەیە، گوێڕایەڵی و بەندایەتی تەواو بۆ خوای گەورە بەندە بە بەردەوام بوون لە سەر باوەڕی تەواوو یەکخواپەرستی تەواو، خۆ ئەگەر ئێمە کرۆك و ڕاستەقینەی تەوحیدو یەکخواپەرستیمان بزانیایە، وە دووربکەوتینایەوە لە خراپەو تاوانی هەرە گەورە کە شیرك و هاوەڵبڕیاردانە بۆ خوای گەورە، ئەو کات سوومان نەدەخوارد، ڕازی نەئەبوین بە ئارەق و زیناو شتانی تر بە هیچ شێوەیەك کە لە کۆمەڵگاکانماندا بکرایە. پەیوەندی تاوانەکان بە هاوەڵبڕیاردانەوە. با سەیری ئەو کەسە بکەین کە سوو ئەخوات، بۆ ئەیخوات، ئایا لە بەرئەوە نییە کە خۆشەویستی دنیا دڵی داگیرکردووەو زاڵ بووە بەسەریدا؟ سووئەخوات، بەرتیل و ڕەشوەت وەرئەگرێ، وە هەروەها شتانی تریش لەم بابەتە ئەشزانێ کە حەرامەو قەدەغە کراوە، بەڵام هەر ئەیکات، بۆ؟

چونکە لە ڕاستیدا باوەڕی لاوازە، یان باوەڕی نەماوە و بێ باوەڕبووە و دڵی کرم تێی داوە، لە بەرئەوە ژیانی دنیای هەڵبژاردووە بەسەرژیانی دواڕۆژداو شوێن هەواو ئارەزوی دەروونی خۆی کەوتووە.

جا کاتێك کە لەگەڵیدا ئەکەویتە قسەو لە بنچینەوە بۆی ڕوون ئەکەیتەوە، هەرچەندە لەوانەیە بڵێ من باوەڕم هەیە و خوا بە تاك و تەنهای ئەزانم و شیرك وهاوەڵی بۆ بڕیار نادەم، پێی ئەڵێین: ئایا شیرکی ویست و ئیرادەت لەبیرکردووە؟ ئایا شیرکی خۆشەویستیت لەبیرکردووە؟ چونکە خۆشەویستی هەر شتێك ئەگەر بە ناخی دەرونتا ڕۆشتە خوارەوەو شێوەیەك چەسپی و جێی خۆی کردەوە کە خۆشەویستی خوا پاشان پێغەمبەری ﴿ﷺ﴾ داپۆشی ئەوە ئەبێتە شیرك هاوەڵبڕیاردان بۆ خوا، وە ئەگەر هەرکارێکت کرد و ویستت بەسەر فەرمانی خوا پاشان پێغەمبەردا﴿ﷺ﴾ دا زاڵی بکەیت و پێش فەرمانەکانی ئەوانی بخەیت، ئەوە ئەبێتە شیرك هاوەڵبڕیاردان بۆ خوا(سبحانەوتعالی). کەواتە ئەبێت ئەوە باشە بزانین و ئاگادار بین کە هەموو خراپەو تاوانێك بنچینەیەکی هەیە لە هاوەڵبڕیاردان بۆ خوای گەورە، بەڵکو هەندێ لەپێشین هەموو تاوانێکیان بە شیرك و هاوەڵبڕیاردان بۆ خوای گەورە داوەتە قەڵەم،

---

[1] [النساء:١٣٦]

وە لێرە مەبەست لەوەنیە کە ئەمە لەو شیرکانە بێت کە خاوەنەکەی لە میللەت بکاتە دەرەوە وەکو دەرچووەکان –الخوارج- باوەڕیان وابوو، نەخێر، ئەوە شتێکی ڕوون و زانراوە، وە ئێمە کەسێك بە هۆی ئەنجامدانی تاوانێکی گەورەی وەك ئارەق خواردنەوە، یان خواردنی سوو یان زینا، لە دین دەرناکەین، پەیڕەوی ئەهلی سوننەت وجەماعەت ئەوەیە کە ئەوانە باوەڕدارن، بەڵام باوەڕی تەواویان نییە، چونکە لە سەرو پلەی ئیسلامەوە پلەیەکی تر هەیە کە پلەی باوەڕە، وە لە سەروپلەی باوەڕیشەوە پلەی ئیحسان هەیە، وە هەندێ لە پێشین هەمووتاوانەکانیان بە شیرك و هاوەڵبڕیاردان لە قەڵەم داوە، مەبەست ئەوەیە کە بنچینەی هەموو تاوانەکان شوێن کەوتنی هەواو ئارەزووەکانە، وە هەچ کەسێك هەواو ئارەزووەکانی خۆی کردە خوایەك و بەردەوام گوێڕایەڵی کردن، ئەوە هاوبەش بڕیاردانی شاراوەی تێدا دروست بووە، هەرچەندە کە حوکمی ئەو شیرك و هاوەڵبڕیاردانە وەرناگرێت کە لە میللەتی ئیسلام ئەیکاتە دەرەوە. جا کاتێك کە ئێمە فەرمان بە چاکە ئەدەین و قەدەغەی خراپە ئەکەین و بانگەواز ئەکەین بۆ لای خوای پەروەردگار تبارك و تعالی پێویستە ئاگاداری ئەم بنەما گەورەی بین و هەرگیز لە بیری نەکەین.

## دەستپێکردن بە لابردنی خراپە بەرچاوو دیارەکان.

{ البدء بانكار المنكرات الظاهرة}. پیویستە کە سەرەتا بەلابردنی خراپە دیارو بەرچاوەکان دەست پێ بکەین، یان بە دەربڕینێکی تر زیاتر گرنگی بە خراپەو تاوانە دیارو بەرچاوەکان بدەین وەك تاوانە نادیارو شاراوەکان. ئەم بنەمایە هەموو بەرژەوەندیەکان تیایدا دێنەدی، بەشێوەیەك ئەتوانرێ خراپەو تاوانە دیارو بەرچاوەکان نەهێڵرێت، هەروەها خراپە شارەوەکانیش بەو شێوەیە، هەندێ لە بانگخوازان ئاگاداری ئەم کارە نین و پێی نازانن، خۆ ئەگەر چوینە ناو ژیانی کۆمەڵگەکەمانەوەو ورد بوینەوەو چەند نمونەیەکمان لێ هەڵێنجا ئەم کارە بە ڕوون و ئاشکرایی دەرئەکەوێت. ئوممەتی باوەڕدار ئەگەر پرسیاری سەبارەت بە نوێژ ئاڕاستە کرا دەبێ چۆن تێی بڕوانێت و چی بڵێت لە بارەیەوە؟

گومانی تێدا نیە کە وەڵامەکەی ئەوەیە کە نوێژ فەرمانێکی خواییەو پێویستە لە سەرمان دەبێ بە جێی بێنین، نوێژ هیچ کەس موجادەلەو کێشمەکێشمی تیا ناکات مەگەر کەسێك دەرچوبێت لە دین و بە تەواوی بێ باوەڕ بوبێت، لێرەدا مەبەستەکەمان ئەوەیە کە نۆێژ جێگەی قسەوگفتوگۆ نیەکە واجبە ودەبێت ئەنجام بدرێت. بەڵام نوێژی بە کۆمەڵ (صلاة الجماعة) ئەبینین بە ئاساییترو کەمتر سەیری ئەکرێت، ئی وا هەیە مناقەشەی لە سەر ئەکات واتە لە سەر بەردەوامی و نا بەردەوامی لە سەر نوێژی جەماعەت، ئی وا هەیە بەردەوامە لە سەرنوێژەکانی بەڵام لە ماڵەوە ئەیانکات و نایێت بۆ مزگەوت،

هەیە مەی ئەخواتەوەو کارگەری ئارەق دائەنێت و بڵاوی ئەکاتەوە، هەیە مامەڵە بە مادده سڕکەرەکانەوە ئەکات و بازرگانیان پێوە ئەکات. جا ئەگەر ویستت خەڵکی بانگ بکەیت بۆ لای خوا، وە ئارەق و مادده بێ هۆش کەرەکان نەهێڵیت، ئەگەر ویستت دیاردەی نوێژ نەکردن نەهێڵیت، کامیان لە پێشدا دەست پێ ئەکەیت؟ ئێمە لێرەدا کە باسی نوێژ ئەکەین مەبەستمان نوێژی جەماعەتە نەك خودی نوێژەکە خۆی، چونکە ئەوەی نوێژ ناکات ئەوە بێ باوەڕئەبێت و هیچ بەشێکی بە ئیسلامەوە نامێنێت، بەڵام ئێمە قسە لە ئەوانە ئەکەین کە واز لە نوێژی جەماعەت ئەهێنن و ئەڵێن: لە ماڵەوە نوێژەکەمان ئەکەین، یان دوای نیوسەعاتی تر، یان دوای تۆزێکی تر. کام لەم دوو کارە لەپێشترن بۆ نەهێشتن و هەوڵدان بۆ لابردنیان، کە بچم بۆ لای ئەوانەی لە چایخانەو سەرجادەکاندان و ئەوانەی ئامادەی جەماعەت نابن، ئاگاداریان بکەمەوەو نەهێڵم لەوە زیاتر ڕۆبچن لە تاواندا، یان بچم بگەڕێم بۆ کارگەی دروستکردنی عەرەق و نەیهێڵم و لە ناوی بەرم؟

هۆی دەست پێکردن بە خراپە دیاروو بەرچاوەکان. ئەگەر بەراوردێك بکەین ئەوا بە ئاسانی کارەکەمان بۆ ڕوون ئەبێتەوە: ئەوەی واجبەو دەبێ دەستی پێ بکەین ئەوەیە کە دەبێت سەرەتا زاڵ بین بە سەر خراپە و تاوانە بەرچاوەکاندا، چونکە تاوانی دیارو ئاشکرا ئەبێتە هۆی ڕق و تۆڵەی خوای پەروەردگار، بەڵام خراپەو تاوانی شاراوە، ئەوە لە خودی خۆیدا شاراوەیەوە نەگەشتۆتە پلەی ئاشکراو بڵاوکردنەوە، وە کاتێکیش خراپەو تاوانی شاراوە ئاشکرا دەبێ و بڵاو ئەبێتەوەکە واز لە تاوانە ئاشکراو بەرچاوەکان هێنرا تاوایان لێ هات کە زانران و دەرکەوتن و خەڵك پێیان ئاشنا بوو، بەم شێوەیە خراپە بەرچاوو ئاشکراکان ئەگەر قەدەغەنەکرێن و لانەبرێن ئەبنە دیاردەیەکی ئاسایی و بەرچاوو خو پێوە گیراو، وە دەبنە هۆی ئەوەش کە تاوانە شاراوەکانییش دەربکەون و زیاد بکەن، ئیتر بەم شێوەیە تاوان و خراپەکاری لە ناو کۆمەڵدا بڵاو دەبێتەوە. ئێمە لە کۆمەڵگەکانی خۆماندا بە کردار لە گەڵ ئەم کارەدا ژیاوین و کاریگەریی لە سەرمان بووە،

بە نموونە هەشتاساڵ لەمەو پێش هیچ کەسێك مەگەر زۆر بەکەمی لە جیهانی ئیسلامیدا ڕیشی نەتاشیوە، تەنها داگیرکەرەکانی ئینگلیز کاتێك کە هاتنە وڵاتەکانمان ئەم دیاردەیان هێنا، بەڵام ئێستە بۆتە حاڵەتێکی زۆر ئاسایی، بەڵکو بەپێچەوانەوە ڕیش هێشتنەوە بۆتە دیاردەیەکی نامۆ بەتوندڕەو تۆقێنەریان داناوە.

نموونەیەکی تر: جگەرە، پێش سی یان چل ساڵێك یان زیاتر حاڵی جگەرە کێش چۆن بووە، بە شێوەیەکی وا سەیر کراوە کە تاوانێکی ئەنجام دابێت و کەوتبێتە حەرامێکەوە، بەڵام ئەمڕۆ ئەبینین کە بۆتە شتێکی زۆر ئاسایی،

جا ئینکاری نەکردن و بە گژانەچونەوەی ئەو تاوان و خراپانەی کە دیارو لە بەرچاون ئەبنە هۆی بڵاو بونەوەیان و بەشێك لە خەڵکی دەبێتە خوو لایان و بە حەرام و قەدەغەی نازانن. ئێستە ئەوەی قسە لە سەر تاشینی ڕیش ئەکات بە نموونە مرۆڤێکی دواکەوتووە، ئەوەی قسە لە سەر لەچك و داپۆشینی ئافرەتان ئەکات کەسێکە وشك و داخراوە، پێت دەڵێن: برام! ئێستە ئێمە شتی زۆر گەورەترمان لە پێشەو پێویستە ئەوانە بخرێنە ڕوو، ئێستە تۆ دێی باسی ئەم بابەتانەمان بۆ ئەکەیت!، واز لەمانە بێنەو شتی گەورەتر باس بکەو قەدەغەیان بکە. بەڵام ئەگەر باسی خراپەی زیناو کاریگەریەکانیت لە سەر تاك و کومەڵ بۆ کرد دەڵێ: بەڵێ ئەمە خراپەیەکی گەورەیەو دەبێ باسبکرێ و چارەسەری بۆ دابنرێ. بەڵام بۆ زینا بڵاو دەبێتەوە؟

کەی زینا بوو بە خراپەو تاوانێکی بەرچاوو؟

کاتێك ئەمە ڕویدا کە خۆڕوتکردنەوەو چونە دەرەوە بە ڕووتی بووە شتێکی ئاشکراو بەرچاوو کەس بەرگری لێ نەکرد و وتیان شتێکی ئاساییەو خراپەیەکی گەورە نیە، جا ئەگەر ڕووتی و بەرەڵایی لە ناو کۆمەڵدا بووە دیاردەیەکی بەرچاوو ئاشکرا، ئەو کاتە زینا ئەبێتە خراپەو تاوانێکی نادیار، ئنجا بەو شێوەیە تا ئەگاتە ئەوەی کە زینا ببێتە دیاردەیەکی بەرچاوو ئاشکرا-خوا پەنامان بدات-وە بەم شێوەیە کارەکە بەردەوام ئەبێت، جا بۆیە کاتێك جگەر خواردن بووە شتێکی سادەو ساکارو خراپەیەکی بەرچاوو ئاشکراو قەدەغە نەکرا، عەرەق خواردنەوە بووە خراپەیەکی ئاشکراو قەدەغە نەکرا، کاتێك عەرەق بڵاو بۆوە و ئاشکرابوو، ئەوە کاتە مادده بێ هۆشکەرەکان بوونە خراپەو تاوانێکی شاراوە،

بە شێوەیەك کە دواندەرو ئاموژگاریکەران تەنها باس لە زیان و زەرەری مادده سڕکەرەکان بکەن و واز لە زیانی عەرەق بێنن کە چەند تاوانێکی گەورەیە، وای لێ هات کە عەرەق ئیتر کاتی باسکردن و دوورکەوتنەوە لێی بە سەرچوبێت و بوبێتە خراپەیەکی بەرچاوو وە هەروەها. ئەبینیت پێت ئەڵێن: مامۆستا! قسە لە سەر عەرەق مەکە ئەوە ئاسانە، نەگبەتی و دەردیسەری گەورەتر ئێستە مادده بێ هۆش کەرەکانن، ئەڵێین بەو برایە: بەڵێ ڕاست ئەکەیت کە دەردو تاوانی خراپتر لە جگەرەو شتانی دیکە پەرەیان سەندووە، بەڵام پێویستە کە بزانین کە بۆیە بەو شێوەی لێ هاتووەو بڵاو بۆتەوە چونکە ئێمە لە سەرەتادا لە جگەرەکەوە ئاسانکاریمان کردو گوێمان پێ نەدا، وە کاتێ مەیخواردنەوەو عەرەق پەیدا بوو کەمتەرخەمیمان تیاکردوو گوێمان نەدایە، ئەوکات ئیتر مادده بێ هۆش کەرەکانیش بە دوایدا هاتن، چونکە تاوان تاوان ڕادەکێشێت، تاوانێکی بچووك ئەگەر قەدەغەی لێ نەکرێ سەرئەکێشێ بۆ تاوانی گەورەترو وە هەروەها، ئیتر نازانین لە داهاتوودا حاڵمان چۆن ئەبێت ئەگەر بێت و کەمترخەمیش لەمەدا بکەین، کە بەڕاستی کەمتەرخەمین و هەموومان پێویستە دان بەوەدا بنێین، تاکو خۆمان گورج بکەینەوەو دەست بکەین بە بانگەوازکردن بۆ خۆای گەورە،

وە بۆ ئەوەی بە دەروونی خۆمان بگەین و ئاوڕێك لە خۆمان بدەینەوە تەوبە بکەین و بگەڕێینەوە بۆ لای پەروەردگار پێش ئەوەی بە سزاو تۆڵەی خۆی هەموومان بگرێت و لە ناومان بەرێت پەنا بە خوا.
چەند نموونەیەك بۆ ڕونکردنەوەی ئەم بنەمایە. ئەگەڕێمەوە بۆ نموونەی یەکەم، ئەویش وازهێنانە لە نوێژی بەکۆمەڵ، کە ئەوە بەڕاستی خراپەیەکی دیاروو ئاشکرایە و بە هیچ شێوەیەك دروست نیە بۆمان کەمتەرخەمی تیا بکەین، بەڵکو پێویستە هەوڵ بدەین کە خۆمان و کەسانی تریش ئاگادار بکەینەوە لە دەرەنجام و ئاکامی وازهێنان لە نوێژی جەماعەت، چونکە هەر بە هۆی وازهێنانی نوێژی جەماعەتەوەیە مۆرڤ وردە وردە وای لێ دێت کە واز لە نوێژیش ئەهێنێت—پەنابەخوا-. نوێژ کارێکی دیارو بەرچاوە لای هەموو کەس، هەموو کەسێك ئەزانێت فەرزێکی خواییەو دەبێت ئەنجامی بدات وکەمتەرخەمی تیا نەکات، هەندێ لە بانگخوازان دەڵێن پێویستە بە نەرمی و وردە وردە تا بۆماوەی چەند مانگێك یان چەند ساڵێك تاکو ئەو کەسە قەناعەت ئەکات نوێژبکات، بەڵام ئەمە بەم شێوەیە هەڵەیە، چونکە نوێژکردن فەرزێکی خواییە بە سەر بەندەکانیەوە نەوەستاوە لە سەر ئەوەی ئایا فلان کەس کەی قەناعەتی بۆ دروست ئەبێت یان نابێت، جا ئایا نوێژ وای لێ هاتووە بچێتە بازنەی قەناعەتەوە؟ سبحان الله!.
لەم کارانەدا مەبەستمان ئەوە نیە بە پەلە پەل و بێ بیرکردنەوە ئەنجام بدرێن، بەڵکو ئێمە لێرەدا چەند پێوەرێك دائەنێین کە ئەو پەلە پەلیەو هەڵچونە نەمێنێت، بەڵام دانانی ئەم بنەماو ڕاگرانە مانای ئەوە نیە ئیتر ئەم کارە هەڵوەشێتەوەو لایبەرین،
جێی داخە کە هەندێ لە بانگخوازان ئەڵێن: پێویستە کاردروستی بەکار بێنین، پێویستە بنەمای بۆ دابنێین، پێویستە لەقاڵبی بدەین، بەڵام بەم بیانوو پاساوانە لە دەرەنجامدا کارەکە وا لێ ئەکەن ئیتر کە قەدەغەی خراپەکە ناکرێت و بە سەریدا تێپەڕئەبین، بە پاساوی ئەوەی کە ئەمە حیکمەت نیە بەم شێوەیە، یان بەرژەوەندی بانگەواز وا ناخوازێت، وە ئیتر بەم جۆرە قەدەغەی خراپەو تاوانەکان ناکرێن و لە بیر ئەکرێن، جا ئەگەر گەشتینە ئەوە کە هیچ خراپەو تاوانێك ئینکاری نەکەین و هەوڵی لادان نەدەین بە پاساوی کە ئەمە لە حیکمەت نیە، یان بە پاساوو بیانووی مەرج و زەوابتێکی نەگونجاو، ئەوە بە ڕاستی تووشی زەرەرو زیانێکی گەورە دێین، وە زۆر پێویست و واجبە کە تاك و کۆمەڵی موسڵمان بەرامبەر ئەو تاوان و خراپە دیاروبەرچاوانەی کە لە کۆمەڵدا ئەنجام ئەدرێن هەڵویستێکی توندو شەرعییانەی هەبێت بەرامبەریان. پێغەمبەر(ﷺ) کە گەورەو سەرداری داناو کاردروستان بووە لە بانگەوازدا- فەرمانی پێ داوین کە لە مناڵەکەمان بدەین کاتێك گەیشتە دە ساڵ و نوێژی نەکرد، پێش ئەوە سێ ساڵ واتە لە تەمەنی حەوت ساڵیەوە ئامۆژگاری و هەڵنان وفەرمان پێکردنیەتی، بەڵام کە گەشتە دە ئیتر ئەبێت لێی بدرێت ئەگەر هەر ملی نەداو نوێژی نەکرد،

جا ئەگەر وترا: لێدان بۆ؟ ئەڵێین: ئەمە پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾ بۆی داناوین بەو شێوەیە، بەڵام ئەگەر هەڵەت کرد و لە پێش دە ساڵیدا ئامۆژگاریت نەکردو هەڵت نەناو باسی نوێژت بۆ نەکردو نوێژت لا خۆشەویست نەکرد و یەکسەر کەوتیتە لێدانی، ئەوە پێت ئەڵێین کە بزانە تۆ پێچەوانەی سوننەت و ڕەوشتی پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾ هەڵس و کەوتت لە گەڵ منداڵەکەتدا کردووە، بەڵام ئەوەی واز لە منداڵەکەی ئەهێنێت تا گەورە ئەبێت و ئەڵێت با بۆخۆی پەروەردە وەربگرێت یان لە دەرەوە پەروەردە وەربگرێت، ئەوە بەڕاستی ئەبێتە هاوبەشی یەکەمی هەچ خراپەو تاوانێك کە منداڵەکەی لە داهاتوودا ئەنجامی ئەدات. پێویستە لە سەر مێرد کە توند بێت لە گەڵ ژنەکەی، ئەگەر کاری بێ شەرعی لێ ڕویدا، یەکەم جار ئامۆژگاری بکات بەقسەی خۆش و خراپەکانی بۆ ڕوون بکاتەوە، ئینجا بیری بێنێتەوە بەڵکو پەندوئامۆژگاری وەربگرێت، جا ئەگەر هەر چارەسەر نەبوو لە تاوان نەگەڕایەوەو گوێڕایەڵی مێردەکەی نەئەکرد لە فەرمانی خوادا ئەوە دەبێت لێی بدرێت، وە ئەمە واجبێکی خواییە، جا ئەگەر ڕازی بویت کە خێزانەکەت بە ئارەزوی خۆی و بێ پێویستیەك و هەر بە هەواو ئارەزوو چووە دەرەوەو ئەملاوئەولای کرد و چووە شوێنە گشتییەکان و بازاڕو سەر بەحرو وە هەروەها، جا ئەوەی بەوە ڕازی بێت و هیچ ئینکارییەکی ئەوە کارە دزێوە نەکات، ئەوە لە ڕاستیدا ڕەوشتی خۆی لەکەدار ئەکات و هاوبەشێکی گەورەیە لەو تاوان و خراپانەی لە دەرەنجامی ئەو کارەدا دروست ئەبن، جا ئەگەر هەموو باوکێك لە گەڵ منداڵەکانیدا دوای بەکارهێنانی قۆناغە شەرعیەکان کارەکانی براندەوە، وە هەموو پیاوێك لە گەڵ خێزانەکەیدا لەو کارانەی کە ناشەرعین بە شێوازی شەرع و لەو ڕێیەوە هەنگاوی دەنا، ئەوا زاڵ ئەبین بە سەر ئەم عادەت و خووە ناپەسەندو ناشەرعیانەدا کە نزیکە خوای گەورە بمانگرێت بەو تاوانانە، جا ئەگەر ئێمە تەنها باسمان لە سەر لە ناوبردن و نەهێشتنی زینا بووە، ئەوە با لە نەهێشتنی دیاردەی ڕووتی و بەرەڵاییەوە دەست پێ بکەین چونکە دەرگای زینا لە بەرەڵایی و ڕوتبونەوەو چونە دەرەوەی ژنانە بە ڕووتی بە ناو کۆمەڵگەدا. ئافرەتێك کە خۆی ڕووت ئەکاتەوەو ئەچێتە بازاڕەکان، تۆ دەتوانیت پێی بڵێیت وئاگاداری بکەیتەوە کە ئەوە کارێکی ناشەرعیەو تاوانێکە ئەنجامی داوە، چونکە تاوانەکەی بەرچاوەو دیارە، وە تۆ تۆمەتبارنابیت بەوکارەت، بەڵکو کارێکی شەرعیە، چونکە لە خوو عادەتی خەڵکی وایە ئەگەر کەسێك کە خراپەو تاوانێکی دیاری بینی لە کەسێکی دیکەو پێی وت و ئاگاداری کردوە ئەوە تۆمەتباری ئەکەن بەوەی کە بۆچی پێی ئەڵێیت و تۆ پەیوەندیت بەو کارەوە چیە، جا لەم حاڵەتەدا ئەوە خراپەیەکی بەرچاوە چونکە ئەوکەسەی کە مەحرەم نەبێت دروست نیە بەو شێوەیە ئافرەتان قسەی لە گەڵدا بکەن یان هەڵس و کەوت و کڕین و فرۆشتنی لە گەڵدا بکەن، جا قەدەغەکردن و نەهێشتنی کارێکی خراپی لەو جۆرە ئەبێتە هۆی ڕێگە بەستنەوە لە کارێکی خراپترو تاوانی گەورەتر کە زینایە، چونکە دەرگای زینا بە چونە دەرەوەی ژنان بە ڕووتی و بێ پێویستی وردە وردە ئەکرێتەوەو تاواى لێ دێت

کە ئەگەر بەرگری نەکرێت و قەدەغە نەکرێت ئەوا ئەویش ئەبێتە تاوانێکی ئاشکراو بەرچاو – خواپەنامان بدات-، جا کەواتە هەر ئەبێت بە هەر شێوەیەك بێت هەوڵی لابردن و نەهێشتنی کارە خراپە ئاشکراو بەرچاوەکان بدرێت و لەوانەوە سەرەتا دەست پێ بکرێت، ئەویش بە بڵاوکردنەوەی حەق و چاکەو ڕەوشتی بەرزو پاراستنی پاکێتی و داوێن و هەڵنانی کاری چاك و ڕونکردنەوەی ئەو تاوانانە بۆ خەڵکی بە گشتی، ئنجا ئەگەر توانرا لە ڕێی دەسەڵاتەوە ئەم کارە ئەنجام درا، ئەوە نەهێڵرێت بە هیچ شێوەیەك داوێن پیسی و خراپەکاری و بەرەڵایی لە ناو کۆمەڵدا بڵاو بێتەوەو کۆمەڵێك کەس و لایەنی گومان لێکراوو بێ دین یاری بە چارەنوسی گەلێك بکەن و سنورەکانی خوای گەورە پێشێل بکەن. کەواتە بنەماو قاعیدە گشتیەکە ئەوەیەکە: دەبێ لە تاوان و خراپە ئاشکراوو بەرچاوەکانەوە سەرەتا دەست پێ بکەین و نەیانهێڵین، کە لێرەوە بە یارمەتی خوا وە پاشانیش سووربون و بەردەوامی ئەتوانین زاڵ ببین بە سەر تاوان و خراپە شاراوەکانیشداو کۆمەڵ پاك بکەینەوە لەو دەروون نەخۆشانەی کە مەبەستیان تێك دان و فاسیدکردنی موسوڵمانانە، ئەمە بێ ئەوەی کە کەموکوڕی و کەمتەرخەمی بکەین لە لابردنی تاوانە شاراوەکان.

## نابێت خراپەیەك بگۆڕیت کە ببێتە هۆی دروستبوونی خراپەیەکی گەورەتر لەو یان تاوانێکی گەورەتر.

نابێت خراپەیەك بگۆڕیت و لای بەریت ئەگەر سەریکێشا بۆ دروستکردن و بەرپابوونی خراپەیەکی گە ورەتر. { لا يجوز انكار المنكر اذا ادى الانكار الى منكر اكبر}. چونکە مەبەست لەم کارە بریتی نییە لەوەی کە تۆ تەنها ئینکاری بکەیت و خراپەکە لابەریت و بەس، یان دڵی خۆتی پێ ئیسراحەت بدەیت، یان تۆڵە لە خاوەن خراپەو تاوانەکە بکەیتەوە، نەخێر، بەڵکوو مەبەست گوێڕایەڵی خوای گەورەو ملکەچیبوونی فەرمانەکانیەتی، جا ئەگەر بەو کارەی قەدەغەت ئەکرد زیاتر سەرپێچی خوای گەورەی تێدا بوو، واتە ئەو خاوەن تاوانەی کە تۆ قەدەغەی لێ ئەکەیت بە هۆی قسەو هەڵس و کەوتنی تۆوە زیاتر ڕۆئەچوو و سەرپێچی ئەکرد، ئەوا ئەو کارە مەکە و وازی لێ بێنە، خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا بۆ پێغەمبەر ﷺ و هاوەڵەکانی ڕوون کردۆتەوە و دەفەرموێت: (وَلا تَسُبُّوا الَّذِينَ يَدْعُونَ مِنْ دُونِ اللَّهِ فَيَسُبُّوا اللَّهَ عَدْواً بِغَيْرِ عِلْمٍ كَذَلِكَ زَيَّنَّا لِكُلِّ أُمَّةٍ عَمَلَهُمْ)[١] واتە: (ئەی باوەڕداران) نەکەن جوێن بدەن بەو بت و شتانەی کە (نەفامان) هاواری لێ دەکەن و دەیپەرستن بێجگە لە خوا،

---

١ [الأنعام:١٠٨]

نەوەکو ئەوانیش بە ناحەق و بە نەفامی جوێن بدەن بە خوا، چەنکە ئەوانە نایناسن و قەدری نازانن، ئابەو شێوەیە ئێمە بۆ هەر گەل و ئوممەتێك کردەوەکانیمان ڕازاندۆتەوە.
خوای گەورە قەدەغەی کردووە کە باوەڕداران جوێن بدەن بە بت و سەرانی نەفامی، ئەوانەی کە جگە لە خوای پەروەردگار ئەپەرسترێن، چونکە سەرئەکێشێ بۆ ئەوەی کە بێ باوەڕانیش جوێن و قسەی نابەجێ بە خوا بدەن. جا ئەگەر تۆ لە کۆڕێکدا بویت، یان لە شوێنێك لەگەڵ کەسانی تاوانبارو بێباوەڕ تێك گیرایت و کەوتیتە مشتومڕ، ئەگەر تۆ جوێن و قسەت بەوان وت ئەوا ئەوانیش جوێن ئەدەن بە خێرخوازان و باوەڕداران، ئەگەر تۆ جوێنت دا بەسەرانی بیدعەو کوفرو گومرایی، ئەوانیش جوێن ئەدەن بەسەرانی ئەهلی باوەڕو یەکتاپەرستی، جا پێویستە کە شتی وا نەکەیت، ئەگەر چویتە لای یەکێك و زانیت ئەگەر فەرمانی پێ بدەیت بە چاکەو قەدەغەی کارە خراپەکانی لێ بکەیت ئەوە جوێن ئەدات بە خوای گەورەو زیاتر لە کوفرو بێ باوەڕیدا ڕۆ ئەچێت، پێویستە لەسەرت کە وازی لێ بێنیت و لەگەڵی نەڵێیت، چونکە ئەوکارەی تۆ هەرچەند لە ڕاستیدا فەرمان بەچاکەیەو قەدەغەیە لە خراپە، بەڵام ئەبێتە هۆی سەرهەڵدان و دروستبوونی خراپەیەکی گەورەتر کە لەوەو پێش نەبووە. بە ڕاستی نەگبەتیە لەناو کۆمەڵگایەکی موسڵماندا کە ڕۆژانە پێنج جار بانگ ئەدرێت و هەموو گوێمان لە
ألله أکبر و شایەتی دان لە سەر یەکتاپەرستی و خواناسی دەبێت، ئەبینین جوێن بە خوای گەورە ئەدرێت و ئیهانە بە دین ئەکرێت، بەڕاستی لە سەر کۆمەڵی موسوڵمانان پێویستە بە هیچ شێوەیەك ڕێگە نەدەن کە نەفام و هەرزەکان جوێن بە خواو پێغەمبەر و ئایینەکەیان بدەن، بەڵام بە داخ و پەژارەیەکی زۆرەوە کە ئەمە واقعێکەو بە چاوی خۆمان دەیبینین. کەواتە زۆر پێویست و هەنوکەییە کە لەم خاڵە ورد ئاگاداربین و نەکەوینە هەڵەوە، نابێت خراپەیەك بگۆڕین ئەگەر هاتو بووە ڕێخۆشکەر بۆ خراپەیەکی لە خۆی گەورەتر. هەروەها نابێت هەوڵی گۆڕینی خراپەکان بدەین بە هۆکارە ناشەرعیەکان، خراپە خراپەیە، نابێت خراپە بەخراپەیەکی تر بگۆڕیت، چونکە هەردوکیان خراپەن، هیچیان لە هیچیان باشتر نیە، وە گۆڕین و لابردنی خراپە تەنها لە و ڕێگە دروست و مەشروعانەوە دەبێت کە خوا (سبحانه وتعالی) ڕێی پێ داوەو بۆی داناوین. دواخستنی فەرمان بە چاکەو قەدەغەکردنی خراپە. لێرەوە دەبێ بە ڕووی مەشاعیرو هەستی خەڵکیدا هەڵنەشاخێین ئەگەر دواخستنی خێری تێدا بوو، کە ئەمە یەکێکە لەو بنەمایانەی کە لە بنەمای دووەمەوە وەر ئەگیرێت، پێغەمبەر (ﷺ) بە دایکی باوەڕداران عائشە خوا لێی ڕازیبێ ئەفەرموێت :

{لولا أن قومك حديثو عهد بشرك أو بكفر، لهدمت الكعبة ولجعلتها على قواعد إبراهيم}[1] واتە:ئەگەر گەلەکەی تۆ تازە عەهد نەبونایە (واتە نزیك نەبونایە) بە کوفر یان بە هاوەڵبڕیاردان بۆ خوا، ئەوە کەعبەم ئەڕوخاندو لە سەر بنەماو پایەکانی ئیبراهیم کە دروستی کربوو بەو شێوەیە دروستم ئەکردەوە.

جا ئەمە پێغەمبەری خوایە ﴿ﷺ﴾بەم شێوەیە دەکات، ئەو ئایینەی گۆڕی کە عەرەبەکان لە سەری بوون و لە ڕیشەی دەرهێنا، لە سەر ئەوە شەڕی لەگەڵ کردن، هاتنە ناو ئیسلامەوە بەخۆشی و ویستی خۆیان، یان بە شمشێرو جیهاد، وە پێغەمبەری خوا ﴿ﷺ﴾خۆی حاکم و فەرمانڕەوای نیوە دوورگەی عەرەب بوو، خۆی فەرماندەرو دەسەڵاتدار بوو، ئەگەر هەر شتێکی بفەرمواية يەکسەر گوێڕایەڵی ئەکرا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا باسی ئەو ڕێگرو بەربەستە ئەکات کە بۆتە هۆی ئەوەی کەعبە لە سەر شێوەی بنەماکانی حەزرەتی ئیبراهیم دروست نەکرێتەوە، لەگەڵ ئەوەدا کە دانانی کەعبە بەو شێوەیەی کە ئیبراهیم دای ناوەو دروستی کردووە بۆ بەرژەوەندیەك وجێ بەجێکردنی کارێکی شەرعیە، ئەویش تاکو بەو شێوەی کە خوا (سبحانەوتعالی) فەرمانی دا بە پێغەمبەر ئیبڕاهیم دروست بکرێتەوە. بەڵام چی ئەبێتە ڕێگر لە بەردەم بەجێ نەهێنانی ئەم کارە شەرعیەدا؟ با بزانین ئەو ڕێگرو بەربەستە چی بوو کە وای کرد پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾کەعبە لە سەر بنەماکانی ئیبراهیم سەلامی لێ بێت دروست نەکاتەوە؟ ڕێگرەکە ئەوەبوو کەعەرەباکان تازە موسوڵمان ببوون و لە کوفرەوە (لە ڕوی کاتەوە) نزیك بوون، وە ئەوان بۆیە بڕوایان پێی هێنابوو شوێنی کەوتبوون، چونکە پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾ قەدەغەکراوەکانی خوای بە گەورە ئەگرت و ئەیپاراستن، ئەوەی خوا بە گەورەی بزانیایە ئەمیش بە گەورەی ئەگرت، خوای بە تاك وتەنها ئەپەرست، بانگەشەی ئەکرد بۆ ئایینی ئیبراهیم، وە هەموو خەڵکی بەم شێوەو تێڕوانینە سەیری پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾ و ئایینی نوێیان دەکرد، بیریان لەوە نەبوو کە لەم کارەدا چی چاك وخراپ هەیە، ئەوەندەی ئاگاداری بوون و زانرابوو لایان ئەوە بوو کە ئەمە ئایینە ئایینی یەکخواپەرستی و تەوحیدە، وە هەر لە بەر ئەوە شوێنی کەوتوون، وە کەعبەش لە بیروباوەڕی ئەواندا ڕەمزو هێمای کرۆك و حەقیقەتی یەکخواپەرستیە، جا ئەگەر ڕوخاو شێوەی دروستکردنەکەی گوڕا، ئەوە وەکو ئەوە وایە ئایینی ئیبراهیم گوڕابێت، لە بەر ئەوە ئاسان نەبوو لەو کاتەدا تێکدانی کەعبەو دروستکردنەوەی لە سەر ئەو بنەمایانەی کە ئیبراهیم سەلامی لێ بێت دایناب‌وون، هەر بۆیەش پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾ نەیویست لە سەرەتای ئیسلامدا بەرەو ڕووی هەستو مەشاعری ئەوان ببێتەوە. جا لەبەرئەوە ئەڵێین: پێویستە لە سەرمان کە بزانین،

[1] البخاری (١٥٠٦)، مسلم (١٣٣٣) عن عائشة.

ئەگەر یەکێك باوەڕیشی هێناو ڕێی هیدایەتیشی گرتەبەر وبەردەوامیش بوو لە سەری، ئەوە جاری وا هەیە هەندێ سەرپێچی کە ئەیکات و وازی لێ ئەهێنرێت یان لە سنوور دەرئەچێت و بۆی ئەپۆشرێت، لە بەر ئەوە نییە کە بۆی بە ڕەوا بینراوە یان بۆی حەڵاڵ کراوە، بەڵکوو لەبەر ئەوەیە کە ئەگەر ئامۆژگاری و فەرمان بە چاکەکە دوا بخرێت بەرهەمی ئەبێت و کارەکە لە جێی خۆیدا ئەنجام ئەدرێت و ئاکامێکی باشتری لێ دەکەوێتەوە، بەڵام ئەمە نابێ وامان لێ بکات کە لە بەر پاساوو بیانووی بەرژەوەندی بانگەواز ئیتر واز لە فەرمان بە چاکەوە جڵەوگیری لە خراپە بێنین بە هیچ شێوەیەك.

سەیرکەن لە سەردەمی عبداللە کوڕی زوبەیر خوا لێی ڕازیبێ کاتێك کەعبە لە سەر بنەماکانی ئیبراهیم سەلامی لێ بێت دروست کرایەوە، هیچ ڕووی دا؟ خەڵکی بێزاری و ناڕەزاییان دەربڕی؟ نەخێر، بۆ؟ چونکە ئەو نەوەیە ڕۆشتن و نەوەیەکی تر هاتن کە لە سەر تەوحیدو یەکخواپەرستی گەورە ببوون، ئەوەی کە عبداللە کوڕی زوبەیر کردی و فەرمانی پێدا، کارێکی دروست بوو، لە بەر ئەوە هیچ ناڕەزاییو خراپەیەك ڕوینەدا، چونکە لە کاتی خۆیدا بوو.

لێرەوە وا نەزانین کە ئەتوانین خراپەو تاوانەکان هەمووی بە یەکجار بگۆڕین، وە ئەوەی جێی داخ و ئێشە ئەوەیە کە موسوڵمانی ئەمڕۆ ئەبینین کە خۆی کۆمەڵێکی زۆر لەو کارە خراپ و ناڕەوایانەی تێدایە، ئەبینین کە تەممەڵە لە نوێژەکانیدا، گوێ لە گۆرانی ئەگرێت، سەیری ئافرەتانی نامەحرەم ئەکات، لە کڕین و فرۆشتندا غەش و فێڵ ئەکات، درۆ ئەکات، لە پاشەملەو پەنهان باسی خەڵکی ئەکات و وە هەروەها، کە بە ڕاستی ئەمانە کۆمەڵە خراپەیەکی نادروست و ناجۆرن مرۆڤە بەرەو هەڵدێراو تێداچوون دەبەن.

کەواتە ئێمە لەگەڵ ئەوەدا کە دەڵێین پێویستە سەرەتا لە گرنگترەوە بۆ گرنگ و وەهەروەها، وە بە تاوان و خراپە دیارو ئاشکراکان دەست پێ بکەین پێش شاراوەکان، پێویستیشە ئەوە بزانین کە: ئەگەر کارێك بووە هۆی ئەوەی کە خاوەنەکەی وازی لێ نەهێنێت و سەرەتا لەگەڵ هەست و تێڕوانیندا نەئەگونجا ئەوە باشە کە دوابخرێت تاکو توانای وەرگرتنی بۆ دروست ئەبێت، کەسێك تازەیە لەئیسلامدا نابێت یەکەم جار پێش ئەوەی کە بەتەواوی دامەزرێ قەدەغەی هەموو کارێکی لێ بکرێت، بە نموونە : گوێ گرتن لە گورانی و موسیقا، نابێت یەکسەر پێی بڵێین کە بە هیچ شێوەیەك بۆت نییە گوێ لە گۆرانی و موسیقا بگریت، بەڵام کە وردە وردە هیدایەتی وەرگرت و بەردەوام بوو لە سەر پابەند بوونی بە فەرمانەکانی خواوە، ئەو کاتە ئیتر پێی ئەڵێیت کە گورانی و موسیقا گوێ لێ نەگرێت چونکە حەرامە، وە سەیرکردنی ژنانی نامەحرەم لە سەرجادەکان یان لە تەلەفزیۆن و گۆڤارەکاندا حەرامە، وە هەروەها بەو شێوەیە، وە لەگەڵیدا بەردەوام ئەبین تاکو پلە پلە شارەزایی پەیدا ئەکات و باوەڕی دروست لە دڵیدا جێگیر ئەبێت و دائەمەزرێت،

وە پەلەی لێ ناکەین و بڵێین: هەر گەڵ باوەڕهێنانی یەکسەر دەبێت ئاگاداری نوێژەکانی بێت، واز لە تاوان و خراپە دەرەکی و ناوەکیەکان بێنێ، هەرچییەك خراپەو کردارێکی ناپەسەندی بووە لەوەو پێش ئەبێت یەکسەر لێیان دوور بکەوێتەوەو نەچێتەوە سەریان، جا بەم شێوەیە داواکاریەکان زۆر ئەبن لە سەرئەو کەسەی کە تازە هیدایەت وەرئەگرێت و هەمویانی بۆ جێبەجێ نابن ولەوانەیە وازیان لێ بێنێت، وە ئەمە وا ئەکات کە هەندێ لە بانگخوازان تووشی سەرنەکەوتن و ڕووخان دەبن، چونکە وا ئەزانێت کە ئەوکەسەی سەرەتا هاتە ناو ئیسلام ئەبێت هەرچی لە پێش ئیسلامدا کردویەتی یەکسەر بە شەوو ڕۆژێك هەموویان فڕێ بدات و وازیان لێ بێنێت، کە ئەمە هەڵەیەکی گەورەیە، چونکە لە ڕاستیدا دەروونی مرۆڤ پێویستی بە پلە پلەیی هەیە لە هەموو کارێکدا تا لەگەڵی ڕادێت، وە هەندێ کار دوا ئەخرێت بۆ کاتێکی تر لە بەر پاراستن و لە دەست نەچوونی بنچینەو کارە سەرەکییەکە، تاکو باوەڕ لە دەروونیدا ئەچەسپێت و جێگیر ئەبێت، ئەو کاتە ئیتر بە ئاسانی واز لەو کارانە دێنێت کە قەدەغەو حەرامن. نموونەیەکی ڕوونکردنەوەیی بۆ ئەم بنەمایە. لەوانەیە هێنانەوەی نموونەیەك لێرەدا جێی خۆی بێت بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم بنەمایە: ئێمە ئەزانین کە زیادەڕویکردن و ڕۆچوون لە خۆشەویستی بۆ پێغەمبەری خوا ﴿ﷺ﴾ کارێکی ناشەرعیەو دروست نییە، پێغەمبەری خوا ﴿ﷺ﴾خۆی نەهی لێ کردووەو قەدەغەی کردووە، وە ئێمەشی فێرکردووە کە قەدەغەی بکەین، جا ئەگەر یەکێك لە بانگخوازان تەنها باسی لە قەدەغەکردن و حەرامی ڕۆچوون و زیادەڕەوی لە خۆشەویستی بۆ پێغەمبەری خوا﴿ﷺ﴾ کرد بێ ئەوەی لە بەرامبەردا باسی چونێتی خۆشەویستی شەرعی بکات و ڕوونی بکاتەوە چی قەدەغەو حەرامەو کامەش شەرعیەو ڕێی پێ دراوە لە حەقی پێغەمبەردا ﴿ﷺ﴾ تەنها باسی لەوە ئەکرد کە نابێت ڕۆ بچین لە خۆشەویستی پێغەمبەردا﴿ﷺ﴾ و بەس، لایەنەکەی تری ڕوون نەئەکردەوە، ئەوە کارەکەی تەواو نییەو لەوانەیە زیانی زیاتر بێت لە سوودو قازانجی، چونکە ئەبێتە هۆی ئەوەی کەسانێك کە تازە هاتونە ناو ئیسلام وە یان کەسانێکی تر کە ئەهلی بیدعەن بێن و بڵێن ئەمانە پێغەمبەری خوایان ﴿ﷺ﴾ خۆش ناوێت بۆیە باسی خۆشەویستی پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾ ناکەن. پێویست و واجبە لە سەرمان کە بەردەوام باسی خۆشەویستی پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾ و گوێڕایەڵی بکەین، وە لەگەڵ ئەوەشدا خەڵکی ئاگادار بکەینەوە کە ڕۆ نەچن لە خۆشەویستیداو لە قاڵبی شەرعی خۆی تێی نەپەڕێنن، ئەگەر وانەبێت ئەوا ئەبێتە هۆی ئەوەی کە شەیتان ختوکەو دڵەڕاوکێ بۆ خەڵکی دروست بکات و تووشی فیتنەیان بکات.

## قەدەغەکردن لە سەر بە ئاگاو شارەزا

وەك قەدەغەکردن نییە لە سەر بێ ئاگاو نەشارەزا {الانكار على العالم ليس كالانكار على الجاهل}.
یەکێکی تر لە بنەماو بنچینەکانی فەرمان بەچاکەو قەدەغەی خراپە ئەوەیە: ئینکاری کردن لە سەر شارەزاو تێگەیشتوو یان کەسێك کە زاناو ئاگادار بێت، وەك ئینکاری وقەدەغەکردنی کەسێك نییە کە سەرەتا بێت و نزیکی تاوان و خراپە بێت و دەروونی لاوازبێت. ئایا ئەگەر یەکێك لە هاوەڵە گەورەو بە هێزەکان لە ئیمان و خواناسیاند خوا لێیان ڕازی بێت بهاتایە و حاشا لەوان میزی لە مزگەوتا بکردایە چۆن ئینکاری لێ ئەکراو سەرزەنشت ئەکرا ؟بێ گومان بە شێوەیەکی توندوتیژ ئینکار ئەکراو سەرزەنشت ئەکرا، چونکە کارێکی لەو شێوەیە هەرگیز لەوانە ناوەشێتەوە کە هەڵبژاردەی هاوەڵەکان بوون و چێژی باوەڕی ڕاستەقینەیان چەشتبوو ، کەواتە ئینکار کردنەکە لە سەریان زۆرتوندو تیژتر دەبوو وەك یەکێکی سەرەتای نەشارەزا، لە ژیانی پێغەمبەردا ﴿ﷺ﴾ لەم جۆرە ڕووداوانە ڕوویانداوە، وەکو سەرزەنشت و ئینکاری کردنی پێغەمبەر﴿ﷺ﴾ بۆ ئەو قسەیەی کە ئەبو زەر بە بیلای حەبەشی گوت خوا لێیان ڕازیبێ: ئەی کوڕی دایك ڕەش ، پێغەمبەر﴿ﷺ﴾ زۆر بە توندی سەرزەنشتی ئەبو زەری کردو پێی فەرموو : تۆ کەسێکی هێشتا نەفامیت تێدا ماوە.
جا ئەمە ئینکاریەکی بەهێزو توندە لە پێغەمبەرەوە ﴿ﷺ﴾ بۆ ئەبو زەر، چونکە ئەو نەفامیەی کە ئەبو زەر لێی ڕاری کردو نارەحەتی و ئیش ژانی چەشت و هات بۆ مەککەو ئیسلامەتی خۆی ئاشکرا کرد، بە شێوەك کە وەك خۆی دەڵێ ئەوەندەیان لێداو ئازاریان دا لە سەر موسوڵمانبوونی وەك خۆی دەڵێ:
{وەك بتێکی لێ هاتبوو کە ئاژەڵێکیان بەسەردا سەربڕیبێ } کە خوێنی لێ ئەچۆڕا، ئەوەش هەمووی لەپێناوی خوای گەورەداو ڕاکردن بوو لەو نەفامیە،
لەگەڵ ئەوەشدا پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾ پێی ئەفەرموێت: {ئەی ئەبو زەر تۆ کەسێك نەفامیت تێدایە}، جا هۆی چییە پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾ بەم شێوە توندە ئاگاداری ئەکاتەوەو ئینکاری ئەو قسەیەی ئەکات؟ چونکە خاوەنی ئەو قسەیە کەسێك نییە کە شارەزای نەفامی نەبوبێت و لە نەزانیەوە ئەم قسەیەی کردبێ، بەڵکوو کەسێکە کە بە تەواوی حەق و ڕاستی بۆ ڕۆشن بۆتەوەو چڵك و پیسی نەفامیش باش ئاگادارە، هەروەك چۆن مرۆڤ لە ئاگر یان لە شێر ڕادەکات ئاوەها لە نەفامی ڕایکردووە، جا لێرەوە ئەو فەرموودە توندەی پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾ بەو هاوەڵە بەڕێزە بۆ ئەوە بووە جارێکی تر ئەو کارە دووبارە نەبێتەوەو تاکو بزانێت کە بەو شێوەیە لێی قبووڵ، قەبووڵ ناکرێت و پێویستە زوو پەشیمان بێتەوە و نەرم و نیانی تێدا نییە. بەڵام کاتێك دەشتەکیەك کە ئاگای لە هیچ نییەو شارەزا نییە لە فەرمانە شەرعیەکان ، دێت و لە لایەکی مزگەوتەوە میز ئەکات، لەو کاتەدا پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾ ڕێمان بۆ ڕۆشن ئەکاتەوە و ئاگادارمان ئەکاتەوە کە لە کاتێکی واداو لەگەڵ کەسانێکی بەو جۆرە چۆن هەڵس و کەوت

بکەین، ئاگاداری کردوینەوە کە فەرمان بە چاکەو قەدەغەی خراپە لەم کاتانەدا چۆن دەبێت، ئینکاری و قەدەغەکردنی کەسێکی نەشارەزاو تازە جیاوازە لەگەڵ کەسێك کە ئاگادار بێت و شارەزا بێت، ئەوەی کە ئاگادارنیەو نازانێ دەبێت ئێمە دڵنەوایی بکەین و بە نەرم و نیان بین لەگەڵیداو بە حیکمەت و دانایی و لە سەر خۆییەوە هەڵس و کەوتی لەگەڵ بکەین.

نموونەیەکی ڕوونکردنەوەیی بۆ ئەم بنەمایە.

لە چیرۆکی ئەم دەشتەکیەدا دوو بنەمای بە سوودمان دەست ئەکەوێت:

بنەمای یەکەم: ئەگەر لە یەك کاتدا دوو کاری خراپ هەبوون، ئەوا کەمترین و هێواشترین خراپەیان ئەگرینەخۆو تەحەمولی ئەکەین، لەپێناو لادان و نەهێشتین ئەوی تریاندا.

بنەمای دووەم: ئینکاری و قەدەغەکردن لەسەرمرۆڤی بێ ئاگاو نەشارەزا وەك ئینکاری نییە لە سەر کەسێك کە شارەزاو فامیدەو تێ گەیشتووبێت. ئەگەر پێغەمبەر ﷺ هاوەڵەکانی دوور نەخستایەتەوەو لاینەدانایە کاتێك کە هەڵیانکوتایە سەر ئەو دەشتەکیەی کە میزەکەی کرد لە مزگەوتدا، ئەوا میز بە هەموو مزگەوتەکەدا بڵاو دەبۆوەو لە ئەنجامی ڕاچڵەکین و ڕاکردنی دەشتەکیەکە لە ترسی هاوەڵەکان، بەڵکوو میزەکە بەر جل و بەرگەکانیشی ئەکەوت و لەوانەبوو جارێکی تر نەهاتایەتەوە بە مزگەوتا و باوەڕی نەهێنایە. کەواتە ئێمە تەحەمولی خراپەك ئەکەین بۆ لادان ونەهێشتنی خراپەکی لەو گەورەتر. شتێکی دیکەش، ئەم کەسەی کە ئەوکارەی کردووە نەفام تێ نەگەیشتووە، وە ئێمە پێویستە کە نەرم ونیان و دڵفراوان بین لەگەڵیاندا، هەروەك چۆن پێغەمبەر ﷺ قەدەغەی کردو نەیهێشت کە هاوەڵەکانی لێی بدەن، وە فەرمانی پێ دان کە کارە خراپەکە بگۆڕن و لایبەرن، بەوەی کە جامێك ئاو بێنن و بیکەن بە شوێنی میزەکەدا. جا ئێستە کە پیسیەکەمان لابراو پاشماوەکەی نەهێڵرا، ئەوە ماوەتەوە کە ئەوەی لە دڵی ئەم کەسەشدا دروست بووە لایبەرین و نەیهێڵین، وە پێغەمبەر ﷺ بە جوانترین شێوەو زۆر بە نەرم و نیانی و لە سەرخۆیی دڵی ئەو دەشتەکیەشی گۆڕی، هەروەك کە مەعاویەی کوڕی حەکەمی سەلەمی دەفەرموێت، کە دەشتەکیەکە وتی: {سوێند بە خوا، نە ڕقی لێم هەڵسا وە نە بێزاریش بوو لێم، باوك و دایکم بە قوربانی بێت نە لەپێش ئەودا وە نە لە دوای ئەو مامۆستایەکی وەك ئەوم نەبینی ﷺ هیچ مامۆستا و فێرکەرێك نیە دڵنەرمتر بێ و کاردروست تر بێت لە پێغەمبەری خوا ﷺ، جا کاتێك کە ئەم دەشتەکیە ئەم دڵنەرمی و بەزەییەی پێغەمبەری خوای ﷺ بینی، لەکاتێکدا کە وا گومانی ئەبرد لە توندوو تیژترین کەس بێت _ گومان لەوەدا نییە کە پێغەمبەری خوا ﷺ پارێزگارترین کەس بووە بۆ ماڵی خوا، بەهێزترین کەس بووە لە سەر حەق و ڕاستی،

بەڵام بەراوردی ئەکرد لە نێوان خراپەکان وچاکەکاندا_ جا کە ئەم بەزەیی وهێمنی و لێبوردەییەی بینی لەپێغەمبەری خوا ﴿ﷺ﴾وتی:{ خوایە بەزەییت بە من و موحەممەددا بێتەوەو ڕەحم بە کەسی دیکە مەکە لەگەڵماندا} . جا بۆیە ئەو نزایەی کرد چونکە تاکو ئەوکاتەش دڵی ڕق و بێزاریی تێدا مابوو بەرامبەر بەوانەی ویستیان هەڵکوتنەسەری و سەرزەنشتی بکەن و بە شێوەیەی کەسێکی نادروست خستیانە پێش چاو، جا دوعای کردو پاڕایەوە لە خوا کە ڕەحم بە خۆی و بە پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾ بکات، کە ئەمە دوعایەکی دروستە، پێویستە کە هەمومان خۆشەویستی پێغەمبەرمان ﴿ﷺ﴾ لە دڵدا بێت، پێویستە کە ئێمە دڵی خەڵکی وشك نەکەینەوە بەرامبەر بە خۆمان ، ئەگەر کەسێك نەفام بێ ئاگای بوو ئەوە دڵنەرم ئەبین لەگەڵیدا و فێری ئەکەین و بۆی ڕوون ئەکەینەوە. هەروەها وەك لە ژیانی حەسەن و حوسەین ڕەحمەتی خوایان لێ بێت هاتووە کە کاتێك ئەچن بۆ مزگەوت ئەبینن وا پیاوێکی بە تەمەن خەرکی دەستنوێژ گرتنە، بەڵام دەستنوێژەکەی دروست نییەو هەڵەو ناتەواوە، ئەمانیش بیر ئەکەنەوە بە چ شێوەیەك ئاگاداری بکەن و فێری دەستنوێژی بکەن بە دروستی، جا دێنە پێشەوەو پێی ئەڵێن: یا شێخ! ئێمە دوو منداڵی بچوکین و جیاوازیمان هەیە لەوەی کە دەستنوێژی کاممان دروستە، هەر یەکەمان باوەڕمان وایە کە دەستنوێژەکەی خۆی دروستە، جا تۆ سەیرمان بکەو ببە بە دادوەر لە نێوانماندا و بزانە دەستنوێژی کاممان دروست و بەجێیە،

یەکەمیان دەستنوێژی گرت هەروەك چۆن پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾ دەستنوێژی گرتووە

دووەمیشیان هەر بە هەمان شێوەی ئەو، پاشان پێیان وت: دەی فەرموو جەنابت دادوەربە، دەستنوێژی کاممان ڕەوایە؟ پیاوەکە وتی: بەڵێ لە ڕاستیدا دەستنوێژی هەردوکتان دروستەو لە سەر سوننەتە، بەڵام دەستنوێژەکەی من دروست نییەو ناتەواوە، جا بەم شێوازە جوان و لە سەر خۆیەوە ئەو دوو گەنجە توانیان هەڵەی ئەو پیاوە بە تەمەنە پیشان خۆی بدەن و پێشی ڕاست بکەنەوە بێ ئەوەی هیچ گرفت و دڵگرانی و کێشەیەك بێتە پێش. کەواتە ئەگەر توانیمان مرۆڤێك بە لەکە و ناتەواویەکانی خۆی ئاگادار بکەین، واتە بە هۆی خۆیەوە، ئەوە شتێکی باشەو توانیومانە کە دڵی ڕاکێشین و حەق و ڕاستیی پێ شارەزا بکەین و وزیاتر بە ئاینی خوای گەورە ئاشنا دەبێت.

## ئینکاری نەکردن لەو بابەتانەی کە جێگەی جیاوازین وچەند ڕایەکیان لە سەرە.

لەم خاڵەدا لە مەسەلەیەکی تر ئەدوێین ئەویش: لە بنەماو بنچینەکانی فەرمان بە چاکەو قەدەغەکردنی خراپە ،ئینکاری نەکردن وقەدەغەنەکردنی شتێکە کە جێی جیاوازی بیروڕاو چەند بەڵگەیەکی لەسەر هاتبێت، وە ئەم خاڵە گرنگە چونکە زۆرێك لە ئێمە ئەکەوینە هەڵەوە تێدایدا، مەبەستیشمان لەمە ئەوەیە کە ئیشێك یان حوکمێك کە جێی ئیجتهادی ڕووت بو واتە دەقێکی ڕوونی یەك لایەنەی لە سەر نەهاتبوو ئەوا نابێت ئینکاری لە سەر بکرێت، بەوەی کە هەر ئەبێت ڕایەك وەربگیرێت، یان ڕایەك وەرنەگیرێت . هەندێك لە خەڵکی ئەڵێن : ئینکاری و قەدەغەکردن نییە لەو شتانەی کە جیاوازی و ئیختلافیان تێدایە، مەبەستیان ئەوەیە کە ئەگەر یەکێك بە نموونە دەستی بەرزنەکردەوە لە کاتی وتنی الله اکبر ی دەست پێکردنی نوێژدا، یان لە چەمانەوەو هەڵسانەوەدا، یان نەیوت: ئامین، یان لە ژێرەوە وتی و دەنگی بەرز نەکردەوە، وە هاوشێوەی ئەمانەش، ئینکاری ناکات و ئەڵێت: ئەمە جیاوازی ڕاوبۆچونی زانایانی لە سەرەو پێویست ناکات . یان یەکێك ڕێ بە خێزانەکەی خۆی ئەدات کە دەست و سەری دەرخات لە بەردەم پیاوانی نامەحرەمدا و ئەڵێت: مەسەلەکە خیلافیەو نابێت ئینکاری بکرێت . بەو کەسانەی بەو شێوە بیردەکەنەوە دەڵێین: ئەم کارە بەم شێوەیە نییە کە ئێوە تێی گەیشتوون. ئەومەسەلەو بابەتانەی کە نابێت ئینکاری بکرێن ئەوانەن کە لە بواری ئیجتهادو ڕاوبۆچوونی ڕوتدان کە زانایان ئیجتهادیان تێدا کردووەو ڕای خۆیان لە سەر باس کردووە ، هەموو شوێنی کتاب سوننەت کەوتوون، هەموو پەیڕەوی کتاب وسوننەتیان گرتووە، بەڵام ئەگەر زانایەك یان پێشەوایەك یان ڕێڕەوو مەزهەبێك پێچەوانەی کتاب و سوننەت بوو، ئەوا پێویستە ئینکاری بکرێت و قەدەغەی ئەوە بکرێت لەوەی ڕاکەی پەسەند بکرێت، ئەمەش هەندێ لە پێشەواکان ئەوەیان فەرمووەو دوپاتیان کردۆتەوە، کە ئەگەر قسەو بیروڕاکانیان پێچەوانەی کتاب وسوننەت بوو ئەوا قسەکانیان وەرناگیرێت، چونکە ئەگەر وا بێت ئەوا خەڵکی شوێن هەڵەکانیشیان ئەکەون و سوننەتی پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾ واز لێ دێنن لە پێناوی ئەوەی کە فلان موجتەهید یان فلان زانا ئیجتهادێکی کردووەو نەیپێکاوە، کە ئەمە بەڕاستی ئەبێتە بەلایەکی گەورە کە بە هۆیەوە واز لە سوننەتی پێغەمبەر﴿ﷺ﴾ بهێنرێت بۆ ڕاو بۆچونی هەندێك لە زانایان کە لەگەڵ سوننەتی پێغەمبەردا ﴿ﷺ﴾ پێچەوانە بێت، خوای گەورە دەفەرموێت:(فَلْيَحْذَرِ الَّذِينَ يُخَالِفُونَ عَنْ أَمْرِهِ أَنْ تُصِيبَهُمْ فِتْنَةٌ)[1] واتە:با ئەوانەی سەرپێچی لە فەرمانی پێغەمبەر دەکەن ﴿ﷺ﴾ بترسن لەوەی کە تووشی تاقیکردنەوەیەکی سەخت، یان سزایەکی بە ئێش ببن.

[1] [النور:٦٣]

وشەی (فتنە) کە لە ئایەتەکەدا هاتووە مەبەست پێی شیرك و هاوەڵبڕیاردانە بۆخوای گەورە، کەواتە زۆر پێویستە بزانین کە ئەو مەسەلانە چین کە جێگەی یئختلاف وڕاجیاوازین.

بە نموونە: ئەگەر یەکێك چوو بۆ حەج لە کاتی بەستنی ئیحرامدا دەتوانێت لە سەر هەر یەك لەو سێ جۆرەی ئیحرام ئیحرامەکەی ببەستێت واتە (منفرد) وە (تمتع) وە (قارن). زۆری لێ ناکرێت کە دەبێ هەر لە سەر یەك جۆر حەجەکەی بکات، هەرچەندە من وا ئەبینم کە (تمتع) باشتر بێت، جا لەم شوێنانەدا لە سەرت پێویستە کە ڕۆشنی کەیتەوە کە باشترینیان کامەیە و خێری زیاترە، بەڵام زۆرلێکردن بەوەی کە هەر ئەبێت یەکێکی دیاری کراو لەوانە هەڵبژێرێت و پێی بڵێیت نابێت ئیحرام ببەستیت تەنها بەمەیان نەبێت، ئەوە نابێت ئەوە بکەین چونکە ئەوە لەو مەسەلانەیە کە جیاوازیان تێدایەو بە هەرکامێکیان وەربگیرێت دەبێت .

بەڵام ئەوەی کە ژن دەم و چاوی ڕووت بکات لە بەردەم کەسانی نامەحرەمدا، ئەوە دەبێت ئینکاری بکرێت، چونکە ئەوە مەسەلەیەکی خیلافی نییەو سەر ئەکێشێت بۆ کاری خراپتر، وە هەچ کەس پێچەوانەی ئەوە بێت ئەوە هەڵەی کردووە و پێچەوانەی کتابی خواو سوننەتی پێغەمبەری ﴿ﷺ﴾ کردووە وە هەرزانایەك بە شێوەیەکی تر باسی کردبێت، ئەوە پاداشتی ئیجتیهادەکەی بۆ هەیە، بەڵام ئێمە تاوانبار ئەبین ئەگەر بێ دەنگ بین و بڵێن : ئەمە مەسەلەیە جیاوازی نێوان زانایانی تێدایەو پێویست ناکات ئینکاری بکرێت. هەروەها نوێژی جەماعەت، نابێت بڵێین کە هەندێ لە زانایان وا نازانن کە واجبە و ئیتر هەر کەس نەهات بۆ نوێژی جەماعەت وازی لێ بێنین و ئینکاری ئەو کارەی نەکەین، چونکە پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾ هەڕەشەی لەوانە کردووە کە نایێن بۆ نوێژی جەماعەت کە ماڵەکانیان بەسەردا بسوتێنێت، وە ئەگەر ژن ومناڵەکانیانی تێدا نەبوایە ئەیسوتاند بەسەریاندا، کەواتە پێویستە ئینکاری بکرێت لەو شتانەی کە پێچەوانەی فەرمانی پێغەمبەری ﴿ﷺ﴾. هەروەها هەندێ لە خراپە دیارو بەرچاوەکان وەکو ڕیش تاشین، هەرچەندە ئەمانە دەبێت بە حیکمەت و هێمنی و قسەی جوان و شیرین ئینکار بکرێن و نەهێڵدرێن، بەڵام نابێت لێی بێ دەنگ بین و بڵێین: هیچی تێدا نییە چونکە مەسەلەکە جیاوازی زانایانی لە سەرەو زۆر بە هەند نەیگرین، پێویستە بزانین کە هەموو ڕاجیاییەك وەرناگیرێت و ئیعتباری بۆ ناکرێت ، وە سوننەتی پێغەمبەر﴿ﷺ﴾ ئاشکراوە بەڵگەی برەرمان هەیە لە قەدەغەکردن و حەرام بوونی ڕیش تاشین، وە بە هیچ شێوەیەك جێگیر نەبووە لە پێغەمبەرەوە ﴿ﷺ﴾ کە بەشێکی لێ لابردبێ، چ جای کە تاشیبێتی، وە فەرمانیشی پێ کردوین کە بیهێڵینەوە، کەواتە نابێت بڵێین کە ئەمانە جیاوازییان لە سەرەو ئینکاری کردنی نابێت، نەخێر بەڵکوو پێویستە ئینکاری بکرێن و پێی ڕازی نەبین و دانی پێانەنێین، کە ئەمانەش بەشێکن لە بنەماکانی فەرمان بەچاکەو قەدەغەکردنی خراپە. بەڵام ئەو بابەت و مەسەلانەی کە لە کڕین و فرۆشتندا بەرچاو ئەکەون،

کە ئایا پەیوەستن بە موباحەوە یان بە حەرامەوە یان سەرئەکێشن بۆ سوو وە هەروەها، ئەویش وەك ئەو شتانەی کە دەقیان لە سەر نییە، بەڵکوو زانایان ئیجتیهادیان تێداکردووە، هەنێك ئەیلکێنن بە حەرامەوە، هەندێکیش ئە حەڵاڵەوە، لێرەدا ئیتر کارەکە تێکەڵاو ئەبێت و بە تەواوی دەرناکەوێت، ئەڵێین : بەڵێ نابێت ئینکاری کردن لەم جۆرە کارانە وەکو کارێکی تر وا بێت کە دەقی ڕوون و ئاشکرا هەیە لە سەر قەدەغەکردنی، وە دەبێت ئەو کەسەی کە ئەو کارە ئەنجام ئەدات دەستی بگرین و باشترین ڕای پەسەندکراوی پێ بڵێین ئاگاداری بکەین، چونکە ئەم دینە ئامۆژگاریە، وە مرۆڤی موسوڵمان پێویستە هەرچیەك بۆ خۆی پێی خۆشە بۆ موسوڵمانانی تریش پێی خۆش بێت، جا ئەگەر لە ڕایەکدا یان لە مەسەلەیەکدا کە دەقی ڕاستەوخۆی لە سەرنییەو بواری شوێنی ئیجتیهادی زانایانە، بۆم ڕوون بۆیەوە کە ڕایەك لە ڕاکان پەسەندترە لە ئەوانی دیکەو لە ڕاستیەوە نزیکترە، ئەوا دەبێت بە شێوەیەکی جوان و لە سەرخۆو ئامۆژگاریەوە بۆی ڕوون بکەمەوەو تێی بگەیەنم، نەك ئینکاری ڕاکانی تر بکەم و بڵێم بە هیچ جۆرێك بۆت نییە هیچ لەو ڕایانەی تر کار پێ بکەیت .

لە کۆتایدا ئەڵێین: وە پێویستە بزانین کە هەرچەندە کەم بین، یان توانامان کەم بێت، ئەگەر دەستمان گرت بە سوننەتی پێغەمبەرەوە ﴿ﷺ﴾ لە بانگەوازماندا، لە شێوازی گوڕین و فەرمان بە چاکەو قەدەغەکردنی خراپە، ئەوە بە یارمەتی خوای گەورە ئەوەی مەبەستمانە دەتوانین بیهێنینە دی، بەڵکوو ئەوەی خوای گەورە لێمانی ئەوێت و ڕەزامەندی لە سەرە، چونکە مەبەستی موسوڵمان لە هەموو کارێکیدا ڕەزامەندی خوای گەورەیە .

## ئامۆژگاری دەربارەی گومان بردن.

من ژنێکم شوم کردووە، مێردەکەم پیاوێکی گوماناویە، هەرکاتێك قسەیەکی دەربارەی من بیست لە یەکێك، ئیتر ڕاست بێت یان درۆ، ئەوە باوەڕی پێ ئەکات بێ ئەوەی ورد بێتەوە و بزانێ وایە یان نا، پێویستە چی بکەم و چۆن مامەڵە بکەم لە گەڵیدا؟

لە ڕاستیدا ئەو گرفتە تەنها گرفتی یەك کەس یان خێزانێك نیە، بەڵکو زیاتر لە خێزانێکی گرتۆتەوە، مێردەکە گومان لە ژنەکەی ئەکات، ئەمەش لەوەو دروست ئەبێت کە شکەمتەرخەمی ئەکرێت لە قەڵاچۆکردن و نەهێشتنی تێکەڵی نێوان ژن و پیاو بە شێوەیەکی ناشەرعی، جا لەڕێی هەچ هۆیەکەوە بێت. نەهێشتن و زاڵ بوون بەسەر گوماندا بە دوو خاڵ ئەبێت.

یەکەم: پارێزکردن و ترسان لە خوای گەورە، ئەویش بەوەی کە ژن و پیاو ترسی خوا لە دڵیانا بێت و هیچیان درۆ بە سەر ئەوی تریانەوە نەکات و قسەی بۆ هەڵنەبەستێ، ئەوانەش کە قسە ئەهێنن و قسە ئەبەن پێویستە واز بێنن و لە خوای گەورە بترسن، چونکە قسە هەڵبەستن و قسە فڕێدان بۆ داوێنی ئافرەتانی باوەڕدارو پەرژینکراو لە گوناهە گەورەکانەو پێویستە موسوڵمانان لێی بە دوور بن .

دووەم: وازهێنان لەو هۆکارانەی کە گومان دروست ئەکەن، ئایا ئەگەر ژنی موسوڵمان بۆ کارێکی پێویست و لە گەڵ مەحرەمێکدا نەبێت نەچێتە دەرەوە، وە قسە لە گەڵ ئەوانەدا نەکات کە مەحرەم نین پێی، وە لە گەڵ کەسانێکی تردا نەمێنێتەوە بە بوونی کەسێکی مەحرەم نەبێت، .وە هەروەها، ئایا گومان دروست ئەبێت، یان ڕێژەی گومان ئەبێت چەند بێت؟

وە ئەگەر گومانیش دروست بوو ئەوە ئەوکاتە تاوانەکەی هەمووی یەخەی گومانکەرەکە ئەگرێتەوە نەك گومان لێکراو، بەڵام ئەگەر بە پێچەوانەوە بوو، خۆی ڕووت کردەوەو چووە دەرەوەو بە ئارەزوی خۆی قسەو هەڵس و کەوتی لە گەڵ کەسانی نامەحرەمدا کرد، ئەوا بێ گومان دەرەنجامەکەی دروست بوونی گومانە بەرامبەر یەکترو بەهەموو قسەیەکی هێنراوو باوەڕ ئەکەن، ئەوەتە خوای گەورە لە قسەکردنی ژن لە گەڵ پیاواندا ئەفەرموێت: (فَلَا تَخْضَعْنَ بِالْقَوْلِ فَيَطْمَعَ الَّذِي فِي قَلْبِهِ مَرَضٌ)[١] واتە:قسە بە ناسکی و بەشێوەیەك مەکەن، نەوەکو ئەوەی دڵی نەخۆشە بوروژێت و نیازب خراپ بکات.

وە پێویستە لە سەر هەمووومان کە یارمەتی یەکتری بدەین و گومان نەهێڵین، وە ئەو خوشکەش پێویستە خۆی دوور بخاتەوە لەو هۆکارانەی دەبنە هۆی دروستکردنی گومان و دوودڵی، وە بە ئارام بێت ئەگەر مێردەکەی شتێکی بۆ دروست کرد کە تیایدا نەبوو، چونکە ئەوە بەشێکە لە تاقیکردنەوە،

---

[١] [الأحزاب:٣٢]

وە داواش لە هەموو پیاوان ئەکەین بە گشتی کە لە خوا بترسن و دوور بکەونەوە لە گومانی خراپ، چونکە خوای گەورە ئەفەرموێت: (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اجْتَنِبُوا كَثِيراً مِنَ الظَّنِّ إِنَّ بَعْضَ الظَّنِّ إِثْمٌ وَلا تَجَسَّسُوا وَلا يَغْتَبْ بَعْضُكُمْ بَعْضاً)[1] واتە: ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە، خۆتان زۆر بپارێزن لە گومانی خراپ، لە ڕاستیدا هەندێ لەو گومانانە گوناهو تاوانن (بۆیە حەق وایە لە هەموو گومانێك خۆ بپارێزن)، بە شوێن کەم و کوڕی و عەیب و عاری یەکتردا مەگەڕێن و سیخوڕی مەکەن و لە پاش ملە باسی یەکتری وناوی یەکتر بە خراپ مەبەن}. داپۆشینی تەواو.

## هەرکەسێك ناتەواوی باوەڕدارێك داپۆشێ، ئەوە خوا لە دنیاو دواڕۆژدادایەپۆشێت،

ڕێکخەرو بنەمای داپوشین چیە؟ هەندێ کەس وا لە پۆشین ئەگەن _کە بێ گومان لە ڕەوشتی ئیسلام و سوننەتی ئایینەکەمانە _ کە بریتیە لە پۆشینی خاوەن تاوان وگوناهەکان و قەدەغەنەکرنیان لە تاوان، وا ئەزانن کە ئەگەر شوێنێکی خراپەکاری و بەرەڵاییت بینی نابێت قسە بکەیت و هەواڵ بدەیت وا باشە داپپۆشیت، لە ڕاستیدا کارەکە بەم شێوەیە نیە . یەکەم: ئەو لایانانەی کە لە سەریان پێویست کراوە نەهێڵن خراپە لە ناوکۆمەڵدا بکرێت و بڵاو بێتەوە، نابێت کەمتەرخەمی بکەن . لایەنێکی تر ئەوەیە کە پۆشین و نەپۆشینی کەسێك یان شتێك پەیوەستە بە ئایین وباوەڕەوە، جاری وایە کەسێك باوەڕدارێکی باشە، بەڵام ئەکەوێتە هەڵەیەکەوە، تاوانێك ئەکات، لە گەڵ ئافرەتێکدا ئەبینرێت کە بۆی دروست نیە، توشی لادانێك ئەبێت، وە هەروەها، لەم کاتەدا داپۆشینی ئەو کەسە باشترە لە بڵاوکردنەوەی و باسکردنی لە ناو خەڵکدا، لە گەڵ بەردەوامی بەدوادا چوونی و ئامۆژگاری کردنی بە خێرو چاکەو واز پێ هێنانی لەو کارە خراپە، بەڵام یەکێك بە تەواوی لە دین دەرچووەو کارویێشەی خراپەیە و هەوڵی بڵاو بونەوەی خراپە و فاحیشە ئەدات، ئەوە نابێت بپوشرێت و وازی لێ بهێنرێت، بەڵکو دەبێت ئاشکرا بکرێت وخەڵکی لە خۆی و کردەوەکانی ئاگادار بکرێتەوە. جا بەم شێوەیە دەبێت هەموو شتەکان لە شوێنی دروستی خۆی دابنێین وەنەهی کردن لە سیخوڕی کردن بە سەر خەڵکیەوە ئەوەیەکە لە خۆوە گومان لە دراوسێکەم نەکەم، وە لە ملاولای ماڵەکەیەو چاودێری نەخەمە سەر بزانم لە ماڵەوە عەرەق ئەخواتەوە یان نا؟ ئەمە لەو گومانە خراپانەیە کە دروست نیە، بەڵام ئەگەر دراوسێکەم خەڵکی کۆ ئەکردەوە لە ماڵی خۆیدا بۆ عەرەق خواردنەوە یان کارێکی تری خراپ، ئەوە سەرەتا ئامۆژگاری ئەکەیت و بە قسەی چاك و ترسان لە خوا ئەیدوێنیت،

[1] [الحجرات:١٢].

جا ئەگەر هەر سوودی نەبوو ئەوە نابێت بڵێیت پێویستە ناتەواویەکەی داپۆشم و هەقم نیە بە سەریەوە، بەڵکو دەبێت خەڵکی لێ ئاگادار بکرێتەوەو بناسێنرێت، با پێشی ناخۆش بێت و سزا بدرێت .
جا ئەم جۆرە کارانە پێویستە بنەماو زەوابتی بۆ دابنرێت، سەیر کەین بزانین کە بەرژەوەندی لە شاردنەوەدایە یان نا؟

پیاوێك یان ژنێك کارێکی خراپ ئەکات ئەوا ئەگەر مەبەستی ئەوە نەبوو کە خراپەکاری فاحشە بڵاو بکاتەوەو زانی کە تاوان و هەڵەیەکی کردووەو گەڕایەوە لە هەڵەکەی خۆی، ئەوا لەو کاتەدا داپۆشین و دەرنەخستنی باشترە، بەڵاَم ئەگەر کەسێك بوو لە ئەهلی گوناهو تاوان، وە هیچ گوێی بەو تاوانە نەئەدا کە ئەیکردو هەر بەردەوام بوو لەسەری، ئەوا دەبێ بناسرێت و ئاشکرا بکرێت بۆ ئەوەی کە خەڵکی بیناسن و گیرۆدەی نەبن .

هەروەها دەسەڵاتدار، بۆی نییە کە کاتێك کارەکە گەشتە لای ئەو بیشارێتەوەو بیپۆشێت، بەڵکو کاتێك فەرمانێك گەشتە لای حاکم ئیتر دەبێت حوکمی شەرعی بە سەردا جێبەجێ بکات، جا پێش ئەوەی بگاتە لای خاوەن دەسەلات دەتوانرێت کارەکە بپۆشرێت ئەگەر مافی پوشینی هەبوو، بەڵام کە گەشتە لای حاکم و پێی زانی ئەوا ئیتر مافی پۆشینی نامێنێت و دەبێت فەرمانەکەی بەسەردا جێبەجێ بکات،

بە نموونە : یەکێك بە زیناوە ئاشکرا ئەبێت و بەڵگەکانی هەمووی لە سەر دەر ئەکەون، وە ئیتر ئەکەوێتە لای دادگا، لێرەدا تۆ بۆت نیە بڵێیت: ئەو کەسە بەر بدەن کەسێکی چاکەو تەوبە ئەکات و پەشیمان ئەبێتەوە، چونکە ئەوکاتە ئەبێتە شەفاعەت کردن لە جێبەجێکردنی سنوورەکانی خوای گەورەدا کە ئەمەش بە هیچ شێوەیەك دروست نیە بەڵکو تاوانیشە، بەڵام پێش ئەوەی بگاتە لای حاکم، ئەگەر بەرژەوەندی شەرعی لەوەدا بوو کە بیپۆشیت، ئەوە پۆشینی باشترە وەك ئاشکراکردن و سکاڵا لێ کردنی .

## پەیوەندی فەرمان بە چاکەو جڵەوگیری لە خراپە بە جیهادەوە:

فەرمان بەچاکەو جڵەوگیری لەخراپە چڵەپۆپەی جیهادە، بەتایبەت کە داگیرکەرانی موسڵمانان چەکیان بەکا رنەهێناوە-وەك ئەزانین- لە داگیرکردنەکانیاندا، بەڵکو خراپەکاری و تاوانبان لەناو موسڵماناندا بڵاوکردۆتەوە، بۆچی لاوان بانگەشە ناکرێن بۆ جیهاد لەم بوارەدا، وە بۆ لاوان ڕوون بکرێتەو کە جیهادو تێکۆشان لەم بوارەدا باشترە لە هەلگرتنی چەك لە هەچ وڵاتێکا بێت، بەڵێ فەرمان بە چاکەو قەدەغەکردنی خراپە بەشێکە لە جیهاد، وە جیهادیش لە پێناوی ئەوەو بۆ پاراستی ئەو کارە ڕێی پێ دراوە: (أُذِنَ لِلَّذِينَ يُقَاتَلُونَ بِأَنَّهُمْ ظُلِمُوا وَإِنَّ اللَّهَ عَلَى نَصْرِهِمْ لَقَدِير)[1]

واتە: مۆڵەت دراوە بە ئەماندارانەی شەڕیان پێ دەگێڕن کە بجەنگێن و بەرهەڵستی بکەن، بێ گومان خوا دەسەڵاتی هەیە کە سەریان بخات و سەرکەوتنیان پێ ببەخشێت.

جا ئەمە ڕێ پێدانە بە جیهاد، ئنجا یەکسەر دوای ئەوە ڕوونی ئەکاتەو کە لە پێناوی چیدا ڕێیان پێ دراوە جیهاد بکەن و بجەنگێن و ئەفەرموێت:(الَّذِينَ إِنْ مَكَّنَّاهُمْ فِي الْأَرْضِ أَقَامُوا الصَّلَاةَ وَآتَوُا الزَّكَاةَ وَأَمَرُوا بِالْمَعْرُوفِ وَنَهَوْا عَنِ الْمُنْكَرِ)[2] واتە: ئەوانەی کە ئەگەر پایەدارمان کردن لەزەویدا نوێژو درووشمەکان بە چاکی ڕادەگرن، زەکاتیش بە تەواوی دەدەن، فەرمان بە چاکە دەکەن، قەدەغەی خراپە دەکەن.

جیهاد لە پێناوی فەرمان بەچاکە و قەدەغەکردنی خراپە فەرز بووە، جا کەواتە لە ئەو کارە لە جیهادە، وە بێ گومان پێویستی بە ئارامی هەیە، ئەوەتە بەندەی چاك لوقمان ئامۆژگاری کوڕەکەی خۆی دەکات و پێی دەڵێ: (يَا بُنَيَّ أَقِمِ الصَّلَاةَ وَأْمُرْ بِالْمَعْرُوفِ وَانْهَ عَنِ الْمُنْكَرِ وَاصْبِرْ عَلَى مَا أَصَابَكَ إِنَّ ذَلِكَ مِنْ عَزْمِ الْأُمُورِ)[3] واتە: کوڕی شیرینم نوێژەکانت بە چاکی ئەنجام بدە، فەرمان بە چاکە بدە، قەدەغە لە گوناهو خراپە بکە، بەئارام بە لە بەرامبەر ئەو ناخۆشیانەی کە توشت دەبێت، بە ڕاستی ئەوانەی کە باس کران هەندێکن لەو کارانەی کە هەردەبێ بکرێن.

وە فەرمان بە چاکەو نەهێشتنی خراپە بەستراوە ئە ئارامگرتنەوە، هەروەك چۆن جیهادیش بەستراوە بە ئارامگرتنەوە . کەواتە فەرمان بە چاکەو قەدەغەی خراپە لە جیهادە، وە هیچ نەتەوەیەك ناتوانێت بە سەر دوژمندا زاڵ و سەرکەوتوبێت لە کاتێکدا خراپەو تاوان لە ناوخۆیدا بڵاو بوبێتەوە، ئەم ئوممەتە سەرئەکەوێت بە سەر دوژمنەکانیدا بە بەندایەتیکردن و ملکەچبوونی بۆ خوا.

---

[1] [الحج:٣٩]

[2] [الحج:٤١]

[3] [لقمان:١٧].

وە دوژمنەکانیشی تەنها بە هۆی تاوان و گوناهەکانیەوەیە سەئەکەون بە سەریدا، جا ئەگەر هێشتمان تاوان بڵاو بێتەوە ئەوا با بە هیوای ئەوە نەبین کە زاڵ و سەرکەتوبین بە سەر دوژمنەکانماندا بە هیچ شێوەیەك، لە بەرئەوە ئەوەی لە سەر فەرمان بە چاکە بێت و جڵەوگیری بکات لە خراپەو هەڵسێ پێیان، ئەوا وەك ئەوە وایە بۆ جیهاد لە پێناوی خوادا هەڵسابێت، خوای گەورە ئەفەرموێت: (وَالَّذِينَ جَاهَدُوا فِينَا لَنَهْدِيَنَّهُمْ سُبُلَنَا )[1] واتە: ئەوانەی لە پێناوی ئێمەدا و بۆ بەدەستهێنانی ڕەزامەندی ئێمە خۆیان ماندوو کردووە تێ کۆشاون، بێ گومان ئێمە ڕێگە چاك و دروستەکانی خۆمانیان بۆ ڕۆشن ئەکەینەوە هیدایەتیان ئەدەین بۆیان.

وە جیهاد لە خوادا گشگیرترە لەتەنها کوشتنی بێ باوەڕان، جیهاد لە خوادا بریتیە لە جیهادی بانگەواز، کە فەرمان بە چاکەو قەدەغە لە خراپە، داواکردن و فێربونی زانیاری، زیندوکردنەوەی سوننەت و ڕەوشتەکانی پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾ ، کوشتنی کافران، هەموو ئەمانە جیهادن لە خوادا کە ئەفەرموێت: (وَجَاهِدُوا فِي اللَّهِ حَقَّ جِهَادِهِ)[2] واتە: خەبات و جیهادو تێکۆشان بکەن لە پێناوی خوادا بەو شێوەیە کە شایەنی خوای گەورەیە و بە چاکترین جیهادو تێکۆشان.

داوا ئەکەین کە بمانگێڕێ لەوانەی کە چاکترین جیهاد لە پێناوی ئەودا ئەکەن. لە سەرمان پێویستە کە هەموو براکانمان هان بدەین و هەڵیان نێین بۆ ئەوەی جێگیرو بە ئارام بن لەو بەرە فراوانەی کە دوژمنان بەرامبەر بەم ئیسلامە کردویانەتەوە، دوژمنانی خوای گەورە ئەوە ئەزانن کە ئەگەر بێن و بە شێوەیەکی سەربازی و ڕاستەوخۆ وڵاتەکانمان داگیر بکەن، ئەوا موسوڵمانان هەڵئەسن لێیان و جیهادو شەڕیان لە گەڵدا ئەکەن و سەرئەکەون بەسەریاندا، بەڵام ئەگەر داگیریان کردین بە فلیمی پیس و بەرەڵا، یان ئافرەتانی خراپ، یان گۆڤارو ڕۆژنامەی ژەهراوی، وە بە هەموو ئەو هۆکارانەی تر کە ئازایەتی و غیرەت و دین لەناو کۆمەڵدا ئەکوژێت و نایهێڵێت، وە ئوممەت بە تەواوی وێران ئەکات و ئەیڕوخێنێت، ئەگەر ئەوانەی بۆ ئەنجام درا لەو ڕێگایانەوە، ئیتر خوڵ و تۆزی وڵاتەکانی ئێمەی بۆ چییە، بەوانە مەبەستەکەی خۆی ئەپێکێت، جا دەبێت موسوڵمانان بە گشتی و لاوانی موسوڵمان بە تایبەت زۆر وریا بن لەو نەخشە دۆزەخیەی کە دوژمنانی دینەکەمان بەردەوام ئەیکێشن بۆ ڕوخانی قەڵای بەرزی باوەڕو شەرەف و پاکێتی پیاوو ژنی موسوڵمان،

---

[1] [العنكبوت:٦٩]

[2] [الحج:٧٨]

خوای گەورە ئەفەرموێت: (وَلَنْ تَرْضَى عَنْكَ الْيَهُودُ وَلا النَّصَارَى حَتَّى تَتَّبِعَ مِلَّتَهُمْ)[١] واتە:هەرگیز جولەکەو گاورەکان لە تۆ ( ئەی محمد(ﷺ) وباوەڕداران ) ڕازی نابن، هەتا بە تەواوی شوێن ئاین و بەرنامەکەیان نەکەون.

واتە تاکو نەبنە گاورو جوولەکە . بەلاَم گاورو جوولەکەکان لە هەروڵاتێك بە شێوەیەك دوژمنایەتی ئوممەتی ئیسلام ئەکەن، لە وڵاتێك بە شێوەی داگیرکردنی سەربازی، لە وڵاَتێکی تر لەڕێگەی ئەدەب و وێژەو و تازەگەرایەتی، لە وڵاتێکی تر بە لە ڕێگەی پەرەپێدان یارمەتیدانی بیرۆکەو گروپە لادەرو عیلمانیەکان کە لە ئیسلام لایانداوە، بەڵام نابێت بڵێین: دوژمنانی خوا تەنها یەك شێوە لە شێوەکانی دوژمنایەتی ئەزانن ورەچاوی ئەکەن و بەس، نەخێر بەڵکو گشت شێوەکان بەکار دێنن بەپێی کات و گونجانی ئەو شێوازە، شەیتانەکانی مرۆڤ وجنۆکەکانیان بەردەوام لە هەوڵدانان و ئاگاداریان ئەکەنەوە کە بە چ شێوەیەك دوژمنایەتی ئەم ئیسلامە بکەن، وە جیهادو تێکۆشان بۆ لەناوبردنی ئەوانە و پاراستنی موسوڵمانان لە شەڕیان واجبە لە سەر گشت موسوڵمانان، وە هەمووکەسێك پێویستە چەند لە توانایا بوو دوژمنایەتیان بکات، خوا چەند تواناو دەسەڵاتی پێ بەخشیبو پێویستە بەکاری بێنێ، بە نووسین، بە دەست، بە قسە، وە کەمترین شت کە ماڵ و دڵ و چاوو گوێی خۆی پاك بکاتەو لە خراپەو تاوانەکان، کە ئەمە کەمترین کارێکە لە سەریەتی کە ئەنجامی بدات .

**ئافرەتانی سەرو قاچ ڕووت، ئایا بۆ هەموو کەسێك هەیە فەرمانیان پێ بدات بە چاکەو قەدەغەی ئەو خراپەیەیان لێ بکات وئامۆژگاریان بکات؟ وە ڕاگری ئەوەش چیە؟**

لە سەر هەمووامان پێویستە یارمەتی یەکتری بدەین بۆ نەهێشتن و لادانی خۆ ڕووتکردنەوەی ئافرەتان، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە هەر یەکێك لە ئێمە بچێت و ئافرەتێك لە بازاڕدا بگرێت و قسەی بۆ بکات، بەڵکو پێویستە لە ئێمە کەسانێك هەبن کە قسە لە گەڵ سەرپەرشتیکاران بکەن، هەمانە کە لە وتاری جومعەو شوێنانی دیکەدا، هەمان بێت کە بە کتێب و نووسین قەدەغەی ئەو کارە بکات، هەر یەك لە بواری خۆی و بە پێی هەوڵ و تێکۆشان و زانیاری خۆی، گرنگ ئەوەیە کە هەمووامان یارمەتی یەکتری بدەین و نەهێڵین ئەو کارە خراپ و دزێوە بە تەواوی لە ناو کۆمەڵگاکەمان بڵاو بێتەوە. هەر یەك لە ئێمە بەرپرسە لەم ئایینەو پێویستە بە باشترین شێوە بیگەیەنێت، کەسێك لە رادیۆو تەلەفزیۆندا، یەکێکی تر بە نووسین، ئەوی تر بە دواندن و وتار خوێندنەوە،

[١] [البقرة:١٢٠].

پێویستە هەموو بە یەکەوە هەڵمەتێکی تەواو بکەین بۆ لادان و نەهێشتنی ڕووت بونەوەی ئافرەتان و ڕونکردنەوەی دزێوی ئەم دیاردەیە هەم لە بواری شەرعی و هەم نەفسی و دەروونیدا و کاریگەری خراپ و دزێوی لە سەر کۆمەڵیش. کورتەی ئەو سوودانەی کە لەم بابەتە وەرئەگیرێن - بابەتی فەرمان بە چاکەو قەدەغەکردنی خراپە لە پێویسترینی ئەو کارانەیە کە دەبێت بانگخوازان قسەی لە سەر بکەن. - فەرمان بە چاکەو قەدەغەی خراپە بەشێکە لە بانگەواز، وە ئەگەر حەزت کرد ئەوە بە بێ دودڵی و سڵەمینەوە بڵێ کە هەموو بانگەوازە. - لە سەرمانە کە خراپەی هەرە گەورە نەهێڵین، ئەوجا بە دوایدا خراپەی گەورە نەهێڵین، ئەوجا خراپەی بچوك. یەکەم ئەولەویات بریتیە لە فەرمان دان بە یەکخواپەرستی و قەدەغە کردنی شیرك وهاوەڵگیری. - لە بنەماکانی فەرمان بە چاکەو قەدەغەکردنی خراپە: دەستپێکردن بە لابردنی خراپە و نابەجێ بەرچاوەکان زیاتر لەوەی کە گرنگی دان خراپە شاراوەکان. - هەروەها لەو بنەمایانە: دروست نیە خراپەیەك نەهێڵیت ئەگەر بە نەهێشتنی سەری کێشا بۆ خراپەیەکی لە خۆی گەورەتر. - هەروەها لەو بنەمایانە: نەهێشتن و ئینکار کردن لە سەر زاناو شارەزا وەك ئینکار کردن نیە لە سەر کەسێکی نەزان.

## هۆکارەکانی سەرکەوتن:

بەشی یەکەم: بۆ سەرکەوتن چەند هۆکارێکی حەقیقی هەن، لە سەروو هەموویانەوە گەڕانەوەی مسوڵمانانە بۆ ئایینەکەیان، لە بەر ئەوە ئەم بابەتە باس لە چۆنیەتی گەڕانەوەی موسڵمانان دەکات بۆ ئایینەکەیان، لەگەڵ ئەو هۆکارانەی دەبنە یارمەتیدەرو پاڵپشت بۆ سەرکەوتن.

**داهاتوو بۆ ئەم دینەیە.**

لە ڕاستیدا ئەم ڕووداوانەی ئەمڕۆی ئوممەتی ئیسلامی تێدا ئەژی، کە هەموو لە بەرچاومانەو ئەیبیسین، کۆمەڵە روداوێکن بە تەواوی ئەو فەرمودەی پێغەمبەریان ﴿ﷺ﴾ بەسەردا دێتە جێ کە زینەبی کچی جەحش ئەیگێڕێتەوەو فەرموودەیەکی ڕاستە و دەڵێت: پێغەمبەر(﴿ﷺ﴾) ڕۆژێك لە خەوو هەستا ڕووی سوور ببوو ڕاچڵەکی و فەرموی:{لا إله إلا الله، ويل للعرب من شر قد اقترب، فتح اليوم من ردم يأجوج ومأجوج مثل هذه، وحلق بإصبعيه السبابة والوسطى}[1]. واتە: لا الە الا اللە، وەیل و نەهامەتی بۆ عەرەب لەو شەڕەی کە بەڕاستی نزیك بۆتەوە، ئەمڕۆ لە دیوارەکەی یاجوج و ماجوج بە پێوانی ئەمەندە لێ بۆوە، ئاماژەی کرد بۆ هەردوو پەنجەی نیوەڕاستو ئەوی تری –سبابة-.

[1] البخاری (٣١٦٨، ٣٤٠٣، ٦٦٥٠)، مسلم (٢٨٨٠) عن أم حبيبة.

بەڕاستی ڕووداوەکانی ئەمڕۆی جیهانی ئیسلامی فیتنەو تاقیکردنەوەیەکی گەورەن، وە ئێمە ان شاء الله لەم بابەتەدا ڕوونی ئەکەینە کە چی لە سەر ئەم ئوممەتە پێویستە سەبارەت بەو هۆکارانای کە لە کتابی خوا پاشان سوننەتی پێغەمبەرماندا ﴿ﷺ﴾ هاتوون بۆ سەرکەوتن و سەرفرازبوون لە ژیانی دنیاو دوارۆژدا، چونکە هیچ خێرێك و ڕێگەیەك نیيە ئاگادار نەکرابینەوەو پێمان نەوترابێت، وە هیچ خراپەو شەڕو ئاژاوەیەکیش نیيە تاکو ڕۆژی دوایی پێمان نەوترابێت و هۆشداریمان پێ نەدرابێت، ئەو پێغەمبەرە ﴿ﷺ﴾ پێغەمبەری ﴿ﷺ﴾ بەزەیی و لێبوردەیی وپێغەمبەری ﴿ﷺ﴾ داستانو مەردایەتیە، هەرچیەك خێرو چاکە هەیە فێری کردوین و بۆی هێناوین، وە هەرچیەك شەڕوخراپە هەیە لێی دوورخستوینەتەوە و وریایی پێ داوین، وە لە ژیانماندا چی چاکەو خێرو سەربەرزییەکمان هاتە ڕێ ئەوە بە هۆی شوێن کەوتنمانەوەیە بۆ خوا پاشان پێغەمبەر﴿ﷺ﴾ وە هەرچی خراپەو نەگبەتی و شکستی لە ژیانماندا دێتە ڕێمان بە هۆی سەرپێچی و لادانمانە لە بەرنامەی خوای گەورە پاشان پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾. بێ گومان و بە دڵنیاییەوە دەڵێین سەرکەوتن بۆ ئیسلامە، داهاتوو بۆ ئەم ئایینەیە بە یارمەتی خوای گەورە، خوا پەیمانی سەرکەوتنی داوە بە بەندە ڕاستگۆو باوەڕدارەکانی خۆی و دەفەرموێت:

(إِنَّا لَنَنْصُرُ رُسُلَنَا وَالَّذِينَ آمَنُوا فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَيَوْمَ يَقُومُ الْأَشْهَادُ يَوْمَ لا يَنْفَعُ الظَّالِمِينَ مَعْذِرَتُهُمْ وَلَهُمُ اللَّعْنَةُ وَلَهُمْ سُوءُ الدَّارِ)[1] واتە:بەڕاستی ئێمە پێغەمبەرەکانمان و ئەوانەش کە باوەڕیان پێیان هێناوە سەردەخەین، لە ژیانی دنیادا هەروەها ئەو ڕۆژەش کە شایەتەکان شایەتی دەدەن (فریشتەکان شایەتی بۆ پێغەمبەران دەدەن و پێغەمبەرانیش شایەتی بۆ بانگخوازان دەدەن وبانگخوازانیش شایەتن لە سەرخەڵکی، لەو ڕۆژەدا ستەمکاران تکاو پاڕانەوەیان بێ سوودەو کەڵکیان پێ ناگەیەنێت، نەفرین هەر بۆ ئەوانەو هەر بۆ ئەوانەشە جێگەی ناسازوناخۆش.

هەروەها ئەفەرموێت: (وَلَيَنْصُرَنَّ اللَّهُ مَنْ يَنْصُرُهُ إِنَّ اللَّهَ لَقَوِيٌّ عَزِيزٌ)[2] واتە: بێ گومان خوا ئەو کەسە سەردەخات کە پشگیری ئایین و بەرنامەکەی ئەکات و هەوڵی سەرخستنی ئەدات، بەڕاستی خوا زۆر بە هێزو باڵادەستە.وە ئەفەرموێت: (الَّذِينَ إِنْ مَكَّنَّاهُمْ فِي الْأَرْضِ أَقَامُوا الصَّلَاةَ وَآتَوُا الزَّكَاةَ وَأَمَرُوا بِالْمَعْرُوفِ وَنَهَوْا عَنِ الْمُنْكَرِ وَلِلَّهِ عَاقِبَةُ الْأُمُورِ)[3]. واتە: ئەوانەی کە ئەگەر پایەدارمان کردن لەزەویدا نوێژو دروشمەکان بە چاکی ڕادەگرن، زەکاتیش بە تەواوی دەدەن، فەرمان بە چاکە دەکەن، قەدەغەی خراپە دەکەن، سەرەنجامی هەموو کارێکیش هەر بۆ لای خوا ئەگەڕێتەوە.

---

[1] [غافر:٥٢].

[2] [الحج:٤٠].

[3] [الحج:٤١]

کەواتە سەرکەوتن و داهاتوو- بەیارمەتی خوا- بۆ ئیسلامە، وە ئەم تاقیکردنەوەو نارەحەتیانە تەنها زنجیرەیەکن لەو تەنگەشە و ئازارانەی کە تووشی ئەم ئوممەتە بووە لە مێژویدا، چی لاپەڕەیەك هەیە لە مێژوماندا پڕی نەبێت لە ڕووداوو پێکدادانو هەوڵدانی دوژمنان بۆ هێرش کردنە سەرمان؟!

چی پەڕەیەك هەیە لە مێژووماندا تاقیکردنەوەو نارەحەتی و خوێنی تێدا نەبوبێت؟!

ئەمە قەدەری ئەم ئوممەتەیە، خوای گەورە مەبەستی پێیەتی کە تاقی بکاتەوەو پاڵفتگەی بکات، ئەمە ویست وئیرادەی خوایە لە دنیادا کە دەبێت هەندێك لە خەڵکی بەهەندێکی تر تاقی بکرێنەوە، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَلَوْلا دَفْعُ اللَّهِ النَّاسَ بَعْضَهُمْ بِبَعْضٍ لَفَسَدَتِ الْأَرْضُ﴾[1] واتە:ئەگەر خوا هەندێك بە خەڵکی بە هەندێکی تر لە ناو نەبات، هەر هەموو سەرزەوی پڕئەبێت لە تاوانو خراپە.

هەروەها دەفەرموێت: ﴿وَلَوْلا دَفْعُ اللَّهِ النَّاسَ بَعْضَهُمْ بِبَعْضٍ لَهُدِّمَتْ صَوَامِعُ وَبِيَعٌ وَصَلَوَاتٌ وَمَسَاجِدُ يُذْكَرُ فِيهَا اسْمُ اللَّهِ كَثِيراً﴾[2] واتە:ئەگەر خوا خەڵکی نەدا بەیەکدا هەق دژی باتڵو ناهەق نەوەستێت، هەرچی شوێنی خواپەرستی جوولەکەو گاور هەیە لە خەڵوەتگەو کڵێساو کەنیسە، هەروەها مزگەوتەکانیش کە ناوی خوای زۆر تێدا دەبرێت، هەموی کاول دەکرێت.

**پاشەڕۆژ بۆ پارێزکاران و لە خوا ترسانە.**

لە سوننەت و پەیڕەوەکانی پەروەردگار لەم جیهانەدا ئەوەیە کە ژیان بریتیە لە هەوڵو تێکۆشانو ماندووبونو کێشمەکێشم و ڕووبەڕووبونەوەی بەردەوامی نێوان هەقو ناهەق، بەڵام ئاکام بۆ خواناسانو پارێزکارانەو لە ئەنجامدا هەر ئەوان سەرکەوتن بە دەست دێنن، پێغەمبەری ڕاستگۆ ﴿ﷺ﴾لە زۆرێك لە فەرمودەکانیدا هەواڵی داوە کە بەڕاستی پاشەڕۆژ بۆ ئەم ئایینەیە، وەك دەفەرموێت: {ليبلغن هذا الأمر ما بلغ الليل والنهار، ولا يترك الله تبارك وتعالى بيت مدر ولا وبر إلا أدخله الله الإسلام، بعز عزيز أو بذل ذليل، عزاً يعز الله به الإسلام، وذلاً يذل الله به الكفر}[3] واتە: بە دڵنیاییەوە ئەم کارە (واتە ئیسلام) ئەگاتە ئەو شوێنەی کە شەوو ڕۆژی پێ ئەگات، هیچ ماڵێك نامێنێت ئاوەدان یان چۆڵەوان خوای گەورە ئەم ئایینەی پێ نەگەیەنێت، بەسەربەرزی سەربەرزانو زەلیلی و سەرشۆڕی زەلیلان، سەربەرزییەك کە خوا ئیسلامی پێ سەربەرزو بڵند ئەکات، وە زەلیلیو سەرشۆڕییەك کە خوا بێ باوەڕیو کوفری پێ زەلیلو نەوی ئەکات.

[1] [البقرة:٢٥١].

[2] [الحج:٤٠].

[3] رواه أحمد (١٠٣/٤) عن تميم الداري.

هیچماڵێك نامێنێتەوە ئاوەدان بێت یان نا ئەم ئایینە نەیێسێتو ئاگاداری نەبێت، ئەمەش گەورەیی و فەزڵی ئەم دینەیە کە خوای گەورە پێی بەخشیوە، وە ئەم ئایینە ئەگاتە ئەو شوێنەی کە شەوو ڕۆژی پێ ئەگات، واتە سەرتاسەری ئەم زەویە ئاشنا ئەبێت بە ئیسلام و ئایینی ئیسلام ئەبیسێت.

جیهانی نوێی ئەمڕۆ بە نموونە وەك هەردوو ئەمریكاو ئوسترالیا و ئەوانی دیكەش کە لە سەردەمی هاوەڵەکاندا لە ڕابوردودا نەبوون، ڕۆژێك دێت کە ئایینی هەقو ڕاستی پێ بگاتو شەرعی خوا فەرمانڕەوایی بکات –بە فەرمانی خوا _ چونکە ئەمە پێغەمبەری ئیسلام ﴿ﷺ﴾ هەواڵی داوەو فەرموویەتی و فەرموودەی ئەویش هیچ پێچەوانەو ناتەواویەکی تێدا نییە. - ڕزگارکردنی قوستەنتینییە.

پێغەمبەر﴿ﷺ﴾ لە فەرموودەیەکی تریدا هەواڵی ڕزگارکردنی قوستەنتینییەی داوە بە ئوممەتەکەی، لە فەرموودەکەی عبداللە کوڕی عەمری کوڕی عاس خوا لێی ڕازیبێ هاتووە کاتێك پرسیار لە عبداللە ئەکرێت کام لەو دوو شارە لەپێشدا ڕزگار ئەکرێن، شارەکەی هیرەقل واتە قوستەنتینییە یان ڕۆمیە (ڕۆمای ئێستە)؟ ئنجا عبداللە بۆ ئەوەی ئامادەبووان بە تەواوی دڵنیا بکات، هەڵسا سندووقێکی هێنا کە هی خۆی بوو چەند بازنەیەکی تێدا بوو (واتە شتی خۆی تێدا بوو)، سندووقەکەی کردەوەو نوسراوێکی دەرهێناو خوێندیەوە، لەوەی کە تێیدا بوو ئەم فەرمودەیە بوو: {بينما نحن جلوس عند النبي ﴿ﷺ﴾ إذ سئل ﴿ﷺ﴾ أى المدينتين تفتح أولاً؟ فقال ﴿ﷺ﴾: مدينة هرقل تفتح أولاً } واتە: ئێمە لە خزمەتی پێغەمبەردا﴿ﷺ﴾ دانیشتبوین، لەو کاتەدا پرسیارکرا لە پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾ کە کام لەو دوو شارە (واتە قوستەنتینییەو ڕۆمیە) یەکەم جار ڕزگار دەکرێن؟ پێغەمبەر﴿ﷺ﴾ فەرمووی: یەکەم جار شارەکەی هیرەقل ڕزگار دەکرێت} واتە: قوستەنتینییە. وە تاکو ئێستە شارەکەی تر ڕزگار نەکراوە، کە شاری ڕومیەیە – واتە ڕۆمای پایتەختی ئیتالیاو بنکەی فاتیکان – وە لە داهاتودا ڕزگار ئەکرێتو سوپای ئیمان وباوەڕ ئەچێتە ناوی و ئالای لا اله الا الله محمد رسول الله ئەشەكێتەوە بەسەریدا. - ئەو فتوحاتانەی کە پێغەمبەر﴿ﷺ﴾ مژدەی پێ داون. لە سەحیحی مسلم دا هاتووە جابری کوڕی سەمرە و نافعی کوڕی عوتبە خوا لێیان ڕازی بێت-ئەیگێڕنەوە، لە کۆتایی فەرموودەکەدا جابر ئەفەرموێت: گوێم لە پێغەمبەری خواوە بوو ﴿ﷺ﴾دەیفەرموو: {تغزون جزيرة العرب فيفتحها الله عز وجل، ثم تغزون فارس فيفتحها الله عز وجل، ثم تغزون الروم فيفتحها الله، ثم تغزون الدجال فيفتحه الله }[1] واتە: گوێم لە پێغەمبەری خوا﴿ﷺ﴾ بوو دەیفەرموو: ئێوە دوورگەی عەرەب غەزوو و خوای گەورە ڕزگاری ئەکات بۆتان، ئنجا فارس ئەگرنو خوای گەورە ڕزگاری ئەکات بۆتان، ئنجا ڕۆم

---

[1] مسلم (٢٩٠٠) من حديث نافع بن عتبة، وأخرجه ابن أبي شيبة في المصنف: ٤/ ٢٠٦، والحارث ابن أبي أسامة كما في زوائد الهيثمي: ٢/ ٧١٣، و نعيم بن حماد في الفتن: ٢/ ٤٧٩.

ئەگرن‌و خوای گەورە ڕزگاری ئەکات بۆتان، ئنجا شەڕی دەججال ئەکەن‌و خوای گەورە بۆتان ڕزگار ئەکات (واتە زاڵ ئەبن بەسەریدا}.
ئەوجا نافع وتی: ئەی جابر من وا ئەزانم دوای ڕزگارکردنی ڕۆم نەبێت دەججال دەرناچێت. دەججال نایەت دوای ڕزگارکردنی ڕۆم نەبێت، وە ئەم ڕستەیە زۆرێك لە فەرموودە دروستەکان لە هەردوو سەحیح و ئەوانی تریشدا بەڕاستیان گرتووەو هاوشێوەی هاتووە، کە موسوڵمانەکان قوستەنتینییە ڕزگار ئەکەن کە پایتەختی کۆنی ڕۆمەکان بوو، وە گەورەترین شاری ئیمراتۆریەتی ڕۆمەکان بوو لەو کاتەدا کە ناو ئەبرا بە ئیمبراتۆریەتی ڕۆمی ڕۆژهەڵات. لە فەرمودەیەکدا لە سەحیحی مسلم ئەبی هورەیرە خوالێی ڕازی بێت ئەیگێڕێتەوە ئەفەرموێت:
{أن المسلمين يفتحونها -ولعله في إحدى المرات- بالتكبير، فيأتون إلى المدينة نصفها في البر ونصفها في البحر، فيقولون: لا إله إلا الله، فيسقط النصف الأول الذي في البحر، ثم يقولون: لا إله إلا الله، فيسقط النصف الآخر الذي في البر}. واتە: موسوڵمانەکان ڕزگاری ئەکەن (واتە قوستەنتینییە) – لە وانەیە مەبەست لە یەکێك لە جەولەکانی شەڕەکە بێت- بە الله اکبر، جا دێنە لای شارەکە کە نیوەی لە ئاوایەو نیوەی لە وشکانیدا (واتە نیوەی لەمبەری ئاوەو نیوەکەی تری لەوبەر)و ئەڵێن: لا اله الا الله، ئیتر ئەو نیوەی کە بەشی ئاوەکەیە، ئەکەوێتە دەستی موسوڵمانان، وە دوای ئەوە ئەڵێن: لا اله الا الله، ئیتر ئەو نیوەی تریشی کە لە وشکانیدا ئەکەوێتە دەستی موسوڵمانان}.
فەرموودەی زۆر هەن هەمویان ئەوە ڕوون ئەکەنەوە کە ئەم ئوممەتە زاڵ‌و سەرکەوتووە، وە خوای گەورە لە داهاتودا ئەم سەرزەویەیان پێ ڕزگار دەکات، ئەم ئوممەتە هەرچەندێك ناتەواوی تێدا بێت، هەرچەندێك دوکەڵ‌و گەردەلول لێی بدا، هەرچەندێك خوارو خێچ بێت‌و لە ڕێ لابدا، خوای گەورە کۆمەڵێ سەرکەوتوو –الطائفة المنصورة-ی خۆی هەر سەر ئەخات‌و زەلیلیان ناکات، وە ئەم کۆمەڵە بەردەوام لەم ئوممەتی ئیسلامەدا هەن وناپچڕێن، وە بەردەوام ئەمێننەوە لە سەر حەق‌و ڕاستی هەتا ئەو کاتەی کە عیسا سەلامی لێ بێت لە کۆتایی دنیادا دەرئەکەوێت و بە حەق و دادپەروەری فەرمانڕەوایی دەکات، ئەوکاتە هەرچی خاچ هەیە ئەیشکێنێت، وە سەرانە-جزية- لە سەر جوولەکەو گاوورەکان لا ئەبات، بەراز ئەکوژێت، وە واز لە –قلائص- (حوشترانێکی قەڵەو) ئەهێنێت، چونکە ئەو کاتە خەڵکی واز لە دنیا دێنن‌و لەگەڵ عیسادا بەرەو جیهاد ئەڕۆن لە پێناوی خوادا، وەکو پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: {ويدعو إلى المال -أي عيسى عليه السلام- حتى لا يجد من يأخذه}[١]. واتە: بانگەشە ئەکات – واتە عیسا- بۆ ئەوەی پارە بدات بە خەڵکی، بەڵام کەس نابینێت لێی وەربگرێت.

[١] مسلم (١٥٥) عن أبي هريرة

جا لەم کاتەدا کە عیسا سەلامی لێ بێت بەم شێوەیە جیهاد ئەکات، ئەم کۆمەڵە (کۆمەڵی سەرکەوتوو) لە وڵاتی شام دەبن و لەوێ نیشتەجێ ئەبن. جا عیسا دێت بۆ لایان پێشەواکەیان پێشی ئەخات بۆ نوێژکردن، عیسا سەلامی لێ بێت ڕازی نابێتو پێش ناکەوێت بە هیچ شێوەیەك ناچێتە پێشەوە و لە دوای ئەوەوە نوێژ دەکات، پێغەمبەر(ﷺ)دەربارەی ئەم ڕووداوە ئەفەرموێت: {وإمامكم منكم تكرمةً من الله تعالى لهذه الأمة}[1] واتە:پێشەواکەتان (ئەوەی پێش نوێژیتان بۆ ئەکات) لە ئێوەیە، ئەوەش ڕێزێکە خوای گەورە بەم ئوممەتەی ڕەوا بینیوە.
جا عیسا سەلامی لێ بێت لە دوای پێشەوایەك لەم ئوممەتەوە نوێژ ئەکات، ئەو عسایەی -کە یەکێکە لەو پێنج پێغەمبەرانە کە خاوەنی هیممەتو عەزیمەت بوون وئەوەی کە ئێستە نەسرانیەکان ئەیپەرستنو ئەیکەنە هاوبەشی خوا- ئەبێتە یەکێك لە تاکەکانی ئەم کۆمەڵە سەرکەوتووەی لەم ئوممەتەدان کە پێغەمبەر(ﷺ) مژدەی پێ داوون، چونکە فەرمان بە شەریعەتی ئیسلام ئەکات، وە نوێژ لە دوای ئەم ئوممەتەوە ئەکاتو ئەبێتە یەکێك لەم ئوممەتە
. فەرمودەکان زۆرن، پەندو ئامۆژگاریەکان زۆرن، هیچ هێرشو پەلاماردانێك نەبووە بۆ سەر ئەم ئوممەتی ئیسلامە کرابێت، سەرەنجامەکەی مل شکان و ڕووخانو زەرەرمەندیو تێداچوونی هێرشبەران و وپەلاماردەرانی لێ نەکەوتبێتەوە، ئەم ئوممەتە هەرکاتێك بەڕاستی گەڕایەوە بۆ ئایینەکەی، هیچ ستەمکارو بێ باوەڕێك ناتوانێت تەنانەت بیر لە پەلاماردان وداگیرکرنیشی بکاتەوە، چ جای بە کردەوە داگیری بکات و لە ناوی بەرێت.

[1] البخاری (٣٢٦٥)، مسلم (١٥٥) عن أبی هریرة.

# سەرکەوتن لای خواوەیە عزوجل.

مەسەلەیەکی گرنگ هەیە کە بە هیچ شێوەیەك نابێت لە بیر بکرێت، ئەویش ئەوەیە کە سەرکەوتن تەنها لای خوای گەورەوە دێت و بەس، فەرموودەکانی خوا پاشان پێغەمبەر(ﷺ)بە ڕوون وئاشکرایی ئەوەیان باس کردووە، هەروەك خوای گەورە بە بەندە هەڵبژێراوو خۆشەویستو خەلیلەکەی ئەفەرموێت: (إِذْ تَقُولُ لِلْمُؤْمِنِينَ أَلَنْ يَكْفِيَكُمْ أَنْ يُمِدَّكُمْ رَبُّكُمْ بِثَلاثَةِ آلافٍ مِنَ الْمَلائِكَةِ مُنْزَلِينَ)[١] واتە: یادیان بهێنە) کاتێك بە باوەڕدارانی ئەوت: ئایا ئەوەندە بەس نییە کە پەروەردگارتان بە سێ هەزار فریشتە کۆمەکتان بکاتو دایانبەزێنێت؟!.

هەروەها ئەفەرموێت: (وَإِنْ تَصْبِرُوا وَتَتَّقُوا فَإِنَّ ذَلِكَ مِنْ عَزْمِ الْأُمُورِ)[٢] واتە: وە ئەگەر خۆڕاگر بنو پارێزکار بن ولە خوا بترسن، بەڕاستی ئەو هەڵوێستە لە کارە پەسەندو پایەدارەکانە.

لە شوێنێکی تردا ئەفەرموێت: (وَإِنْ تَصْبِرُوا وَتَتَّقُوا لا يَضُرُّكُمْ كَيْدُهُمْ)[٣] واتە:ئەگەر خواڕاگرو بە ئارام بن وپارێزکارو لە خواترس بن فرت وفێڵ و تەڵەکەی ئەوان زیانتان پێ ناگەیەنێت.

سبحان الله! کاتێك لە بەرامبەر دوژمناندا لە خواترس و بەئارام بین -بە یارمەتی خوا – زاڵو سەرکەوتو ئەبین بەسەریاندا، وەك خوا سبحانەوتعالی ئەفەرموێت: (بَلَى إِنْ تَصْبِرُوا وَتَتَّقُوا وَيَأْتُوكُمْ مِنْ فَوْرِهِمْ هَذَا يُمْدِدْكُمْ رَبُّكُمْ بِخَمْسَةِ آلافٍ مِنَ الْمَلائِكَةِ مُسَوِّمِينَ * وَمَا جَعَلَهُ اللَّهُ إِلَّا بُشْرَى لَكُمْ وَلِتَطْمَئِنَّ قُلُوبُكُمْ بِهِ وَمَا النَّصْرُ إِلَّا مِنْ عِنْدِ اللَّهِ الْعَزِيزِ الْحَكِيمِ [٤]) واتە: بەڵێ ئەگەر خواڕاگرو پارێزکار بن هەر ئێستا دێن بولاتانو پەروەردگارتان پێنج هەزار فریشتەی نیشاندەرتان بۆ ڕەوانە ئەکات، بۆ ئەوەی کۆمەکیتان بکەن، جا ئەو (هاوکاری)فریشتانە لە لایەن خواوە تەنها مژدەیەکە بۆ ئێوە، تا دڵەکانتان پێی دامەزراوتر بێت، ئەگینا سەرکەوتن تەنها لە لایەن خوای باڵادەست و داناوەیەو هەر ئەو ئەیبەخشێت}. هەروەها لە سوورەتی (الانفال) دا ئەفەرموێت: (وَمَا النَّصْرُ إِلَّا مِنْ عِنْدِ اللَّهِ إِنَّ اللَّهَ عَزِيزٌ حَكِيمٌ)[٥] واتە: سەرکەوتن نییە تەنها لە لایەن خواوە نەبێت، چونکە بەڕاستی هەر خۆی باڵادەستو دانایە.

---

[١] [آل عمران:١٢٥]

[٢] [آل عمران:١٨٦]

[٣] [آل عمران:١٢٠].

[٤] [آل عمران:١٢٥-١٢٦]

[٥] [الأنفال:١٠]

کەواتە سەرکەوتن لای خواوە دێت، هەرچەندە دوژمنان کۆ ببنەوە، هەرچەندە ژمارەو چەك و تەقەمەنیان زیاتر بێت، سەرکەوتن لای خوای گەورەیەو ئەیبەخشێ بە هەر کەسێك کە ویستی لە سەر بێت، ئەم سەرکەوتنە نابەخشێت بە کەس تەنها بە بەندە باوەڕدارو لەخواترس و پارێزکارو بە ئارامەکانی نەبێت، ئەوانەی کە فەرمانەکانی خوایان لە خۆیاندا هێناوەتە دی، بەڕاستی هەرخوای گەورە ئەیانپارێزێت و سەریان ئەخات. لە بەر ئەوە پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾ ئەفەرموێت: {احفظ الله يحفظك، احفظ الله تجده تجاهك، إذا سألت فاسأل الله، وإذا استعنت فاستعن بالله، واعلم أن الأمة لو اجتمعوا على أن يضروك بشيء، لم يضروك إلا بشيء قد كتبه الله عليك، وإذا اجتمعوا على أن ينفعوك بشيء، لم ينفعوك إلا بشيء قد كتبه الله لك}[1] واتە: خوا بپارێزە (بەپاراستنی سنوورەکانی خواش تۆ ئەپارێزێ، خوا بپارێزە ئەیبینیت بەرەو ڕووتە (واتە خوای گەورە ڕەحم وبەزەیی خۆیت بەسەردا ئەڕژێنێت)، ئەگەر پارایتەوە و پرسیارت کرد هەر لە خوا پرسیار بکە، ئەگەر داوای کۆمەکت کرد هەر لەخوا داوا بکە، وەبزانە: ئەگەر هەموو ئوممەت کۆ ببنەوە بۆ ئەوەی زیانێکت پێ بگەیەنن، ئەو زیانەت پێ ناگەیەنن مەگەر خوا لە سەری نووسیبیت، وە ئەگەر هەموو ئوممەت کۆ ببنەوە بۆ ئەوەی سوودێکت پێ ببەخشن، ناتوانن پێتی ببەخشن مەگەرخوا بۆتی نووسیبێت.

کەواتە زەخیرەو ژمارە هۆکارێکن کە پێویستە بگیرێنە بەر، بەڵام سەرکەوتن لای خواوە دێت: (وَأَعِدُّوا لَهُم مَا اسْتَطَعْتُم مِنْ قُوَّةٍ وَمِنْ رِبَاطِ الْخَيْلِ تُرْهِبُونَ بِهِ عَدُوَّ اللَّهِ وَعَدُوَّكُمْ)[2] واتە:هەرچی لە تواناتاندا هەیە بۆ بەهێزکردنی سوپای ئیسلام بیخەنەگەڕ بۆ ئەو دوژمنانە لە هێز کە هەتانە، دوژمنانی خواو دوژمنانی خۆتانی پێ چاوترسێن بکەن.

جا لە لێکدانەوەی ئەم ئایەتەدا پێغەمبەر﴿ﷺ﴾ ئەفەرموێت: {ألا إن القوة الرمي}[3] واتە: ئاگادار بن هێز ڕەمی کردن و نیشان لێدانە}، ڕەمیش هەموو جۆرەکان ئەگرێتەوە، تاکو ئەمرۆش ڕەمی هۆکاری یەکلاکەرەوەیە لە شەڕدا، بەڵام هەموو ئەم ئامادەکردنە لە هێزو بازوو پیاوان و تۆێشوودا ئەوە ناگەیەنێت کە سەرکەوتن لای مرۆڤ خۆیەوەیەتی، ئیتر لە ئاست و پلەیکی هێزو ئامادەباشیدا بیت ئەو مرۆڤە و وا گومان بەرێ کە تەنها بە هۆی ئەمانەوە سەرکەوتن بە دەست دێنێت، بەڵکوو لای خوای گەورەوەیە، هەرکەسێکی بوێت سەری ئەخات و پشگیری ئەکات. خوای متعال لە ئایەتەکانی پێشودا ئەوەی باسکرد کە بە فریشتەکان پشگیری و پاڵپشتی باوەڕداران دەکات،

---

[1] الترمذي (٢٥١٦)، أحمد (٣٠٣/١) عن ابن عباس.

[2] [الأنفال:٦٠].

[3] مسلم (١٩١٧) عن عقبة بن عامر.

با سەیری سوپاکەی پێغەمبەر(ﷺ)بکەین، لەگەڵ ئەوەشدا کە بە فریشتەکات پشگیری لێ کرابوو، بەڵام موسڵمانەکان ڕێیان بە خۆیان نەدا کاتێك کە ئەم ئایەتانەیان ئەخوێندەوە، وا باوەڕ بکەن کە ئەم سەرکەوتنە لە لایەن پێغەمبەرەوە (ﷺ) یان لای فریشتەکانەوە بووە، چونکە خوای گەورە بەوە ڕازی نییە کە سەرکەوتن بدرێتە پاڵ هەر کەسێکی دی لە دروستکراوەکانی خۆی. - تەنیابوونی خوا سبحانەوتعالی بە پاڵپشتی و سەرکەوتن. دەقی ئایەتەکانی ڕابوردوو هەمووله سەر ئەوە بوون کە سەرکەوتن تەنها لای خواوەیەو بەس، تەنانەت لە لایەن پێغەمبەریشەوە(ﷺ) نییە کە خۆشەویسترین بەندەی خوایە، هەروەها لای فریشتەکانیشەوە نییە، ئەو فریشتانەی کە خوای گەورە کاری ئەم بونەوەرەیان پێ ڕێك و پێك ئەکات، وەك ئەفەرموێت: (وَالصَّافَّاتِ صَفّاً * فَالزَّاجِرَاتِ زَجْراً)[1] واتە: سوێند بە فریشتە ڕیزبووەکان، ئەو فریشتانەی کە ئەخوڕن بەسەر ستەمکاراندا (لە سەرە مەرگو لە قیامەتو دۆزەخدا. هەروەها ئەفەرموێت: (وَالْمُرْسَلاتِ عُرْفاً)[2] واتە: سوێند بەو فریشتانەی بە کاری چاكو دروستو فەرمانداری هەڵئەسن، یەك لە دوای یەك.

هەروەها: (فَالْمُدَبِّرَاتِ أَمْراً)[3] واتە: سوێند بەو فریشتانەی کە (بە ویستی خوا) کاروفەرمان جێبەجێ دەکەن بە ڕێكو پێکی.

هەروەها دەفەرموێت: (وَالذَّارِيَاتِ ذَرْواً)[4] واتە: سوێند بەو ڕەشەباو ئەو بایەی کە هەورو هەڵمی ئاو هەڵدەگرێتو پەخشی دەکاتەوە، یان تەپو تۆز بەرز دەکاتەوە (کە ڕۆڵی هەیە لە باران بارینداا).

هەموو ئەم سیفاتانەی فریشتەکان باس کراون کە خوای گەورە دەسەڵات و موڵکی خۆی پێیان ڕێك و پێك ئەکات، ئەو فریشتانەی کە خوا سبحانەوتعالی دەربارەیان ئەفەرموێت: (لا يَعْصُونَ اللَّهَ مَا أَمَرَهُمْ وَيَفْعَلُونَ مَا يُؤْمَرُونَ)[5] واتە: هیچ بێ فەرمانییەکی خوای گەورە ناکەن لەو کارانەی بەسەریاندا ئەدرێتو هەر فەرمانێکیان بەسەردا بدرێت ئەیکەنو جێ بەجێی ئەکەن.

ئەوانە ئەو بەندە بەڕێزانەی خوای گەورەن کە لە دواڕۆژدا شەفاعەت ئەکەن، ئەوەش لە بەر ئەو هەموو ڕێزو پلەو پایە بەرزە هەیانە لای خوا سبحانەوتعالی، بەڵام شەفاعەت بۆ هیچ کەسێك ناکەن مەگەر خوا ڕازامەندی لە سەر بێت، جا لە گەڵ ئەو هەموو فەزڵ و نزیکی فریشتەکان لە خواوە (سبحانەوتعالی) ڕازی نییە سەرکەوتن بدرێتە پاڵ ئەوان، بەڵکوو هەر دەبێت بدرێتە پاڵ خوای گەورە،

---

[1] [الصافات:١-٢]

[2] [المرسلات:١]

[3] [النازعات:٥]

[4] [الذاريات:١]

[5] [التحريم:٦]

وە فێرمان ئەکات کە دڵنیابین لەوەی کە سەرکەوتن تەنها لای خواوەیەو بەس، هیچ کەسێکی تر ناتوانێت سەرکەوتنت پێ ببەخشێت ئەگەر خوا نەیەوێت، خوای متعال دەفەرموێت: ﴿وَمَا يَعْلَمُ جُنُودَ رَبِّكَ إِلَّا هُوَ﴾[1] واتە: هیچ کەسێك بەسەربازەکانی خوای گەورە نازانێت تەنها خۆی نەبێت. خوا ئەگەر بیەوێت فریشتەکان ئەنێرێت، وە ئەگەر بیەوێت هەر شتێکی تر ئەنێرێت بۆ یارمەتی بەندەکانی خۆی، وەك پێغەمبەر(ﷺ) ئەفەرموێت:{نصرت بالصبا، وأهلكت عاد بالدبور}[2] واتە: من بە هۆی باوە سەرکەوتم، وە گەلی عادیش بە هۆی ڕەشەبایەکی توندو تیژو سەختو ساردوسڕەوە لە ناوبران.

خوای گەورە بە هۆی ڕەشەباوە ملهوڕترینو ستەمکارترین گەلی لە زەویدا لە ناو برد کە گەلی عاد بوون، ئەو خانوو باڵاخانەو کۆڵەکانەی هەیان بوو، وێنەی نەبووە لە دنیادا، خوای گەورە هەمووی بە باڕەشی توندو تیژ لە ناوبرد و تەفروتونای کردن، خۆ ئەگەر دوژمنێکی بەرچاو بهاتایەو بەرەنگاریان بوەستایە، لەوانە بوو زاڵ بونایە بەسەریداو لە ناویان ببردایە، بەڵام نەیانتوانی بەرەنگاری ڕەشەبا ببنەوە بە هیچ شێوەیەك، کێ ئەتوانێت شەڕ لەگەڵ ڕەشەبا بکات، ئنجا هات بەسەریانداو هەرچی گوزەری بەسەریدا وێران و تەفروتونای کردو لە ناوی برد بە فەرمانی خوای گەورە، بە شێوەیە پاشماوە نەبێت هیچیان نەمایەوە، وەك خوای گەورە ئەفەرموێت: ﴿تُدَمِّرُ كُلَّ شَيْءٍ بِأَمْرِ رَبِّهَا فَأَصْبَحُوا لاَ يُرَى إِلاَّ مَسَاكِنُهُمْ كَذَلِكَ نَجْزِي الْقَوْمَ الْمُجْرِمِينَ﴾[3] واتە:ئەو ڕەشەبایە هەموو شتێكو هەموو شوێنێك کاول دەکات بە فەرمانی پەروەردگاری، ئیتر کەسیان دیار نەمان جگە ماڵە چۆڵ و هۆڵەکانیان، هەر ئابەو شێوەیەو بەو جۆرە سزایانە تۆڵە لە قەومو هۆزی گەلانی تاوانبارو تاوانکار دەسێنین.

ئیتر وێران بوون و هیچیان بەسەر هیچەوە نەما وەك خوای گەورە لە ئایەتێکی تردا ئەفەرموێت: ﴿كَأَنَّهُمْ أَعْجَازُ نَخْلٍ مُنْقَعِرٍ﴾. واتە: بەشێوەیەك دانی بە زەویداو لە بێخی دەرهێنان، وەکو قەدی دارخورمای کلۆرو هەڵکەنراویانن لێ هات.

هەروەها سەرکەوتنی خوا(سبحانەوتعالی) بۆ پێغەمبەر(ﷺ) لە شەڕی پارتەکان-الاحزاب- دا کە گەمارۆی مەدینەیان دابوو، خوای گەورە باڕەشی بۆ ناردنو پەرتەوازەی کردنو ڕایان کرد. یەکێکی تر لە سەربازەکانی خوا ئاوە، کە گەلی (نوح) ی پێ لە ناوبرد، گەلی نوح سەلامی لێ بێت یەکەم گەلێك بوون لە سەر زەویدا سەرپێچی فەرمانی خوایان کردو شیرك و هاوەڵگیریان بەرپاکرد، یەکەم پێغەمبەری نێرراویان(رسول) بە درۆ خستەوەو باوەڕیان پێ نەهێنا،

[1] [المدثر:٣١]
[2] البخاری (٩٨٨)، مسلم (٩٠٠) عن ابن عباس.
[3] [الاحقاف: ٢٥].

ئنجا خوای گەورە فەرمانی دا بە ئاسمان کە باران ببارێنێتو زەویش ئاو هەڵبقوڵێنێت، وە ئیتر لافاوێکی گەورەی بۆ ناردنو هەموویان نوقم بوونو خنکانو لە ناوچون، خوای متعال دەفەرموێت: (وَفَجَّرْنَا الْأَرْضَ عُيُوناً فَالْتَقَى الْمَاءُ عَلَى أَمْرٍ قَدْ قُدِرَ)[1]. واتە: هەموو زەویشمان کرد بە کانیاوو ئاومان لێ هەڵقولاند، ئیتر ئاوی ئاسمانو زەوی بە تەقدیرو ویستی خوا بە یەك گەیشتن، بەڕاستی بڕیاری لە سەر درابوو.

هەندێك لەو برایانەی کە جێگەی متمانەن لە بارەی جیهادی ئەفغانەوە بۆیان گێڕاوینەتەوە کە چۆن لە کاتی تەنگەشەو نارەحەتی سەختدا بە ئاشکرا هەستیانکردووە کەخوا (سبحانەوتعالی) هاتووە بە دەمیانەوەوە، بە تایبەتی مەسەلەی غازی کوشندە –کیمیاوی- کە ئێمە هەر بە باسکردنەکەی ترسمان لێ دەنیشێ، ئەیانووت: بەڕاستیو لە بەرچاوی خۆمان بینیمان کە غازەکەیان کرد بەسەرماندا، ئیتر ئێمەش هەموو هاوارمان کردو بە کوڵ لە خوا پاڕاینەوە، سوێند بەخوا بینیمان وەك پەڵە هەورێك لە سەر سەرمان وەستاو نەهاتە خوارێ، تاکو بایەك هاتو بردیو دای بەسەر سوپاکەی خۆیانداو خوا ئێمەی پاراستو سوپاس بۆ پەروەردگار هیچمان لێ نەهات. هەندێکی تریان وتیان: دوای ئەوەی لە بەسەرمانا ڕژا تووشی سەرئێشەیەكو گێژبونێکی توند هاتین، واگومانمان کرد کە ئیتر کەسمان نامێنینەوەو هەموومان ئەمرین، هاوارمان کردو لە خوا پاڕاینەوە، دوای یەك دوو ڕۆژ هەمووومان سەلامەت بوینو هیچمان لێ نەهاتبوو. ئەو ئەمریکایەی کە گەورەترینو بەهێزترینو سەرکەشترینی ئەم جیهانەیە، هێزو تواناو دەسەڵاتی لە بەرامبەر سەربازێکی خوای گەورەدا کە ڕەشەبایە، بێ توانایەو هیچی بۆناکرێت، خوای گەورە ئەفەرموێت: (وَمَا يَعْلَمُ جُنُودَ رَبِّكَ إِلَّا هُوَ)[2] واتە:هیچ کەسێك سەربازەکانی پەروەردگارت نازانێت (ئەی موحەممەد(ﷺ) تەنها خۆی نەبێت. کەواتە سەرکەوتن تەنها لای خوای پەروەردگارەوەیە، وە ئەم خاڵە پێویستە کە ئوممەتی ئیسلامی لە سەر پەروەردەبکەین تێی بگەیەنین، جا کە ئاگادار بوینو زانیمان کە داهاتوو بۆ خوای گەورەیە، سەرکەوتن لای خواوەیە، پاشەڕۆژ هەر بۆ ئەوە، دەی با ڕووبکەینە ئەووو لێی بپاڕێینەوەو هاوارمان هەر لەو بکەین، وە داوای سەرکەوتنی لێ بکەین، جا ئەوکاتە ڕۆشن ئەبێتەوە کە ئێمە بە ڕێگەیەکی دروستدا هەنگاو هەڵئەگرین.

---

[1] [القمر:١٢]

[2] [المدثر:٣١]

## چۆن موسڵمانان هۆکارەکانی سەرکەوتن بە دەست بێنن؟

وە چۆن بگەڕێنەوە بۆ دینەکەیان؟ چونکە پێغەمبەر(ﷺ) ئەفەرموێت: {إذا تبايعتم بالعينة وأخذتم بأذناب البقر، واشتغلتم بالزرع أو بالضيعة، وتركتم الجهاد، سلط الله عليكم ذلاً لا يرفعه أو لا يضعه حتى ترجعوا إلى دينكم}[1] واتە: ئەگەر ئێوە کڕین وفرۆشتنتان بە عەینە (جۆرێکە لە سوو) کرد، دەستان گرت بە کلکی مانگاکانتانەوە (واتە خەریکی مەڕومالات و ژیانی دنیا بوون) وە سەرقاڵ بوون بە کشتوکاڵو زەویو زارەکانتانەوە، وازتان لە جیهادو تێکۆشان لە پێناوی خوادا هێنا، خوای گەورە سەرشوڕیو زەلیلیتان ئەهێنێتە سەر، وە هەڵیناگرێت لە سەرتان یان لایناداتـ تاکو نەگەڕێنەوە بۆ ئاینەکەتان.

کەواتە زۆر پێویستە کە بیر لەوە بکەینەوە کە چون بگەڕێینەوە بۆ ئاینەکەمان، وە چۆن ئەو هۆکارانە بە دەست بێنین کە بە هۆیانەوە زاڵ و سەرکەوتوو ئەبین؟ لەو هۆکارانە:

- بە کوڵ هاوارکردنە لای خواو پاڕانەوەو نزاکردن. خوای گەورە لە چیرۆکی گەلی یونس دا ئەفەرموێت: (فَلَوْلَا كَانَتْ قَرْيَةٌ آمَنَتْ فَنَفَعَهَا إِيمَانُهَا إِلَّا قَوْمَ يُونُسَ لَمَّا آمَنُوا)[2] واتە: دەبوایە خەڵکی ئەو شارۆچکانەی هەڕەشەیان لێ کرابوو باوەڕیان بهێنایەوە باوەڕەکەیان سوودبەخش بوایە بۆیان، بەڵام باوەڕی هیچ کامیان سوودی پێ نەگەیاندن جگە لە گەلی یونس (سەلامی لێ بێت).

گەلی یونس کاتێ بنییان وا سزای خوا بەرەو ڕوویان دێت و ئەیانپێچێتەوە، باوەڕیان هێناو خوای گەورەش سزاکەی لە سەر لادان، کاتێك کە زانیان فەرمانی خوا ڕاستەو هەڕەشەکەی پێغەمبەرەکەیان وا هاتە جێ، دوای ئەوەی کە یونس سەلامی لێ بێت هەڕەشەی لێکردن بە سزای خوا، وە بە توڕەییەوە ڕۆشت لە ناویانو پێی وتن: دوای سێ ڕۆژ سزای خواتان بۆ دێ، ئیتر زانیان کە پێغەمبەرەو درۆ ناکات، گەڕانەوە بۆ لای خوای گەورە، بە شێوەیەك کە خۆیانو ماڵو منداڵیانو مەڕوماڵاتیشیان هێنایە دەرەوەو هەموو لە خوا دەپاڕانەوەو هاواریان لێ دەکرد، وە هەندێ لە موفەسیرینی پێشین ئەفەرموون کە ماوەی چل شەو لە خوا پاڕانەوە، ئەم گەڕانەوەیان بۆ لای خواو دانپیانانیان بە تاوانەکانی خۆیاندا بووە هۆی ئەوەی خوای گەورە سزاکەیان لە سەر هەڵگرێتو لایبەرێت، کە تەنها گەلی یونس سەلامی لێ بێت بەو شێوەیە بوون، گەڕانەوەو ملکەچ بونیان بۆ پەروەردگاریان ڕزگاری کردن.

---

[1] رواه أبو داود (٣٤٦٢)، و أحمد في المسند (٨٤/٢) عن ابن عمر، وذكره الألباني في الصحيحة (١١)

[2] [يونس:٩٨].

کەواتە مل کەچ بوون لە دوعاو پاڕانەوەو هاوار بۆ لای خوا هۆکارێکی ئێجگار گرنگەو بە هیچ شێوەیەك نابێت وەلای بنێین و پشت گوێی بخەین، وە ئەبێت ئەوەش بزانین کە مل کەچی و پاڕانەوە تەنها دوعاو داوا لێکردن نییە بە تەنها، بەڵکوو دوعا بەشێکە لەو ملکەچی و پاڕانەوەیەو یەکەم دەرگایەتی. - تەوبەکردن و پەشیمان بونەوە لە گوناهو تاوان. لە سەرمان پێویستە کە تەوبە بکەین و پەشیمان ببینەوەو بگەڕێینەوە بو لای خوای گەورە لە هەموو گوناهو تاوانەکانمان، خۆمان ئامادە بکەین بو لادانی ئەو هۆکارانەی بونەتە هۆی ئەم بەڵاو نارەحەتیانەی بەردەوام تووشمان دێن، ئەگەر دوژمنە ئەوا خۆمان ئامادە بکەین بۆ جیهاد، ئەگەر وشکی و بێ بەروبومی و نەدارییە ئەوا خۆمان ئامادە بکەین و بۆ چاندن و ئاوەدانکردنەوەی زەوی زارەکانمان، . وە هەروەها، کەواتە تەنها کارەکان بە دوعاو پاڕانەوە ناکرێن، بەڵکوو خۆ ئامادەکردنیشی ئەوێت، وە تەوبەکردنیش دەرگای کردنەوەی ڕەحمەتی خوایە بۆ بەندەکانی و گرتنەبەری هۆیەکە لە هۆکارەکانی سەرکەوتن.

- فەرمانڕەوایی کردن بە شەریعەتی خوا. پێویستە لە سەر دەسەڵاتدارو کاربەدەستەکان کە بگەڕێنەوە بۆ لای خوا، بە خۆیاندا بچنەوە، فەرمانڕەوایی خەڵکی بە شەرعی خوا بکەن تاکو دەسەڵات و هێزو زاڵبونی دوژمنانمان لە کۆڵ بێتەوە، وەك پێغەمبەر(ﷺ) لە فەرمودەیەکدا ئەفەرموێت: {وما لم يحكم أئمتهم بكتاب الله إلا سلط الله عليهم عدواً يأخذ بعض ما في أيديهم}[1] واتە: هەرکاتێك (موسوڵمانان) پێشەواکانیان بە کتابی خوا فەرمانڕەواییان نەکردن، ئەوا خوای گەورە دەسەڵاتی دوژمن زاڵ ئەکات بەسەریاندا و هەندێك لەو فەرمانەی کە لە ژێر دەستیاندایە لێیان ئەسێنێت. پێویستە قازیەکان، میرەکان، سەرۆکەکان، وە هەرکەسێك کە خوای گەورە سەرپەرشتی کارێکی لە ئەستۆ داناوە، دەبێت لە خوا بترسێ تێدایداو بەپێی فەرمانی خوا فەرمانڕەوایی بکات، وە بەو شێوەیە بێت کە خوا فەرموویەتی: (إِنَّ اللَّهَ يَأْمُرُ بِالْعَدْلِ وَالْإِحْسَانِ)[2] واتە:خوا فەرمان ئەدات بە دادوەری و چاکە.

هەروەها ئەفەرموێت: (إِنَّ اللَّهَ يَأْمُرُكُمْ أَنْ تُؤَدُّوا الْأَمَانَاتِ إِلَى أَهْلِهَا وَإِذَا حَكَمْتُمْ بَيْنَ النَّاسِ أَنْ تَحْكُمُوا بِالْعَدْلِ)[3] واتە: بێ گومان خوا فەرمانتان پێ دەدات کە هەموو ئەمانەتەکان-سپاردە- بگەڕێننەوە بۆ خاوەنەکانیان، وە هەرکاتێکیش دادوەریتان کرد لە ناو خەڵکیدا، دادپەروەرانە

---

[1] ابن ماجه (٤٠١٩)، الحاكم في المستدرك (٥٨٣/٤)، و الطبراني في الأوسط (٥/٦١-٦٢) عن عبد الله بن عمر.

[2] [النحل:٩٠].

[3] [النساء:٥٨]

فەرمانڕەوایی بکەن. دەی کەواتە با بە دەروونی خۆماندا بچینەوەو چی ناتەواوی هەیە چارەسەر بکەین‌و هەوڵی فەرمانڕەوایی کردنی شەرعی خوای گەورە بدەین لە خۆمان‌و کۆمەڵگەکەشماندا.

- یادخستنەوەی ئەرك فەرمانی زانایان. زانایان ئەرك‌و واجبێکی زۆرگەورەیان لە سەرە، وەك پێشینە چاکەکان دەڤیان لە سەر ئەوەیە کە زانایانی ئیسلام لە فەرمانڕەوایان‌و سەرپەرشتیاریکارانی کاری موسوڵمانانن، ئەوانەی کە خوای گەورە بە پێویستی گێڕاوە لە سەر موسوڵمانان کە گوێڕایەڵیان بکەن: (أَطِيعُوا اللَّهَ وَأَطِيعُوا الرَّسُولَ وَأُولِي الْأَمْرِ)[1] واتە: فەرمانبەردارو گوێڕایەڵی خوا پاشان پێغەمبەر(ﷺ) و فەرمانڕەواکان بکەن کە لە خودی خۆتانن.

شێخی ئیسلام باسی کردووە کە فەرمانڕەواکان بریتین لە ئەمیرەکان‌و زاناکان، زانایان فەرمانڕەوای موسوڵمانانن لە کارە زۆر گرنگەکاندا، چونکە ئەوان پاسەوان وچاودێری ئەم ئوممەتەن، وە ئەوان دەست پاك‌و ئەمینن لە سەر هەموو ئەو کارانەی پەیوەندییان بەم ئوممەتەوە هەیە. دەوڵەتانی نەفامی‌و بێ باوەڕی کۆڕی پیران‌و کۆڕی جێگران‌و وە هەروەها شتانی دیکەی لەو دەزگایانەیان هەیە بۆ چاودێری کردنی کارو یاساکانی خۆیان، ئەمە سەرەڕای دەسەڵاتی ڕاوێژو یاسادانان‌و چاودێری کردن. وە هەروەها، کە لە یاسا دەسکردو داهێنراوەکاندا باسیان لێ دەکرێت، بەڵام ئوممەتی یەکخواناس و باوەڕدار زانایانی هەیە کە ئەمانەتی ئەم ئوممەتە لە ئەستۆی ئەواندایە، ئەوانەی کە خوای گەورە فەرمانی پێ داون کە زانستو ڕاستیەکان بڵێن‌و نەیشارنەوە، دەفەرموێت: (وَإِذْ أَخَذَ اللَّهُ مِيثَاقَ الَّذِينَ أُوتُوا الْكِتَابَ لَتُبَيِّنُنَّهُ لِلنَّاسِ وَلَا تَكْتُمُونَهُ)[2] واتە: کاتێك خوا پەیمانی وەرگرت لەوانەی کە کتێبیان پێ بەخشراوە کە ڕوونی بکەنەوە بۆ خەڵکی ومەرامەکانی لە خەڵکی نەشارنەوە.

وە ئەگەر هەندێ لە نەخوێنەوارەکان یان کەموکوڕەکان نەیانەوێت کە باسی تاوان‌و خراپەکانیان بکەن کە پێویستە وازی لێ بێنن، ئەوا زانایان پێویستو واجبە لە سەریان کە حەق ڕوون بکەنەوەو بە هیچ شێوەیەك لەم ئوممەتەی نەشارنەوە،

---

[1] [النساء:٥٩].

[2] [آل عمران:١٨٧].

وەك ئەفەرموێت: (ادْعُ إِلَى سَبِيلِ رَبِّكَ بِالْحِكْمَةِ وَالْمَوْعِظَةِ الْحَسَنَةِ)[١] واتە:بانگەواز بکە بۆ ڕێگەی پەروەردگاری خۆت بە دانایی و ئامۆژگاری چاك وشیرین.

وە ئەرك و فەرمانی زانایانە کە بە ئەرکی پێشەوایەتی ئەم ئوممەتە هەڵسن لە هەموو هەڵوێست و بوارێکدا، وە گەورەترین هەڵوێست بریتیە لە جیهاد، پێویستە لە سەریان کە لە پێشەوەی موسوڵماناندا بن، پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾ لەگەڵ ئەوەش کە بەرێزترین کەس بوو لای خوای گەورەو خۆشەویستی خوا بوو، خۆی سەرکردایەتی شەڕەکانی ئەکردو لە ڕیزی پێشەوەی هاوەڵەکانیدا بوو، هەروەها هاوەڵە بەرێزەکانیشی لە پاش خۆی هەروا بوون. ئەزانن کە پێغەمبەر﴿ﷺ﴾ سوێندی خواردووە کە ئەگەر خاوەن عوزرەکان نەبوایە، نەئەبوو کەس دوا بکەوێت لە جیهاد، هەروەها ئەبو بەکرو عومەریش خوالێیان ڕازی بێت بەو شێوەیە بوون، لە سەردەمی عومەردا خوالێی ڕازی بێت ویستی بڕوات بۆ شەڕی فارس، پێیان وت: ئەی فەرماندەی بڕواداران! کەسانی تریان بۆ بنێرەو خۆت بمێنەرەوە، ئەگەر ئەوانە تووش بوون و ڕووخان ئەوە تۆ یاریدەدەر ئەبیت بۆیان و یارمەتیان بۆ ئەنێریت، بەڵام ئەگەر تۆ تیا چویت ئەوە ئیسلام هەمووی لە ناو ئەچێت و ئەڕوات.

هاوەڵانی پێغەمبەر﴿ﷺ﴾ هەموو بەو شێوەیە بوون خوا لێیان ڕازیێ، هەمویان سەرکردەو لە پێشەوەی ڕیزی جیهادا بوون، وە ڕوونکەرەوەی فەرمانەکانی خوا پاشان پێغەمبەر بوون و ئەمین بوون لە سەر ئەو ئەمانەتەی لە ئەستۆیاندا بوو.

هەروەها شێخی ئیسلام ڕەحمەتی خوای لێ بێت خۆی بەشداری کردووە لە ڕوونکردنەوەو ئاشکراکردنی گومڕایی و لە ئیسلام دەرچوونی تەتار، هەروەك بەشداریشی لە شەڕی تەتار کردووە، کەواتە ئەو ئەرك و واجبەی لە سەر زانایانە ئێجگار گەورەو گرانە، سوپاس بۆ خوا کە ئەم ئوممەتە تا ئێستەش خاوەنی کەسانێکە لە زانایان کە لە سەر پەیرەوو ڕێڕەوی پێشینەچاکەکانمانن لە بیروباوەڕو کردەوەو زانیاری و جیهادو تێکۆشانیاندا، ئەوەش فەزڵ و گەورەیی خوایە بەسەر ئەم ئوممەتەدا. بەڵام ئەوە ئەمێنێتەوە کە ئەرکی ئێمە، ئێمەی قوتابیانی زانستو عیلم، گشتی موسوڵمانان، کە دەستی ئەو زانایانە بگرین، لەکاتی تاقیکردنەوەو نارەحەتیدا لە پشتیان بین، وە ئێمەی موسوڵمان هەموومان ببینە یەك دەستو یەك کۆمەڵ و یەك مەبەست، هیچ بوارێك نەهێڵینەوە بۆ کەسانێك کە ئەیانەوێت ئەم ئایینە پیس بکەن، هیچ بوارێك نەهێڵین بو کەسێکی نامۆ خۆیمان لێ بکاتە زانا،

---

[١] [النحل:١٢٥]

هیچ بوارێك نەهێڵینەوە كە پەرتەوازەیی ودووبەرەكی لە نێوانماندا بنێتەوەو دروستی بكات، مەبەستو ئامانجی هەموو ئێمەی ئەهلی ئیسلام هەر یەكە جا مەبەستەكە ئەمەیە، واتە لە پێناوی ڕەزامەندی خوا ی گەورەدا، وە هۆكارەكەش با لە چەند ڕێگەیەكیشەوە بۆی بڕۆین پێویستە یەك بێت و یەك مەبەست بێت، دەی با هەموومان یەك ڕیزی نەپساوو بە دوای یەكدا بین لە جیهادو تێكۆشانمان لە پێناوی خوای گەورەداو بەرەنگار بوونەوەی دووژمنانی ئەم ئوممەتە، هەروەك چۆن خوای گەورە فەرمانی پێ داوین.

## چی لەسەرمان پێویستە لە پێناو بەرەنگاربوونەوەی ڕۆژئاوا؟

پێویستە خۆمان و خەڵكی یاداواری بكەین و پەیوەستیان بكەین بە پەروەردگاریانەوە، پێویستە لە سەرمان ڕوو بكەینە خەڵكی و پێیان بڵێین: بگەڕێنەوە بۆ قورئان، مزگەوتەكان ئاوەدان بكەنەوە، واز بێنن لە ڕووتی و بەرەڵایی و تێكەڵاوی لە بازاڕەكاندا، فەرمان بدەن بە چاكەو جڵەوگیری خراپە بكەن، بگەڕێنەوە بۆ لای خوا، ئەوەی لە دەروونتاندایە بیگۆڕن خوا ئەو حاڵ و وەزعەی تیایدان دەیگۆڕێت: (إِنَّ اللَّهَ لا يُغَيِّرُ مَا بِقَوْمٍ حَتَّى يُغَيِّرُوا مَا بِأَنْفُسِهِمْ وَإِذَا أَرَادَ اللَّهُ بِقَوْمٍ سُوءاً فَلا مَرَدَّ لَهُ وَمَا لَهُمْ مِنْ دُونِهِ مِنْ وَالٍ )[1] واتە: بێگۆمان خوا بارو دۆخی هیچ قەوم و گەلێك ناگۆڕێت (لە خۆشیەوە بۆ ناخۆشی، لە زەلیلیەوە بۆ سەربەرزی، یان لە گرانیەوە بۆ هەرزانی) هەتا ئەوانە ئەوەی بە خۆیان دەكرێت نەیگۆڕن و نەیكەن، كاتێكیش خوا بیەوێت بەڵایەك بە سەر هەر میللەتێكدا بهێنێت (لە دەرەنجامی سەركەشی و یاخی بوونیان) ئەوە هیچ هێزێك ناتوانێت بەری بگرێت، هیچ كەسێكیش ناتوانێت جگە لە خوا فریایان بكەوێت و ڕزگاریان بكات. ئەگەر عەزیمەتتان بە هێز بوو خۆتان گۆڕی، ئەوا دەبینن كە خوا حاڵتان دەگۆڕێت و عیززەت و سەربەرزیتان بۆ دێنێتەوە، جا پێویستە هەر لە ئێستەوە دەست بكەین بە گۆڕینی ناخمان و سەرلەنوێ بە ژیانماندا بچینەوە. چونكە بە ڕاستی داستان لە گەڵ ڕۆمدا ئاسان و سانا نابێت، لە چەند ڕۆژو ساڵێكدا كۆتایی نایەت، بەڵكو داستان و شەڕێكی درێژخایەنە، یەكەم شتێك كە پێویستیەتی ئوممەتێكی ئیماندارو بە ئارام و خۆڕاگر و خواناس و پارێزكارە: (وَإِنْ تَصْبِرُوا وَتَتَّقُوا لا يَضُرُّكُمْ كَيْدُهُمْ شَيْئاً إِنَّ اللَّهَ بِمَا يَعْمَلُونَ مُحِيطٌ)[2] واتە: جا ئەگەر خۆڕاگر بن و پارێزكار بن، پیلان و تەڵەكەی ئەوانە هیچ زیانێكتان پێ ناگەیەنێت.

---

[1] [الرعد:١١]

[2] [آل عمران:١٢٠]

جا یەکەم شتێك کە دەبێ بیکەین سوڵح و ڕێکەوتنمانە لە گەڵ پەروەردگاردا، دەبێ سوو و ڕیبا تورڕ دەین و کاری پێ نەکەین، زینای ناوخۆیی کە لە کاری فاحیشەدا خۆی دەگرێتەوە وازی لێ بێنین، وە زینای دەرەکیش کە لە خۆ ڕووتکردنەوەو چوونە دەرەوەی ئافرەتان بە ناشەرعیانەو و شتانی دیکەش واز لێ بێنین، دەبێ واز لە گۆرانی و مۆسیقا و خۆگێژکردن بێنین بە ناوی هونەرو کاری هونەریەوە، دەبێ واز لە پاشملە باسکردن و دووزبانی و چاوچنۆکی و ڕق و قین بێنین لە نێوانماندا ئێمەی موسوڵمان. هەرچی دەستووروو یاسایەك پێچەوانەی شەرعی خواو پێغەمبەر بێ (ﷺ) دەبێ کاری پێ نەکەین و باوەڕمان پێی نەبێ، بە شێوەك لە هەموو کارەکانی ژیانماندا حوکم و فەرمان لە کتابی خوا پاشان سوننەتی پێغەمبەرمان(ﷺ) وەرگرین و بەو دوو پێوەرە مامەڵەی ڕۆژانەمان بپێوین، با بە خۆماندا بچینەوە:

چی تاوانێکمان کردووە؟

وە چی هەڵەو پەڵەیەکمان هەیە لە ژیانماندا؟

وە چیمان کردووە و کارو کردەوەی ڕۆژانەمان بەرەو کوێیە؟

تەوبە بکەین و بگەڕێینەوە بۆ لای پەروەردگارمان و بە کوڵ هاواری لێ بکەین و لە تاوان و سەرپێچیەکانمان پەشیمان ببینەوە، پاشان ئیتر خۆ ئامادە بکەین و توێشوو بخەین با ئەوەی لە توانامانمدا هەبوو ئامادەی بکەین، ئەوکات بێگومان خوا سەرکەوتنمان پێ دەبەخشێ، گومان لەوەدا نییە کە ڕۆژئاوا تا ڕۆژی قیامەت چاویان بە موسوڵمانان هەڵنایەت و وەك دوژمن دەڕوانن بۆیان – وەك پێغەمبەری ڕاستگۆ هەواڵی پێ داوین- ئیتر دەبێ هەر کەس توێشوو و خۆ ئامادەکردنی خۆی بخات، وە بزانێت کە بەرەنگار بوونەوە هەر دەبێ و هەر ڕوو دەدات، ئیتر با هەرچی پێوەرمان هەیە بە پێی کتابی خوا پاشان سوننەتی پێغەمبەر بێ(ﷺ) با ئەگەر بەخشیمان بۆ خوا بێت، ئەگەر گرتمانەوە هەر لە بەر خوا بێت، با ئەگەر تورە بوین لە بەر خوا تورە ببین، ئەگەر ڕەزامەند بوین هەر لە بەر خوا ڕەزامەند بین. پێویستە دۆستایەتی و دوژمنایەتیمان لە بەر خواو بۆ زاتی خوا بێت، پێویستە بە تەواوی پابەند بین بەم عەقیدەو بیرو باوەڕەمانەوە، جا ئەگەر مردین کاتێك کە ئەمرین با کارێکمان کردبێت و هەوڵێکمان دابێت و خۆمان ئامادە کردبێت و ئەوەی لە توانامانداییە درێغیمان نەکردبێ، وە ئەگەر ژیاشین ئەوە سەرکەوتن بۆ ئێمەیە، وە دڵنیا بن کە خوا ئیماندارانی ڕاستەقینە سەر ئەخات لە دنیاداو سەرکەوتن هەر بەشی ئەوانە.

هو الحق مهما طغا باطلا ..................... له النصر يوم النزال الأخير

وە ئەگەر سەرکەوتنیش لەم نەوەی ئێمەدا نەبوو کە نەوەی تاوان و سەرپێچی و ملکەچیە، ئەوە لە نەوەیەکی تردا دێت و خوا دەیبەخشێ پێیان،

ئەوەش ئەو نەوەیەن کە دوور لە گرێی دەروونی و خراپەکاری پەروەردە دەبن و پێ دەگەن. کاتێك هێرشی خاچپەرستانی یەکەمجار دەستی پێ کردو چوونە ناو ئەنتاکیەوە ژمارەیان تەنها پێنج هەزار کەس بوو، بەڵام لەو کاتەدا ئوممەتی ئیسلام سەرقاڵی ژیانی دنیاو خۆشی و لەززەتی دنیا بوون، دەمارگیری و دووبەرەکی و کۆمەڵە گومڕاکان پەرتیان کردبوو، لەو کاتەدا گرانترین شتێك بریتی بوو لە گۆرانی بێژان و تەپڵ لێدەران، وە گرانترین بەهایەك لە بازاڕدا ئەو کەنیزەکانە بوون گۆرانیان دەگوت و سەمایان دەکرد، نرخیان گەشتبووە دە هەزا بۆ سەد هەزار دیناری ئەو کاتە، وە گرنگترین شتێك لایان بریتی بوو لە تەپڵ لێدان و سەماکردن و هەڵپەڕکێ و دەهۆڵ کوتان و مۆسیقا ژەنین. ئوممەتێکی زۆر گەورە و بەرفراوان، خاوەن ئیمکاناتێکی ئێجگار زۆر و بێسنوور، کەچی پێنج هەزار خاچپەرستی بێباوەڕ بە چۆکیاندا دەهێنن و زەلیلیان دەکەن؛ بەڵام هەڵمەتی دووەم زیاتر لە سێ سەد هەزار خاچپەرستی لە سەرتاسەری ئەوروپاوە کۆبوونەوەو بەرەو جیهانی ئیسلام هاتن، بەڵام دوای پەنجا ساڵ هێرش و کوشتن و بڕین بە زەلیلی و سەرشۆڕیەوە گەڕانەوەو تێك شکان و بێ هیوا بوون، لە بەر ئەوەی نەوەیەکی پاك و بێگەرد و خاوێن هاتنە بوون کە خراپەکاری و بەد ڕەوشتی و تاوان و گۆرانی وتن و سەماکردنیان نەدەزانی و ئاواتیان ڕەزامەندی خواو چاکردنی نێوانی خۆیان پەروەردگاریان بوو.

## لە کۆتایی

داواکارم لە خوای گەورە ئەم ماندوو بوونەمان لێ قبوڵ بکات و بمان کات بەخزمەتکاری دینەکەی داواکارم لەخوای گەورە ئەم نوسینە بکاتە مایەی بە ئاگا هێنانەوەی موسوڵمانان سود بۆ نەوەی ئێستامان تاوەکو زیاتر بەر چاوڕوون بن بۆ خزمەتکردنی ئیسلام و کۆمەڵگای موسوڵمان.

تێبینی: مافی بلاوکردنەوەی بۆ هەموو موسوڵمانێکە بەمەرجێك لە ژێر ناوی هیچ حیزب و گروپ و تاقمێك بلاوی نەکاتەوە تەنها للە بۆ خوا بلاوی کاتەوە .

سُبْحَانَ رَبِّكَ رَبِّ الْعِزَّةِ عَمَّا يَصِفُونَ وَسَلَامٌ عَلَى الْمُرْسَلِينَ وَالْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ

بەندەی خوا: عبدالله خاکی
یەك شەممە
٢١-٤-٢٠١٩
کاتژمێر: ٩: ٤٥ خولەکی شەو

{ وَمَا تَوْفِيقِي إِلَّا بِاللَّهِ عَلَيْهِ تَوَكَّلْتُ وَإِلَيْهِ أُنِيبُ }